# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**
(٠٧٥٠٤٥١٠٥٥٤)

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٣٣) نیسانی ٢٠٢٣ زاینی - گوڵانی ٢٧٢٣ کوردی


## یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیی و ڕۆژی جیهانیی کتێب

ڕۆژی جیهانیی کتێب و مافی نووسەر، کە بە ڕۆژی جیهانیی کتێب ناسراوە، ساڵانە ڕێکخراوە پەروەردەیی، زانستیی و ڕۆشنبیریی-یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) بە مەبەستی هاندانی زیاتری خوێندنەوە، بڵاوکردنەوە و مافی نووسەر، ئەو ڕۆژەی کردووە بە بۆنەیەکی جیهانیی.

یونسکۆ-ش لە ڕێگەی لیژنەیەکی ڕاوێژکاریی، لە کەرتی سەرەکی پیشەسازی کتێب، هەر ساڵێک پایتەختێکی جیهانیی هەڵدەبژێرن، بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، کە بۆ ئەم ساڵ، ٢٠٢٣ ئاکرا-ی پایتەختی غانا وەک پایتەختی کتێبی جیهانیی دەستنیشانکراوە.

ئەگەرچی بیرۆکەی ئەم یادە بۆ ساڵی ١٩٢٢ دەگەڕێتەوە، کاتێک لەلایەن ڤیسێنتی کلاڤێل، بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سێرڤانتێس لە بەرشەلۆنە، وەک هەنگاوێک بۆ ڕێزلێنان لە نووسەر میگێل دی سێرڤانتێس، بۆ یەکەمجار لە ٧-ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦، لە ڕۆژی لە دایک بوونی، ئاهەنگ گێڕدرا، ئاهەنگەکە، تا ئێستەش لە کەتەلۆنیا بە بەردەوامی بەڕێوە دەچێت، کە بە ڕۆژی سانت جۆردی، یان ڕۆژی کتێب و گوڵەکان ناودەبرێت.

بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥-وە یونسکۆ بڕیاریدا ڕۆژی جیهانیی کتێب و مافی نووسەر لە ٢٣ی نیسان-ی هەموو ساڵێک بەڕێوەبچێت، ئەمەش بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ویلیام شکسپیر و ئینکا گارسیلاسۆ دی لا ڤیگا، ئەگەرچی پێناچێت شکسپیر و سێرڤانتێس لە هەمان بەرواردا کۆچی دواییان کردبێت، چونکە ئەوکاتە ئیسپانیا ساڵنامەی گریگۆری بەکاردەهێنا و ئینگلتەراش ساڵنامەی جولیانی، لە ڕاستیشدا شکسپیر، بەپێی ساڵنامەی زایینی ١٠ ڕۆژ دوای سێرڤانتێس کۆچی دوایی کردوە، واتە لە ٣ی ئایار.

لە سوێد ئەو ڕۆژە، بە ڕۆژی جیهانیی کتێب ناسراوە. باسی مافی چاپکردن نەکراوە، ٢٣ی نیسان-یش بۆ یادی ئەو ڕۆژە دیاریی کراوە، بەڵام لە ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠١١ ڕۆژەکە گۆڕدرا بۆ ١٣ی نیسان بۆ ئەوەی لەگەڵ جەژنی ئیستەر (ڕۆژی هەستانەوەی ڕۆحی مەسیح) تێکەڵ نەبێت. لە بەریتانیا و ئێرلەندا-ش، ڕۆژی جیهانی کتێب لە مانگی ئادار-دا بەڕێوە دەچێت.

لە شاری کێنسنگتۆن لە ویلایەتی میریلاند، لە ئەمریکا ڕۆژی جیهانیی کتێب بە فێستیڤاڵی سەر شەقامەکان، بەڕێوەدەچێت، بەڵام ساڵی٢٠٢٠، پانزەهەمین فێستیڤاڵی ساڵانەی ڕۆژی کتێبی کێنسنگتۆن، بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩ هەڵوەشایەوە.

لە کوردستان-یش، ئەو یادە یەک ڕۆژ داوی یادی ڕۆژنامەگەریی کوردییە، کە هەموو ساڵێک لە ٢٢-ی نیسان بە بۆنەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە لەسەر دەستی میقداد بەدرخان، یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە.

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا

*** دۆسیە: (ڕەشاد موفتی)**


١. مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە .. ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە / مام جەلال ........ ٤
٢. ڕەشاد موفتی (١٩١٥ - ١٩٩٢) ئا: دیوان ........ ٦
٣. ئیحسان موفتی سەربردەکانی باوکی دەگێڕێتەوە / ئا: دیوان ........ ١٠
٤. ئەزموونی شیعریی ڕەشاد موفتی / د. هێمن عومەر خۆشناو ........ ٢٤
٥. چۆن ناونرا ڕەشاد؟ / مەحموود خەلیل زەرگەزەوی ........ ٣٠
٦. کتێبخانەکەی موفتی / عوسمان ڕەشاد موفتی ........ ٣٤
٧. قازی ڕەشاد موفتی / عومەر محەمەد بەرزنجی ........ ٣٦
٨. شیریناتی زمانی کوردی .. ڕۆڵی موفتی لە شینبوونەوەی زمان لە هەولێر / چۆلی فایەق ........ ٣٧
٩. یەکەم خوێندکاری کورد بووە، لەزانکۆی ئەزهەر وەرگیراوە / ڕەوەست نەوزاد ........ ٣٩
١٠. سەرچەلەی بنەماڵەی مامۆستا ڕەشاد موفتی ........ ٤٢


*** مێژوو:**


١. لاپەڕە هەڵنەدراوەکانی ڕاگواستنی قەڵادزێ / فەرید ئەسەسەرد ........ ٤٤
٢. ڕووانینێکی نوێ لە بۆردومانی قەڵادزێ! / خدر ئیبراهیم ........ ٥١
٣. ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن / عەلی مەحموود محەمەد ........ ٥٤


*** ئەدەب:**


١. تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خوود (بەشی یەکەم) / عەلی شێخ عومەر ........ ٦٦
٢. تارمایی ناو تەم حەسەن هەندرێنی ........ ٧٢
٣. زارۆک و بەرد و خەون / ئەحمەدی مەلا ........ ٧٦


*** ڕۆشنبیریی گشتی:**


١. ئێتیکی ڕۆژنامەگەریی / د. شاخەوان مەلا محەمەد ........ ٨٠


*** دیدار:**


١. دیداری حەلیمە ئەحمەد / دیمانە: ستار محەمەدئەمین ........ ٨٨


*** هونەر:**


١. هەشت دیوار .. کاتێک، ناسنامەی شارێک دەشێوێنێت / حەمەسوار عەزیز ........ ٩٨


*** خوێندنەوەی کتێب:**


١. فەردەقان-ی یوسف زێدان، زیندووکردنەوەی ئیبن سینا / محەمەد تەها حوسێن ........ ١١٢
٢. برینا ڕەش، یان دەرمانا سپی؟ شانۆنامەیەک بە تامی دەیان چیرۆک و ڕۆمان / مەسعودی مەلا هەمزە ........ ١١٤
٣. دۆزەخی منداڵ لە کۆمەڵە چیرۆکی سەربازانی خوادا / سەلما تۆما کاکۆ ........ ١١٧
٤. جەنگی ( کوێت) لە گەواهی نامەکەی ( تاریق کارێزی)دا / د. نەجم ئەلوەنی ........ ١١٩


*** لەبری بیرەوەری:**



١. شەو لەکێوان (بەشی ١٧) د. ئەرسەلان بایز ........ ١٢٢


*** وێستگەی دیوان:**


١. (١) پرسیار (عەدنان عوسمان شاناز) ........ ١٣٠
٢. دیوانی هەولێر (حاجی عوسمان چەلەبی) نازم دڵبەند ........ ١٣٤
٣. سینەما فیلم (ژنێک لە پێناو ئاشتی و هاوسەنگیی هێز لە جیهاندا دەبێتە سیخوڕ) ئا: پەروەر ........ ١٣٨
٤. یەکەم بابەت (شێرزاد حەسەن) ئا: قەلەندەر ........ ١٤٠
٥. گۆشەی دیوان (بەو شۆخ و شەنگە سەرپۆش ڕەشە بڵێن ....) ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم ........ ١٤١
٦. ئاوا دەیسلمێنم، کە شیعری « دوورم لە یاران » هی منە / ڕزگار خۆشناو ........ ١٤٢


*** لاپەڕە ١٤٤:**


١. سەت ساڵەی هەولێر و سەت سەرنج! / محەمەد گۆران ........ ١٤٤



# دۆسیە

# ڕەشاد موفتی

## ١٩١٥ - ١٩٩٢

بەو زوبانی کوردیەی شیرین زوبان
بەحسی گەورەیی هەردوو عالەم بکەم بەیان
با نەڵێن کوردی نیە مەدحی نەبی
من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی



# مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
# ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

**مام جەلال**

ژیان خەبات و تێکۆشانە لە پێناوی دین و دونیادا، لە پێناوی خەڵک و چاکە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خەلکیدا. ژیان بۆ کەسانێک، کە وەکو قازی ڕەشاد ئەفەندی موفتی بەم شێوەیە بردویانەتە سەر، سەرمایە و سەروەریی و مایەی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵکە.

***مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە***
***ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە***

ئەوە گوتەی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری نەمرە، بۆیە ئەو کەسانەی وەکو ڕەشاد ئەفەندی موفتی خوا لێی خۆش بێت ژیانی خۆیان بە چاکە، خێر، پیاوەتی، خزمەتکردنی دین و کۆمەڵانی خەڵک و عیلم و زانیاریی بردووەتە سەر ئەمانە ناویان لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا بە زیندوویی دەمینێتەوە، لە مێژووی گەلەکەیاندا جێگەیەکی شایستە بە خۆیان و لاپەڕەیەکی دیار، بە خەتێکی زێرین بۆ خۆیان تۆمار دەکەن.

ئەو کەسانەی بە پێچەوانەوە، دژ بە کۆمەڵانی خەڵک و نیشتمانیان، دژ بە دین و دونیای ڕزگاری و ئازادیی و دیموکراسیی کار دەکەن،



**مام جەلال لە چلەی ڕەشاد موفتی (١٩٩٢/٩/١٧)**

ئەوانە ئەگەر زیندووش بن، هەر بە مردوو حیسابن. هەر بۆیە لە بیرەوەری و چلەی ئەم زاتە و زانا کورد پەروەر و زانست پەروەرەی شاری دێرینی هەولێر، پێویستە، ئەو ڕاستیانە بێنینەوە بیری خۆمان، کە لە ژیانی پڕ لە سەروەریی و شانازی ئەو کەڵە پیاوانەی کۆمەڵی کوردەواریدا، ئەو کەسانەی وەک خوا لێ خۆش بوو ڕەشادە ئەفەندی موفتی خزمەتی زانیاریی ئایینی و ئەدەبی کوردەواری و کۆمەڵانی خەڵکی کوردیان کردووە، سەریان بۆ داگیرکەران شۆڕ نەکردووە، مووچە و وەزیفەی داگیرکەرانیان لەدژی گەلەکەیان ڕەت کردووەتەوە، هەر وەکو ڕەشادە ئەفەندی مەنسەبی ئەمانەی ئەوقافی لە دوژمن قبووڵ نەکردووە و ڕەتی کردوەتەوە.

ئەم جۆرە کەسانە پەیوەستی پەیرەوی ئەو سونەتە پڕ لە سۆز و پڕ لە سەروەرییە مێژووییەن، کە مامۆستاکانی ئایینی کوردستان لە سەری ڕۆیشتوون.


لە مێژووی کوردەواری ئێمەدا مامۆستایانی ئایینی چەند سەروەرییەکیان بۆ خۆیان تۆمارکردووە.

یەکەم: دینی پیرۆزی ئیسلامیان لە کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە و دەورێکی گەورەیان هەبووە.

دووەم: ئەدەب و زانیاریی کوردیی، بە شیعر و هەموو بەستەکانی دیکەیشەوە لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکانەوە، لەسەر دەستی زانایانی ئایینی کوردەواری پەیدا بووە. گەورەترین شاعیرەکانی کوردستان مەلای ئایینین، گەورەترین ئەو کەسانەی لە سەرەتادا بیروباوەڕ و زانیاریی و هوشیارییان لە کوردستان بڵاوکردووەتەوە زانایانی ئایینی بوونە.

سێیەم: سەروەری بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕزگاریی نیشتمانیی و کوردایەتی، کە ئەو بیروباوەڕە پاک و ڕاستەش، لەگەڵ ئەحکامەکانی قورئانی پیرۆز بە تەواوی یەک دەگرێتەوە.

یەکەم جار کوردایەتی لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی لە کوردستاندا سەری هەڵداوە و بەخوێنی گەشی دەیان مەلای ڕاستەقینە لە مێژووی



کوردستاندا تۆمار کراوە، هەموو کەسێک، کە نەختێک شارەزاییان لە دینی پیرۆزی ئیسلامدا هەبێت، نەختێک شارەزای مێژووی خەڵکی کوردستان بن، دەبینن، کە کوردایەتی بریتییە لە خەبات لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتماندا.

واتە لەپێناوی ئەو ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە **(وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)** بۆیە کەڵە پیاوانی وەک ڕەشاد موفتی و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و قازی محەمەد و هەموو شاعیرە دێرینەکانی گەلی کوردستان، کوردایەتی و ئیسلامەتییان هیچ کاتێک لێک جیا نەکردووەتەوە.

*** ئەمە پووختەی ئەو گوتارەی مام جەلال-ە کە لە چلەی خوالێخۆشبوو ڕەشاد موفتی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١٧ پێشکەشی کرد**





# ڕەشاد موفتی

# ١٩١٥ - ١٩٩٢



لەو پیرە هەولێرە، چەندین کەسایەتیی ناودار هەڵکەوتوون، کە شوێنێکی دیاری ئایینی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی خۆیانیان هەبووە، ئەو کەسایەتییانە بوونەتە هێمایەک و هەمیشە مایەی ڕێز و شانازی گەلەکەیان بوونە، چونکە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە، لە هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی، بۆ ئەوەی بەڕۆحێکی نیشتمانپەروەرانەی ڕەسەن خزمەت بە مێژووی گەلەکەیان و نەتەوەکەیان بکەن، یەکێک لەو زاتانە مامۆستا (ڕەشاد محەمەد موفتی)یە، کە چ لەلای تورکمانەکان و چ لەلای کوردەکان پلەو پایەکی زانستی و مەعریفی و ئایینی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبووە، کە هەمیشە خەڵکی ئەو شارە بەهەموو نەتەوە و نەژادەکانیانەوە شانازی پێوە بکەن.

**ڕەشاد موفتی کێیە؟**

زانای ئایینی و شاعیری ناودار مامۆستا ڕەشاد موفتی، کوڕی محەمەد ئەفەندی موفتی کوڕی مەلا عوسمانی مەلا ئەبوبەکرە، کە بە (مەلا گچکە) ناسراوە.

ساڵی ١٩١٥ لە بنەماڵەیەکی دێرینی زانستپەروەر و ئایینپەروەر و ئەدەبدۆستی کوردستان، لە قەڵای هەولێر لەدایک بووە، بەدرێژایی پتر لە چل ساڵ لە چەندین بواری جیاجیادا خزمەتی شاری هەولێری کردووە.

لە تەمەنی شەش ساڵییەوە چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری هەولێر، تا گەیشتووەتە پۆلی شەشەم، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی ئارەزووی ئەوەی کردووە، کە کوڕەکەی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنی ئایینی، لە قوتابخانە دەری دێنێ، بۆ ئەوەی لەسەر دەستی ئەو زاستی جیاجیای ئیسلامی بخوێنێ، لەوێشەوە فێری تەفسیری قورئانی پیرۆز و فەرموودە و زمانی عەرەبیی و ڕەوانبێژی و ئەدەبی عەرەبیی و زانستی لۆژیک و فەلەکناسی بوو.

کاتێکیش ڕۆژی (١٩٤٦/١٠/٢٧) باوکی ماڵاوایی لە دونیا کرد، لە شوێنی باوکی بوو بە گوتارخوێنی مزگەوتی ناوبراو، بۆیە مێژوو ئەوە لەبیر ناکات کە (ڕەشاد موفتی) یەکەم گوتارخوین بوو، کە دوای ماوەیەک لە گوتار خوێندنەوە، لەسەر مینبەری مزگەوت بە زمانی کوردیی گوتاری ئایینی پێشکەش کرد.

ساڵی ١٩٥٦ مامۆستا ڕەشاد بوو بە قازی شەرعی لە کەرکووک، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧ گواسترایەوە سلێمانی و دواتریش بۆ هەولێر.

دوای ئەوەش، کە بۆ ماوەی بیست و دوو ساڵان وەک قازییەک خزمەتی شارەکەی خۆی کرد، ساڵی ١٩٧٨ خانەنشین کرا، هەروەها مامۆستا (ڕەشاد موفتی) لە ژیانی خۆیدا بۆ چەندین شوێنی تایبەتی داندراوە، لەوانە:

ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی ئەنجوومەنی زانستی ئەوقاف بوو لە هەولێر، لە پاشان بووەتە سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی هەرێمی کوردستان، ئەندامی

> "ساڵی ١٩٥٦ مامۆستا ڕەشاد بوو بە قازی شەرعی لە کەرکووک، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧ گواسترایەوە سلێمانی و دواتریش بۆ هەولێر"

فەخری کۆمەڵەی مافپەروەران بووە لە عێراقدا، ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراقی – دەستەی کوردی بووە، ئەندامی چالاکی یەکێتیی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیی بووە.

مامۆستا ڕەشاد موفتی ـ زمانی کوردیی، تورکیی، عەرەبیی و فارسیی بە چاکی زانیوە.


**بەرهەمەکانی**

مامۆستا ڕەشاد موفتی وێڕای ئەوەی ئەدیبێکی پایەدار و شاعیرێکی پڕ لە بەرهەم بووە، چەندین بەرهەمی کتێبی داناوە لە بواری ئایینی و ئەدەبیدا، لەوانە:

١- مەولوودی پێغەمبەر (شیعرە بە زمانی کوردی)
٢- راحە الابدان فی صوم رمضان (عەرەبی)
٣- إعادە الظهر بعد الجمعه لظلمه القبر الشمعه (عەرەبی)
٤- تحفه الاصفیاو فی التوسل بالانبیاء (عەرەبی)
٥- قصیده البوردة (عەرەبی) بە هەمان کێش و قافیە.

وێڕای ئەوەی پانزدە دەستنووسی هەیە، کە زۆربەیان بە زمانی کوردین و ئێستە ئەو دەستنووسانە لەلای کوڕی گەورەی مامۆستا (عوسمان ڕەشاد موفتی) پارێزراون و لە چاوەڕوانی چاپکردندان ـ دەستنووسەکانیش بریتین لە:

١- الاسراء  والمعراج ـ بە زمای کوردیی
٢- فلسفه الحیاه والموت ـ بە زمانی کوردیی
٣- ئیسماعیل نامە ـ شیعر بە زمانی کوردیی
٤- عبانامە ـ شیعر بە زمانی کوردیی.
٥- سبائل الاملا فی سلسله جدی کچک ملا ـ بە زمانی عەرەبیی.
٦- السعاده الابدیه فی الطریقه النقشبندیه ـ بە زمانی عەرەبیی.
٧- سیره الشیخ عبدالقادر الگیلانی ـ بە زمانی کوردیی.
٨- سیره الشیخ حسام الدین النقشبندی ـ بە زمانی کوردیی.
٩- سیره الشیخ معرووف الکرخی ـ بە زمانی کوردیی.



١٠- سیره الشیخ نورالدین بریفکانی ـ بە زمانی کوردیی.
١١- سیره الشیخ السید احمد البدری ـ بە زمانی کوردیی.
١٢- دیوان شعر باللغه العربیه والکوردیه والترکمانیه والفارسیه.
١٣- مجموعه کبیره من خطب الجمعه ـ بە زمانی عەرەبیی و کوردیی.
١٤- تاریخ مساجد اربیل ـ بە زمانی عەرەبیی.
١٥- مجموعه کبیره من مقالات دینیه.

وێڕای ئەوەی مامۆستا ڕەشاد ـ زانایەکی ئایینی و شاعیرێکی پایەدار بوو، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی ناسراویش بوو لە هەموو کوردستاندا، وەکو باوکی ئارەزووی لە زانست و نزیکبوونەوە لە زانایان هەبوو، پیاوێکی ڕووخۆشی (متواضع) بوو، بوێر و بە هەڵوێست بوو، لە هەڵوێستە ئایینی و نیشتمانییەکانیدا دیوەخانەکەشی لە ماڵەکەی خۆیدا، هەمیشە کۆڕی زانست و زانیاری بوو، هەمیشە پڕ بوو لە پیر و جحێڵ.

مامۆستا ڕەشاد موفتی، لە ١٩٩٢/٩/١٢ ماڵاوایی لە دونیادا کرد، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ئێجگار جەرگبڕ بوو، لەلایەن هەموو خەڵکی شارەکەی و هەموو ئەوانەی ئەو پیاوە مەزنەیان بە گەورەیی خۆیەوە دەناسی، گۆڕستانی (باداوە)ش بووە دوا مەزاری پیرۆزی.

**ڕەشاد موفتی و شێخ محەمەدی خاڵ**

مامۆستا ڕەشاد موفتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ چەندین کەسایەتیی ناودار هەبووە، بە تایبەت لەگەڵ پیاوانی ئایینی، لەوانەش لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ.

شێخ محەمەدی خاڵ چەند مانگێک پێش ماڵاواییکردنی دووچاری کوێربوون هات لە بەرەنجامی شەونخوونی و خوێندنەوەی زۆری زانست و ئەدەبی کوردیی، کە نیو سەدەیەکی خایاند.

لەو ساتانەدا مامۆستا (ڕەشاد موفتی) سەردانی کرد، بەڵام هەر لە دوورەوە، وەک ئەوەی بۆنی مامۆستا ڕەشادی کردبێت گوتی: گوێم لە دەنگی ڕەشادە فەندییە؟! زۆر بە پەرۆشەوە بەخێرهاتنی

"مامۆستا ڕەشاد موفتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ چەندین کەسایەتیی ناودار هەبووە، بە تایبەت لەگەڵ پیاوانی ئایینی، لەوانەش لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ"



کردبوو، پاشان پێی گوتبوو دەبینی چۆن چاوەکانم لە دەست داوە!

مامۆستا (ڕەشاد)یش باوەشی پێدا کردبوو گوتبووی: چۆن قسەی وا دەکەیت مامۆستا، تۆ ئەگەر چی ڕووناکی لە چاوەکانتدا گووم بووە، بەڵام چاوی ملیۆنەها کوردت بە عیلم و ئەدەبی خۆت ڕووناک کردەوە، بۆیە چاوی هەموو خوێنەرێکی دڵسۆز چاوی تۆیە، تۆش دونیا بەچاوی خۆتەوە دەبینیت، ئەوەندەت پێشکەش بە ئایین و زانست و ئەدەب کردووە، کە ناوی تۆ نەمرێنێ.

ساڵی ١٩٩٢ـ یش کە ماڵاواییمان لە مامۆستا ڕەشاد موفتی کرد، ماڵاوایمان لە شێخ محەمەدی خاڵ-یش کرد، ئەویش لەو زاتانە بوو، کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی ئایین و زانست و کۆمەڵەکەی تەرخان کرد.

### لەبارەی ڕەشاد موفتی چی گوتراوە؟

زۆر لە زانایان و ناوداران و کەسایەتی دیارو بەرچاو لەبارەی مامۆستا ڕەشاد موفتی قسەیان کردووەو هەستی خۆیان لەبارەی ئەو زاتە دەربڕیوە، کە تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بە پایان گەیاند. لەوانە:

**مامۆستا مەلا محەمەد مەلا قادر دەڵێت:** هەموو لایەکمان دەزانین لە کوردستانی مەزندا، لە مێژووە دێرینەکەیدا بە تایبەتی لە مێژووی



**ڕەشاد موفتی، جەودەت ئەحمەد ناجی، ؟، د. نافع ئاکرەیی**

ئیسلامەتیدا بە هەزاران عالم و زانای گەورەی بە دونیا بەخشیوە، گەورە پیاوانی وەکو مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ مەعرووفی نۆدەهەی عەلامەی قزڵجی، ئیبن ئادەم و سەدان و هەزارانی دیکە، نیشانەی ئەم ڕاستییەن.

لە هەولێری ئێمەشدا، هەولێری کۆنی دێرینمان، لە مێژووی پێش ئیسلامەتیدا، پاش ئیسلامەتیش، بە دەیان و بە سەدان زانای گەورە و مەزنی لە باوەشی خۆی گرتووە، ئیبن خولەکان، ئیبن مستەوفی، شێخ ئەبوبەکری هەرشەمی نەقشبەندی، شێخ مستەفا نەقشبەندی، مەلا ساڵحی کۆزەپانکە و مەلا محەمەد ئەمین سوێری و دەیان و سەدانی دیکەی ئەم شارە شاهیدی ئەم ڕاستییەمانن، جەنابی قازی ڕەشاد ئەفەندیش یەکێکە لەم گەورە پیاوانە.

**د. محەمەد ئەحمەد گەزنەیی دەڵێت:** من یەکێک بووم لەو کەسانەی نەمدەزانی وەفاتی ئەم زاتە ئەوەندە کاریگەرە، نەمدەزانی بارکردنی ئەو زاتە لە شاری هەولێر، ئەوها قەڵاتی هەولێر دەهەژێنێ. نەمدەزانی بوونی ئەو زاتە ئەوەندە سوودبەخشە بۆ بەرزی ئایین و زانایانی ئایین، ڕاستە دەڵێن هەندێ نیعمەت هەن وەکو تاجی سەرن ئادەمیزاد نایانبینێ تا نەکەوێ، کە کەوتیش فائیدەی نامێنێ.

**خوالێخۆشبوو ئازاد قەرەداغی دەڵێت:** خوالێخۆشبوو ڕەشاد ئەفەندی وەک زانایەکی گەورەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، شەخسیەتێکی گەورەی ئەم شارە کوردپەروەرە بوو، کە بەتوانا و جورئەتەوە لە سەرانسەری کوردستان و عێراقدا، توانی تەمەنی پیرۆزی خۆی تەرخان بکات، چ لە ڕێگەی وەزیفە بێ، وەک قازی شەرعی، یان لەبواری خوتبە و خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی و نووسینی کتێب و دانانی لێکۆڵینەوە، کە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئایین و زمان و بیری کوردایەتی دابووە.

**مامۆستا زوبێر بیلال ئیسماعیل ـ یش لە کتێبەکەی (علماء ومدارس فی أربیل) دەنووسێت:** بنەماڵەی مامۆستا ڕەشاد موفتی یەکێکە لە ناودارترین بنەماڵەکانی زانست لە کوردستاندا، کە ئاستێکی بەرزی هەبوو بۆ خزمەتی ئایین و بەدرێژایی ٥٠٠ ساڵ خزمەتیان کردووە، مزگەوتەکەیان مزگەوتی

گەورەی قەڵاتی هەولێر، مینبەری زانست بووە، کە لە هەموو سووچێکی کوردستاندا ناوی هەبووە.

ئەبوبەکر، کە باپیرەیان بووە، پێش ٥٠٠ ساڵ هاتۆتە هەولێر، ئەو پەیڕەو و پرۆگرامەی هەبووە بۆ خزمەتکردن، هەتا گەیشتۆتە مامۆستا ڕەشاد موفتی.


**د. عەبدوڵلا حەدادیش دەڵێت:** ڕەنگە زۆر کەس هەبن لەوە بێ ئاگا بن، کە زانا و ئەدیبی ناودار مامۆستا ڕەشاد موفتی، شەو و ڕۆژی لێک گرێ دەدا بۆ خزمەتی خەڵکی، هەموو کات و پشوودانی تەندروستیی خۆی بۆ پێشوازیکردنی ئەوان تەرخان کردبوو لە هەموو کاتێکدا، دەرگای واڵا بوو بۆ ئەوانەی دەیانەویست گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرن، دیوەخانەکەی وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی وابوو، خوا توانایەکی زۆری دابووێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو گرفتەکان، قەتیش گلەیی و سکاڵای لە دەست ئەو گرفتانەدا نەدەکرد، کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە، خاوەنی سەبر و خۆڕاگری بوو.

**خوالێخۆشبوو مامۆستا هادی ڕەشید چاوشلیش دەڵێت:** ڕەشاد ئەفەندی بە بوێری و ئازایەتی دەناسرایەوە، لە ڕۆژانی تەنگەتاویدا، بەتایبەت لە ساڵانی ١٩٨٧و١٩٨٨ لە چەندین دیداردا، ناوە ناوە کۆمەڵێ لە پیاوانی هەولێری کۆدەکردەوە، کە نزیکەی ٤٠ کەسێک دەبوون، لەوانەی، کە دووچاری زەرەر و زیانی ماددی و مەعنەوی هاتبوون، کەس لەوانە جورئەتی قسەکردنی نەدەبوو، تەنیا ڕەشادە فەندی و ژمارەیەکی کەم لە ئامادەبووان نەبێت، ئەو تێبینییەکانی خۆی بە جورئەتەوە دەدرکاند وێڕای ئەو هەلومەرجە نائاساییەی، کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕی.

(حمید مطبعی)یش لە کتێبەکەی (اعلام العراق فی القرن العشرین ١٩٩٩) باسی مامۆستا ڕەشاد دەکات، کە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و خەتیب و مودەریس و قازی و ناوداری شاری هەولێر و کوردستان بووە.

**ڕەشاد موفتی شاعیر**

مامۆستا ڕەشاد موفتی، وێڕای ئەو زانستە ئایینییە بەرفرەوانەی هەیبوو، ئەدیبێکی زمان پاراو و شاعیرێکی بەتوانا بوو، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا لە ڕیزی نووسەر و ئەدیباندا خەبات بکات و قەڵەمەکەی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی میللەت بەکار بێنێ، بۆیە هەر لەگەڵ پێکهێنانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بوو بە ئەندامی لقی هەولێر، لەم بوارەشدا بەرهەمی خۆی لە شێوەی کتێب و نامیلکەی جۆراوجۆر بڵاوکردووەتەوە، وێڕای ئەو چەندین دەستنووسانەی، کە لە دوای بەجێ ماون، بێجگە لە یەکێتیی نووسەران ئەندامێکی کارای کۆڕی زانیاری کورد بووە، لەگەڵ کردنەوەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی، لقی هەولێر، لەوێش بووەتە ئەندام و ڕۆڵێکی بەرچاوی تێدا گێڕاوە.



بەگوێرەی شیعرەکانی، مامۆستا ڕەشاد بەپێی ئەو کەشوهەوایەی تێیدا ژیاوە، زۆربەی شیعرەکانی ستایشی ئایینی بوونە، بەتایبەت لە مەولوودنامەدا تاوەکو ئێستاکەش لەو مەولوودانەی کە دەخوێندرێتەوە، پشتی پێ دەبەستن ئەوەتا دەڵێت:

بەو زمانی کوردییەی شیرین زمان
***بەحسی فەخری هەردوو عالەم کەم بەیان***
***با نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبێ***
***من وەهام نووسی کەس قسەی نەبێ***

**مامۆستا کەریم شارەزا دەڵێت:** مامۆستا ڕەشاد زانای ئایینی و شاعیر بووە، کە کانی شاعیریش خاڵی بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا حەزی لە شیعر دانان کردووە، لە شیعرێکیدا، کە بەسەر کانی هەڵداوە دەڵێت:

***(کانی) لەبەر ئەشعاری سوخەن سەنج و ئەدیبە قەولی هەموو پڕ لەززەت و زۆر خۆش و لەبیبە هەر شیعرێ کە دەیڵێیت و دەیخوێنیتەوە بۆ خەڵک گوێ دەگرن و دەیڵێنەوە شیعرێکی غەریبە ئەو سوحبەتی کردم شەوی جومعە لە حزوورت عەفووم بکە زۆر مەقسەدە بۆ ڕەغمی ڕەقیبە! شیعری تۆ حەشەندی نییە وەک شەکر و نەباتە پڕ مەعنە و پڕ نوکتە و دڵخواهی حەبیبە! خوارزایی تۆ (ڕەشاد)م مەڵێ شاعیر نییە بڕوا حەددم نییە وەک تۆ بم و هەندەم بەنسیبە!***

***مامۆستا ڕەشاد موفتی، وێڕای ئەو زانستە ئایینییە بەرفرەوانەی هەیبوو، ئەدیبێکی زمان پاراو و شاعیرێکی بەتوانا بوو***

**** ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ڕەشاد موفتی لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری بارش وەرگیراوە و ئامادەکراوە.***



ئیحسان موفتی

# سەربردەکانی باوکی دەگێڕێتەوە

ئیحسان موفتی، کوڕی چوارەم و هەرە بچووکی قازی ڕەشاد موفتی شاری هەولێر دەڵێت: سەرچاوەی هەموو ئەم زانیارییانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیەی، کە لەمنداڵییەوە فێری زۆر شتی کردین، ئەویش ئەو دیوەخانەیە، کە دوای نوێژی عەسر، خەڵکی شاری هەولێر، ڕوویان تێ دەکرد. بە گفتوگۆی گەرمی شار و باسوخواسی کۆمەڵایەتیی و دونیا و دین، تا دوای نوێژی عیشا بەردەوام دەبوو، ئاوەدانی ئەم شوێنەش بەخوالێخۆشبوو ڕەشاد موفتی باوکمەوە بەندبوو. زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لای ئەو یەکلا دەکرانەوە، ئێمەش لەبەردەم زانیاری پرسیار و وەڵامی ئایینی و ڕۆشنبیریی و شیعری شاعیران و بەسەرهاتە کۆنەکان، لەدانیشتنی موفتی وەک قوتابی هەستمان لێ ڕادەگرت.

ئیحسان موفتی، لەبەر ئەوەی کوڕی بچووکی ڕەشاد موفتی-یە، بۆیە لای باوکی خۆشەویست بووە، هەمیشە لەنزیک و لەگەڵی بووە، جا چ لەدیوەخان بووبێت، یاخود لەگەڕان و سەردان و دەرچوونی بۆ شوێنە گشتی و ئایینییەکانی هەولێر.

دواجار، بەرهەمی هەموو ئەم نزیکییەی لەگەڵ باوکی، ئەو گێڕانەوانەن

**ئامادەکردنی: دیوان**


### کەرکووک، بابەتی گفتوگۆی نێوان مام جەلال و ڕەشاد موفتی

دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ مام جەلال سەردانی باوکمی کرد، لە دیوانەکەی خۆی، ئەویش زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرد.


لەو دیدارەدا زۆر بیرەوەریی کۆنی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوویان هێنایەوە گۆڕێ. لەسەرەتادا باوکم ئەم ئایەتە قورئانییەی خوێندەوە: (وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ) ئەمەش گوزارشت بوو لە گرنگی یەکگرتنی ڕیزەکانی کورد و لەدەست نەدانی ئەو کەشەی بۆ کورد هاتووەتە پێشەوە. هەر لەمیانی گفتوگۆکاندا مام جەلال ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان هەردوو خانەوادە و مێژووی شێخانی تەکیەی تاڵەبانی کرد، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەبووە، هەروەها ئاماژەی بە کەرکووک کرد، لە کتێبی (قاموس الأعلام عثماني) کە شەمسەدین سامی لەشەش بەشدا نووسیویەتی، بەڵگەیەکی تورکییە، کە دەیسەلمێنێت کەرکووک شارێکی کوردستانییە، وەکو دەڵێن: (وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ أَهْلِهَا) مام جەلال بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەی زۆر بەشەوقەوە چووە نێو قاموس-ەکە. منیش دەست بەجێ هەموو بەشەکانی فەرهەنگەکەم بۆ هێنا، کە مام جەلال سەیری کرد، داوای لێکردم دانەیەکی بۆ کۆپی بکەم ، لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

سەبارەت بە کوردستانی بوونی کەرکووک لە (قاموس الأعلام عثماني) فەیلەسوفێکی ئەبجەدی کەرکووک باسی یەکلابوونەوەی چارەنووسی کوردستانی بوونی کەرکووک دەکات، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەد و سی و یەک ساڵ پێش ئەمڕۆ، لە ساڵی (١٨٨٩)یش لەتورکیا، لە چاپخانەی مەهران بە زمانی تورکیی و لە دووتوێی شەش بەرگدا چاپکراوە، ئەوەی سەلماندووە، کە لە ٧٥٪ی دانیشتوانی کەرکووک، لە پێکهاتەی نەتەوەی کورد-ە و ئەوەی دیکەیشی (تورکمان و

"شێخ محەمەدی خاڵ، ماوە ماوە سەردانی هەولێری دەکرد، لەو سەردانانەشیدا میوانی ڕەشاد موفتی دەبوو، هەموو جارێکیش حەزی دەکرد لە ژووری کتێبخانەکە بخەوێت"



عەرەب و مەسیحی و یەهودی)ین.
بۆ زانیاریش ئەم قامووسە تاکو ئێستە لە کتێبخانەی دیوانی موفتی پارێزراوە و ئەو بڕگەیەشی، کە باسی کوردستانی بوونی کەرکووک دەکات وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبیی و (عەدنان)ی برام گەیاندییە دەستی مام جەلال و بڵاویش کرایەوە، کە دواتر وتاری زۆری لەسەر نووسرا.
نووسەر و زانای تورک بەرەچەڵەک ئەلبانی (شەمسەدین سامی فراشری) کە فەیلەسوف و نووسەرێکی شانۆیی و ڕۆژنامەنووس بووە، لەلاپەڕە (٣٨٤٦)ی بەرگی پێنجەمی قامووس-ەکەدا و لە پیتی (ک) بەزمانی تورکیی عوسمانیی دەربارەی کەرکووک بەم شێوەیەی نووسیوە:
کەرکووک مەڵبەندی (سنجق شەهرەزوور) لەولایەتی موسڵ لەکوردستان (١٦٠) کیلۆمەتر لەباشووری موسڵ دوورە و کەوتووەتە پشت زنجیرە گردۆڵکەیەک لەدەشتاییەکی فراوان لە دۆڵی ئەدهەم، ئەو ناوەش لەکۆنەوە بۆ ڕووباری خاسە لە کەرکووک بەکارهێنراوە، ئەوکات ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٠٠٠٠) کەس بووە، قەڵایەکی تێدایە لەگەڵ (٣٦) مزگەوت و (١٣) خان و (١٢٨٢) دوکانی بازرگانی و یەک نەخۆشخانە و (٨) گەرماو و پردێک لەسەر ڕووباری (کڵا) و قوتابخانەی (رشدیە) لەگەڵ (١٨) قوتابخانەی سەرەتایی و (٣) کەنیسە و (١) دێری یەهودییەکان لەگەڕەکەکانی



محل فروخت ومرجع عمومیسی : مهران مطبعەسی باب عالی جادەسندە نومرو ٧

محرر کتابك لغتە متعلق اولەرق آثارندن اولوب، یەنە مهران افندی طرفندن نشر ایدلمش
اولان آتیدەکی کتابلر دخی محل مذکوردە بولنور :

قاموس فرانسوی
فرانسزجەدن ترکجەیە لغات
ایکی ستونلی ١٦٣٢ صحیفەدن عبارت مکمل برکتابدر.


DICTIONNAIRE
FRANÇAIS-TURC
Un gros volume de 1632 pages en 2 colonnes.

قاموس فرانسوی
ترکجەدن فرانسزجەیە لغات
... ١٢٠٨ صحیفەدن مرکب لسان عثمانینك مکمل بر لغتی اولوب،
فرانسزجە ایلە توغل ایدنلرە لابدر.

DICTIONNAIRE
TURC-FRANÇAIS
Un gros volume de 1208 pages en 2 colonnes

کوچك
قاموس فرانسوی
فرانسزجەدن ترکجەیە لغات

PETIT DICTIONNAIRE
FRANÇAIS-TURC
کوچك حرفلرلە مطبوع جب لغتیدر .



کَرکوك { کردستانك موصل ولایتندە و موصلك ١٦٠ کیلومترە جنوب
شرقیسندە وبر صرە تپەلرك آلتندە اولەرق واسع
بر اووەنك کنارندە و (وادی ادهم) اوزرندەشهر
زور سنجاغنك مرکزی برشهراولوب، ٣٠٠٠٠
اهالیسی، قلعەسی، ٣٦ جامع ومسجدی، ٧ مدر-
سەسی، ١٥ تکیەوزاویەسی، ١٢ خانی، ١٢٨٢
مغازە و دکانی، بدستانی، ٨ حمامی، نهرك اوزرندە
بر کوپریسی، بر رشدیە و ١٨ صبیان مکتبی، ٣
کلیساسی وبر حاورەسی واردر. بر تپەنك اوزرندە
بولنان قلعەدرونی ایلەقلعەنك آلتندەکی محلاتدن ونهرك
صاغ طرفندەکی قسمدن مرکب اولدیغی حالدە، اهالیسنك
اوچ ربعی کرد وقصوری ترك وعرب وسائرەدر.
٧٦٠ اسرائیلی و ٤٦٠ کلدانی دخی واردر . بر
قاچ کاروان بولنك محل اجتماعندە واقع اولملە،
ایشلك تجارتی و میاه جاریەسی چوق اولملە،
اطرافندە باغ وباغچەلری وپورتقال، لیمون، نار، خرما
وسائر میوەلریلە محصولاتی واردر . جوارلرندە
طوزلی صولریلە میاه معدنیەسی و نفت چوقدر .
شهردە بز وقماش یاپیلوب، ٢٠ دستکاهی واردر.
بعض معمولات دباغیە و کنویردن ایپ دخی

ئەو لاپەڕەیەی قامووسی ئیعلامی عوسمانی کە باسی کەرکووک دەکات

“
دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ مام جەلال سەردانی باوکمی کرد، لە دیوانەکەی خۆی، ئەویش زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرد
”



(تەپە) و (قەڵا) و دەوروبەریشیدا دانیشتوان هەبووینە، کە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە، سێ بەشی دانیشتوانەکەی پێکهاتوون لەنەتەوەی کورد و چارەکەکەی دیکەی تێکەڵەی تورکمان و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە و (٧٦٠) یەهودی و (٤٦٠) کلدانی.

**موتەسەریف ناچار بوو، بە داواکەی ڕەشاد موفتی ڕازی بێت**

دواناوەندی هەولێری کچان، کەوتبووە بەرانبەر قوتابخانەی ئەیوبیە-ی سەرەتایی کچان، لە نزیک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.

ڕۆژی هەینی ١٠-ی مارسی ساڵی ١٩٦٣ لە ڕادیۆی بەغدا ئەو بەیاننامەیەی حکومەت خوێنرایەوە، کە تێدا لیژنەی نیشتمانیی شۆڕشی عێراق ددانی نابوو بە مافی کورد، لەسەر بنەمای (لامەرکەزی) ئەمەش دوای مانگێک تێپەڕبوون بەسەر کودەتای بەعسییەکان بەسەر حوکمی عبدالکریم قاسم-دا، کە لە ساڵی ١٩٥٨وە لە ڕێگەی کودەتایەکەوە دەسەڵاتی گرتبووە دەست.

ئەوکاتە عەبدولسەلام محەمەد عارف، بەسەرۆک کۆمار بوو ئەحمەد حەسەن بەکر-یش سەرۆک وەزیران.

ڕۆژی دوایی، شەممە یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ بەم بۆنەیەوە، لە قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری کچان، خوێندکارەکان لە ناوەندی گۆڕەپانی قوتابخانەکە کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە هوتاف کێشان و گوتنەوەی سروودی نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب و نەورۆز) و هوتاف لێدان بەناوی (بارزانی)یەوە. لەوکاتەدا کچی بەدرەدین عەلی، موتەسەڕیفی هەولێر، کە ئەویش یەکێک بوو لە خوێندکارەکانی ئەم قوتابخانەیە، ئەوەی پێیناخۆش دەبێت و یەکسەر پەیوەندی بە باوکییەوە دەکات و هەموو ئەوەی ڕووی داوە بۆی دەگێڕێتەوە، هەرکە موتەسەڕیفی هەولێر لەوە ئاگادار دەکرێتەوە، بەخێرایی پۆلیس دەنێرێتە ئەو قوتابخانەیە و بەشێک لەو خوێندکارانەی لەوێ بوون دەستگیر دەکرێن.

> ❝ باوکم، هەر لەنێو کەنیسەکە، بەجل و بەرگی ئاینییەوە، جوبەکەی لەشوێنێک بەلای (قیبلە) دا ڕاخست و دەستی بە نوێژکردن کرد ❞

ئەم قوتابخانەیە کەوتبووە دامێنی لای خوارەوەی قەڵا، منیش ئەوسا، کە تەمەنم تەنیا نۆ ساڵ دەبوو، لەگەڵ خەڵکی قەڵا لەبەری لای دەرگای (ئەحمەد)یەوە دەمانڕوانییە نێو گۆڕەپانی قوتابخانەکە، کە زۆر بە جوانی لێمان دیار بوو.

باوکم زۆر نیگەرانی نەرمین-ی خوشکم بوو، کە ئەویش لەو قوتابخانەیە دەیخوێند. قەت ئەوەم لەبیر ناچێت، کە چۆن پۆلیس لە خوێندکارەکانی دەدا و لە پۆلەکانیان دەریان دەهێنان. خوێندکارەکانیش هاواریان دەکرد و دەنگیان دەگەیشتە قەڵات، داوای هاوکاری و یارمەتیان دەکرد، لەوکاتەدا بینیم خوشکم و یەکێ لەدەستە خوشکەکانی بەسەر دیواری قوتابخانەکەدا ئاودیو بوون و ڕایانکرد.

عەقید بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر لەساڵی ١٩٦٢، یەکێک بوو لە کەسە سەرسەخت و توندڕۆکانی حکومەتی عێراقی، کە زۆر دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو، کەسێکی توندڕۆ بوو، هەمیشە تۆوی ترسی لەنێو دڵی خەڵکی هەولێر دەچاند.

لەبیرمە جارێکیان یەکێ لەبارزگانەکانی نێو قەیسەری هەولێری بانگ کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەم پیاوە لەترسان، تووشی سەکتەی دڵ بوو و مرد.


ئەو ڕۆژە، زەنگی تەلەفۆنی ماڵەوەمان نەبڕایەوە، تەلەفۆن دوای تەلەفۆن، داوایان لە باوکم دەکرد فریایان بکەوێت و چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، چونکە پۆلیس مامۆستا و خوێندکارەکانی هەر هەموو ڕاپێچی ئەو زیندانە کردبوو، کە دەکەوتە پشت بینایەی موتەسەرفیەی کۆن، کە پێیان دەگوت (قشڵە) یەکێک لە ژنە گیراوەکان خاتو جەلالەت نوردەین ئاغا بوو، خێزانی خالم، خوالێخۆشبوو حاکم مەعرووف ڕەئووف خدر.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی بانگی خۆراوا، بە دەیان ژن بەعەبای ڕەشەوە هاتنە بەردەم

ماڵی ئێمە و پیاوەکانیش چوونە بەردەم مزگەوتی قەڵات، بۆ لای باوکم، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئازادکردنیان، چونکە کەسیان لەباوکم بەجورئەتتر نەدەدی، هەروەها لەبەر ئەوەی باوکم کەسایەتییەکی ئایینی دیار و (قازی هەولێر) بوو، دەشیانزانی موتەسەڕیف ڕێزی لێدەنێت.
ئەو شەوە موتەسەریف لە (یانەی شەوانەی خواردنەوەی عەسکەری) دانیشتبوو، باوکم بڕیاریدا بەبێ سڵکردنەوە، بەجلوبەرگی ئایینی (جبە و عەمامە) چووە ئەوێ، کە ئەو سەردەم بەوشێوەیە چوونە ئەم شوێنە، لە ڕووی ئایینییەوە شتێکی نەگونجاو بوو.
بەڵام باوکم ئەوەندە دڵگران و بێ ئارام بوو، هەموو شتێکی بەلاوە نا و چووە ژوورەوە، موتەسەڕیف بەدرەدین عەلی، کە لەسەر مێزی خواردنەوە دانیشتبوو، چاوی بە قازی هەولێر کەوت، لەشوێنی خۆی هەستایەوە و بەسەرسوڕمانەوە گوتی: (قازی ئەفەندی) تۆ و ئەم یانەیە!؟ ئەویش لەوەڵامدا گوتی: بەدرەدین عەلی و زیندانی کردنی ژنان!
چەند نابەجێیە بوونی من لەو شوێنە، ئەوەندەش نابەجێیە لە کۆمەڵگەی ئێمە ژن بخرێتە زیندانەوە، بۆیە ئەگەر ئەو ڕووداوە نەبووایە، من هەرگیز ڕێگەم بەخۆم نەدەدا بێمە ئێرە.
دوای گفتوگۆیەکی زۆر گوتی: لێرە ناڕۆم، تا هەرهەموویان ئازاد نەکرێن. موتەسەریف-یش ناچار بوو بە داواکەی ڕەشاد موفتی ڕازی بێت، داوای لە بەڕێوەبەری پۆلیس کرد، هەموو مامۆستا و خوێندکارەکان ئازاد بکات.
(بەدرەدین عەلی، ساڵی (١٩٦٤) گواسترایەوە بۆ عەمارە و لەوێش خانەنشین کرا، لە ناوەڕاستی شەستەکان لەبەردەمی ماڵەکەی خۆی لە بەغدا کوژرا)

**ڕەشاد موفتی و شاری سلێمانی**

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، حکومەتی عێراقی بڕیاری دا عومەر عەلی بەیرەقدار، کە لە دایک بووی کەرکووک بوو، بکرێتە موتەسەریفی سلێمانی، ئەو کەسێکی



سەربازیی بوو، لە ساڵی (١٩٤٨) بەشداری شەڕی فەڵەستینی کردبوو، زمانەکانی (کوردیی و عەرەبیی و تورکیی) دەزانی.
هەر لەو کاتەشدا ڕەشاد موفتی وەک قازی، لەکەرکووک-ەوە گواسترایەوە بۆ سلێمانی.
من کە ڕۆژانە، لە دیوەخانەکەی، ئامادەی دانیشتنەکانی دەبووم، زۆر لەو چیرۆک و ڕووداوانەم لەبیر ماوە، کە بۆ ئەوانەی دەگێڕایەوە، کە سەردانیان دەکرد و لە دیوەخانەکەی کۆدەبوونەوە.
یەکێ لەو ڕووداوانەی ئەو سەردەمە، کە پەیوەندییان بەسلێمانیەوە هەبوو، لەنێوان باوکم و موتەسەڕیفی ئەو کاتی سلێمانی (عومەر عەلی بەیرەقدار) ڕوویداوە، ئەو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ موتەسەریفی سلێمانی بووە.
لەپەراوێزی ئەو ماوەیەی حوکمی ئەم موتەسەڕیفە، دوو چیرۆک هەن، کە باوکم دەیگێڕانەوە:



**ڕەشاد موفتی قازی شاری سلێمانی لەگەل کارمەندەکان، ساڵی ١٩٥٦**



خولە پیزە و داری گوێ نەگرتن:
ئەو کات یەکەکانی ئیدارەدان لەسلێمانی کەم بوون، ناوە ناوە مەتەسەڕیف داوای لەسەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و قازییەکان دەکرد، بەشداری لەکۆبوونەوە ئیدارییەکان، یان بارودۆخێکی سیاسی لەناکاو بکەن، لەمیانی ئەم کۆبوونەوانەدا ڕاسپاردەکانی دەگەیاندە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و پیاوانی ئایینی، لەیەکێ لەبۆنەکاندا، کە بۆنەیەکی نیشتمانی بوو، هەمووان داوەتی نانخواردنی نیوەڕۆ بوون، دوای نانخواردن و چاخواردنەوە، قسە و باس هاتووەتە سەر قسەکردن لەسەر پیاوێکی (کوێر) کە ئامادە نییە ژنەکەی تەڵاق بدات، لەکاتێکدا ژنە هەڵاتووە و شووی بە سێ کەسی دیکە کردووە! بەڵام تا ئەوکاتە هەر بە هاوسەری پیاوە کوێرەکە ماوەتەوە!

موتەسەڕیف (عومەر عەلی) ئەو مەسەلەیەی ڕووبەڕووی (قازی ڕەشاد موفتی) کردووەتەوە، کە ئەو تەڵاقەی چۆن دەکەوێت؟ گوتوویەتی: ئایا تەڵاق وەکو ئەو پەرداخەیە، کە ئێستە بەدەستمەوەیە و هەرکە بەرمدا دەکەوێت؟ هەمووان بە تاسەوە چاوەڕوانی وەڵام بوون، باوکیشم دەڵێت: بەڕێز موتەسەڕیف وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارە وەکو بروسکەیەکە، کە موتەسەریف بۆ وەزارەتی ناوخۆ لەبەغدای دەنێرێت. هەمووان بێدەنگ بوون و جۆرێک لە سەرسوڕمان بە ڕووخساری موتەسەریفەوە دیار بوو، دەڵێت یانی چۆن قازی ئەفەندی؟

ئەویش دەڵێت: ئەوکاتەی (خولە پیزە) لەیاسا یاخی بوو و هێرشی کردە سەر هێزەکانی پۆلیس و ڕێگەی گرت، موتەسەرفیەت بروسکەی بۆ وەزارەتی ناوخۆ نارد لەبەغدا، کە تیایدا نووسرابوو (خولە پیزە داری گوێڕایەڵی شکاندووە) (شق عصا الطاعة) جا ئەو دارەی خولەپیزە شکاندوویەتی لە گوێڕایەڵی، هەمان ئاستی ئەو تەڵاقەیە! جا ئەگەر بکرێت شکانی دارەکە بۆ هەموو لایەک دەرکەوێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕوودانی تەڵاقەکەش دەردەکەوێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕوودانی تەڵاق و شکانی داری گوێڕایەڵی لەزمانێدا شتێکی مەجازییە. لەوکاتەدا (عومەر عەلی) سەرسامی خۆی بۆ ئەو وەڵامە دەردەبڕی و دەڵێت: قازی ئەفەندی ڕاست دەکات.

### دەسەڵاتەکانی موتەسەریف دادگاکانی نەدەگرتەوە


هەر لەم مەسەلەیەوە گوێم لەباوکم بوو کە هەر لەو ماوەیەدا، کاتێک موتەسەریف لەسلێمانی دەستەبەکار دەبێت، لەکاتی بڕیاردان لەسەر داوایەکی دادگایی، کە پەیوەند بەکێشەی نێوان پیاو و ژنێکەوە هەبوو، دوای چەند بانگهێشتنێکی دادگایی کردنیان، دواجار بڕیاری دادگا لەبەرژەوەندی پیاوەکە دەرنەچوو، بۆیە پیاوەکە سکاڵانامەیەکی ئاراستەی موتەسەڕیف (عومەر عەلی) کردبوو، ئەویش لە پەراوێزی سکاڵانامەکەی نووسیبووی (بۆ بەڕێز قازی سلێمانی بەدەم داواکارییەکەی وەرە)

باوکم گوتی: لەڕێگەی نووسراوێکەوە، کە لەگەڵ سکاڵانامەکەی دادخواز هاوپێچم کرد بۆ موتەسەریف-م نارد و لەسەرەوەی پەراوێزەکەی موتەسەریف-یش، کە لەسەر داواکارییەکەی نووسی بوو، نووسیم ڕاستە موتەسەریف وەکو سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دەسەڵاتی ڕەهای ئیداری بەسەر هەمووواندا هەیە، بەڵام دەسەڵاتەکانی کاروباری دادگا و دەستێوەردانی نێو دادگا ناگرێتەوە.

باوکمگوتی:ڕاستە(عومەرعەلی)کەسێکیڕەقو توندبوو لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی و سزادانی سەرپێچیکاران، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گوێگربوو و سنووری خۆی دەزانی لەحوکمڕانیدا، چونکە ئەوکات دەوڵەت، دەوڵەتی یاسا بوو.

بۆیە دوای گەیشتنی نوسراوەکە، بۆ ڕۆژی دوایی، لەگەڵ دەستپێکی دەوام کردن (عومەر عەلی) تەلەفۆنی بۆ دەکات، بێ یەک دوو داوای لێبوردنی لێ دەکات و بیانووی ئەوەی هێناوەتەوە، گوایە داواکارەکە وردەکاری داواکەی خۆی نەنوسیبوو، ئەویش پەلەی

**“ ئەوەبوو دوای چوونی خوالێخۆشبووان باوکم و مامم عزەدین بۆ قوتابخانەی حکومی، وردە وردە ژمارەی خوێندکاران بۆ ئەم قوتابخانەیە زیادی کرد ”**



کردبوو لە ناردنی داواکەی، ددانیشی بەودا نابوو، کە ڕاستە کاروباری دادگاکان لە دەسەڵاتی ئەودا نییە و ڕێگەش بە خۆی نادات دەست بخاتە نێو کاروبارەکانیانەوە.

## تەوقەکردن لەگەڵ ژن و دەستنوێژ هەڵگرتنەوە

لەساڵانی دوای ڕاپەرینی (١٩٩١) باوکم بەردەوام پێشوازی لە میوانان دەکرد. ڕۆژێکیان پێش کاتی نوێژی نیوەڕۆ، باوکم داوای لێکردم مەسینە و تەشتی بۆ بێنم، بەمەبەستی دەستنوێژ هەڵگرتن، جلوبەرگی ئایینی (جبە و عەمامە)ی لەبەرکرد ئینجا بەرەو ژووری دیوان بەڕێکەوت، کە کۆمەڵێک میوان لەچاوەڕوانیدا بوون، دواتریش عەدنان-ی برام لەگەڵ کۆمەڵێک میوان، کە بریتی بوون لە پرۆفیسۆرێکی فەرەنسی و چەند کەسێکی دیکەی بیانی، بە ژوور کەوتن، خاتوو جویس بلو-ی، کە مامۆستا بوو لە زانکۆی سۆربون لە پاریس و ژنە پرۆفیسۆر میریللە گەللێتی- مامۆستای زانکۆ-شیان لەگەڵدا بوو، لەگەڵ دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ لە زانکۆی سەلاحەدین و بەڕێز دارا عەتار.

باوکیشم پێشوازی لێ کردن، کاک عەدنان-یش یەکە یەکە میوانەکانی بە باوکم دەناساند، کاتێک گەیشتە خاتوو (جویس بلو) بەمەبەستی تەوقەکردن لەگەڵ باوکم دەستی درێژکرد، کە دڵنیابووم باوکم تۆقەی لەگەڵ دەکات، دوای ئەویش ڕۆژنامەنووسە ئیتاڵییەکە و هەر هەموویان، بۆیە بەخێرایی دووبارە چووم مەسینە و تەشتم بۆ ئامادە کرد، تا سەرلەنوێ دەستنوێژ هەڵبگرێتەوە.

عەدنان-ی برام کورتەیەکی لەسەر ژیان و کارەکانیانی بۆ باوکم ڕوونکردەوە. ئەوەشی بە باوکم ڕاگەیاند، کە ئەم پرۆفیسۆرە لەسەر ئایینی یەهودی-یە، دیسان باوکم زۆر بەخێری هێنان و ئاماژەی بەوەدا، کە زۆر ئاساییە، چونکە ئایینەکانی مەسیحییەت و یەهودییەت بەشێکن لەئەهلی کتێب، هەریەک لە (عیسا و موسا)ش پێغەمبەری خودان بەر لەهاتنی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) (د.خ).

دوای نزیکبوونەوەی نوێژی نیوەڕۆ، باوکم داوای لێکردن ڕێگەی پێبدەن بۆ بە جێگەیاندنی پەیامی خودا، چووە ژوورەکەی خۆی و داوای لێکردم مەسینە و تەشتەکەی بۆ ببەم، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەستنوێژ هەڵگرێتەوە، من لەکاتی وەستانم و ئاو بەدەست داکردنیدا پرسیارم لێکرد و گوتم: بۆ دووبارە دەستنوێژ هەڵدەگریەوە؟

گوتی: ئەوە کەنعان-ی براشت هەمان پرسیاری لێکردم، بەڵام با منیش پرسیار لەتۆ بکەم، ئایا هیچ هۆکارێک هەیە بۆ ئەم پرسیارەت؟

گوتم: نەوەڵڵا، لەبەر ئەوە نییە من تەمبەڵ بم نەتوانم مەسینە و تەشتت بۆ بێنم، تەنیا بۆ ئەوەم بوو کە هۆکارەکەی بزانم، تا هەر هیچ نەبێت وەڵامێکم لابێت بۆ ئەوانی دیکە.

گوتی: کوڕم دیاردەی شکاندنی خاتری بەرانبەرەکەت، کارێکی باش نییە، نەکەی هەرگیز خاترجەمی بەرانبەرەکەت لەم دیوانە بشکێنی، بەتایبەتی لە بۆنە و میوانداریی وا، بۆیە دووبارە دەستنوێژ هەڵگرەوە، نەک بەرانبەرەکەت ڕووشکێن بکەی.

هەروەها گوتی: شکاندنی خاتر و ڕووشکێن کردنی میوانێکی بیانی، کە بەرەو پیلت دێ بۆ تۆقەکردن گوناهی گەورەترە. ئەو فەرەنسی و ئیتالییە گلەییان لەسەر نییە، چونکە ئەوان داب و نەریتی ئێمە نازانن، بۆیە باشترە دووبارە دەستنوێژ هەڵگرییەوە، چونکە ئەوەیان باشترە لە ڕووشکاندنی میوانەکەت لەدیوەخان.

## مەلیک فەیسەڵ و کەریم-ە کوڕ

باوکی خوالێخۆشبووم قازی ڕەشاد ئەفەندی دەگێڕێتەوە: ساڵی ١٩٢٤ مەلیک فەیسەڵ سەردانی شاری هەولێر دەکات و چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە، لەو سەردانەیدا مەلیک فەیسەڵ بۆ نوێژی هەینی دێتە مزگەوتی قەڵات، پێش کاتی دەستپێکردنی نوێژ لەژووری تایبەتی لەگەڵ مەلا ئەفەندی و محەمەد موفتی باپیرم و پیاوماقوڵانی شارەکە دادەنیشێ، لەوکاتەشدا یەکێ لەپیاوانی ئیدارەی حکومەت دەچێتە لای موفتی و بەنهێنی پێی دەڵێت: قوربان ئەوانەی



لەڕیزی پێشەوە نوێژ دەکـەن، با کەسانی پاکوخاوێن و هوشیار بن، چونکە لەتەنیشت جەنابی مەلیک نوێژ دەکەن؟

موفتی-یش لەوەڵامدا دەڵێت: دەکرێ من بێمە دایـەرەکـەی تۆ تێکەڵی ئیشوکاری تۆ ببم؟ لێرەش من بەرپرسم لە بەجێهێنانی کارە پیرۆزەکانی خـوای گـەورە، لەبەر ئـەوە تۆ مافی ئەوەت نییە تێکەڵی کاری پیرۆزی ماڵی خودا بیت.

دوای ئـەوە بانگی کـەریمە کـوڕ مـۆژن و خادم-ی مزگەوت دەکات و پێی دەڵێت: کەریم دەتەوێت لەدەرگای بەهەشت نزیک ببیتەوە؟

کەریم-یش دەڵێت: ئەرێ وەڵڵا قوربان!

ئـەویش پێی دەڵـێـت: کـەواتـە ئـەوە مەلیک فەیسەڵە، لەکاتی نوێژکردن لەتەنیشت ئەوەوە نوێژ بکە، چونکە هەرچەندی شانت لەشانی ئەو نزیکتر بێت، ئـەوە پاداشتت لای خودا گەورەتر دەبێت.

بەو ڕەفتار نواندنەی موفتی، خەڵکی هەولێر زۆر دڵخۆشبوون، ساڵانێکیش دوای ماڵاوایی باس هەر باسی ئەو ڕەفتار و هەڵوێستەی باوکم بوو.



**شێخ محەمەدی خاڵ و ڕەشاد موفتی ساڵی ١٩٨٥**

## پەیوەندی نێوان شێخ محەمەدی خاڵ و ڕەشاد موفتی

شێخ محەمەدی خـاڵ، مـاوە مـاوە سـەردانی هـەولێری دەکرد، لەو سـەردانانەشیدا میوانی ڕەشـــاد موفتی دەبــوو، هـەمـوو جارێکیش حەزی دەکرد لە ژووری کتێبخانەکە بخەوێت، دەیـزانـی ئـەم کتێبخانەیە پڕیەتی لەکتێب و دەستنووسی دەگمـەنـی مـێـژوویـی، لەم سەردانانەشدا گفتوگۆی نێوان (موفتی و خاڵ) تایبەتمەندی خۆی هەبوو.

شێخ محەمەدی خاڵ لەیەکێ لەسەردانەکانیدا ئەوەی گێڕایەوە، کە (شێخ ئەمین ئەفەندی)ی باپیری و (شێخ عەلی ئەفەندی کوڕی مەلا ئەبو بەکر ناسراو بەمەلا گچکەی ئەربلی) مامی باپیرم، نزیکترین کەس بوون لە (شێخ حیسامەدینی تەوێڵەیی) (شێخ حیسامەدین)یش ئەوانەی بەخەلیفەی خۆی دەزانی.

هــەروەهــا ئـامـاژەی بــەوەشــدا، کـە ئـەو دۆستایەتییەی لەگەڵ باوکم و خانەوادەکەمان هەیبووە درێژکراوەی سـەردەمی هاوڕێیەتی نەوە باش و ڕاستگۆکان بووە.


ئەوکاتانەی (شێخ محەمەدی خـاڵ) میوانی باوکم دەبوو، باوکم من و (کەنعان)ی برامی ڕادەسپارد هەموو کات لەخزمەتیدا بوەستین.

## سەبردەی نێوان ڕەشاد موفتی و مام خەلیل و مام فەتاح

لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، خەڵکێکی زۆر لە خانووەکانی قەڵای هەولێر نیشتەجێ بــوون، خـانـووەکـانیش بچووک و لەتەنیشت یـەک بــوون، کۆڵانەکانیشی بەرتەسک بوون، بەدەگمەن خانووی گەورەی تیا دەبینرا، ماڵەکەی ئێمە لەقەڵات، ئەوکاتی بەرانبەر مزگەوتی گەورە بوو.

دانیشتوانی قەڵای هەولێر لەمامەڵەکردنیاندا هەمیشە سـادەبـوون و پابەندیش بـوون بـە داب و نـەریـتی کـۆمـەڵایـەتـی بـاوک و باپیرانیان، لەسەر ڕێچکەی ئـەوان مامەڵە و هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەتایبەتی لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا.

ئەوسا ڕەشاد ئەفەندی موفتی، قازی شاری



هەولێر بوو، لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی ئەنجومەنی زانست و ئیمام و گوتارخوێنی فەخری مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر بوو، بۆیە خەڵکی بەگشتی و دانیشتوانی قەڵا بەتایبەتی بەبەردەوامی سەردانیان دەکرد، بەتایبەتی بۆ تێگەیشتن و پرسیاری ئایینی و خستنەڕووی کێشەکانیان، بەمەبەستی چارەسەرکردن و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی، چونکە ئەو بۆ هەمووان وەکو باوکێک وابوو. پیاوێکی دونیادیدە بوو، بەرانبەر داب و نەرێت و ئایینەکانی دیکە دەمارگیر نەبوو، بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ هەمووان هەڵسوکەوتی دەکرد، کە زۆرجار، ئەمەش لای کەسانێک دەبووە جێی پرسیار، بەتایبەتی لەکاتی سەردانیکردنی کەنیسەی عەنکاوە، کاتێک لە بۆنە ئایینییەکانیاندا بۆ پیرۆزبایی کردن سەردانی دەکردن، کە ئەمەش وایکرد بوو هەردوو لا بۆ پیرۆزکردنی بۆنە ئایینییەکانی یەکدی سەردانی یەکدی بکەن. بە تایبەتیش بە بۆنەی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان و کریسمس.

لەهەولێر کابرایەکی (شەنگال)ی بە ناوی مام خەلیل هەبوو، لەشارەوانی هەولێر پاسەوان بوو، لەگەڵ ئەوەش ئەرکی چاودێریکردنی هەندێک لەو دار و درەختانەی پێڕاسپێردرابوو، کە لە دەرەوەی قەڵادا چێندرابوون، ئەوکات ئێمەش منداڵ بووین، لەبەردەم ماڵێ، کە دەیڕوانییە فلکەی ناوەڕاستی قەڵا (ئەو شوێنەی ئێستەکە ئاڵا گەورەکەی کوردستانی لێ هەڵدراوە) یاریمان دەکرد، هەندێجار مام خەلیل، بە (چەپکە گوڵە ڕەیحانەوە) کە هەر خۆی لەدەوری قەڵادا چاندبووی، دەهاتە لامان و دەیگوت: ئەوە دیاری منە بۆ جەنابی ئەفەندی ئەگەر کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بووایە، ئەوە نەماندەهێشت بڕواتەوە ماڵ.

ڕۆژانی هەینی باوکم دوو کاتژمێر پێش دەستپێکردنی نوێژ دەچووە مزگەوت و لەژوورە تایبەتیەکەی خۆی دادەنیشت، کە تایبەت بوو بە پێشوازیکردنی میوانان، بە تایبەتی ئەوانەی بۆ بەجێهێنانی نوێژی هەینی ڕوویان لەمزگەوت دەکرد، ئەم میوانداریکردنەشی لە میوانان تا بانگی نوێژی هەینی دەخایاند، ئێمەش هەر بەو منداڵییەوە لەو مەجلیسانە ئامادە دەبووین، لەهەمووشی خۆشتر کە تائێستەش لەهەست و بیرەوەرییەکانمدا ماون، تامی قاوە تاڵەکەی مام سابیری قاوەچی-یە، کە لەسەر (مەنقەڵە) ڕەژووەکە ئامادەی دەکرد.

ڕۆژێکیان من لەخوارێی مەجلیسەکە دانیشتبووم، مام خەلیل بەخۆی و چەپکە گوڵە ڕەیحانەیەک هاتە ژوورەوە و لە باوکم نزیک بووەوە و پێشکەشی کرد، باوکیشم وێڕای پیشاندانی دڵخۆشی خۆی داوای لە مام خەلیل کرد دانیشێت، ئەویش بەدڵخۆشییەوە هاتە تەنیشت من و دانیشت مام سابیر-یش قاوەیەکی تاڵی بۆ تێکرد، بەڵام ئەو فنجانەی، کە قاوەی بۆ من پێ تێدەکرد هەمیشە لەژێر فنجانەکان بوو بۆ ئەوەی کەسی دیکە پێش من پێی نەخواردبێتەوە.

ئەوکات تێنەدەگەیشتم، پێم وابوو ئەوە ئاساییە، بەڵام کە گەورەبووین ئەوسا ئەو ڕاستیەمان زانی کە مام خەلیل کوردێکی ئێزدی خەڵکی (شەنگال)ە، کە ئەمەش لە نێو کۆمەڵگەدا گونجاو نەبوو.

بۆیە ڕۆژێکیان مام فەتاح بەقاڵ، کە کەسایەتیەکی دیاری هەولێر و یەکێک بوو لەدوکاندارەکانی نێو قەیسەری و هەمیشە لە مەجلیسی باوکم ئامادە دەبوو، بە سەرسامییەوە لە باوکمی پرسی بوو: (جەنابی قازی، ئایا ئەمە دروستە مام خەلیل،کە کەسێکی ئێزدی-یە بێتە مزگەوت و جەنابیشت دیاری لێوەرگرێت و لەمەجلیسی جەنابیشت دانیشێت؟)

باوکیشم پێی وتوە: کاتێک خەڵک دێنە بازاڕی قەیسەری و ڕوو لەدوکانەکەی تۆ دەکەن بۆ کڕینی کەلوپەل، تۆ پرسیاری ئایین و بیروباوەڕیان لێ دەکەی، یان یەکسەر پێیان دەفرۆشی؟

مام فەتاح-یش دەڵێت: نەخێر؟ لێیان ناپرسم، چونکە من کاڵاکانم لەبەردەم دوکانەکەم داناوە بۆ فرۆشتن.

**“ عەقید بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێر لەساڵی ١٩٦٢، یەکێک بوو لە کەسە سەرسەخت و توندڕۆکانی حکومەتی عێراقی، کە زۆر دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو ”**



جەنابی موفتی-یش پێی دەڵێت: کەواتە مزگەوتیش شوێنی خواپەرستییە و خودا دروستکاری هەموو مرۆڤەکانە، ئێمەش لەلای خۆمانەوە دەمانەوێت هەموو لایەنە جوانەکانی ئیسلام پیشانی هەمووان بدەین، بەو هیوایەی، کە ئەوەندە دڵ نەرم بین وانەکەین، کەس لێمان دووربکەوێتەوە، بەڵکو دەبێت وابکەین باوەڕیان لا دروست بکەین و بێنە ڕێزی ئێمەوە، ئەگەر ئێمەمانان لێیان نزیک نەبینەوە، ئەوان چۆن لە جوانی ئایینەکەمان بگەن؟ ئەمەیە جیهادی ڕاستەقینەی سەردەمیانە. بۆیە کاری من و تۆ، لەهەندێک لایەنەوە لە یەک دەچن.

**باوکم و بورهان جاهید**

بورهان کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان ئاغای دۆغرەمەچی، کە بە (جاهید) بەناوبانگە، لە باوکم-م بیستووە کە ئەو ڕۆژەی (بورهان جاهید) لەدایکبووە، عەبدولڕەحمان ئاغای دۆغرەمەچی، لەگوندەکانی خۆی لەدەشتی هەولێر، حەوت مانگای کردووەتە قوربانی و لەسەر ماڵە هەژار و بێ دەرامەتەکانی دابەش کردووە، سێ ڕۆژیش شایی و دەهۆڵ و زوڕنای گێڕاوە،

حاجی حەسەن خۆشناو ئەوەی بۆ گێڕامەوە و گوتی: جارێکیان ڕەشاد ئەفەندی بانگی هەمووماني کرد و گوتی: ئەوە بورهان، لەسەر دەستی هەمووتان گفت دەدا، کە واز لە عارەق خواردنەوە بێنێت، منیش لەمزگەوت ژوورێکی بۆ تەرخان دەکەم بۆ حەسانەوەی و مەسرەفیشی دەکێشم، تا ئەوکاتەی وەک فەرمانبەر دادەمەزرێت.

جاهید ماوەیەک کاری نووسەری (ئەرزوحاڵچیاتی) دەکات لەدادگای شەرعیی هەولێر، مێز و کورسییەک دادەنێت، دوای ماوەیەک مێز و کورسیەکە دەفرۆشیت و واز لەوکارە دێنێت، دێتە ماڵەوە، دەفتەرێکی پێ بوو شیعری تیدا نووسی بوو، لێم پرسی: ئەو دەفتەرە شیعرە بچووکانەت نووسیوە چییان لێ بکەم؟ گوتی: ئەوەی بدە خاڵم ڕەشاد، با لێم بکڕێت، لەبەر ئەوەی بازاڕی شیعر نەماوە! کەس بەعانەییێک نایکڕێت! تەنیا ئەو دەزانێت شیعرم بخوێنێتەوە، دەیفرۆشمە ئەو. سەیری شیعری نێو دەفتەرەکەیم کرد، یەکەم دێری نووسرابوو: بورهانی زگبرسی، فرۆشتی مێز و کورسی. بورهان زۆرجار بەو شێوەیە دەهاتە لای باوکم و دەفتەرە شیعرێکی دەهێنا و دەیفرۆشتێ.


**پەیوەندی نێوان شێخ عومەر و وەجدی و ڕەشاد موفتی**

لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ من لە ئەنقەرە-ی پایتەختی تورکیا بووم، سبەینەیەکی زوو چوومە بازاڕ، بۆ کڕینی هەندێک پێداویستی، لە کاتی گەڕانمدا بە نێو یەکێ لە سوپەر مارکێتەکاندا، کەسێکم کەوتە بەرچاو، هەستمکرد ئەو کەسە نامۆ نییە و پێشتر بینیومە، لە شوێنی خۆم وەستام و بەوردی لێم ڕوانی، تۆ بڵێی ئەوە، ئەو کەسە بێت، کە من بیری لێ دەکەمەوە؟ کەوتمەوە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، دواجار گەیشتمە ئەو ئەنجامەی، بەڵێ ئەمە بەڕێز (عصام عمر الوجدی أبن شيخ رواق الاكراد)ە، لەمزگەوتی (الازهر) لە قاهیرە.

لەو کاتەدا هەموو ئەو بیرەوەرییانەم



**مومتاز حەیدەری، ڕەشاد موفتی، مەدحەت بێخەو، بورهان جاهید**



هاتەوە یاد، بەتایبەتی ئەو هاوڕییەتییە گەرموگوڕەی نێوان دوو کەسایەتی، کە دوای چەندین ساڵ، ئەمڕۆ لەئەنقەرە کوڕەکانیان یەکدی دەبیننەوە، کە بەشێکە لەبەرهەمی ئەو هاوڕییەتیەی کە لە ئەروقەی مزگەوتی (الازهر) لەقاهیرە لەناوەڕاستی ساڵانی (٣٠)ی سەدەی ڕابردوو لەنێوانی (الشیخ عمر الوجدی الکردی) و (ڕەشاد المفتی) باوکم دروست ببوو.

لەناوەڕاستی شەستەکاندا (عصام) هاتبووە عێراق و لەوەزارەتی پەروەردە دەستبەکاربوو، دوایش بۆ کارکردن هاتە هەولێر، بەو پێیەی یەکێ لە هاوڕێکانی باوکی کە (ڕەشاد موفتی) یە لەم شارە نیشتەجێیە.

بەر لەوەی بانگی بکەم، ئەم بیرەوەرییانە بەخێرایی بەخەیاڵمدا تێدەپەڕین، تا سەرئەنجام گەیشتمە ئەو بڕوایەی، کە خۆیەتی، لێی چوومە پێش و بانگم کرد: لەشوێنی خۆی ڕاوەستا، وەک ئەوەی گوێی لە یەکێک بێت، بانگی دەکات، بەڵام زۆر بە هەندی وەنەگرت، چونکە لەو بڕوایەدا نەبوو یەکێک لەتورکیا بەزمانی عەرەبیی بانگی بکات، بۆیە دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە، منیش جارێکی دیکە بانگم کردەوە، ئەمجارەیان بەناوی تەواوی خۆیەوە (عصام عمر الوجدی) زۆر بەخێرایی سەیری کردم و بەزاراوەی میسری گوتی: (ایوە یافندم) لێی نزیک بوومەوە و گوتم: دەمناسیەوە؟

گوتی: ڕووخسارت غەریب نییە، بەڵام بمبوورە. لەبیرم نەماوی. پێمخۆشە خۆشحاڵم بکەیت و چاوم ڕوون بکەیەوە. پێمگوت: مامۆستا (عصام) مامۆستای وانەی بیرکاری، کە دەهاتیە ماڵی ئێمە، هەمیشە دەمبینی کامیرایەکی وێنەگرتنت بەدەستەوە بوو،

**“ کە گەورەبووم زانیم، کە ئەو خاوەن دوکانانە ئەو پارچە پارەیەی، کە لە باوکمیان وەردەگرت و دەیانخستە نێو دەخیلەی پارەکانیان، وەک شتێکی پیرۆز (تەبەروک) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد ”**



**لە لای ڕاستەوە ئیحسان، کەنعان، ڕەشاد موفتی، عصام عمر الوجدي، عوسمان ساڵی ١٩٦٦**



بەتایبەت ڕۆژانـی دوای نوێژی هەینی، بە ئامادەبوونی باوکم بەیەکەوە نانی نیوەڕۆمان دەخوارد.

بەبیری هاتـەوە و بە زەردەخـەنـەیـەکـەوە گوتی: تۆ کەنعان-ی یان ئیحسان؟ چونکە من شێوەی (عەدنان و عوسمان)م لەبەر چاوە، بەڵام ئێوە ئەوکات بچووک بوون و ئێستە شێوەتان گۆڕاوە.

کۆمەڵێک پرسیاری لێکردم، بەحوزنەوە گوتی: زۆر خەمباربووم، کە بەر لە چەند ساڵێک هەواڵی ماڵاوایی باوکی خوالێخۆشبووتانم زانی.

منیش، کە لە هەواڵی (الشیخ عمر الوجدی)ی باوکیم پرسی گوتی: باوکم ساڵێک پێش ماڵاوایی موفتی، یانی ساڵی ١٩٩١ ماڵاوایی لێکردین. دیسانەوە پرسی: ئێستاش دیوان و کتێبخانەکە هەر ماوە؟ ئەی کێ لەشوێنی باوکتان دادەنیشێت؟

لەهەواڵی ئەو کەسانەی پرسی، کە دەیناسین، زۆریشی پێناخۆشبوو، کە زانی بەشێوەیەکی نایاسایی دەچمە ئەوروپا.

دوای ئەو هەموو پرسیار و بەسەرکردنەوەیە، گوتم: حـەز دەکـەم لێت بپرسم تۆ لەوڵاتی (ارض الکنایە - مصر) لەدایکبووی، چۆن وا ڕێککەوت سەر لەنوێ دوای ئەو هەموو ساڵە لە تورکیا بەیەک بگەینەوە، وەک دەشبینم بەزمانی تورکییەکی ڕەوان قسە دەکەیت؟ ئەمەم وەک فیلمێک دێتە بەر چاو.

گوتی: تۆ دەزانی، باوکم لە دوای گەڕانەوەی باوکت لەساڵی ١٩٣٦ لەمزگەوتی ئەزهەر، ئەو هەر لەقاهیرە مایەوە و بەردەوام بوو لەسەر خوێندن، تا پلەی بەرزبووەوە و بوو بەیەکێ لەشێخەکانی ئەزهەر (شێخ رواق الاکراد) و لەچلەکانیش هەر لەوێ هاوسەرگیری کرد، بەڵام ئێمە لە بنەچەوە خەڵکی کوردستانی تورکیا-ین و دروست خەڵکی ماردین و ئامەد - دیاربەکر-ین.

گوتی: دوای ئەوەی گرێبەستم لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی عێراقی لەساڵی (١٩٦٨) کۆتایی هات، گەڕامەوە میسر و لەوێ مامەوە، چونکە باوکم حەزی دەکرد سەردانی شاری (ئامەد) بکات، بـەڵام کە بەیاننامەی (١١)ی ئـازار ڕاگەیەنرا گوتی: کاتێکی زۆر باشە بچینە هەولێر و سـەردانی هاوڕێم (ڕەشـاد مفتی) بکەین و چەند ڕۆژێک لای ئەو بمینینەوە، لەوێشەوە بەئۆتۆمۆبێل لەسنووری زاخۆوە بچینەوە تورکیا، تا دوای ئەو هەموو ساڵە، بەخزم و کەسوکارمان شاد بینەوە.

هەروەها گوتی: باوکم شێخ عومەر وەجدی لەڕێگەی باوکتەوە کۆمەڵێ کەسایەتی و زانای ئایینیی ناسی و چاوی بە چەندین کەسایەتی کەوتەوە، کە کاتی خۆی لە مزگەوتی ئەزهەر خوێندبوویان، وەک خوالێخۆشبوو حوسێن ڕەشوانی.


هەر لەو سەردانەش بوو، شیخ عمر الوجدی حـەزی دەکرد بەدیداری سـەرکردەی کورد خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی بگات. (باوکم، خوالێخۆشبوو مەلا عەلی شێخی چۆڵی ڕاسپارد، کە ئەوکاتە سەرۆکی یەکگرتووی زانایانی کورد بوو، ئەو دیدارە ڕێک بخات)

ئـەو لـە قسـەکانی بــەردەوام بـوو، گوتی: دوای سـەردانیکردنمان بۆ هەولێر لەڕێگەی سنووری زاخۆوە بەرەو تورکیا بەڕێکەوتین و چەند هەفتەیەک لەوێ ماینەوە و لەوێوە بە خانەوادەکەمان شاد بووینەوە. لەوێشەوە بەرەو سعودیە بەڕێکەوتین و دوو ساڵ، لەوێ ماینەوە، لەکۆتایی ساڵانی هەشتا بڕیارمدا لەگەڵ کچێکی مامم هاوسەرگیریی بکەم و بگەڕێمەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆم، کە کوردم. سەربارى ئـەوەش، کە نەمدەزانی بەزمانی کوردیی قسە بکەم.


ماوەیەک لە (ئامەد) ماینەوە و لـەوێ فێرە زمانی تورکیی بووم و ئینجا گواستمانەوە بۆ ئەنقەرە چەند ساڵێکە لەباڵیۆزخانەی سعودیە وەکو وەرگێڕ کار دەکەم.

## ڕەشاد موفتی موفتی نوێژ لە کەنیسەی دەکات

لەسـەرەتـای سـاڵانی شەسـتـەکـانـدا حـەزم دەکـرد هەمیشە یـاوەری باوکم بم، بۆ ئەو شوێنانەی سەردانی دەکردن، چونکە باوکم



وەکو نەریتێک ساڵانە چەند جارێک سەردانی بازاڕی کۆنی هەولێر (قەیسەری) دەکرد.
لەو سەردانانەیدا خاوەن دوکانەکان داوای پارچە پارەیەکیان لە باوکم دەکرد و دەیانخستە نێو دەخیلەی پارەکانیان، لەدواییدا کە گەورەبووم زانیم، کە ئەو خاوەن دوکانانە ئەو پارچە پارەیەی، کە لە باوکمیان وەردەگرت و دەیانخستە نێو دەخیلەی پارەکانیان، وەک شتێکی پیرۆز (تەبەروک) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.
یەکێ لەو شوێنانەی، کە باوکم لەنێو بازاڕ سەردانی دەکرد، هاوڕێی خوالێخۆشبووی دەرمانسازی مەسیحی (پۆلص) بوو، کە بە کۆنترین دەرمانسازانی هەولێر دادەنرێت و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٠ دەرمانخانەیەی لەهەولێر کردووەتەوە بە ناوی (دەرمانخانەی شیمال) کە کەوتبووە سەرەتای شەقامی (باتا) و ئێمەش ئەوکات ماڵەکەمان لەناوەڕاستی (قەڵا) بوو، کە دەکەوێتە نزیک مزگەوتی خانەوادەکەمان و بەمزگەوتی گەورە بەناوبانگ بوو و یەکێکیش بوو لەکۆنترین مزگەوتەکان لەهەولێر کە تاساڵی (١٩٦٤) لەوێ نیشتەجێبووین تا گواستمانەوە بۆ ماڵی تازەمان لەدیوی قەڵا نزیک بینای پارێزگای ئێستا و ماڵی (مام پۆلص)یش نزیکی ماڵی ئێمە بوو کە دەکەوێتە بەرانبەر ماڵی خوالێخۆشبوو (مەعروف ساڵح دزەیی)، کوڕەکەی کاک (پۆلص) کەسێکی کۆمەڵایەتی و بەڕێز بوو و هەمیشە سەردانی دیوانی باوکمی دەکرد.
لەناوەڕاستی حەفتاکان دەرمانساز (مام پۆلص) ماڵاوایی کرد، لەگەڵ باوکم بۆ بەشداریکردن لەڕێورەسمی بەخاکسپاردنی چووینە کەنیسەی (مار گۆرگیس) کە کۆنترین کەنیسەیە لە عەنکاوە-ی کۆن. هۆڵی کەنیسە پڕبوو لەو کەسە مەسیحیانەی، کە بۆ بەڕێکردنی جەنازەکەی هاتبوون.
باوکم هەر لەوێ بوو کاتێک مالا بانگی عەسرێی دا. هەر ئەوەندەمان زانی باوکم، هەر لەنێو کەنیسەکە، بەجل و بەرگی ئاینییەوە، جوبەکەی لەشوێنێک بەلای (قیبلە)دا ڕاخست و دەستی بە نوێژکردن کرد. لەوکاتەدا هەموو، بەسەرسوڕمانەوە سەیری (المفتی)یان دەکرد، کە ئایە ئەمە ڕاست و ڕەوایە لەنێو ئیسلامدا مفتی لەم شوێنە نوێژ دەکات؟
دوای تەواوکردنی نوێژەکەی خوالێخۆشبوو حاکم عەبدولقادر نورەدین کە دۆستی خۆشەویستی باوکم بوو، ئەویش لەوێ بوو، لە باوکمی پرسی: ڕەشاد ئەفەندی نوێژ کردن لە کەنیسە جائیزە؟
ئەویش گوتی: ئێرە شوێنێکی پاکە. لێرەدا خوا دەپەرستن. ئایینی ئێمەش ئایینی لێبوردەییە، بۆیە دەبێت بە کردار ئەو لێبوردەییە بسەلمێنین، ئەوانیش خاوەنی کتێبی خۆیانن و لەسەرمانە پارێزگارییان لێبکەین، لەسەرمانە فێرکاری ئیسلام بونیاد بنێین.
کاتێک، کە خەڵک بەوەیان زانی، کە باوکم لەنێو هۆڵی کەنیسەی عەنکاوە نوێژی کردووە، بووە جێی سەرنج و قسەوباسی خەڵکی
دوای تەواوبوونی ڕێورەسمەکە و گەڕانەوەمان بۆ هەولێر، لەڕێگەدا باوکم چیرۆکێکی بۆ گێڕاینەوە، گوایە، لە کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیی کۆمەڵە ئەفسەرێک لە سوپای عوسمانیلی لە کاتی پاشەکشە کردنیان لەساڵانی (١٩١٧-١٩١٨) لە هەولێر، بەهاندانی چەند لایەنێک بەناوی ئاینەوە ویستوویانە کوشتوبڕی مەسیحییەکانی عەنکاوە بکەن، کاتێک مەسیحییەکان بەوەیان زانیوە، شوێن و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتوە هاتوونەتە نێو شاری هەولێر. بەشێکیان لە مزگەوتی گەورە گیرساونەتەوە و بەشێکیشیان ڕوویان لەگوندی (باداوە) کردوە، بۆیە هەر زوو بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم کردەوە نەخوازراوە مەلا ئەفەندی و محەمەد موفتی فتوایان داوە، کە لە سەر هەموو موسڵمانان پێویستە داڵدەی مەسیحییەکانی عەنکاوە و کوردستان بدەن و پارێزگارییان لێبکەن، چونکە هەر کەسێک دەستی بەخوێنیان سوور بێت لە ڕۆژی قیامەتدا خودا سزایان دەدات.



بۆ ئەم مەبەستەش ئەحمەد عوسمان، یەکەم موتەسەریفی هەولێر کە کوڕی مامی مەلا ئەفەندی و برای محەمەد موفتی باپیرم بوو، لەو سەردەم سەرۆکی شارەوانی هەولێر بووە، لەگەڵ عەشیرەتەکانی ناوچەکە ڕێککەوتووە و دەیان چەکداریان بۆ بەرگریکردن لە مەسیحییەکان ناردووەتە عەنکاوە. ڕەشاد موفتی-ش تاکو لەژیاندا مابوو، هەمان ڕەفتاری دەنواند و لە کاتی جەژنی لەدایکبوون و سەری ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوانی ئایینی بەمەبەستی پیرۆزبایی لێ کردنیان، سەردانی کەنیسەیان دەکرد.

لەبیریشمە باوکم لەلایەن (پاپا)وە نامەیەکی بۆ هاتبوو، بۆ میوانەکانی دیوەخانەکەی دەخوێندەوە.

بۆیە تا ئێستەش، پیاوانی ئایینی مەسیحی عەنکاوە، لە کاتی جەژندا، یەکەم شوێن بۆ پیرۆزبایی ڕووی تێبکەن، دیوانی ڕەشاد موفتی-یە.

> **تا ئێستەش، پیاوانی ئایینی مەسیحی عەنکاوە، لە کاتی جەژندا، یەکەم شوێن بۆ پیرۆزبایی ڕووی تێبکەن، دیوانی ڕەشاد موفتی-یە**

## ئەوکاتەی ڕەشاد موفتی بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشتی بەغدا کرا

ساڵی ١٩٨٧، ڕێک مانگێک دوای ژەهر خواردکردنی عەدنان موفتی برام، لەلایەن هۆبەی سێی ئیستیخباراتی عەسکەری کە کەوتبووە ناوچەی (المسبح) لە بەغدا، بۆ لێکۆڵینەوە بە دوای ڕەشاد موفتی-یاندا نارد، ئێمەش لەگەڵی چووین، بەڵام، کە گەیشتنیە نزیکی ئەم شوێنە باوکم گوتی: ئێوە لەنێو ئۆتۆمبێل-ەکە بمێننەوە، با لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێوەشدا نەکەن، من بە تەنیا دەچمە ژوورەوە، چونکە کەسایەتیەکی ئایینیم و تەمەنم گەورەیە، پێموایە بە هێمنی لەگەڵم دەجوولێنەوە. دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکە تەواو بوو، گەڕاینەوە هەولێر.

دوای چوار ساڵ، واتە لە گفتوگۆی دوای ڕاپەڕین وا ڕێککەوتوە ئەو کەسەی کاتی خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ باوکمدا کردبوو، لە میانی ئەو وەفدەی حکومەت دابووە، کە لەگەڵ وەفدی کوردیی بە سەرۆکایەتی مام جەلال کۆبوونەوە، کە عەدنان موفتی-ش ئەوکاتە وەک نوێنەری (حزبی سوسیالیستی کوردستان) ئەندامی وەفدەکە بووە وەک کاک عەدنان بۆ گێڕاینەوە، گوتی: ئەو کەسە ناوی عەمید وەلید بووە، لێپرسراوی هۆبەی سێی-ی ئیستیخباراتی عەسکەری. لە کاتی دیداری هەردوو لادا بە تەنیشت عیزەت دووری-یەوە دانیشتبوو هەر سەیری منی دەکرد و زەردەخەنەیەکی دەهاتێ، ئەوەبوو لەکاتی پشوودا، ئەو کەسە لێم نزیک بووەوە و گوتی: دەزانی ئەو زەردەخەنەی من بۆ تۆ چی بوو؟


ئەمە بۆ جیاوازیی قەدەر دەگەڕێتەوە، کاتی خۆی بە دوای باوکی تۆمان دانارد بەڕێز شێخ (ڕەشاد موفتی) بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر چالاکییەکانی تۆ لە دژی حکومەت، بەڵام ئێمە نەمانزانی، کە باوکت کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی دیارە و زانایەکی ئایینی گەورەیە، بۆیە هەر زوو داوای لێبوردنمان لێکرد، ئەوەتا ئەمڕۆش لەگەڵ تۆ لە بەغدا پێکەوە دانیشتووین و گفتوگۆ دەکەین.

## ڕەشاد موفتی چۆن نێردراوەتە قوتابخانە؟

بە درێژایی حوکمی دەوڵەتی عوسمانلی شاری هەولێر ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەی زۆر بووەوە، خەڵکەکەی زۆر پابەند کرابوون بە داب و نەریتی (سەرپۆش-حیجاب) لە ڕووی پەروەردە و فێرکردن-یشەوە زۆر لە دواوە بوون. کردنەوەی قوتابخانە پێویستی بە پاڵپشتی کەسایەتییە ئایینی و سیاسییەکانەوە هەبوو، بۆیە مەلا ئەفەندی و محەمەد موفتی باپیرم، هەروەها براکەی ئەحمەد عوسمان، کە لە کاتی خۆیدا یەکێک بوو لەوانەی کچە گەورەی خۆی (وەهیبە)ی ناردە قوتابخانە و لە دوایشدا خانەوادەکانی دیکەش ئامادە بوون کچەکانیان بنێرنە قوتابخانە، کە ئەمەش سەرئەنجام بووە هۆی شکاندنی ئەو کۆتوبەندەی، کە بەسەریاندا سەپێندرا بوو.

حەمدی ئەفەندی بەڕێوەبەری قوتابخانە، ساڵی ١٩٢٢ هاتە مزگەوتی گەورە لە قەڵاتێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، بۆیە محەمەد موفتی باپیرم لەگەڵ


کوڕە مامەکەی مەلا ئەفەندی بەیەکوزو بڕیاریان دا، ڕەشاد موفتی و عیزەدین مەلا ئەفەندی، کە ئەودەم لە مزگەوتێ دەیانخوێند ڕەوانەی قوتابخانەی حکومی بکەن، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەیان ببێتە دەرفەت بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش ڕوو لە خوێندن بکەن.
ئەوەبوو دوای چوونی خوالێخۆشبووان باوکم و مامم عزەدین بۆ قوتابخانەی حکومی، وردە وردە ژمارەی خوێندکاران بۆ ئەم قوتابخانەیە زیادی کرد.
ساڵی ١٩٧٥ خوالێخۆشبوو (ئەدیب حکمەت ئەفەندی) هاتە دیوەخانی باوکم، وێنەیەکی بە دیاری لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە کۆنترین وێنەی بە کۆمەڵی خوێندکارانی کۆنترین قوتابخانەی کوڕانی هەولێر بوو.
باوکم، کە سەیری وێنەکەی کرد زۆربەیانی ناسیەوە و ناوەکانی دەگوتن، ئەوانی دیش ئەدیب ئەفەندی تەواوی کردن، بەناوی دەستەی مامۆستاکانیشەوە.



بەپێی ئەم وێنەیە بێت، ئەوسا لە ساڵی ١٩٢٤ ژمارەی خوێندکاران لەم قوتابخانەیە گەیشتووەتە نزیکەی سەت خوێندکار. ئەوکات، دوو جۆر بڕوانامەی دەرچوون دەدرایە خوێندکاران، یەکێکیان دوای تەواوکردنی قۆناغی چواری سەرەتایی و دووەمیشیان دوای تەواوی کردنی قۆناغی شەشەمی سەرەتایی.
هەروەها دەوامکردن لە قوتابخانە بە دوو قۆناغ بووە، یەکەمیان لە سەعات هەشتی بەیانی تا سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ، دووەمیش لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ تا سەعات چواری عەسر، ئەمەش تا ساڵی شەستەکان، هەر بەم شێوەیە بووە.




**٢- ڕەشاد موفتی، ٣- عیزەدین مەلا ئەفەندی**



# ئەزموونی شیعریی ڕەشاد موفتی



د. هێمن عومەر خۆشناو

ڕەشاد موفتی (١٩١٥-١٩٩٢/٩/١٢ز) یەکێکە لە زاناکانی شاری هەولێر، وێڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی زانستیی وەهایە، کە بەدرێژایی چەند سەدە ڕۆڵێکی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی لە شاری هەولێر هەبووە. لە هەمان کاتدا ڕووناکبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و لە پێشەنگەکانی قوتابیانی کورد دادەنرێت، کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بۆ خوێندن چووەتە میسر و لە دیارترین ناوەندی زانستیی، لە جیهانی ئیسلامیی. لە ئەزهەری شەریف خوێندن تەواو دەکات.

دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، دەرفەتی خوێندن لە دەرەوەی کوردستان زۆر کەم کرایەوە، چونکە پێشتر بەشێک لە زانایانی باشووری کوردستان، چ بۆ خوێندن، یان کاروباری کارگێڕیی و فەرمانبەریی پەیوەندییەکی باشیان بە ناوەندیی دەسەڵاتی عوسمانیی لە ئەستەنبوڵ هەبووە، کە ئەوکات دەروازەی پێشکەوتنەکانی ئەوروپا بووە و هەموو ئەوانەی لە باشووری کوردستانەوە ڕوویان لەوێ دەکرد، بۆ گەڕانەوەیان، هەگبەیەکی دەوڵەمەندی زانست و ئەزموونێکی پێشکەوتوویان دەهێنایەوە. دوای دامەزراندنی عێراق-یش، تاڕادەیەکی زۆر ئەزهەر جێگەی ئەستەنبوڵ-ی گرتەوە، ڕەشاد موفتی لە سییەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە کوردستان.

بۆ نیشاندانی سەرەداوەکانی ئەزموونی شیعریی ڕەشاد موفتی، دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە تەماشا بکرێت:

**یەکەم: ئەزموونی مەسنەویی نووسین**

دیارە مەسنەوی لەنێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا مێژوویەکی دووری هەیە، هەر لە نووسینی داستانەکانی وەک مەم و زینی خانی، لەیلا و مەجنوون-ی حارسی بتلیسی و یوسف و زلێخا.....هتد و مەولوودنامەی مەلایی باتەیی و عەقیدەنامەکانی وەک عەقیدەنامەی خانی و شێخ سەمیعی بانەیی....هتد و میعراجنامە و وەفاتنامە و بەیت و کۆمەڵێک شێوەی دیکە، لایەکی گرنگی نێو مێژووی شیعرن، بەتایبەتی لە بابەت هۆنراو (نظم) دا، کە شاعیرانی کورد گرنگییان پێداوە، بەڵام لەبەر درێژی و گەورەیی قەبارەی دەقەکە، نەتوانراوە بە سەروای یەکگرتوو بهۆنرێتەوە، هەر دێرێک بە جووتێک سەروا چنراوە. لەوەوە ناوی مەسنەوی لێنراوە.

ڕەشاد موفتی لەنێو شاعیرانی دەڤەری هەولێردا، تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین نموونەی کەمە، بەتایبەت لە نووسینی چەند جۆرێکی مەسنەویدا، کە هەوڵیداوە ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. گرنگترین کارەکانیشی لەو بوارەدا بریتین لە:

**١- مەولوودنامە**

مەولوودنامە بەشێوەی مەسنەویی لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا سەرەتاکەی بۆ مەولوودنامەکەی مەلا حوسێنی باتەیی بە زاری کرمانجی ژووروو دەگەڕێتەوە. لە دەڤەری هەولێر-یش تەنیا هەولی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە هەیە، ئەویش بەشێوەی پەخشان بووە. لە هەمان کاتدا هەر لە بنەماڵەی ڕەشاد موفتی، مەولوودنامەی شێخ عەلی حسام الدین هەیە، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام تا ئێستە هەر دەستخەتە و چاپ نەکراوە.

مەولوودنامەکەی ڕەشاد موفتی لە دوو لاوە گرنگی خۆی هەیە، لایەکیان بەشێکی هۆنینەوەیە و تایبەتمەندیی خودی شاعیر و هۆنەر (ناظم)ی بەسەرەوەیە، بەتایبەتی لە پێشەکی و پاشەکیدا.

له لایەکی دیکەیشەوە لەنێو مێژووی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا شوێنێکی گرنگ هەیە، بەوەی موفتی لە کەشێکی هەولێری ئەوسادا، کە مەولوودنامەی (ئیبراهیم ڕەئفەت دیاربەکری) بە زمانی تورکیی دەخوێنرایەوە و وەک نەریتێکی لێهاتبوو، بە کاریگەریی ئەو تەرزە، وەک شێوە وەرگێڕانێکی هزری، مەولوودنامەکەی خۆی دەهۆنێتەوە و تاڕادەیەکی باش جێ بە مەولوودنامەی تورکیی لەق دەکات. تەنانەت وەک خزمەتێکیش بە زمانی کوردیی بەتایبەت، کە هەستی کردووە لەو بوارەدا بۆشاییەک هەیە و بە ئاشکرایی ئەوەی دەربڕیوە:

*تا نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی*
*من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی*

**٢- قیامەتنامە، عەبانامە، میعراجنامە**

ئەم سێ بەرهەمەش بە شێوەی مەسنەویی بە نەزم هۆنراونەتەوە. ئەگەر چی پێش ئەو دەقی میعراجنامە بە زاری جیاوازی زمانی کوردیی دەبینرێن، بەڵام لە دەڤەری هەولێردا تا ئێستە



ئەوەی بزانرێت میعراجنامەکەی ڕەشاد موفتی یەکەمینیانە، بەڵام هێشتە دەستنووسە و ڕووناکایی چاپی نەدیوە.

دوو بەرهەمەکەی دیش، کە یەکێکیان قیامەتنامەیە و هاوشێوەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەگەر دەگمەن نەبێت، هەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا عەبانامە لە وەسفی ئالوبەیت هۆنراوەتەوە.


**٣- وەرگێڕان بە شیعر**

ڕەشاد موفتی ئەوەندە بە تەنگ زمانی کوردییەوە بووە و لە خەمیدا بووە، هەوڵی داوە ئەو دەقە شیعرییانەی، کە تاڕادەیەک بوونەتە دەقی جیهانیی، بەتایبەتی لەنێو گەلانی مسوڵماندا، لەگەڵیان تێکەڵ بێ و بە زمانی کوردیی دایانبڕێژێتەوە، لە کاتێکدا توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبووە و دەیتوانی بە هەردوو زمانی تورکیی و بە شرۆڤەی عەرەبییش وەریانبگێڕێ، بەڵام کە بە زمانی کوردیی و بە شێوەی شیعری مەسنەویی وەریاندەگێڕێت، نیشانەی خەمخۆرییەکی زۆری ناوبراوە بۆ زمانی کوردیی. لەو بوارەدا قەسیدەی بوردە، کە دەیان وەرگێڕان و لێکدانەوەی بە زمانەکانی فارسیی، عەرەبیی و تورکیی بۆ کراوە، ئەو ئەمە بە هەند دەزانێت، کە لە بۆنەکاندا بە عەرەبیی دەگوترایەوە، بیکاتە کوردیی و ئاهەنگ و بۆنەکان بە زمانی کوردیی ڕەنگڕێژ بکات. بۆ ئەوکات لە دەڤەری هەولێر ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تەنیا ڕەشاد موفتی و مەلا حوسێن شێخ سەعدی قەسیدەی بوردەیان بە شیعر کردووەتە کوردیی، ئەگەرچی هی موفتی پێشتر لە ١٩٧٣ لە چاپخانەی گیوی موکریانی چاپکراوە، بەڵام نازانرێت کامەی پێشتر کراوەتە کوردی١

**دووەم: ئەزموونی شیعر نووسین**

**١- دیوانی شیعری ڕەشاد موفتی**

ناوهێنانی دەربڕینی دیوانی ڕەشاد موفتی، ڕەنگە بۆ خوێنەران شتێکی سەیر بێت، چونکە هەروا زانرابوو، ڕەشاد موفتی لە شیعرە مەسنەوییەکانی بترازێ، شیعری ئەوتۆی نییە، کە هاوتای شاعیرەکانی هەولێر خاوەنی دیوان، یان بەشێک لە دیوانی شیعریی بێت. تەنانەت لە باسکردنی



"
**ڕەنگە ئەوەی وای کردبێت، کە ڕەشاد موفتی بە شاعیر نەناسرێت، کەسایەتیی ئایینی و پلە و پایە کارگێڕییەکەی بووبێت**
"



شاعیرانی هەولێریشدا لەنێو ماستەرنامەی (باری ئەدەبی کوردیی، لە شاری هەولێر، لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨دا)ی (گۆران سۆران فەیزی)دا وەک شاعیرانی هەولێر نموونەی شیعری ڕەشاد موفتی باس نەکراوە. ڕاستە ڕەشاد موفتی وەک شاعیرێک ناسێنراوە -ڕەنگە تەنیا بەهۆی مەولوودنامە و وەرگێڕانی قەسیدەی بوردە-وە بووبێت، ئەویان خستبێتە ڕیزی شاعیرانەوە، بەڵام لەوە دەچێت لەبەر بەردەست نەکەوتنی شیعرەکانی، هەروا هزر کرابێت، کە شیعری دیکەی نین. لە کاتێکدا دەیان شیعری بە زمانی کوردیی و چەند شیعرێکیشی بە عەرەبیی و تورکیی هەن.


ڕەنگە ئەوەی وای کردبێت، کە ڕەشاد موفتی بە شاعیر نەناسرێت، کەسایەتیی ئایینی و پلە و پایە کارگێڕییەکەی بووبێت، کە ماوەیەکی زۆری ژیانی، قازی بووە. ئەوە وای کردووە شاعیربوونەکەی بشاردرێتەوە. لە هەمان کاتدا پێمان وایە لە بەشێک لە شیعرەکانی ئەوە بەدیاردەکەوێت، کە زۆربەی جار شیعر لای ئەو ئامراز بووە، نەک ئامانج، ئەو ئامرازە بۆ چەند مەبەستێکی وەک پەروەردە، گەیاندنی پەیام و تۆمارکردنی مێژوو بووە. لەوانەیە هەر ئەوەش وای کردبێت، نەیپرژابێتە سەر ئەوەی شیعرەکانی خۆی لە چوارچێوەی دیوانێکدا کۆبکاتەوە، ئەگەر نا لەنێوان ساڵانی ١٩٣٤-١٩٨٦ شیعری بەپێزی هەن (لێرەدا

“

**بەدیارخستنی شیعرەکانی و چاپکردنی دیوانەکەی، نیشاندانی دەنگێکی دیکەی شیعری کوردییە لە شاری هەولێر، شیعرەکانیشی بە تەواوی مەسنەویی و چاپی مەولوودنامەکەی، دەبنە دەستەگوڵی شیعر، کە بۆن و بەرامە و تایبەتمەندیی ڕەشاد موفتی پێوەیە**

”

دەبێ دەستخۆشی لە بەڕێز ئیحسان موفتی کوڕی گچکەی شاعیر بکرێ کە لە سەردەمی باوکی و نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر هەوڵی داوە شیعرەکانی باوکی کۆبکاتەوە و هانی باوکی خۆی داوە و بە یارمەتی ئەو لە چەند دانیشتنێکدا چەند شیعرێکی نووسیوەتەوە، کە ئەم خەمخۆرییە شایانی ڕێزە و ڕەنگە ئەگەر ئەمە نەکرابا، بەشێک لە شیعرەکان ون بووبان، هەر وەک لە دەستخەتێکدا ئاماژەی بەمە کردووە: (ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٢٣ دەمووت بابە حەقە دانیشین چەند شیعرت هەیە بۆت لەناو دەفتەرێک بنووسم. وە ئێستا دووەم دانیشتنە، بەیانی ڕۆژی یەکشەممەیە و باوکم لە ژووری خۆی دانیشتووە و کۆمەڵێک پەرتووکی کۆنی هێنایەتەدەر، وە دەنووسین بە بێ ئەوەی لێک بکەینە کوردی، یان عەرەبی، بۆ ئەوەی شیعرەکانی بمێنێ)



ڕۆژی ٢٢/٢/١٩٨٦ دەم ووت بابە حەقە دانیشین چەند شیعرت هەیە
بۆت لەناو دەفتەرێک بنووسم وە ئێستا دووەم دانیشتنە بەیانی ڕۆژی
یەکشەممە و باوکم لە ژووری خۆی دانیشتووە وە کۆمەڵێک پەرتووکی کۆنی
هێنایەدەر وە دەنووسین بەبێ ئەوەی لێک بکەینە کوردی یان عارەبی.
بۆ ئەوەی شیعرەکانی بمێنێ.

١٩٨٦/٢/٢٢

(بمناسبة اعادة بناء الجامع الكبير في القلعة.)

يا جامع الكبير عليك السلام
فيك الدروس والصلاة تقام

منذ القرون محمد في ديننا
انى العدا في مالك الإرغام

لما رأت تلك الأهالي انت منهدم
هاج الشاكر وسعى الإنعام

وهم حماتك ما داموا وما وجدوا
الغم بهم انهم للخير مقدام

جارێکی دیش لە ١٩٨٦/١١/٧ نووسیویەتی: (ئەمشەو شەوی شەمووە ڕۆژی جومعە ١٩٨٦/١١/٧ لەگەڵ باوکم دەست پێ دەکەین، کە شیعرەکانی بنووسین)

## ٢- ڕەشاد موفتی و نازناوی شیعریی

ڕەشاد موفتی وەک شاعیرانی کلاسیک نازناوی لە شیعردا بەکارهێناوە، کە بریتین لە:

١- ئەزهەری: ئەم نازناوەی ڕاستەوخۆ لە دوای

تەواوکردنی خوێندن دێت لە زانکۆی ئەزهەر و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، ماوەیەک لە شیعردا بەکاری هێناوە. لە شیعرێکی تورکیدا، کاتێک بە باڵاداهەڵدان (تقریض) بۆ کتێبێکی (صابری)ی کەرکووکی دەنووسێ، ئەم نازناوە دەبینرێ:

*بو قاچ ابیاتی تقریضا یازوپ کوندری کرکوکه*
*دعاگو (ازهری) کرچی دکلسه ناضم و شاعر*

تەنانەت لەگەڵ ناوی خۆیشیدا بەکاریهێناوە، کاتێک ناوی خۆی بە (مفتی زاده محمد رشاد ازهری) نووسیوە. بەڵام دواتر وازی لەم نازناوە هێناوە.

٢- رەشاد: لە زۆربەی زۆری شیعرە کوردییەکانی و هەندێک لە شیعرە عەرەبییەکانیشدا (رەشاد)ی وەک نازناوی شیعریی بەکارهێناوە.

٣- ڕەشاد موفتی: ئەم نازناوەشی بەشێوەی لێکدراو بەکارهێناوە. بۆ وێنە لە کۆتایی شیعرە درێژەکەی فەلسەفەی ژیان و مردن، کە نزیکەی سەد دێرە، هاتووە:

(رەشاد موفتی) بە هەڵبەست، دەکا قسەی بەقیمەت


بۆ دێهات و شارەکان، بۆ خزم و دۆستەکانی٢

### ٣- ڕەشاد موفتی و پەیوەندیی شیعریی لەگەڵ شاعیرانی هەولێر

موفتی وێڕای ئەوەی لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە کەسایەتییەکی ناسراو و ڕێزلێگیراو بوو، لە لایەن هەموو چین و توێژەکانەوە ڕێزی لێنراوە. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە شاعیر لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیدا وێڕای ناسینە کۆمەڵایەتیی و خزمایەتییەکە، پەیوەندییەکی شیعریشی هەبووە. وەک ئەوەی شیعر نیشانی یەکدی بدەن و بۆ یەکدیشی بخوێننەوە و پێنجین لەسەر شیعری یەکدی بنووسن. بۆ نموونە:

١- کانیی شاعیر (١٨٩٤-١٩٥٧ز) کە خاڵی ڕەشاد موفتی بووە، شیعرێکی نووسیوە و ڕەشاد موفتی-یش بەڵێنی ئەوەی پێداوە، کە بەیانی شیعرێک لەسەر هەمان کێش و سەروا بنووسێت:

شیعرەکەی کانی:



**دایم بە غەم و دەرد و پەرێشانە هەناوم**
**شەو تا بە سەحەر مەیلی لە گریانە هەناوم**

شیعرەکەی ڕەشاد موفتی، کە چەند کۆپلەیەکی شێوە پێنجینە و پاشسەرواکەی لە جیاتی هەناو کردووەتە دەروون، بریتییە لە:

**پڕ عیللەتە دڵ تاڵبی دەرمانە دەروونم**
**وەک گۆشتێ لەسەر ئاگر و بوریانە دەروونم**
**بۆ قرشەیی غەم جێگەیی خەرمانە دەروونم**
**چەند عاجز و غەمگین و پەرێشانە دەروونم**
**بۆ تیری جەفا حاضر و نیشانە دەروونم**

٢-پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعرێکی مەلا مەسعوودی (بێ بەش)

مەلا مەسعوودی بێبەش (١٩٣٢-١٩٩٨/٥/١١ز) کە شاعیرێکی هەولێر بووە و کوڕی مەلا عەبدوڵڵای شەنەغەیی ( ١٨٨٨-١٩٦٩ز) بووە و باوکی هەرکە هاتووەتە هەولێر لە مەدرەسەی بنەماڵەی مەلا فەندی خوێندوویەتی و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بنەماڵەی ڕەشاد موفتی هەبووە، ئەم پەیوەندییە سەریکێشاوە بۆ پەیوەندیی شیعرییش، ڕەشاد موفتی لە ساڵی ١٩٦٥ شیعری (حەق و ناحەق بەجارێ تێکەڵاوە)ی بێبەش بەم شێوەیە دەکاتە پێنج خشتەکی:

***پیاوانی پیاو پەرش و بڵاوە***
***ئەوی بێ ناو بوو ئیمڕۆکە بەناوە***
***ڕەئیسی مەجلیسە ئاژاو و لاوە***
***حەق و ناحەق بەجارێ تێکەڵاوە***
***ئەگەر ڕاستیت دەوێ ڕاستیی نەماوە***

تا دەگاتە:

***مەبە غافڵ بە مەدحی گەر هەڵتدەن***
***خەبەرداربە لە فند و فێڵی دوشمن***
***لە ڕێی ڕاستی (ڕەشاد) با لەتلەتت کەن***
***خەیاڵت خاوە (بێ بەش) بێ بەشت دەن***
***دەبێ بستێنرێ حەق کەی دراوە***

*٤-ڕەشاد موفتی و شیعری بۆنەکان*

لەنێو شیعرەکانی ڕەشاد موفتیدا شیعری بۆنەکان جێگەیەکی دیاری هەیە. لە چەند بۆنەیەکی جیاواز شیعری نووسیوە لەوانە:

**“مەولوودنامە بەشێوەی مەسنەویی لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا سەرەتاکەی بۆ مەولوودنامەکەی مەلا حوسێنی باتەیی بە زاری کرمانجی ژووروو دەگەڕێتەوە”**



**لەدایکبوونی منداڵ:**

موفتی شیعرێکی بۆ لەدایکبوونی ئەحمەدی نەوەی نووسیوە، کە سەرەتاکەی بەم شێوەیەیە:

*بە کوردی بڵێم پوختە و ڕێک و پێک*

*مێژووی هەزار و نۆصەد هەشتاویەک*

*لە بیستوشەشی شوباتی زستان*

*هاتە دونیایێ ئەحمەدی ئیحسان*

**بۆنەی کرانەوەی قوتابخانەی سانەویی هەولێر**

ساڵی ١٩٣٤ کە قوتابخانەی سانەوی لە هەولێر دەکرێتەوە، ئەمە دەبێتە جێی خۆشحاڵی شاعیر و بەم شیعرە دڵخۆشیی خۆی دەردەبرێت:

***مەصدەری عیرفان و فەضلی ئێمەیە ئەم مەکتەبە***

***زۆر بە قەدر و قیمەتە خوێندن لەلامان مەتڵەبە***

تا دەگاتە:

*من دوعایێ کە دەکەم قوتابییان ئامین بڵێن*

*هەر بژی ئەهلی مەعاریف وەک چرای ئەو مەکتەبە*

*خوایە دائیم بی مەدارس بەردەوام بێ مەعریفەت*

*ڕەونەقی ڕووحە موعەللیم ڕۆژ و مانگ و کەوکەبە*

**بۆنەی جەژنی دارودرەخت**

شاعیر لە ساڵی ١٩٦٣ دا شیعرێکی بەبۆنەی جەژنی دارودرەخت بۆ ئیحسانی کوڕە گچکەی داناوە، تاکو لە قوتابخانەدا بیخوێنێتەوە:

*تەماشا کەن بە داری تەڕ*

*بە چی وەها هاتیتە بەر*

*تا دەگاتە:*

*دارودرەخت لە مەملەکەت*

*شاری دەگێڕێ وەک بەهەشت*

ئەم شیعرە بە شێواز لە شیعری منداڵان نزیکە و بە کوردییەکی ڕەوان و سادە هۆنیویەتیەوە. کە دەکرێت ئەمەش وەک دەسپێکی شیعری منداڵان لای ڕەشاد موفتی دابنرێ.

**بۆنەی کۆبوونەوەی ئەدیبانی کورد**

دیارە شاعیر هەندێک لە بۆنەکانی بە هەل زانیوە بۆ ئەوەی بە شیعرەکانی، کەشێکی ئەدەبیی خۆش بسازێنێ. لە ساڵی ١٩٧١ لە هۆڵی بەلەدییەی هەولێر بە بۆنەی کۆنگرەی ئەدیبانی کورد ئەم شیعرەی خوێندۆتەوە:

کۆنگرەی ئادابی ئەمشەو سوودی بەرزی میللەتە

ناحەزی عیلم و ئەدەب چاوشۆڕە جەرگی لە زیللەتە

**٥-ڕەشاد موفتی و شیعری شیوەن:**

**١- شینی مەلا فەندی**

ڕەشاد موفتی وێڕای خزمایەتییش، لە ڕووی زانست و کەسایەتییشەوە کاریگەری مەلافەندی لەسەر بووە. لە شیعرێکیدا بەبۆنەی وەفاتی دەنووسێ:

پێشەوای کورد و ڕەئیسی عولەمایی موسلیمین

خاوەنی فەضل و سەماحەت بوو مەلا فەندی یەقین

عالم و بەحری عیلم بوو فەیلەسووفی عەبقەری

شوهرەتی پەرت بوو لە شاران و وڵاتی سەرزەمین

کۆچی کرد ڕۆیی لە دونیا زوو ڕاست بۆ ئاخیرەت

شین و گریان کەوتە نێو فەقێ و مەلا و طوللابی دین

تا دەگاتە:

بەردی بورجی عولەمای شاری هەولێری قەدیم

ڕۆیی ئاوابوو لە دونیا بۆ بەهەشتێکی بەرین

**٢- شین بۆ مردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەی فنوونی کچان**

ئەم بوارە وێڕای ئەوەی دەچێتە نێو چوارچێوەی شیعری شیوەن، لە هەمان کاتیشدا نیشاندەری فیکری مونەووەرانەیە، کە زانا و قازییەکی ئایینی زۆر میهرەبانانە شیعری شیوەن بۆ (سهیلە محمد علی مختار)ی مامۆستایەکی ژن، کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی کچان بووە بهۆنێتەوە:

**حاجیە سوهەیلە مودیرەی فنوون**

**پشتگیری خیندن وەک پیرەمەگروون**

> **ڕەشاد موفتی ئەوەندە بە تەنگ زمانی کوردییەوە بووە و لە خەمیدا بووە، هەوڵی داوە ئەو دەقە شیعرییانەی، کە تارادەیەک بوونەتە دەقی جیهانیی، بەتایبەتی لەنێو گەلانی مسوڵماندا، لەگەڵیان تێکەڵ بێ و بە زمانی کوردیی دایانبڕێژێتەوە**

**خاتوونی سەنگین، دایکی قوتابی**
**قەبرت پڕ نوور و شوعلە و چرا بی**

## ٦-ڕەشاد موفتی و تۆمارکردنی مێژوو


ڕەشاد موفتی لە بەشێک لە شیعرەکانیدا هەوڵیداوە لە ڕێی شیعرەکانییەوە بەشێک لە مێژووی شاری هەولێر تۆمار بکات، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی، کە بە بۆنەی کردنەوەی دامودەزگاکان، یان مردنی کەسایەتییەکان، یان بۆنە جیاوازەکان نووسیویەتی، لە لایەک مێژووەکەی پاراستووە و لە لایەکی ترەوە بەهۆی حیسابی ئەبجەدی کە نەریتێکی کۆنی شیعری کلاسیکی کوردیی بووە، هەوڵیداوە مێژوو تێکەڵی شیعرەکانی بکات.


بۆ وێنە مێژووی تەواوبوونی مزگەوتی حاجی یاسین لە ساڵی ١٣٩٢ی کۆچی، لە کۆتایی شیعرێکدا ئاماژەی پێدەدا:

**بە شەطری دادی گەلێ خۆشحاڵین**

یادی/ ڕشادو/ خلیفە/ یاسین

کە کۆکراوەی ژمارەکانی (٢٥+٥١١+٧٢٥+١٣١)ە، کە دەکاتە ساڵی ١٣٩٢ی کۆچی.





یان تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە گرنگەی نێو شاری هەولێر، کە مەلا فەندی بۆ یەکەم جار کچی خۆی دەنێرێتە قوتابخانە. ڕەشاد موفتی ڕووداوەکە و مێژووەکە تۆمار دەکات:

**لە قەڵای هەولێر مەدرەسەی کچان**
**دەوڵەت دایمەزراند بۆ عیلم و عیرفان**
**مەلا ئەفەندی قدوەی مەعریفەت**
**کچی خۆی کە نارد تێگەیشت میللەت**
**موسلیمە و موسلیم بە ئەمری نەبی**
**فێری خوێندن بن هیچ فەرقی نەبی**
**تا دەگاتە:**
**مێژووی وا ڕەشاد لەبیر نەچی**
**(بنوسە ملت) لە (غەم دەربچی)**

ئەم مێژوو تۆمارکردنە لە شیعرە عەرەبیەکانیشی دەبینرێت، بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٤٥ بەبۆنەی کردنەوەی کتێبخانەی گشتیی هەولێر لە سەردەمی سەعید قەزازدا، موفتی شیعرێک بە عەرەبیی دەنووسێت. یاخود بەبۆنەی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سەر قەڵای هەولێر بە هەمان شێوە بە عەرەبیی شیعرێکی هۆنیوەتەوە.

ئەوەی سەرەوە کورتەیەک و چاوپێداخشاندنێکی خێرا بوو، بە هەندێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی زانای ناودار (محەمەد ڕەشاد موفتی) بەدیارخستنی شیعرەکانی و چاپکردنی دیوانەکەی٣ نیشاندانی دەنگێکی دیکەی شیعری کوردییە لەنێو مێژووی شیعری کوردیی لە شاری هەولێردا و شیعرەکانیشی بە تەواوی مەسنەویی و چاپی مەولوودنامەکەی، دەبنە دەستەگوڵی شیعر، کە بۆن و بەرامە و تایبەتمەندیی ڕەشاد موفتی پێوەیە و هێژای ئەوەیە لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکرێن.

١- دوای ئەوانیش مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەیی بەناوی مەرکانەی کوردی بۆ گوڵی بوردی ئەو قەسیدەیەی بە شیعر وەرگێڕاوە.

٢- نموونەی شیعری نێو ئەم وتارە لە ئەرشیڤی بەڕێز (ئیحسان ڕەشاد موفتی) پارێزراون.

٤- لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرجەمی شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

**"لە دەڤەری هەولێر ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین تەنیا ڕەشاد موفتی و مەلا حوسێن شێخ سەعدی قەسیدەی بوردەیان بە شیعر کردووەتە کوردیی"**



# چۆن ناونرا ڕەشاد؟

مەحموود خەلیل زەرگەزەوی

هیچ شتێک نییە کۆتایی نەیەت، هەموو زیندوویەک دەمرێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت (وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ ) و (كُل نفسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ)

بەدیاریکراوی لە ١٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٢ زانا و بلیمەت و قازی ڕەشاد محەمەد موفتی لەتەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەمەش دوای ئەوەی خزمەتێکی زۆری ئایین و زانست و کلتوور و کۆمەڵگەی کوردی کرد.

وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی، لەسەرمە وەک وەفایەک بۆ خوا لێخۆشبوو، لە ساڵوەگەڕی ئەو زاتەدا، هەست و سۆزی خۆم دەربڕم و ئەم چەند دێرە بنووسم.

ڕەشاد کوڕی محەمەد موفتی کوڕی عوسمان کوڕی مەلا ئەبو بەکر ناسراو بە (کچک مەلا ئەربیلی)یە، کە یەکێکن لە کۆنترین خانەوادەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕووی زانستییەوە، کە بەدرێژایی سەدان ساڵ، پایە بەرز و خزمەتگوزاری ئایین و ئەدەب و ڕۆشنبیریی بوونە.

**ناوی ڕەشاد**

وەک خۆی باسیکردووە، ئەوکاتەی لەدایک بووە باوکی (محەمەد موفتی) خەریکی خوێندنی قورئان بووە، مزگێنیی پێداوە، کە کوڕێکیان بووە، ئەویش لەوکاتەی بووە، کە گەیشتووەتە ئایەتی پیرۆزی **(وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ)** ئەویش لەبەر پیرۆزی قورئان ناوی ڕەشاد-ی لێناوە، واتە ناوەکەی لەم ئایەتە وەرگرتووە.

> **سالَی ١٩٣٤ باوکی ناردوویەتییە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە، تا زیاتر زانست فێر بێت**

**ڕەشاد موفتی، یان محەمەد ڕەشاد موفتی؟**

سەبارەت بەناوی ڕەشاد موفتی، یاخود محەمەد ڕەشاد موفتی، کە لەنێو خەڵکیدا ببووە جێگەی باس و خواست. لە ڕاستیدا ناوی خۆی ڕەشادە و ناوی باوکیشی محەمەد-ە و نازناوەکەشی موفتی-یە، بەڵام کاتێک بۆ یەکەمجار وەک قازی دامەزرا، ناوی بە محەمەد ڕەشاد موفتی نووسرا، بۆیە خوالێخۆشبوو لەمبارەیەوە یاداشتێکی بۆ وەزیری داد ناردووە و بە تێروتەسەلی هۆیەکان دەخاتە ڕوو، بەشێوەیەکی ئایینی و ئەدەبی داوای گۆڕینی ناوەکەی لە محەمەد ڕەشاد موفتی-یەوە دەکات بۆ ڕەشاد محەمەد موفتی.

ئەمەش دەقی بەشێک لە یاداشتەکەیەتی بۆ وەزیری داد:

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**
**بەڕێز وەزیری داد**
**لەڕێگەی بەڕێز سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووک**

**شاراوە نییە، بە پێی دابونەریتەکانی نێو موسڵمانانی ناوچەکەمان وشەی (عبد) بۆ ناوی ئەو کەسانەی، کە ناوە بەرزەکانی خوایان هەیە زیاد دەکرێت، وەک ڕێزێک بۆ خوای گەورە. وەک بە جەبار دەگوترێت عەبدولجەبار، بە غەفار-یش دەڵێن عەبدولغەفار. هەروەها ناوی (محەمەد)یش بۆ ناوی زۆر کەس دانراوە، وەک سەعید و ڕەشید. وەک دەڵێن محەمەدسەعید، محەمەدڕەشید. ئەمەش وەک ڕێزێک بۆ پەیامبەر (د.خ) واتە وەک گەشبینییەک، ناوی محەمەد-یان بۆ زیاد کردووە.**

**من ڕەشاد موفتی محەمەد کوڕی عوسمان، قازی هەولێر، هەر لەمنداڵییەوە بە محەمەدڕەشاد، وەک ناوەکانی دیکە بانگکراوم، ئەوکاتە باوکم موفتی پارێزگای هەولێر بووە، ئیدی لەوکاتەوە وشەی (موفتی) بووە بە نازناوی گشتیی هەموو خانەوادەکەمان، کاتێک فەرمانی کارگێڕیی بۆ دامەزراندم وەک قازییەک دەرچوو، بەناوی محەمەد ڕەشاد موفتی نووسراوە، بەبێ ئەوەی ناوی باوکم و باپیرم لەو فەرمانە دیاری کرابێت، ئەمەش وادەکات زۆر کەس وابزانن، ناوم محەمەد-ە و ناوی باوکم ڕەشاد-ە، ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییەکەیە، بۆیە داوا دەکەم**

**ناوی باوک و باپیرم زیاد بکرێن. لەجیاتی محەمەدڕەشاد موفتی بنووسرێت ڕەشاد موفتی کوڕی محەمەد کوڕی عوسمان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا، کە ڕاژەی وەزیفیم تەواو دەبێت، هیچ ئاڵۆزییەک دروست نەبێت.**

**داواکار**
**ڕەشاد موفتی محەمەد عوسمان**
**قازی دادگای شەرعی هەولێر- ١٠\١٢\١٩٧٤**


ڕەشاد موفتی پەروەردەی دەستی باوکی بووە، کە تا ئەوکاتەی کۆچی دوایشی کرد موفتی هەولێر بوو، هەر لەوکاتەوەی چاوی هەڵێناوە خۆی بۆ ئایین و زانست تەرخان کردووە، هەر لەوکاتەوەی، کە چووەتە قوتابخانە، بەڵام دواتر باوکی لە قوتابخانە دەریهێناوە و بردوویەتییە حوجرە، بۆ ئەوەی فێری زانستی ئایینی بێت، لە حوجرە تەفسیر و فەرمووده و فقه و بنەماکانی زانست و شەریعەت و میرات و زانستی لۆژیک و زانستی گەردوونناسی باوی ئەوکاتی خوێندووە، لەگەڵ (الأسطرلاب والربع المجيب) هەروەها لەسەر دەستی باوکی فێری زمانەکانی فارسیی و تورکیی و ئەدەبیاتەکەی بووە.

لە ساڵی ١٩٣٤ باوکی ناردوویەتییە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە، تا زیاتر زانست فێر بێت، دەکرێت بڵێین یەکەم خوێندکاری کوردی کوردستانی عێراق-ە لە ئەزهەر خوێندوویەتی، ئەمەی خوارەوەش دەقی بڕوانامەکەیەتی:

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**الحمدلله و الصلوه و السلام على سيدنا**
**محمد واله وصحبه**
**قال تعالى: (-لَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) وقال صلى الله عليه وسلم (من يُرِدِ الله به خيرا يُفَقِّهْهُ في الدين).**

**مزگەوتی ئەزهەری پیرۆز**
**بڕوانامەی ئەهلی بۆ بێگانەکان**

شێخ (محەمەد ڕەشاد موفتی کوڕی محەمەد موفتی) لەشاری هەولێر، کوردستان بڕوانامەی ئەهلی بەدەستهێنا، کە لەلایەن (ئەنجوومەنی باڵای ئەزهەر)ەوە پێی دراوە، ئەمەش دوای ئەوەی لەتاقیکردنەوەکانی (فقه، تفسير، الحديث- فەرمووده، التوحيد، النحو، المعاني، البيان، البديع، المنطق) ئێمەش داوای لێدەکەین خواپەرست بێت و زانستەکەی سوود بەهەموو لایەک بگەیەنێت، تا دەگاتە پلەی زانایان...تەواو.



پاش خوێندنی لە ئەزهەری پیرۆز و بەدەست هێنانی ئەو بڕوانامەیە گەڕایەوە هەولێر، دەرکەوت لەو ماوەیەی لە ئەزهەر خوێندوویەتی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مامۆستایانی ئەزهەر، بەتایبەتی لەڕووی شێوازی بیرکردنەوە و چۆنیەتی وانە وتنەوەیان وەک (شێخ محەمەد عەلی المراغي- شێخی ئەزهەر) و (مامۆستا عومەر وەجدی- شێخی ڕواقی کورد لەئەزهەر) و (مامۆستا محەمەد عەلی عەونی) ئەوە جگە لە ڕەشاد موفتی سەرسام بووە بە (شێخ محەمەد عەبدە) ئەوەش بەهۆی بیرکردنەوە هاوچەرخییەکەی.

پاشان دووبارە گەڕایەوە لای باوکی و مەلا ئەبو بەکر ئەفەندی ناسراو بەمەلا ئەفەندی، هەروەها دەستی بە گوتنەوەی وانە کرد، بۆ ژمارەیەک (فەقێ) لە مزگەوتی گەورەی قەڵا، کە دواتریش، پاش مردنی باوکی لە ١٩٤٦/١٠/٢٧ بووە گوتاربێژی مزگەوت، کە جێگەی شانازی هەموو لایەک بوو.

ئەو یەکەم گوتاربێژی کورد بووە گوتارەکانی بەزمانی کوردی پێشکەش کردووە. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٦ لە کەرکووک وەک قازی دامەزرا، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧ گوازرایەوە سلێمانی، لەوێش بۆ ماوەی ساڵێک مایەوە، دوایی گوازرایەوە هەولێر و بوو بەقازی شەرعی تا ساڵی ١٩٧٨، دواتر بەهۆی تەمەنیەوە خانەنشین کرا.

ئەو بۆ ماوەی چارەگە سەدەیەک قازی بوو، لەو ماوەیەشدا کارایی و دڵسۆزیی و وردبینی و ئەمانەت لە بڕیار و فەتواکانی دەبیندران، تا وایلێهات دادگەی تەمیز هیچ داواکارییەکی یەکلاکەرەوەی ئەوەی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو جەختیان لەبڕیارەکانی دەکردەوە و پشتگیرییان دەکرد.

ئەو وەک قازییەک چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو:
١- زۆربەی لایەنەکانی فقه و شەریعەتی لە زانستی (الغرائض و القسام الشرعی) دەزانی و شارەزای کون و کەلەبەرەکانی بوو.

“
**ڕەشاد موفتی سەرسام بووە بە (شێخ محەمەد عەبدە) ئەوەش بەهۆی بیرکردنەوە هاوچەرخییەکەی**
”



٢- بەتەواوی شارەزای یاساکانی (الاحوال الشخصیە) بوو، لەکاتێکدا لەو سەردەمە کارەکان زۆر ئاڵۆز بوون، بەتایبەتی لەو خاڵانەی، کە ناجۆریی تێدا بوو، لەگەڵ ئەحکامە شەرعییەکان و یاساکان، بۆ نموونە بڕی کوڕ و کچ لەمیراتدا، کە هەردەم بەخاوەن داواکاری دەگوت: خودا بڕیار بۆ نێرینە دەدات، بەرانبەر بەدوو مێینە، بەڵام یاساکانی دەوڵەت بەیەکسانی بڕیار دەدات لە نێوان هەردووکیاندا، تۆش ئەوە هەڵبژێرە، کە دەتەوێت، ئەوە من نیم دەستنیشانی دەکەم، ئەوە منیش نیم بڕیار دەدەم.

٣- بەوەش ناسرا بوو لە داواکارییەکانی تەڵاق دەستێکی باڵای هەبوو، زۆر بەجوانی بەشێوەیەکی گونجاو و دەگمەن کارەکانی چارەسەر دەکرد، زۆر بە کەمیش بڕیاری لەسەر تەڵاق دان دەدا. ئەو هەردەم دەیویست ماڵی هیچ خێزانێک تێک نەچێت و منداڵەکان پەرش و بڵاو نەبن و لەنێو کۆمەڵگەدا دیار بن، بۆیە دەرچە و چارەسەرێکی شەرعی و ڕاستی بۆ دەدۆزیەوە.

ڕەشاد موفتی یەکێک بوو لەوانەی، کە دەیزانی فەرمانە عوسمانییەکان بخوێنێتەوە و وەریان بگێڕێتە سەر زمانی عەرەبیی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندینجار لە وەزارەتی داد-ەوە ئەم ئەرکەی پێ دەسپێردرا، چونکە وەرگێڕانەکەی جێگەی متمانە و باوەڕ بوو.

ئەو بە مەزهەبی شافیعی کاریگەر بوو، کاری لەسەر دەکرد، لەتەک ئەمەشدا متەسەوفێکی نەقشبەندی بوو، لەوانەشە ئەمەیان لەباوکییەوە بۆی مابێتەوە، هەردەم ڕێورەسمەکانی نەقشبەندی لە مزگەوتی قەڵای هەولێر پەیڕەو دەکرد و موریدی هەبوون.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٩٢-ەوە دەستی کرد بە ڕێکخستنی ڕێورەسمی نەقشبەندی لە خانەقای مەولانای نەقشبەندی لە هەلێر، بەتایبەت لە ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە، بەم شێوەیە، پاش دابڕانێکی زۆر، ئەم نەریتەی لەخانەقای مەولانا زیندوو کردووە.

وەک یەکێک لە نەریتەکانیشی، هەردەم میوانداریی گەورەی لەماڵەکەیدا ساز دەدا، بەتایبەتی لە یادی (مەولود نەبەوی) کە هەر سەر لە ئێوارەوە ئاهەنگی ئایینی بەبۆنەی لە دایکبوونی پەیامبەر (د.خ) ڕێک دەخست، تا ئەوکاتەش، کە کۆچی دوایی کرد، بەردەوام بوو.

> **“ ڕەشاد موفتی یەکێک بوو لەوانەی، کە دەیزانی فەرمانە عوسمانییەکان بخوێنێتەوە و وەریان بگێڕێتە سەر زمانی عەرەبیی ”**

دوا ئاهەنگی مەولودی نەبەوی ڕۆژی چوارشەمی ١٩٩٢/٩/٩ بوو، واتە سێ ڕۆژ پێش کۆچی دوایی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەندە پەیامبەری خۆش ویستووە.

هەروەها بەردەوام لەم بۆنانە گوتارێکی ئامۆژگاری دەخوێندەوە و تێدا باسی گەورەیی و کارە مەزنەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەکرد.

ئەم نەریت و ڕێورەسمەی لە دایکبوونی پەیامبەر لە هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری پاشا موزەفەرەدین، میری هەولێر (٥٨٦-٦٣٠ک) کە پاش ئەو ئەم نەریتە گوازرایەوە بۆ جیهانی ئیسلامیی، لە هەولێریش ڕەنگی دایەوە.

ئەو هەردەم وەک واعیزێکی ناودار هەڵوێستی نەتەوەیی هەبوو، لەم بارەیەوە چەندین چیرۆکی لەبارەوە گێڕدراونەتەوە.

دەڵێن شاعیرێکی سەردەمی جاهیلی، بەتایبەتی ئەو کاتەی هۆزە عەرەبەکان لەلای کەعبە کۆدەبوونەوە، هەر هۆزێکیش خواردنی خۆی دەهێنا، شاعیرێک لەبارەی دۆخی ئەودەم دەڵێت:

(نَفْسِي الفِداءُ لأقوامِ هم خَلَطوا

يومَ العَروبةِ أَوْراداً بأَوْرادِ)

هاوکات ڕەشاد موفتی بەرهەڵستی ئەم ناو هێنانەی کرد و بەیتێکی بە شیعر نووسی، کە دەڵێت:

**انعم بجمعتنا مشكاة وحدتنا**

**اذا لم تناد بعرب دون اكراد**

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ڕەشاد موفتی زۆر شانازی بەنەتەوەی کورد-ەوە کردووە. ئەوە زۆر بەروونی لەهەموو نووسینەکانیدا دیارە.

**ژیاننامەی زانستی:**

١- لەساڵی ١٩٣٦ ز مۆڵەت و ئیجازەی لە مزگەوتی ئەزهەری پیرۆز وەرگرتووە.

٢- ئیجازە و مۆڵەتی لە موفتی باوکی وەرگرتووە/ موفتی هەولێر، کە لە ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی

کردووە.
٣- ئیجازە و مۆڵەتی زانستیی لە مەلا ئەفەندی، وەرگرتووە.
٤- ئیجازە و مۆڵەتی خوێندنەوەی قەسیدەی (البردە) لە (سید مردان)ی زانای تەجویدی وەرگرتووە.

**بەرهەمەکانی :**

قازی ڕەشاد موفتی کتێبخانەیەکی گەورەی لەدوای خۆی جێهێشت، کە دەوڵەمەندە بەدەستنووس و چاپکراوەکان، کە باس لە تەفسیر و فەرموودە و فقە و عەقیدە و فەلسەفە و گەردووناسی و زانستی زمانی عەرەبیی و مێژوو و فەرهەنگ و دیوانی شیعری دەکات، لەراستیدا ئەو کتێبخانەیە لەباب و باپیرانی بەجێ ماوە و و چاپکراو و دەستنووسە دەگمەنەکان لەخۆ دەگرێ، تا ئێستاش زانایانی ئایینی ئیسلامی سەردانی ئەو کتێبخانەیە دەکەن بۆ وەدەستهێنانی ئەو سەرچاوانەی پێویستیانە، لەلایەکی دیکەوە قوتابیانی زانستەکانی ماستەر و دکتۆرای زانکۆکانی کوردستان سەردانی دەکەن.
ئەمە و جگە لەو کتێبانەی خۆی، کە نزیکەی بیست کتێبی چاپکراون و بەشێکیشیان چاپ نەکراون.


**کۆچی دوایی:**

لەبەیانی ڕۆژی شەممەی، چواردەم ڕۆژی مانگی ربیع الاولی ساڵی ١٤١٣ک بەرانبەر بە ڕۆژی دوانزدەیەمی مانگی ئەیلوول ١٩٩٢ پاش ئەوەی نوێژی بەیانی کرد، بەدەنگ بانگەوازی خوا-وە چوو

**يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ارْجِعِي إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (٢٨) فَادْخُلِي فِي عِبَادِي (٢٩) وَادْخُلِي جَنَّتِي (٣٠) سورة الفجر**

بەرەو خەوی ئەبەدی هەنگاوی نا، لەو کاتەدا خەڵکێکی زۆر لەهەموو لایەکەوە بەرەو ماڵەکەی ڕۆیشتن، تا بەشداری ناشتنەکەی بکەن.

لەو ڕۆژەدا هەموو دوکانەکانی بازاڕ دەرگاکانیان داخست، هاوکات دەف و ئاڵای تەکییەکان دەبیستران و دەبیندران، دەیان و سەدان ئۆتۆمبێل بەئاڵای تەکییەکانەوە بەدوای تەرمەکەیەوە بوون، دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکان بە شەقامە سەرەکییەکانی هەولێردا سووڕانەوە، دواتر بەرەو گوندی (باداوە) ڕۆیشتن و لەوێ تەرمەکەیان لەگۆڕستانی خانەوادەکەیان ناشت.



لەمەراسیمی ناشتنیدا وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان و پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لەبەرپرسانی حزبە کوردستانییەکان و ژمارەیەک لەپیاوانی ئایینی و ژمارەیەکی بەرچاو لەهاووڵاتییانی هەولێر ئامادە بوون، لەکاتێکدا ڕۆژی کۆچی دوایییەکەی دەنگی دایەوە، بۆیە حکومەتی کوردستان ناوی لەسەر گەورەترین مزگەوتی هەولێر و کوردستان دانا.

لەو بارەیەوە (عوسمان ڕەشاد موفتی) کوڕی، شیعرێکی دوور و درێژی لەسەر گلکۆی باوکی نووسیووە:

**ستون عاما والمحافل تزدمي**
**بخطيبها وخلاصة الاباء**
**فاهنا رعاک الله فی دار البقا**
**فلقد لحقت بارحم الرحماء**
**سيف الخطابة فی شمالک لائق**
**متوارث من امسنا الوضاء**
**هی راية الدين الحنيف بصونها**
**خفاقة تعلم على الجوزاء**
**(عثمان) ارخ اتيت مقامه**
**بمقاله تسمو عن الانشاء**
**ليكمل التاريخ فيه (محبكم)**
**(قد طاب مثوى زينة العلماء)**
**فرحم الله المفتي يوم ولد.. يوم مات.. ويوم يبعث حيا..**
**واخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين**

**سەرچاوەکان:**


١- سبائک الاملاء فی سسلسه کچک ملا، عشرة اجزاء/ الجزء الرابع. جمع وتحقيق واضافات عثمان رشاد المفتي (مخطوط).

٢- ڕۆژنامە دەرچووەکان لە کوردستان لەپاش کۆچی دوایییەکەی.

٣- گفتوگۆیەک لەگەڵ بەڕێز عوسمان ڕەشاد موفتی کوڕی گەورەی خوالێخۆشبوو.

*** ئەمە پووختەی ئەو وتارەیە، کە مەحموود خەلیل بە زمانی عەرەبیی لە ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٦ی گۆڤاری شمس الإسلام بڵاوی کردووەتەوە**

**“ ڕەشاد موفتی زۆر شانازی بەنەتەوەی کورد-ەوە کردووە. ئەوە زۆر بەڕوونی لەهەموو نووسینەکانیدا دیارە ”**



# کتێبخانەکەی موفتی

عوسمان ڕەشاد موفتی

بەهەوڵ و تەقەلای سەدان ساڵی ئەو بنەماڵەیە ئەو کتێبخانەیە هاتووەتە کایەوە، ئێمە لە باوک و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، کە هەریەکە و لەوان کۆمەڵێ کتێبی خستووەتە سەر، تا بووەتە ئەم کتێبخانەیە.

جاران، کە چاپەمەنی نەبوو، کتێب بەزەحمەت دەست دەکەوت، تەنیا لای زانایان نەبێت، بۆیە خەڵکی دەیانبرد و بەدەست کۆپییان دەکرد و دەیانگەڕاندەوە.

مێژووی ئەم کتێبخانەیە خۆی لە پێنج سەد ساڵێک دەدات، کە لە مەلا ئەلیاسی باپیرە گەورەمانەوە دەست پێ دەکات، ئەوان مامۆستای زانستی ئایینی بوون، بەسەدان زانا لەسەر دەستی ئەوان دەرچوون، لەم وڵاتە و وڵاتانی دەوروبەریشدا.

بەڵام لە سەردەمی باپیرە گەورەمان مەلا ئەبوبەکر (مەلا گچکە) هەتا دەگاتە لای (مەلا فەندی) بەپۆپەی خۆی گەیشتووە، دوای ئەویش کوڕەکەی عیزەدین مەلا، تا دەگاتە باوکم.

کتێبخانەکە بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی:

١- بەشی هەرەزۆری لە قەسری مەلا فەندی بوو لە باداوە.

٢- بەشەکەی دیکەیان لە مزگەوتی گەروەی قەڵات پارێزرا بوو، کە لە سێ کتێبخانەی لە دار دروستکراو دانرابوون.


ئەوەی یەکەمیان لە ماڵی مەلا فەندی ـ لە باداوەدا ساڵی ١٩٥٩ دوای شۆرشی ١٤ی تەمموز تاڵانیان کردو دەستێکیان بە هەموو کتێب و دیکۆمێنت و کەلوپەلەکانی نێوی داهێنا، لەوانەش نامەیەکی بەدەستنووسی سەلاحەدینی ئەیوبی، کە بۆ زاواکەی مزەفەرەدین گۆگبۆری ناردبووی و کۆشکەکە بە تەواوەتی سووتا، کاتێ باوکم و عیزەدین مەلا چوونە کۆشکەکە بۆ ڕزگارکردنی دەستنووسەکان، بێجگە لە چەند شووشەیەکی تێک شکاو و کاغەزی پەرشوبڵاوی سووتاو هیچی دیکەیان نەبینی.

دوای ئەو تاڵانکردنەش، بەشێکیان سووتان و ڕەنگە لەبەر نەزانی هەندێک کەس ئاگریان پێ کردبێتەوە، هەندێکیشیان فرۆشرایە دوکاندارەکان بۆ بەکارهێنانی، وەک کیسە، هەندێکیشی لەسەر شەقامەکان فرۆشران، بەڵام ئەوەی دیکە کەوتنە دەستی کەسانی شەرەفمەند، کە ١٠ ـ ١٢ کتێبێک دەبوو گەڕاندیانەوە لای خۆمان.

دواتر باوکم ڕایگەیاند، کە هەر کەسێک ئەو کتێبانەی لا دەست دەکەوێت ئەو لێی دەکڕێتەوە، بەهەر نرخێک بێت، دوای ساتێک ژمارەیەکی زۆر کەم لەو کتێبانە دۆزرانەوە و لە مزگەوتی گەورە خرانە سەر کتێبەکانی دیکە، ئیدی باوکم کەوتە بەر ڕێک خستنەوەیان لەگەڵ کتێبەکانی خۆی کۆی کردنەوەو بەدرێژایی ژیانی، بەسەدان کتێبی نایاب مەکتەبەکەی دەوڵەمەند کرد.

هەتا ئێستەکەش ئەو کتێبخانەیە لە دیوەخانی ماڵی ئێمەدا ماوەو هەمیشە لە خزمەتی هەموو ڕۆشنبیر و ئەدیب و قوتابی و کەسێکە، کە پێویستی پێیان بێت.

ڕەنگە قسەکردن لەبارەی ژیان و بەخششی زانایانی هاوچەشنی مامۆستا (ڕەشاد موفتی) بە چەند لاپەرەیەک نرخی پێویستی خۆی نەدرێتێ، بەڵام کەسانێکی وەکو مامۆستا



ڕەشاد موفتیش ئەوەندە لای خەڵکی ناسراون، کە ڕەنگە هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا ژیاون پەند و زانیاری و حیکمەتیان لێ وەرگرتبێت، هەموو ئەوانەی هاودەمی بوون، ئاشنا بە کەسایەتی و ئەو ڕۆڵە کاریگەرە بن کە ئەو لە بواری کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و ئایینیدا بەجێی هێشتن، بە چەشنێک ڕەنگە ماڵێک نەبێت لە هەولێر یاد و یادگاری لەگەڵدا نەبووبێت، یان فتوا و شەرعێکی ئەوی لێ نەدرابێت، یاخود کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی بۆ چارەسەر نەکردبن.

هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوان بە ماڵاوایی ئەو پەناگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەدەست چوو، ئێستەش کاتێک گفتوگۆ لەسەر بابەتێک دەکرێت، دەڵێن مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشاد موفتی کاتی خۆی بەم شێوەیە ئەم گرفتەی چارەسەر کردووە، بۆیە قسەکانی ئەو ئاکامی گفتوگۆکانیان یەکلا دەکاتەوە، دەیان سەربوردەش هەیە لە چەندین بواری جیاجیای ئایینی و بەهای کۆمەڵایەتیدا بلیمەتی ئەو دەسەلمێنێ.

مامۆستا (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) چەندین لە قسەو سەربوردەکانی خوالێخۆشبووی کۆکردۆتەوە، بەهۆی ئامادەبوونی بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی، ساڵی ١٩٨٨ ئەو قسە و سەربوردانەی خستووەتە دووتوێی کتێبێکی دەستنووس، کە ناوی ناوە (کۆڕی ڕەشاد موفتی).

وەک ڕێزلێنانێک لە زانای پایەبەرز بەهەشتی ڕەشاد موفتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان مزگەوتێکی گەورەی بەناو کرد، کە کەوتووەتە سەر ڕێگای کەرکووک.

*** ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ڕەشاد موفتی لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری بارش وەرگیراوە و ئامادەکراوە.**

> “ باوکم ڕایگەیاند، کە هەر کەسێک ئەو کتێبانەی لا دەست دەکەوێت ئەو لێی دەکڕێتەوە، بەهەر نرخێک بێت ”



کتێبخانەی ڕەشاد موفتی



# قازی ڕەشاد موفتی




عومەر محەمەد بەرزنجی

بۆ وەبیرهێنانەوەی چەند لایەنێکی لەبەرچاوان دیاری تایبەت بە کەسایەتییەکی دیاری نێو کتێب و مێژووی نەتەوەکەمان دەڵێین:
مامۆستا محەمەد ڕەشاد موفتی زانایەکی ئایینی و قازییەکی ناوداری دادگای باری کەسی هەولێر بوو.
لە هەردوو بواری مەلایەتی و قازییاتیدا خاوەن توانست و پلە و پایەکی بەرز و ناوێکی ناسراوبوو.
لە خوێندنی مەلایەتی بابەتەکانی بەرنامەی حوجرە لە زانستە شەرعییەکانی تەواو کردبوو.
لە خوێندنی ئەکادیمی دەرچووی زانکۆی ئەزهەری وڵاتی میسر بوو.
٢٠ ساڵ زیاتر قازی شەرعی بووە لە گەڵ وەزیفەی قازییاتی مەلایەتی کردووە، گوتارخوێنی مزگەوتی گەورەی قەڵاتی هەولێر بووە، ئەوەی زەینی خۆی بداتە ژیاننامەی ئەو زاتە بۆی دەردەکەوێت هەردوو بواری ئیشی خۆی زۆر خۆشویستووە، لەگەڵ ئەوەی قازی بووە، بەشێکی زۆری ڕۆژانەی لە دەوامی دادگا بووە، لە هەمان کاتدا لەناوەندی مەلایەتی دانەبڕاوە و خۆی هەر بە مەلا داناوە.
بێ گومان پێش ئەوەی ئێمە بچینە دادگا ئەو لەدادگا نەمابوو، چونکە لە ساڵی ١٩٧٨ خانەنشین بووە، بەڵام من زۆر جار بە خزمەتی گەیشتبووم لەبەرئەوەی برادەری باوکم بوو (بەڕەحمەت بن) هاموشۆی یەکدییان دەکرد، کاتێک ئیشێکم هەبووایە لە دادگا لەوێ دەمدی سەرنجی ڕادەکێشام، لەبەرئەوەی شێوەیەکی زۆر جوانی هەبوو، لەنێو ئەو هەموو فەرمانبەر و دادوەرانە بە تەنیا ئەو بەرگی مەلایەتی لەبەردابوو، واتە جبەی لەبەر دەکرد، مەندیل و فێس-ی لەسەر دەنا، ئەمە بەرگی کاتی دەوام و دوای دەوامیشی بوو.
ئەرشیفی کارەکانی لەنێو دادگا گەواهیدەری دروستن، کە دادوەرێکی شارەزا بوو، زمانێکی ڕەوانی هەبوو، لە نووسینی بڕیارە دادوەرییەکان، بێگومان ئەوکاتە نووسین بە زمانی عەرەبیی بوو.
لەو سەردەمانەی لە دادگای باری کەسی هەولێر بووم، ئەگەر کاتم هەبووایە دەچوومە کۆگای هەڵگرتنی تۆمارەکان و بڕیاری دادوەرانی پێشترم دەخوێندەوە، ئەوەی زیاتر لە هەموویان سۆراغم دەکرد، بڕیارەکانی قازی ڕەشاد بوو، بە بابەتی هەمە جۆر زۆریشم لێ کۆپی کردووە.
تێبینییەکی دیکەم لە ژیانی ئەو زاتە هەیە، ئەویش پەیوەندی نێوان ناونیشانی وەزیفی لەگەڵ ناوی کەسی خۆی واتە گونجانی وشەی قازی لەگەڵ ناوی ڕەشاد ، سەبارەت بە ئەو زۆر جوان ڕۆیشتبوو ئێستەش ناوەکەی لەسەر زمانان سووکە و بە خۆشی دەگوترێت.
سەرەڕای دەوامی دادگا و حوکمی نێوان خەڵک و نووسینی بڕیاری یەکلا کەرەوە و ئەنجامدانی مامەڵەی هاووڵاتیان، کە زۆربەی کات تاکە دادوەری دادگا بووە، سەرەڕای ئەرکی مەلایەتی و پێشنوێژی کردن و گوتاری ڕۆژانی هەینی، میوان و میوانداری، سەرەڕای هەموو ئەمانە، قازی ڕەشاد شاعیریش بووە.
بەهرەی شیعری خۆی تەرخانکردبوو بۆ ستایشی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت و دانانی مەولودنامە و خوێندنەوەی شیعری لەم بابەتە لە بۆنە ئایینییەکان.



ڕەشاد موفتی لەکاتی گوتاردانداا



## شیریناتی زمانی کوردی

# ڕۆڵی موفتی لە شینبوونەوەی زمان لە هەولێر



چۆلی فایەق/
ئەڵمانیا

ڕەشاد موفتی، زانا و دانای کورد، لە ماڵباتێکی خانەدان و زانستپەروەر لە قەڵای هەولێر لەدایک بووە. ئەو لە ساڵانی پەنجاوە بڕیاری دا، گوتاری هەینی بە زمانی کوردیی لە مزگەفتی گەورەی قەڵات بخوێنێتەوە و لەو ڕێچکەشکێنییەشی ساڵانێک بەردەوام بوو.

دوای ڕووخانی عوسمانییەکان، بەڕوونی جێدەستی لەسەر بووژانەوە و شینکردنەوەی زمانی کوردیی و کاڵکردنەوەی زمانی تورکیی و عارەبیی لە هەولێر دیارە.

مەولوودنامەی موفتی، کە هەنگینێ گیوی موکریانی لە چاپخانەکەی خۆی (چاپخانەی کوردستان) بۆی چاپ کرد، جێی سەرنج و هەڵوەستەکردنە. ئەو ڕۆژگارەی قازی ئەو مەولوودنامەیەی بەکوردیی نووسیی، خەڵکانێکی نەزان و نادان بەسووکییەوە لەو زمانەیان دەڕوانی و تەشەرەیان لێ دەگرت، خەڵکانێکی زۆریش زمانی شیریی خۆیانیان لێ گۆڕا بوو، زمانی تورکیی و عارەبیی مۆخی شارەکەی خواردبوو، ڕەشادەفەندیش لەنێو ئەو ژینگەیە، بەکوردیی مەولوودنامەی داڕشتەوە. جگە لە ڕووناکبیریی و هاوچەرخیی دونیابینییە ئایینیەکەی، موفتی ئەندامی هاریکاری کۆڕی زانیار و ئەندامی بەرایی یەکێتیی نووسەرانی کورد بوو.

پێشەکیی مەولوودنامەکە بالکێشە، چونکە لەودیوی دێڕە شیعرەکان بە ڕوونی ئەوە دەبینرێت، کە چ هەست و ڕەشیدییەک مامۆستای بەرەو ئەو مەولوودنامەیە دنە و هان داوە.

**[بەو زمانی کوردییەی شیرین زمان**
**بەحسی گەورەیی هەردووعالەم بکەم بەیان**
**با نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی**
**من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی]**

لەودیوی ئەو دێڕانەوە ململانێ فەرهەنگییەکەی ئەوسای هەولێر ڕوون دەخوێنرێتەوە، ئەوەش دەخوێنرێتەوە، کە خەڵکانێک بەنزمییەوە لە زمانی کوردییان ڕوانیوە و پێیان وابووە، کە زمانی کوردیی ئەوەی لەباردا نییە، کە مەولوودنامەی پێ بنووسرێتەوە.


[با نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبی] واتە خەڵکێک هەر گۆتەگۆتەی ئەوەیان بووە، کە بە زمانی

**ئەم مەولوودنامەیە تەنیا لە توێی کتێب نەمایەوە، بەڵکوو کەوتە سەرزاری هەموو هەولێرنشینان و ئیدی لە دەسپێکی کۆڕ و مەولوودەکان لەجێی تورکیی و عارەبیی و فارسیی بە زمانی کوردیی مەولوودنامە دەخوێنرایەوە**



کوردیی ناتوانرێت مەولوودنامە بنووسرێت، ئەوەش موفتیی ئێشاندووە.

موفتی بەوپەڕی بوێرییەوە مەولوودنامەیەک بەکوردیی دەنووسێت، نەک هەر بەکوردیی نووسین بە شایەن و لەبار دەزانێت، بگرە دەیهەوێت لە قەوچەی ئەو کەسانەش بداتەوە، کە قسەی لەو جۆرەیان دەکرد [من وەهام نووسی کە کەس قسەی نەبی] واتە قسەلۆکی: زمانی کوردیی هی مەولوودنامان نییە.


مەولود نامەی
کوردی
یادگاری
محمد رشاد المفتی
• چاپی سێیەم •
لەسەر ئەرکی چاپخانەی هەولێر لەهەولێر چاپکراوە
١٤٠٧ هـ.


ئێجا دەفەرمووێت:

**[ڕۆژوشەو زۆرم دەکرد فکر و خەیاڵ مەولوودی کوردی بنووسم بێ میساڵ]**

ئەم مەولوودنامەیە تەنیا لە تویێی کتێب نەمایەوە، بەڵکوو کەوتە سەرزاری هەموو هەولێرنشینان و ئیدی لە دەسپێکی کۆڕ و مەولوودەکان لەجێی تورکیی و عارەبیی و فارسیی بە زمانی کوردیی مەولوودنامە دەخوێنرایەوە. واتە جگە بەنووسین، موفتی بە کردەییش زمانی کوردیی لەنێو خەڵکی ڕەمەک و سادەی هەولێر زیندوو کردەوە. هەشتا ساڵ زێترە، نەوای ئەو مەولوودنامەیە بە زمانی کوردیی لە ئاسمانی ئەو شارە دەنگ دەداتەوە. کەسێ مێژوو و پێوەندیی نێوان هەولێر و مەولوود بزانێ، دەزانێت، کە موفتی بەو کارەی چۆن ڕوانگەی ئەو خەڵکەی بەرانبەر زمانی کوردیی گۆڕی.

لە هەمووی سەرنجکێشتر و لەبەرچاوم، پێناس و تاریفی زمانی کوردییە بە [بەو زمانی کوردییەی شیرین زمان] زۆر شیرینە، کە مەلایەکی شیرینی کورد، بەو شیرینییەوە ناوی زمانی کوردیی دەبات. خەڵکانێکی ئەفەندی ئێستە ڕەخنە لە گوزارەی [زمانی شیرینی کوردی] دەگرن و بە دەربڕینێکی ڕەگەزپەرستانەی دادەنێن، هێندێکیش بە ئەدەبیاتی [پێ‌کاکای] دەزانن، بەڵام زێتر لە هەشتا ساڵ لەوەوبەر، موفتی بە [زمانی شیرین] بە باڵای زمانی کوردیی هەڵدەدات و زمانی شیرینی کوردیی بەکاردەهێنێت. بەدەگمەن لە دیوان و شیعری دیکەی کلاسیک گوزارەی [شیرین زمان]م بۆ زمانی کوردی دیوە.

لە ناوانی سەتەی نۆزدە و بیستەم، دەستەیەک لە مەلا و مەلازادەکانی کورد ڕێبەرێتیی بووژانەوە و شینبوونەوەی زمانی کوردیی دەکەن و زمانی نووی کوردیی لە قەردی ئەوان دەرناچێت، قازی ڕەشاد موفتی-یش یەکێکە لەو جوامێر و مەلا زانا و ڕەسەنانە.



# یەکەم خوێندکاری کورد بووە لەزانکۆی ئەزهەر وەرگیراوە

ڕەوەست نەوزاد

(ڕەشاد ئەفەندی) یان (ڕشاد موفتی) یەکێک بوو لەو کەڵە پیاو و زانا و کەسایەتیە ئایینیە دیارانەی شاری هەولێر کە لەسەدەی نۆزدەیەم لەو شارە ژیاوە و دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕۆشنکردنەوەی بیروباوەری ئایینی ئیسلام لەلایەک و چاکسازی کردن و چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، کە تائێستەش ناوی هەر بەچاکە و لێبوردەیی و سادەیی لەسەر زمانی خەڵکی دەبیسترێت.

**فتوادان**


بەپێی زانیاری عوسمان موفتی کوڕی گەورەی ڕەشاد موفتی، ناوی تەواوی ڕەشاد محەمەد عوسمان موفتیە لەساڵی ١٩١٥ لەگەڕەکی تەکیەی قەڵای هەولێر لەبنەماڵەیەکی ئایینی لەدایکبووە کە بنەماڵەکەی پێی دەگوترێت بنەماڵەی مەلا ئەبوبەکری گچکە، ئەو بنەماڵەیە نزیکەی ٥٠٠ ساڵ کاری فتوادان و گوتاربێژی و پێش نوێژی-یان ئەنجام داوە، ئەمە جگە لە کردنەوەی خوێندنگەی ئایینی و چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتیی.

پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لەنێوان محەمەد موفتی باوکی ڕەشاد ئەفەندی و شێخ حوسامەدینی تەوێڵە هەبووە، بۆیە لەکاتی منداڵیی و سەردەمی خوێندنی، شێخ حوسامەدین بە باوکی ڕەشاد دەڵێت: کوڕەکەت لەخوێندنگەی میری دەربهێنە و بیخە بەر خوێندنی ئایینی، ئەویش وادەکات.

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی لەلای باوکی لەساڵی ١٩٣١ یەکەم خوێندکاری کورد بووە ساڵی ١٩٣٤ باوکی ناردییە میسر بۆ ئەوەی لە شاری قاهیرە، لە (ئەزهەر) بخوێنێ، لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵان چەندین زانستی ئایینی خوێند و بڕوانامەی ئەو زانکۆیەی وەرگرت، ئینجا ساڵی ١٩٣٦ گەڕایەوە هەولێر، لەو ماوەیەشدا زۆر کاریگەر بوو بە زانست و شێواز و بیری چەندین لە مامۆستاکانی خۆی، لەوانە: شێخ محەمەد عەلی مەراغی، شێخی ئەوکاتی ئەزهەر و شێخ عومەر وەجدی، مێژوونووس محەمەد عەلی عەونی کوردی، وێڕای سەرسامبوونی بە شێخ محەمەد عەبدە و تێڕوانینی هاوچەرخانەی ئەو.

لە گەڕانەوەشیدا لەسەر هەمان ڕێچکەی جارانی خۆی، لەسەر دەستی باوکی (محەمەد موفتی) و ئامۆزای باوکی (مەلا فەندی) پەرەی بە خوێندنەکەی دا.

“ ڕەشاد ئەفەندی ماوەی بیست و حەوت ساڵ قازی بووە و کاری دادوەری کردووە، کە بەهۆی لێهاتووییەکەیەوە هیچ بڕیاریکی لەدادگای تێهەڵچوونەوە ڕەتنەکراوەتەوە ”



ڕەشاد موفتی، قاهیرە، ساڵی ١٩٣٤



### پەنجا ساڵ گوتاربێژی

بەپێی وتەی عوسمان موفتی، ڕشاد ئەفەندی لەساڵی ١٩٤٦ دوای کۆچی دوایی کردنی محەمەد موفتی باوکی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ کاری گوتارخوێنی و پێش نوێژی مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر دەگرێتە ئەستۆ، واتە تا ساڵی ١٩٩٢، ئەوکاتەی بە یەکجاریی ماڵاوایی دەکات.

کەنعان موفتی، کە یەکێکی دیکەیە لەکوڕەکانی دەڵێت: ڕەشاد ئەفەندی لەگەڵ خەڵکی کەسێکی سادە و ساکار بوو بەردەوام هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیانی دەدا و لەخۆشی و ناخۆشیدا بەسەری دەکردنەوە، لەگەڵ خەڵکی بەتەمەن بەتەمەن بوو، لەگەڵ کەسانی گەنجیش وەکو گەنجێک مامەڵەی دەکرد، بۆیە لەنێو خەڵکی هەولێر خۆشەویست بوو هەروەک بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتی دەکرد.

مەلا جەرجیس ئیبراهیم یەکێکە لەمامۆستا ئایینیەکانی شاری هەولێر دەڵێت: هۆکار و مانای نازناوی موفتی بۆ کەسایەتی ڕەشاد ئەفەندی لەوەوە هاتووە، کە ئەو مافی فتوادانی بۆ مەسەلەی ئایینی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیی و شەرعی لەو شارە پێدراوە، ئەو فتوادان و پلەی موفتیەش لەدوای کۆچی دوایی محەمەد موفتی باوکی و عوسمانی باپیرەی بۆ ئەو دەمێنێتەوە.

هەرچەندە خاوەنی ٤ کوڕ و ٣ کچ بوو، بەڵام ڕەشاد موفتی بەهۆی کەسایەتییە بەهرەمەندەکەی منداڵەکانی جگە لەوەی باوکیان بوو، وەکو مامۆستایەکیش سەیریانی دەکرد، کاتێک ڕێنمایی خەڵکی بۆ کاری چاکە دەکرد ئەوانیش وانەیان لێ وەردەگرت و بە کەسایەتیەکەی سەرسام بوون.

### بیست و حەوت ساڵ کاری قازیەتی

ڕەشاد ئەفەندی ماوەی بیست و حەوت ساڵ قازی بووە و کاری دادوەری کردووە. باسی ئەوە دەکرێت، کە بەهۆی لێهاتوویییەکەیەوە هیچ بڕیارێکی لەدادگای تێهەڵچوونەوە ڕەتنەکراوەتەوە.

لەکاتی دروستبوونی کێشەی هاوسەریش، زۆربەی جار نەیهێشتووە جیابوونەوە لەنێوان هاوسەران ڕووبدات و کێشەکانی چارەسەر کردوون، هەروەک لەو سەردەمەشدا دژی ئەوەبوو کچی بچووک بدرێت بەپیاوی بەتەمەن.

هەر لەماوەی ژیانی خۆیدا ڕەشاد موفتی بۆ چەندین ساڵ لەمەدرەسەی ئایینی بنەماڵەکەی لەقەڵای هەولێر کاری گوتنەوەی وانەی ئایینی کردوە و دەیان خوێندکاری پێگەیاندووە.

لەدوای گواستنەوەی خانووەکەشی لەگەڕەکی تەکیەی قەڵا بۆ خوارەوەی قەڵا و نیشتەجێبوونی لە گەڕەکی نوێی عەرەبان، لەنێو خانووەکەیدا دیوەخانەیەک دادەمەزرێنێت، بەپێی قسەی عوسمان موفتی زۆربەی کەسایەتیە بەناوبانگ و پیاو ماقوڵانی شار و زانایانی ئایینی هەولێر لەوێ کۆدەبوونەوە، جگە لەوەش چەندین کتێب و دەستنووسی بەنرخ تا ئێستەش لە کتێبخانەی دیوەخانەکەی پارێزراون.

### چەندین پۆستی ڕەتکردۆتەوە

بەهۆی خۆشەویستی لەنێو خەڵکی و ناوداری خۆی و بنەماڵەکەی چەندینجار حکومەتەکانی ئەوسای عێراق داوایان لێ کردووە، کە پۆستی بەرز وەربگرێت لەوانە پۆستی پارێزگاری هەولێر، بەڵام موفتی ئەو پێشنیازەی ئەوانی ڕەتکردووەتەوە و گووتوویەتی من کاری سیاسیی ناکەم، بۆیە تەنیا پۆستی ئایینی وەرگرتووە.

وەک: سەرۆکی ئەنجومەنی زانستیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و ئەندامی فەخری سەندیکای مافپەروەران.

هەروەها بەهۆی هەڵویستی کوردانەی بنەماڵەی ڕەشاد موفتی، چەندین کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی، جگە لەکاری ئایینی کاری سیاسیی-شیان کردوە. وەک: شەمسەدین موفتی برای و عەدنان موفتی کوڕی.

کەنعان موفتی ئەوەش ئاشکرا دەکات، کە ڕەشاد ئەفەندی سەرەرای ئەوەی زانایەکی ئایینی بووە، هەروەها کەسێکی کراوە و دونیا دیتەش بووە، خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و سەردەم

**"دەسەڵاتدارانی حکومەتی پێشووی عێراق داوایان لەموفتی کردووە، کە فتوا بدات و شۆڕشەکانی کورد بەهەڵگەڕانەوە لەئایین و موسڵمانیەتی دابنێت، بەڵام ئەو داواکاریانەی ڕەتکردووەتەوە"**



دەگونجاند، دژی بیروباوەری کۆنەپەرستی ئەو سەردەمەش بوو، هەر لەم چوارچێوەیەشدا کچەکەی خۆی ناردە کۆلێژ.


**موفتی و بەرەنگاربوونەوەی بەعس**

دەگێڕنەوە، کە بەهۆی ناوداری و کاریگەری کەسایەتیەکەی لەنێو خەڵکیدا، دەسەڵاتدارانی حکومەتی پێشووی عێراق داوایان لەموفتی کردووە، کە فتوا بدات و شۆڕشەکانی کورد بەهەڵگەڕانەوە لەئایین و موسڵمانیەتی دابنێت، بەڵام ئەو داواکارییانەی ڕەتکردووەتەوە، بەم هۆیەشەوە هەڕەشەی لابردنیان لەکارەکەی لێکردووە، بەڵام ڕەشاد ئەفەندی گوێی بەو هەڕەشانە نەداوە و پێیانی گوتووە ڕزقی من لای ئێوە نییە، بەڵکو لە لای خودایە، بۆیە بەکەسێکی جوامێری هەولێر و کوردستان وەسف کراوە.


**موڵک و ماڵی لەخزمەت هەژاران**

جگە لەوەی بنەماڵەکەی ئایینی بووە، بەڵام خاوەنی زەوی و زارێکی زۆریش بوون لەهەولێر، بۆیە ڕەشاد ئەفەندی زەوی و موڵکێکی زۆری لەگوندی باداوەی سەروو لەباوکییەوە بۆ مایەوە، کە ئێستە بەهۆی گەورەبوونی شار بووەتە یەکێک لەگەڕەکەکانی هەولێر، کە ئەوسا بەشێک لەداهاتەکەی و زەوییەکەی خستبووە خزمەتی خەڵکی، خانوو و حەساری لەو گوندە دروستکردبوو، بۆ ئەوەی خەڵکی تێدا نیشتەجێ بن

بەهۆی بلیمەتییەکەی لەزانست و زانیاری جگە لەزمانی کوردیی هەریەک لەزمانەکانی عەرەبیی و فارسیی و تورکیشی زانیوە، بەڵام زۆربەی ئاخاوتنەکانی لەگەڵ خەڵکی بەزمانی کوردی بووە.








(سەرجەڵەی بنەماڵەی مامۆستا ڕەشاد مفتی)

# مێژوو

- ***لاپەڕە هەڵنەدراوەکانی ڕاگواستنی قەڵادزێ***

فەرید ئەسەسەرد

- ***ڕووانینێکی نوێ  لە بۆردومانی قەڵادزێ!***


خدر ئیبراهیم

- ***ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن***

عەلی مەحموود محەمەد

# لاپەڕە هەڵنەدراوەکانی

# ڕاگواستنی قەڵادزێ



**فەرید ئەسەسەرد**

ڕاگواستنی زۆردارەکیی دانیشتوانی ناوچەی پشدەر لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٩، کە بووە مایەی گواستنەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ شوێنی دوور و تەختکردنی شار و شارۆچکە و گوندە ڕاگوێزراوەکان.

لە شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا، لە چەند سەرچاوەیەکەوە، واتەواتی ڕاگواستنی دانیشتوانی پشدەر بڵاوبۆوە. هەرچەند لە سەرەتادا، واتەواتەکە زۆر بە هەند وەرنەگیرا، چونکە هیچ هۆیەکی دیاریکراو بۆ ڕاگواستن نەبوو: جەنگی عێراق – ئێران وەستا بوو و ناوچەکە لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە هێزی پێشمەرگەی لێ نەمابوو و هیچ جموجوڵ و خۆپیشاندان و چالاکییەکی ئەوتۆ لە دژی حکومەت لە ئارادا نەبوو، بەڵام تا دەهات واتەواتەکە زیاتر بەرگی واتەواتی لە خۆی دادەماڵی و لە ڕاستییەوە نزیک دەبۆوە.

لە ٨ی نیساندا لیژنەیەکی فەرمی فۆرمی ڕاگواستنی بەسەر دانیشتوانی ئۆردوگای تووەسوران و شارۆچکەی سەنگەسەردا دابەش کرد. ئەمەش یەکەم ئاماژەی فەرمیی ڕوون بوو لەسەر نیازی ڕاگواستنی ناوچەکە، کە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دانیشتوانی پشدەری لێکەوتەوە.

لە ٧ی ئازاردا خاتوو هیلگا گراهام، ڕۆژنامەنوس و توێژەری پسپۆڕ لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وتارێکی بە ناوونیشانی (شاڵاوێکی هیتلەرییانە هەڕەشە لە مافی کوردەکان دەکا) لە ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بەریتانی بڵاوکردەوە و نیشانی دا، کە کۆتایی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران بە قازانجی ڕژێمی عێراق و سەددام حسێن شکاوەتەوە و بووەتە مایەی ئاوەڵاکردنی دەستی بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بەگشتیی و لە کورد بەتایبەتی، کە لەکاتی جەنگی عێراق–ئێراندا پشتیوانییان لێ نەکردووە.

وتارەکە سەرزەنشتی ڕاگواستنی دانیشتوانی کوردی کرد، ڕووی دەمی لە بریتانییەکان و فەرەنسییەکان کرد: (بهێننە بەرچاوتان خۆراوای بریتانیا ، یان خوارووی فەرەنسا هیچ ئاواییەکی تێدا نەما بێت، جووتیاران بەو کلتورەی خۆیانەوە لە خاک هەڵکەندرا بن، بێکار بن، ژیان بەو نەختە پارەیە بگوزەرێنن، کە حکومەت پێی داون)

وتارەکە چۆتە سەر ئەوەی کە (مانگێک لەمەوبەر دانیشتوانی شاری قەڵادزی ١٢٠ هەزار کەس و ڕانیە ٣٠ هەزار کەس ئاگادار کراون، هەردوو شارەکە چۆڵ بکەن)

وتارەکە دەریدەخات، کە بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕاگواستنی قەڵادزێ، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە جیهاندا هەبووە. وتارەکە دەڵێت: عێراق بە هۆی فشاری ڕای گشتیی جیهانەوە، ڕاگواستنی قەڵادزێی وەستاندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (ئێمە باش دەزانین، کە عێراق نەخشەی ڕاگواستنی شارۆچکەی دیشی بەدەستەوەیە، کە لە ناوچە شاخاوی و سنوورییەکانەوە دوورن) ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ)ش لە حوزەیراندا وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەو وتارەی بڵاوکردەوە.

لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕاگواستنی قەڵادزێدا، تاڵەبانی، کە لەو کاتەدا لە دەرەوەی وڵات بوو، کەوتە جموجوڵێکی دپلۆماتکارانە و داوای لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کرد لە ئاستی لێپرسراوەتیدا بن و گوشار بخەنە سەر ڕژێمی

عێراق بۆ ئەوەی دەست لە ڕاگواستنی قەڵادزێ هەڵگرێ. لەم سەروبەندەدا مەترسییەکە جگە لەوەی، کە بە دیاریکراوی، خۆی لە ڕاگواستنی دانیشتوانی قەڵادزێ و دەوروبەریدا دەبینییەوە، بەڵام مەترسییە گەورەکە، بە شێوەیەکی دیاریکراوتر خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق بگوێزرێنەوە. ئەمەش مایەی نیگەرانی بوو. هەر بۆیە وتەبێژێکی فەرمی بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەسینای پایەختی یۆنان ڕایگەیاند: کە کاربەدەستانی عێراق کەوتونەتە خۆ بۆ ڕاگواستنی دانیشتوانی قەڵادزێ و دەوروبەری بۆ ئۆردوگا دوورەکانی بیابانی باشووری عێراق لەسەر سنووری سعودیە و کوێت. وتەبێژەکە وتی لەوانەیە پرۆسەی ڕاگواستنەکە لە ١ی ئایارەوە دەست پێ بکات.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی هەڵمەتێکی فراوانیان لەسەر ئاستی جیهان بۆ جووڵاندنی ڕای گشتیی جیهان و دروستکردنی فشار لەسەر عێراق بۆ پاشەکشەکردن لە بڕیاری ڕاگواستنی پشدەر ڕێکخست.

لە ژمارەی ئاماژەپێکراودا، ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) وتارێکی لەسەر ڕاگواستنی پشدەر بە ناونیشانی (ڕاگواستنی پشدەر ئەمجارە بە چ بیانوویەک؟) بڵاوکردەوە، تێیدا وەڵامی بیانووەکانی ڕاگواستنی پشدەری دایەوە، کە گوایە ڕژێمی عێراق لە سۆنگەی دابینکردنی ئاسایشی پشتێنەی سنوورەوە پشدەر ڕادەگوێزێ. وتارەکە بەرپەرچی ئەم بیانووەی دایەوە (ئەگەر مەبەستی ڕژێم پشتێنەیەکە لە بەرامبەر ئێران، ئەوا سنووری عێراق لە بەسرەوە تا سێ سنوور، ١٢٠٠ کیلۆمەتر بە درێژایی سنووری ئێران دەکشێ. جگە لەو ئاوەدانییانەی لە ژێر گوشاری ڕاستەوخۆی جەنگدا چۆڵ کرا بوون، کامانەن ئەو ناحیە و قەزا عەرەبییانەی بەر ئەم نەخشەیە دەکەون؟ بۆچی شاری بەسرە، کە لەنێو پشتێنەکە دایە، پێنج ملیار دینار لە ئاوەدانکردنەوەی خەرج دەکرێ، بەڵام دەبێ قەڵادزێ چۆڵ بکرێ؟) وتارەکە ڕوونی کردەوە، کە ڕاگواستنی شار و شارۆچکە کوردنشینەکان بەشێکە لە ستراتیجی ڕژێم بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان، لەم سەروبەندەدا نموونەی پێنجوێن و سیوەیل و چۆمانی هێنایەوە، کە بە بیانوی جەنگی عێراق- ئێران تەخت کراون، نموونەی سەنگاو، قەرەداغ، گۆپتەپە، چیمەن و عەسکەری هێنایەوە، کە بە بیانووی چالاکیی هێزی پێشمەرگە تەخت کراون. وتارەکە بەرپەرچی بیانووی پێداویستییە ئەمنییەکان دەداتەوە و ڕونی دەکاتەوە، کە قەڵادزێ بە درێژایی جەنگی عێراق- ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی عێراقدا بووە و چالاکیی هێزی پێشمەرگەی تێدا ئەنجام نەدراوە و لە کاتی جەنگدا بنکەیەک بووە بۆ پتەوکردنی هێڵی بەرگریی سەربازی. لە کۆتایی وتارەکەدا هاتووە (ڕژێم دەزانێ و ئێمەش دەزانین، کە ئەم تاوانە نوێیە بۆ ئەوەیە ڕژێم پارویەکی تر لە کوردستان قووت بدا و بەربەستێکی تر بەرامبەر جووڵانەوەی گەلەکەمان هەڵچنێ).

لە ژمارەی نیسانی ساڵی ١٩٨٩دا ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) بە مانشێتی (پشدەر لە بەرامبەر ڕووداوێکی مێژوییدایە) دەرچوو و لە سەروتارەکەیدا لە ژێر سەردێڕی (گەلی کورد بە زەبروزەنگی دوژمنان بنبڕناکرێ) گوزارشتی لە مەینەتیی پشدەرییەکان کرد و ڕاگواستنی

> “ بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕاگواستنی قەڵادزێ، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە جیهاندا هەبووە ”





قەڵادزێی بە تاوان لە قەڵەم دا و بە پێویستی زانی، کە (بە هەموو تواناوە دژی ڕاگواستنی قـەڵادزێ ڕابوەستین، سەنگەرەکانی خەبات ئـاوەدان و گـەرم بکەینەوە و ڕێگای ڕاپەڕین بخەینە بەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان)

لەو ماوەیەدا ژمارەیەک لاوی خوێن گەرم، بە شەو دروشمیان دژی ڕاگواستن و ڕژێمی عێراق لەسەر دیوارەکان نووسی. لە ١٠ی نیساندا حکومەت هەموو ئـەو دیوارانـەی دروشمیان لەسەر نوسرا بوو، بە بلدۆزەر ڕووخاند.

ئەو هەڵمەتەی، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی، دژی ڕاگواستنی پشدەر ئەنجامیان دا، تا ئەندازەیەکی زۆر، سیاسەتە ناوخۆییەکانی ڕژێمی عێراقی ڕیسوا کرد و ڕای گشتیی جیهانی لە دژی وروژاند. هەرچەند هەڵمەتەکە تا ئەو ئەندازەیە سـەرکـەوتـوو نـەبوو لـە بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەی، کە ڕاگرتنی ڕاگواستنی پشدەر بـوو، بـەڵام لانی کـەم لـە سێ بـواری دیکەدا سەرکەوتوو بوو.

یەکەم: هەڵمەتەکە بووە هۆی شەرمەزارکردنی ڕژێمی عێراق بە ئەندازەیەک، کە باڵیۆزی عێراق لە بریتانیا ناچار بوو درۆ بکات و بڵێت گوایە عێراق نیازی ڕاگواستنی پشدەری نییە، گوایە ئەوەی لەم بارەیەوە دەگوترێت پڕۆپاگەندەیە و هیچی ڕاست نییە.

> **"لە ٨ی نیساندا لیژنەیەکی فەرمی فۆرمی ڕاگواستنی بەسەر دانیشتوانی ئۆردوگای تووەسوران و شارۆچکەی سەنگەسەردا دابەش کرد"**

دووەم: هـەرچـەنـد ڕژێـمـی عـێـراق وازی لە ڕاگواستنی قـەڵادزێ نەهێنا، بـەڵام ناچار بوو پرۆژەکە بۆ ماوەی چەند مانگێک دوابخات.

سێیەم: ڕاگواستنی پشدەر مەسەلەی کوردی عێراقی هێنایەوە پێشەوە و دیسان جیهانی لەوە ئاگادار کـردەوە، مەسەلەیەک لە عێراقدا هەیە، کە کاری بەسـەر جەنگی عێراق- ئیرانەوە نییە و ئەم مەسەلەیە پێش بەرپابوونی جەنگی عێراق – ئێران هەبووە و ئێستەش، سەرەڕای وەستانی جەنگی عێراق- ئێران، هەرماوە و پێویستی بە چارەسەرێکی دادپەروەرانە هەیە. ئەم تێڕوانینە، لە ساڵانی پاشتردا، ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر گۆڕانی ئاراستەکانی ڕای گشتیی جیهان سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەبوو.

لەو ماوەیەدا هەندێک لە دەستەبژێرە ڕۆشنبیر و ئایینییەکانی ناوچەکە، لەڕێی پەیوەندییانەوە بە فەرمانبەرە باڵاکانی دەڤەرەکە و پارێزگاری سلێمانییەوە، هیچ گومانیان لەوە نەما، کە بابەتی ڕاگواستنی پشدەر لەسەر بەرزترین ئاست لە دەوڵەتدا تاوتوێ کراوە و بڕیاریشی لێدراوە.

لێرە بەدواوە، بابەتەکە قۆناغی واتەواتی تێپەڕاند و چووە قۆناغێکی دیکەوە. لەم سەروبەندەدا دەستەبژێرە دەستڕۆیشتووەکانی ناوچەکە، پاش تەگبیر و ڕاوێژ، لەسەر ئەوە گیرسانەوە، کە شاندێک بۆ گەیاندنی پەیامی دانیشتوانی ناوچەکە و پەیوەندیکردن بە لێپرسراوە باڵا و بڕیاربەدەستەکانەوە، بنێرن بۆ بەغدا، بە ئومێدی ئەوەی بەغدا لە بڕیاری ڕاگواستنی دانیشتوانی پشدەر پەشیمان بکەنەوە.

شاندەکە لە بەغدا چاوی بە عیززەت دوری کەوت، کە جێگری سەددام حسێن بوو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش. لەوێ شاندەکە ئەوەی لە عیزەت دوری بیست، کە ڕاگواستنی پشدەر ڕاگیـراوە. هـەواڵـەکە بە تـەلـەفـۆن بە خەڵکی قەڵادزێ ڕاگەیەنرا. لە شەقامدا چەمکی (ڕاگرتنی ڕاگواستن) بە مانای خۆی وەرنەگیرا، بەڵکو بە مانای (هەڵوەشانەوەی) بڕیاری ڕاگواستن وەرگیـرا. هـەر بە هـۆی ئـەمـەشـەوە، شـادی و خۆشـی باڵـی بـەسـەر نـاوچـەکـەدا کێشا و

هاووڵاتییان بە دەموچاوی پڕ لە خەندەوە ڕژانە سەر شەقامەکان.

لە ١٣ی نیساندا خەڵکی هەردوو ئۆردوگای تووەسوران و پێماڵک ڕژانە سەر شەقمەکانی قەڵادزێ. (ڕێبازی نوێ) لە وێناکردنی دۆخی شادمانیدا نووسیویەتی: (شارەکە ڕەنگوڕوویەکی ئاهەنگ ئاسای وەرگرت)

لە ١٤ی نیساندا، کە ڕۆژی هەینی بوو، خەڵکی قەڵادزێ بۆ دەربڕینی شادی، لە سەیرانگەی شێخ مەحموود کاتێکی خۆشیان بەسەر برد، کەچی هەر یەک ڕۆژ پاش ئەمە، لیژنەی فەرمیی ڕاگواستن فۆرمی بەسەر دانیشتوانی ئۆردوگای ژاراوەدا دابەش کرد و لە ١٦ی نیسانیشدا فۆرمی بەسەر دانیشتوانی ئۆردوگای پێماڵکدا دابەش کرد، هەر ئەو ڕۆژەش هێزێکی بەربڵاوی سوپا لە قەڵادزێ جێگیر کرا.

لە ١٧ی نیساندا دانیشتوانی ئەو ئۆردوگایانە ئاگادارکرانەوە، کە لە ئێستەوە دەتوانن بار بکەن بۆ یەکێ لە ئۆردوگاکانی بەحرکە، باینجان و بازیان. لە ١٧ی نیسانیشدا هەواڵ گەیشت، کە مەلا دەڵگەیی، ئەندامی شاندی پشدەر، لە بەغدا دەستگیر کراوە.

لە ٢٠ی نیساندا نووسراوی فەرمی گەیشتە خوێندنگەکانی قەڵادزێ، تێیدا بەڕێوەبەرەکان ئاگادار کرابونەوە، کە تا ٢٨ی نیسان هەموو تۆماری خوێندنگەکان لە ماڵی خۆیان بپارێزن. لە ٢١ی نیسانیشدا دەزگا فەرمییەکان دەستیان بە ناونووسکردنی دانیشتوانی قەڵادزێ کرد.

لەو ماوەیەدا هەموو هەوڵەکانی شاندی پشدەر بۆ بینینی سەددام حسێن سەریان نەگرت. شاندەکە جگە لە عیززەت دوری، چاوی بە عەلی حەسەن مەجید-یش کەوت، بەڵام چاوپێکەوتنەکە هیچی لێ سەوز نەبوو. بۆیە لە ٢٧ی نیساندا شاندەکە بە نائومێدی گەڕایەوە.

لە سەرەتای حوزەیراندا دانیشتوانی ئۆردوگاکانی تووەسوران و پێماڵک بۆ کەڵەکی یاسین ئاغا و ئۆردوگای باینجان ڕاگوێزران. بەڵام تا ئەوکاتە هێشتە قەڵادزێ ڕانەگوێزرا بوو. هەندێک واتەوات هەبوو، گوایە ڕژێم لە ڕاگواستنی قەڵادزێ پەشیمان بووەتەوە، ئەویش لەبەر فشاری نێودەوڵەتی. لە ناوەڕاستی حوزەیراندا ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) لە ژمارە پێنج دا لە وتارێکدا بە ناوونیشانی (بڕیاری ڕاگواستنی پشدەر و دڵەڕاوکێی دوژمن) تێیدا تروسکاییەک ئومێدی بۆ ڕانەگواستنی قەڵادزێ هێشتەوە، ئەویش بە پشت بەستن بە ئەگەری سەرگرتنی فشاری نێودەوڵەتی. تیۆریی وتارەکە پشت ئەستور بوو بە دواکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیاری ڕاگواستن، کە ئەمەشی بۆ سڵکردنەوە و دوودڵیی ڕژێم گەڕاندەوە.

زەقترین پەرەگرافی وتارەکە، کە ئەم تیۆرییەی تێدا بەرجەستە کراوە، ئەو پەرەگرافەیە، کە تێیدا هاتووە: (بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕاگواستنی پشدەر زۆر بە ڕوونی ئەوروپای هەژاند، کە بۆ ڕژێم چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە بە حیسابی خۆی، ئەمە ئیجرائێکە لەناو وڵاتی خۆی و دەرەوە بۆی نییە لێی بپرسێتەوە، بەڵام دەوڵەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا، بەتایبەتی بریتانیا و سوێد و دانمارک، ڕژێمیان ئاگادار کردەوە، کە بە ئەنجامدانی ئەم کارە ڕازی نین و هەڵوێست وەردەگرن. ئەمە لە کاتێکدا، کە ئاژانسەکان بەردەوام بە دوای هەواڵەکانی پشدەردا دەگەڕێن. ئەمەش وای کردووە مەسەلەکە لە بیر و ویژدانی ڕای گشتیی و دەوڵەتانی ئەوروپا بە

“

**لە شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا، لە چەند سەرچاوەیەکەوە، واتەواتی ڕاگواستنی دانیشتوانی پشدەر بڵاوبۆوە**

”



زیندوویی بمێنێتەوە) وتارەکە بەو لێکدانەوەیە گەیشت، کە ئەمە ڕاگواستنی قەڵادزێ (گران دەکا و دەیکا بە ڕەفتارێکی سەرکێشانە، کە بۆی هەیە بە زەرەری ڕژێم بشکێتەوە) بەڵام لە ڕستەی کۆتایی پەرەگرافەکەدا، وتارەکە ئاستی گەشانەوەی ئومێد دادەبەزێنێ، (ئەمە مانای ئەوە نییە تازە بەعسی عەفلەقی واز لە ستراتیجی کاولکردنی کوردستان دەهێنێ. زۆربەی سەرچاوەکانی هەواڵ دەڵێن هەتا ٢٠ی حوزەیران ناو شارەکەش ڕادەگوێزرێ)

دوای ڕاگواستنی ئۆردوگاکانی تووەسوران و پێماڵک، لە ١٠ی حوزەیراندا دەست بە ڕاگواستنی ناحیەی سەنگەسەر کرا، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لەو کاتەدا نزیکەی ١٢ هەزار کەس بوو و ژمارەی خانووەکانی نزیکەی ٢٤٠٠ خانوو بوو. هەروەها گوندە بچووکەکانی دەوروبەری سەنگەسەر: قادراوا، ماخوبزنان، جەلک و مەمکان، کە بە هەموویان ژمارەی دانیشتوانیان خۆی لە نزیکەی هەزار کەس دەدا و ژمارەی خانووەکانیانیشیان دەوروبەری ٢٠٠ خانوو دەبوو، تەخت کران و دانیشتوانەکەیان ڕاگوێزران.

لە ٢٠ی حوزەیراندا، پاش چاوەڕوانییەکی تێکەڵ لە ئومێد و نیگەرانی، شاری قەڵادزێ ڕاگوێزرا و تەواوی شارەکە تەخت کرا.

لە ١٥ی تەموزی ١٩٨٩دا ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) لە ژمارە ٦دا لە سەروتارێکدا بە ناوونیشانی (ڕاگوێزانی قەڵادزێ: درامای تاوان و تەڵەکەبازی) بەم شێوەیە ئامانجەکانی ڕاگواستنی شرۆڤە کرد (ڕژێم دەزانێ و ئێمە و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دەزانین، کە مەبەستی سەرەکیی ڕاگواستن، چۆڵ و تەعریب و وێرانکردن و دروستکردنی بەربەستە لە بەردەم چالاکیی هێزی پێشمەرگە و هەوڵدانە بۆ ڕێگرتن لە پتەوبوونی بازوی شۆڕش و تێکەڵبوونەوەی بە جەماوەری خەڵکی کوردستان).

هەرچەند ڕژێمی عێراق هەر لە سەرەتاوە نکوڵیی لەوە کرد، کە نیازی ڕاگواستنی قەڵادزێی هەیە، بەڵام لە حوزەیراندا ڕۆژنامەی (عێراق) کە لە بەغدا دەردەچوو، دانی بە ڕاگواستنی قەڵادزێ دانا، ئەویش بە بیانووی پشتێنەی ئەمنییەوە. وتارێکی ژمارە ئاماژەپێکراوەکەی ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) لە ژێر سەردێڕی (ڕژێم دان بە ڕاگواستنی ناوچەی پشدەردا دەنێ) ئەم کۆمێنتەی لەسەر وتارەکەی ڕۆژنامەی (عێراق) هەبوو، کە ئەم هەواڵە (سێ مانگ زیاترە سەرچاوە و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ جیهانیان ئاشکرا کردووە) و ئێستە دانیان بە ڕاستیی هەواڵەکەدا (دوای تەقەللایەکی خەستی دپلۆماتکارانەی ڕژێم دێ بۆ بەدرۆخستنەوەی)

وتارەکە بەرپەرچی بیانووەکانی بەغدای داوەتەوە (بۆ پاساودانەوەی سیاسەتی ڕاگواستن و چۆڵکردنی کوردستان، ڕژێم مەسەلەی پشتێنەی ئەمنیی کردووە بە بیانوو و بۆ ئەمە ڕایگەیاندووە کە قوڵایی ٣٠ کیلۆمەتر بە درێژایی سنووری ئێران و تورکیا چۆڵ دەکا. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئاوەدانکردنەوەی فاو و بەسرە، مەبەست و هۆکاری ئەم شاڵاوە ئاشکرا دەبێ)

لە ١٥ی ئابی ١٩٨٩دا ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) لە ژمارە ٧ دا بڵاوی کردەوە، کە زۆربەی خەڵکی ڕاگوێزراوی پشدەر بە سەر پێنج ئۆردوگادا دابەش کراون، کە ئەمانەن: ئۆردوگای خەبات جدیدە لە نزیک ئەسکی کەلەک، کە قەرەباڵغترینیانە و بە زۆری خەڵکی قەڵادزێ و سەنگەسەری تێدایە، ئۆردوگای جدیدە زاب، کە پێنج کیلۆمەتر لە ڕێی هەولێر- موسڵەوە دوورە، ئۆردوگای کەور گۆسک (ئەشکەفتە) کە ١٠ کیلۆمەتر لە ڕێی هەولێر- موسڵەوە دوورە، ئۆردوگای تۆپزاوا، کە ٣ کیلۆمەتر لە ڕێی هەولێر- موسڵەوە دوورە، ئۆردوگای دارەتوو. ڕۆژنامەکە ئەوەشی بڵاوکردەوە، کە لە نێو ڕاگوێزراوەکاندا نەخۆشیی ڕشانەوە بڵاوبووەتەوە و بە دیاریکراوی، تا ناوەڕاستی ئاب ١٥ هاووڵاتی تووشی ئەو نەخۆشییە بوون.

هەر لە هەمان ژمارەدا وتارێکی ڕۆژنامەنوسی کوردی ئێران، هەژیر تەیموریان، بە ناوونیشانی (ڕژێمی عێراق سەد هەزار کورد ناچار دەکا

> **"لە ٧ی ئازاردا خاتوو هیلگا گراهام، ڕۆژنامەنوس و توێژەری پسپۆڕ لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، وتارێکی بە ناوونیشانی شاڵاوێکی هیتلەرییانە هەڕەشە لە مافی کوردەکان دەکا، لە ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەری بریتانی بڵاوکردەوە"**

شارێکی گەورە بەجێ بێڵن) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە کە ڕژێمی عێراق داوای لە دانیشتوانی قەڵادزێ کردووە (ڕاگواستنێکی هێمنانە) ئەنجام بدەن. وتارەکە کە بە زمانی ئینگلیزی لە ڕۆژنامەی <<تایمز>>ی بریتانی بڵاوکراوەتەوە، باسی کردووە کە کوردە ڕاگوێزراوەکان ترسی ئەوەیان هەیە، کە بەغدا عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێ بکات، لەوانە عەرەبی میسر، کە بە ژمارەیەکی زۆر بۆ کارکردن هاتوون بۆ عێراق. تەیموریان بەم ڕستەیە کۆتایی بە وتارەکەی دێنێ (ڕاگواستنی شارێکی گەورەی وەک قەڵادزێ، نکوڵیکردنی عێراق دەکاتە شتێکی بێ مانا)

## دەنگدانەوەی ڕاگواستنی پشدەر لە میدیا جیهانییەکاندا

لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەی، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی لەسەر ئاستی میدیایی و دیپلۆماتیکی، لە دەرەوەی وڵات ئەنجامیان دا، ڕاگواستنی پشدەر بوو بە بابەتێکی جێی بایەخی میدیای جیهانی. لەم ڕووەوە ڕادیۆی بی بی سی لە هەردوو بەشی عەرەبی و فارسیدا ڕۆڵێکی پێشەنگی گێڕا و بەر لە ڕاگواستنی دانیشتوانی دەڤەرەکە، بە دواداچونی وردی بۆ کرد. لە ١١ی ئازاردا بەشی فارسیی بی. بی. سی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە عێراق نیازی ڕاگواستنی قەڵادزێی هەیە و ئەمەی وا لێکدایەوە، کە عێراق دەیەوێ تۆڵەی خۆی لە کورد بکاتەوە، کە گوایە لە کاتی جەنگدا پشتیوانییان لە ئێران کردووە. بی بی سی بڵاوی کردەوە، کە سەرچاوە کوردییەکان دەڵێن ئەگەر دەوڵەت دەست بە ڕاگواستنی قەڵادزێ بکا، ئافرەت و منداڵ و پیاوان بە نیازن لەسەر شەقام و ڕێوبانەکان ڕاکشێن بۆ ئەوەی ڕێ لە هاتوچۆی ئۆتۆمبیلە سوپاییەکانی عێراق بگرن. هەر ئەو ڕۆژە بەشی عەرەبیی بی بی سی بڵاوی کردەوە، کە باڵیۆزی عێراق لە بریتانیا نکوڵی لە بوونی پلانێک بۆ ڕاگواستنی قەڵادزێ کردووە. هەروەها لە ١٣ی نیساندا بڵاوی کردەوە، کە بڕیارە کەیسی ڕاگواستنی قەڵادزێ لە پەرلەمانی بریتانیا باس بکرێ. ئێزگەکە لە زاری نوێنەرێکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی کەمینەکانەوە، کە سەنتەرەکەی لە شاری لەندەنە و لە لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامە، ڕایگەیاند، کە ئەم ڕەفتارەی عێراق سەبارەت بە ڕاگواستنی زۆرەملێ، بە جینۆساید دەژمێردرێ و سەرزەنشتیشی کرد.

هاوکات، ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)ی لەندەنی، بڵاوی کردەوە، کە ئامانجی عێراق لە خاپورکردنی قەڵادزێ جینۆسایدکردنی کوردە. هەر ئەو ڕۆژە، ڕادیۆی ئەڵمانیای خۆرئاوا لە شاری کۆڵۆن بڵاوی کردەوە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاگەیاندووە، کە ڕژێمی عێراق نیازی وێرانکردنی تەواوی کوردستانی هەیە.

هەروەها ڕادیۆی دەنگی ئۆرشەلیم لە ئیسرائیل بایەخێکی تایبەتی بەم پرسە دا و لە ١٤ی نیساندا بڵاوی کردەوە، کە عێراق نیازی ڕاگواستنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێی هەیە و لەم بارەیەوە ئاگاداری دانیشتوانی کردووە، کە شارەکەیان ڕادەگوێزرێ. هەروەها لە ١٦ی نیساندا بڵاوی کردەوە، کە حزبێکی کوردی عێراق، کە سەنتەرەکەی لە ئێرانە، داوای لە خافێر پیرێز دی کیولار سکرتێری گشتیی



# Iraq ordering Kurds uprooted from homes

By James M. Dorsey

Iraq has ordered thousands of Kurds to evacuate their homes along the border with Iran in a bid to establish a security zone between the two warring nations, according to Kurdish sources.

Bush administration officials said they would not be surprised if there were a forced evacuation of Kurds from Suleimaniya, a province in northern Iraq, but said they were unable to confirm the reports.

Iraqi officials denied the reports amid indications that Arab states may have persuaded Iraq to at least postpone the evacuation.

"People in the cities of Qaladitha and Rania [in Suleimaniya Province] also in five nearby villages and camps have been informed on March 29 that they will be deported," said Shavad Saib, the West European representative of the Patriotic Union of Kurdistan (PUK), one of two major Kurdish guerrilla groups demanding a greater measure of autonomy for Iraq's 3 million Kurds.

Mr. Saib and other Kurdish ... ulation of Rania would be deported on May 8.

They said Qaladitha had 90,000 inhabitants and Rania 40,000, adding that a total of 250,000 people were being threatened with deportation. Administration officials said they believed these population figures to be exaggerated.

Last summer, tens of thousands of Kurds fled from Iraq to Turkey as a result of Iraqi military operations against Kurdish guerrillas. Iraq has repeatedly denied allegations that it used chemical weapons in those operations.

The Kurdish sources said the population had not been told to where they would be deported, but they suggested the residents would be distributed over towns in both northern and southern Iraq.

Iran's official Islamic Republic News Agency said the populations would be relocated to makeshift camps on the distant, arid Saudi Arabian borders.

The sources said Qaladitha and Rania was one of the few areas from were Kurds have not been deported as a result of the conflict between Iran. Foreign ministers of the two countries are scheduled to hold a new round of talks in Geneva this week.

The analysts said United Nations attempts have failed to achieve even the most elementary of confidence-building measures such as a major exchange of prisoners of war or the extinction of fires burning in oil and gas wells in no-man's land between the two countries.

"The deportations wouldn't surprise me. [Qaladitha and Rania] are a sort of Iraqi government salient maintained throughout the war at great expense," said a Bush administration official. The official said the salient had driven a wedge into territory captured during the war by Iran but since retaken by Iraq or controlled by Kurdish rebels who supported Iran.

PUK officials said efforts by Arab countries and Iraqi Kurds who have good relations with the government in Baghdad had so far failed to achieve a revocation of the deportation orders. But a spokesman in Damascus for the Kurdish Democratic Party (KDP), the other major Iraqi Kurdish guerrilla group, said the order had been temporarily rescinded.

Speaking in Damascus, KDP chairman Masoud Barzani said the Iraqi decision to postpone the deportation was "a pure and simple ..."

"

**لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕاگواستنی قەڵادزێدا، تاڵەبانی کەوتە جموجوڵێکی دیپلۆماتکارانە و داوای لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کرد لە ئاستی لێپرسراوەتیدا بن و گوشار بخەنە سەر ڕژێمی عێراق**

"

> ❝ ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ بە مانشێتی پشدەر لە بەرامبەر ڕووداوێکی مێژووییدایە، لە سەروتارەکەیدا لە ژێر سەردێڕی گەلی کورد بە زەبروزەنگی دوژمنان بنبڕناکرێ گوزارشتی لە مەینەتیی پشدەرییەکان کرد و ڕاگواستنی قەڵادزێی بە تاوان لە قەڵەم دا ❞

نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە، وا لە عێراق بکات دەست لە ڕاگواستنی قەڵادزێ هەڵگرێ.

بە هەمان شێوە، ڕادیۆی تارانیش بایەخی بە هەواڵی ڕاگواستنی قەڵادزێ دا و لە ١٤ی نیساندا لە ڕاپۆرتێکدا نیشانی دا، کە ڕاگواستنی قەڵادزێ سەرەتای ڕاگواستنی شارەکانی ترە و لەم سەروبەندەدا پێشبینیی ئەوەی کرد، کە پاش ڕاگواستنی قەڵادزێ، ڕانیەش ڕادەگوێزرێ.

هەروەها هەفتەنامەی ئینگلیزی زوبانی (ئیکۆنۆمیست) کە لەساڵی (١٨٤٣)ەوە لە شاری لەندەن دەردەچێ، ڕاپۆرتێکی لەسەر پشتێنەی ئەمنیی عێراق بڵاوکردەوە، کە سنووری عێراق- تورکیا و بەشێکی زۆری سنووری عێراق- ئێرانی گرتۆتەوە و ڕوونی کردەوە، کە ئەو پشتێنە ئەمنییە بووەتە مایەی وێرانکردنی گوندەکان بە قووڵایی ٣٠ کیلۆمەتر، ئاماژەیەکیشی بەوە دا، کە لەوانەیە حکومەت عەرەبیی عێراق و میسر لە ناوچە چۆڵکراوەکانی کوردستان نیشتەجێ بکات.

ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا-ش یەکێ لەو میدیایانە بوو، کە بایەخێکی شایستەی بە بابەتی ڕاگواستنی قەڵادزێ دا و لە ١٦ی نیسان-دا لە بەشە فارسییەکەیدا بڵاوی کردەوە، کە حکومەتی عێراق وازی لە بڕیاری ڕاگواستنی قەڵادزێ هێناوە، بەڵام حزبێکی کوردیی عێراق ڕایگەیاند، کە لە ئەنجامی فشارەکاندا حکومەتی عێراق (بەشێوەیەکی کاتی) وازی لە ڕاگواستنی قەڵادزێ هێناوە.

هەروەها لە ١٦ی نیساندا ڕۆژنامەی (سەندەی تایمز) کە لە لەندەن دەردەچێ، بڵاوی کردەوە، کە سەرۆکی عێراق سەددام حسێن داخوازیی دانیشتوانی خەڵکی پشدەری لەمەڕ ڕاگواستنی ناوچەکەیان ڕەت کردووەتەوە. بە هەمان شێوە، ڕۆژنامەی (لومۆند)یش کە لە پاریس دەردەچێ، ڕاپۆرتێکی بە وردەکارییەوە لەسەر ڕاگواستنی قەڵادزێ بڵاوکردەوە.

ڕۆژنامەی واشنتۆن تایمز-یش کە ڕۆژنامەیەکی ڕاستڕەوی پارێزگارە، بڵاوی کردەوە، کە (لێپرسراوانی حکومەتی سەرۆک جۆرج بوش گووتوویانە هەرچەند لایان سەیر نییە کوردەکان ناچار بکرێن ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، بەڵام ئەوان ناتوانن ئەو قسانە بسەلمێنن، کە سەرچاوە کوردییەکان دەربارەی ڕاگواستن دەیڵێن) ڕۆژنامەکە گوتویەتی (لێپرسراوانی عێراق ئەم هەواڵەیان بە درۆ خستەوە. قسەی ئەوەش هەیە، کە ڕەنگە دەوڵەتانی عەرەب عێراقیان ڕازی کردبێ ڕاگواستنەکە ڕابگرێ، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت).

لەم سەروبەندەشدا ڕۆژنامەی گاردیان، کە لە لەندەن دەردەچێ، ڕاپۆرتێکی دەربارەی ڕاگواستنی قەڵادزێ بڵاوکردەوە و نیگەرانیی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕی (گەرمای هاوینی بیابان زۆربەی کوردی کوێستانەکان دەکوژێ، ئەگەر بۆ ئەوێ ڕابگوێزرێن).

هەروەها ئاژانسی ئەڵمانیای خۆراوا لە ١٧ی نیساندا لە پەراوێزی هەواڵی ڕاگواستنی قەڵادزێدا، ڕاپۆرتێکی شیکاری بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو (دەربەدەرکردن و دوورخستنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، دوای ئەوە دێت، کە سەرۆکی عێراق لە ساڵی ١٩٨٢ لە مەغریب لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی عەرەب لەسەر ئەوە ڕێککەوت، کە کورد بەسەر وڵاتە عەرەبییەکاندا دابەش بکرێن. لەم دواییەدا عێراق ٢٥ هەزار خێزانی میسریی هێناوە و مافی کڕینی زەوی و خانووی پێ داون)

هەر لەم سەروبەندەدا هەژێر تیموریان میدیاکار لە بەشی فارسیی ڕادیۆی بی بی سی، لە بەرنامە پیشکەشکراوەکانیدا ڕەتی کردەوە ڕاگواستنی قەڵادزێ پەیوەندیی بە پشتێنەی ئەمنییەوە هەبێ، پشتیوانیی لەو تیۆرییەش کرد، کە عێراق ڕانیەش ڕادەگوێزێ و لەم بارەیەوە گوتی (پێم وا نییە ئەم ڕاگواستنە بە مەبەستی پشتێنەی ئەمنی بێت، چونکە ڕانیە٥٠ کیلۆمەتر لە قووڵایی دایە و هیچ دەوڵەتێکیش زاتی ئەوە ناکات بە مەبەستی پشتێنەی ئەمنی، بە قووڵایی ٥٠ کیلۆمەتر خاکی خۆی وێران بکات. هەروەها گوتی: ئەگەر جیهان لێگەڕێ قەڵادزێ و ڕانیە ڕابگوێزرێن، نۆرەی سلێمانی و هەولێریش دێت.



## ڕووانینێکی نوێ

# لە بۆردومانی قەڵادزێ!

خدر ئیبراهیم

کورد و فڕۆکە لە دەمێکەوە ئاشنای یەکدین. بەڵام ئەم ئاشنایەتییە پەیوەست نییە بە دۆستایەتی، بەڵکو پەیوەستە بە پێکدژییەکی پڕ لە کارەسات و خوێناوی کە هەمیشە کورد، چ وەک نەتەوە، چ وەک خاک، تیایدا قوربانی بووە و دەست و پەنجەی لەگەڵ زام و خوێندا نەرمکردووە.

نمای شار و ئاوەدانییەکانی نیشتمان بەبێ جیاوازی سەلمێنەری نمایشی پڕ لە دڕندانەی داگیرکەرانی کوردستان بووە، کە هەمیشە لەپێناو سەپاندنی هەژموونی سیاسیی و سەربازیی خۆیان و، بێدەنگکردنی دەنگە نارازی و یاخییەکان، بە بۆردومانی جۆراوجۆر پەلاماری شار و گوند و دەڤەر و ناوچەکانی کوردستانیان داوە. لەو میانەشدا پەلاماردان بە فڕۆکەی جەنگی، یەکێک بووە لە دەستاوردە ترسناکەکان، کە سوودی لێوەرگیراوە.

مێژووی قەڵادزێ وەک پێگە و خەڵک، تەژییە لە پەلاماری جۆراوجۆری زەمینی و ئاسمانی لەلایەن هەموو ئەو هێز و لایەن و دەوڵەتانەی لەڕووی بەرژەوەندی سیاسیی و سەربازیی و ئابوورییەوە پەلاماریان داوە. بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، بۆردمانی فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی بەعس لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٣ دا و دواتریش لە سەروەختی فەرمانڕەوایی عەبدولسەلام عارف و جارێکی دیکەش لەسەردەمی حکومەتی بەعس، لە ماوەی دووەم هاتنە سەر دەسەڵاتییان لە کۆتایی شەستەکان تاکو ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی بۆردومانی پڕ لە تراژیدیای ڕۆژی ٢٤/ ١٩٧٤/٤ و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان تاکو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ماوەی جەنگی یەکەمی کەنداودا.

هەموو ئەمانە نموونەگەلێکن بۆ سەلماندنی هەقیقەتی کوشتنی شارێک، کە بێبەزەییانە لەبەرانبەر قەڵادزێدا، وەک خەڵک و شار ئەنجامدراوە، لەڕووی گیانییەوە، سەدان قوربانی لێکەوتووەتەوە و لەڕووی ماددی و ئاوەدانیشەوە، زیانێکی بێشوماری بەدوای خۆیدا هێناوە.

هەربۆیە، بەردەوام ئاسمانی شار و ناوچەکە، شایەدی گرمە گرمی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بێگانە و دابارینی بۆمب و خومپارە و شەست تیر و ناپاڵم بووە بەسەر خەڵکی سڤیلدا، کە ئەمەش وایکردووە مێژووی ئەو شارە سیخناخ بێت لە تراژیدیا. بەڵام ئەو تراژیدیایە نەیتوانیوە چۆک بە مرۆڤەکانی ئەو شارە دابدات و ناچاریان بکات ملکەچی ئەجێندای دوژمن بن. بەڵکو دەرکەوتنی هەر فڕۆکەیەک لە ئاسمانی ئەو شارە و تەقینەوەی هەر بۆمب و خەمپارە و شەست تیر و ناپاڵمێک، ڕۆحی یاخیبوونی نەتەوەیی و نیشتمانیی لەلای چین و توێژەکانی ئەم شارە زیاتر گەشاندووەتەوە و بوێری تۆڵەکردنەوەی پێبەخشیون.

پێشهاتی پڕ لە تراژیدیای بۆردومانی ئەو شارە لە ڕۆژی چوارشەممەی بەرواری ٢٤/ ٤/ ١٩٧٤ و ئەو زیانە گیانی و ماددییە گەورەیەی لێیکەوتەوە، دەنگدانەوەیەکی وەهای بەدوای خۆیدا هێنا، کە زۆرینەی دەزگا و ئاژانسە ئیقلیمی و جیهانییەکانی شۆک کرد، وایکرد لەڕێگەی هەواڵنێرەکانیانەوە بەدواداچوونی ورد بۆ ئەو کارەساتە پڕ لە تراژیدیە بکەن و لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەرەنجامە گەورەکانی ئەو بۆردومانەوە (بە وشە و فۆتۆ) هاوسۆزی و هاودەنگی ڕای گشتی جیهانی بۆ خەڵکی ئەو شارە بە تایبەتی و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد بە گشتیی دەستەبەر بکەن. بەتایبەتی، کە لەو پەلامارەدا، جگە لە خەڵکی سڤیلی شار، ژمارەیەک خوێندکار و مامۆستای

**“ هۆکاری گەورە لەو بۆردومانەدا دەگەڕێتەوە بۆ بانگەشەکارییە زۆرەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش لە گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بە سەرجەم ستافەکەیەوە بۆ شاری قەڵادزێ ”**




زانکۆش بوونە قوربانی، کە بەخەونی درێژەدان بە خوێندنی زانکۆ ڕوویان لە شارەکە کردبوو.

وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ شاری سلێمانی، کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا بوو، بڕیاردرابوو ستافی زانکۆ بە خوێندکار و مامۆستاوە، کە نزیکەی ٦٠٠ خوێندکار و دەیان مامۆستا دەبوون، لە دەرەوەی هەژموونی حکومەتی بەعسدا دەرگای زانکۆی سلێمانی لە شاری قەلادزێدا واڵابکەنەوە.

ئەوەی من لەم نووسینەدا دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە، کە لەبەرچی ڕژێمی بەعس لەو تەوقیتەدا بڕیاری بۆردومانی شاریدا و بەو جەبەڕووتە سیاسیی و سەربازییە ترسناکە ڕقی خۆی بەسەر دانیشتوانی سڤیلی شار و خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆدا هەڵڕشت؟ ئایا ئەو بۆردومانە، تەنیا لە باکگراوەندی نەهجێکی ڕەگەزپەرستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە لەبەرانبەر کورد-دا وەک نەتەوەیەکی بەربەست لەبەردەم ئایدۆلۆژیای پان عەرەبیزمدا ڕاوەستابوو، یاخود هۆکاری گرنگتر لەوەی هەبوو؟

بەسەرنجدان لە نووسینی بەشێکی زۆر لەو قەڵەمبەدستانەی بارگاوین بە ئینتمای حزبیی، هەموویان هەوڵیانداوە لە نووسینەکانیاندا هۆکاری ئەم بۆردومانە تەنیا وەک بەرهەمی نەهجی ڕەگەزپەرستانەی بەعسیزم پێناسە بکەن، وایان نیشانداوە، کە بابەتی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری قەڵادزێ و بانگەشەی کۆکردنەوەی خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو زانکۆیە بۆ شاری قەڵادزێ، کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر نییەتی ئەنجامدانی ئەو بۆردومانە گەورەیەوە نەبووە. هەڵبەت لەمەشدا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

**“ کامەران قەرەداخی، کە لە نزیکەوە شایەدحاڵی ڕووداوەکە بووە لە یاداشتەکانیدا، لە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەن-یدا دەڵێت : هەمان ئەو ڕۆژەی بۆردومانەکە ئەنجامدراوە، بڕیاربووە دەرگای خوێندنی زانکۆی سلێمانی لە شاری قەڵادزێدا واڵابکرێتەوە ”**

مەبەستیان بووە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوکات لەو ڕەخنانە بێبەری بکەن، کە دوای بۆردومانەکە لەلایەن بەشێکی زۆر لە خەڵک و نوخبەی بەئاگای شار و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی دەرەکییەوە ڕووبەڕوویان کرابۆوە. بەوپێیەی لەوەدا کەمتەرخەمبوون بە ڕادەی ئەو بانگەشەیەی بۆ کردنەوەی زانکۆ و کۆکردنەوەی حەشاماتێکی زۆر لەو شارەدا پەیڕەویان دەکرد، پلانییان بۆ پارێزگاری لەو خەڵکە لەبەرچاو نەگرتووە، کە لەدۆخی شەڕدا مەترسی جددی و ڕاستەقینە لەسەر گیان و ماڵیان دروست دەبێت. هەروەها گوێنەدان بە دابینکردن و دانانی چەکی دژە فڕۆکە بەگوێرەی پێویستی شار و ناوچەکە. هەروەک (دەیڤید هێرست)ی پەیامنێری ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بریتانی، کەپاش بۆردومانەکە سەردانی شاری قەلادزێی کردووە و لەڕۆژی ٧/ ٥/ ١٩٧٤دا لەمیانی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک بە ناوونیشانی (وانەیەک بۆ قەڵادزێ)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تەنیا چەکێکی دژە فڕۆکە لە نزیک شاردا هەبووە، ئەویش بریتیبووە، لە دۆشکەیەک و هیچی دی!

لەکاتێکدا بەگوێرەی سەرچاوەکان، لەوکاتەدا لە ڕێگەی ئێرانەوە بە سەدان چەکی پێشکەوتووی ئێرانی و دەرەکی وەک یارمەتی بۆ شۆڕش هاتووە و دەتوانرا بەباشترین شێوە بۆ پارێزگاری لە خەڵکی شار، سوودی لێوەربگیرێت.

ئەگەرچی شتێکی بەڵگەنەویستە، لەدۆخی شەڕدا هەمیشە ئەگەری بۆردومان لە ئارادایە لەلایەن لایەنە شەڕکەرەکانەوە. لەهەمانکاتدا بۆ سیستەمێکی ئایدۆلۆژی وەک بەعس، کە لە پرۆگرامەکانیدا جەخت لەسەر خەونی پان عەرەبیزم دەکاتەوە، شتێکی بەدیهییە هەڵوێستی توندوتیژانە بەرانبەر نەتەوەیەکی وەک کورد نیشان بدات، بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا، کە کورد بە کردەیی شەڕی چەکداری لەبەرانبەردا پەیڕەو بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینی من وایە، کە کردەی بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ بەو قەبارە گەورەیە و بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگیی و تەقەمەنی مەترسیدار (بەگوێرەی تەکنۆلۆژیای سەربازیی و جەنگیی لەو سەردەمەدا) تەنیا هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ مەیلی ئایدۆلۆژی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس، یاخود هەبوونی

شەڕی چەکداری لەو کاتەدا لەنێوان ئەو و شۆڕشی کورد-دا. بەڵکو هۆکاری گەورە لەو بۆردومانەدا دەگەڕێتەوە بۆ بانگەشەکارییە زۆرەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش لە گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بە سەرجەم ستافەکەیەوە بۆ شاری قەڵادزێ و هەڵمەتی کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەنگە ناڕازییانەی لەو شارەدا، لەگەڵ نەهج و ئایدیا و جیهانبینی ڕژێمی بەعسدا ناکۆک بوون. ئەمەش هۆکارێکی گەورەبوو بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعس بە تایبەت سەرنجی خۆی لەسەر ئەو شارە چڕبکاتەوە، کە لە لایەکەوە ژمارەیەکی بێشومار لە دەنگە ناڕازییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەو شارەدا دەبینی. لەلایەکی دیکەیشەوە، لە باکگراوەندی بانگەوازی کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە شاری قەڵادزێ و ڕۆیشتنی مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆ لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەوەوە بۆ ناوچەیەکی ئازادکراو، دەبووە لێدانێکی گەورە لە شکۆی سیستەمی سیاسیی ئەو لەڕووی دەوڵەتدارییەوە.


لێرەدا، بەشێک لەو خاڵانە دەنووسم، کە وەک بەڵگە دەبنە پاڵپشتێک بۆ ئەو تێڕوانینەم، کە هۆکاری سەرەکی بۆردومانی شاری قەڵادزێ لە ڕۆژی چواشەممەی ڕێکەوتی ٢٤/ ٤/ ١٩٧٤ دا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بانگەوازی بەردەوام و بەرفراوانی کۆکردنەوەی مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە شاری قەڵادزێدا و هەوڵدان بۆ شکاندنی هەیبەتی ڕژێمی بەعس، لەڕووی دەوڵەتداری و سیستەمی حوکمرانییەوە. لەبەرانبەریشدا، بەخشینی مۆرکێکی مەدەنی و شارستانی بە شۆڕشی کورد لەو وەختەدا، بەوپێیەی، کە لە ژێر سێبەری ئەودا زانکۆیەک دەکرێتەوە.

١. بۆردومانەکە بەشێوەیەکی کتوپڕ و چاوەڕێنەکراو ڕوووینەداوە. بەڵکو شەوی پێش بۆردومانە، کە دەکاتە ٢٣-٢٤/ ٤ چەند جارێک فڕۆکە بۆ پشکنین و دیاریکردنی ئامانجەکانی، بەسەر قەڵادزێ-دا سووڕاوەتەوە و بەوردی کاری (استطلاع)ی ئەنجامداوە.

٢. بەگوێرەی زانیارییەکان، سەرکردایەتی شۆڕش پێشوەختە لە ڕێگەی هەواڵگرە تایبەتییەکانیەوە ئاگاداری بڕیارێکی لەو شێوەیەی حکومەتی بەعس بووە، بەڵام خەڵکیان لەوە ئاگادار نەکردووەتەوە. بەڵکو ئەو زانینە تەنیا لەبازنەی بەرپرسە باڵاکانی شۆڕش-دا کاری لەسەر کراوە. ئەمەش گریمانەی ئەوە دەسەلمێنێت، کە سەرکرایەتی شۆڕش درکی بەوەکردووە، کە بڕیارێکی لەو شێوەیەی ڕژێمی بەعس لەدژی ئەو شارە، پەرچەکردارێکە لەبەرانبەر پلانی گواستنەوەی ستافی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری قەڵادزێ.

٣. بازنەی بۆردومانەکە لە شاردا، تەنیا ئەو جێگە و شوێنانەی گرتووەتەوە، کە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی تیایدا ماونەتەوە، کە لە دوو بینای بەتاڵی (مەخزەنی تووتن) پێکهاتبوو، هەروەها ئەو چەند خانووەش کە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ دەستنیشانکرابوون، کەوتبوونە سەر شەقامی گشتیی و لەبەرانبەر بینای نەخۆشخانەی گشتیی شار هەڵکەوتبوو، چەند سەد مەترێک لە شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکارانی زانکۆوە دووربوو. هەروەها بۆردومانەکە، ئەو ماڵ و خانوو و بینایانەشی گرتووەتەوە، کە بەدەوری هەردوو بینای (مەخزەنی تووتن)ەکەوە بوون، یاخود لێی نزیک بوون.

٤. بە پشتبەستن بە یادەوەری ڕۆژنامەنووسی دیار و بەئەزموون کامەران قەرەداخی کە لە نزیکەوە شایەدحاڵی ڕووداوەکە بووە و بەشێک لە یاداشتەکانی سەردەمی شۆڕشی لە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنیدا بڵاوکردووەتەوە، بەتایبەت لەو بەشەدا، کە لە ژمارەی ڕۆژی ١٣/ ٤/ ٢٠١١ بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت: هەمان ئەو ڕۆژەی بۆردومانەکە ئەنجامدراوە، بڕیاربووە دەرگای خوێندنی زانکۆی سلێمانی لە شاری قەڵادزێدا واڵابکرێتەوە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە حکومەتی بەعس لە ڕۆژ و بەرواری واڵاکردنەوەی دەرگای زانکۆکە ئاگاداربووە و مەبەستی بووە بەم بۆردومانە، هەوڵێکی لەو شێوەیە بەتەواوی لەبار ببات.


THE GUARDIAN Tuesday May 7 1974

DAVID HIRST reports from the war zone of "liberated" Kurdistan

The lesson for Qala Diza

THE GUARDIAN July 1973

The Arab Mafia

DAVID HIRST on the endemic violence behind Iraq's recent upheaval

# ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن

عەلی مەحموود محەمەد

**بەشی یەکەم**

ساڵی ١٩٨٥ بۆ ١٩٨٨ ساڵی توند بوونی ناکۆکییەکان و دەرچوونی سەدان نووسراو و بروسکە و فەرمان و بڕیار و بەیانی فەرمی ڕژێمی عێراقییە، کە لە یەکەکانی فەرمی و باڵای حوکمڕانییەوە دژ بە گەلی کورد دەرچوونە، هەریەکەیان هەڵگری جۆرە تاوانێکی زەقی نێونەتەوەیی بوون، دوای دەرچوونیان بێ سڵەمینەوە و دوودڵی ناوەڕۆکەکانیان بە زیدەوە جێبەجێکران، وەک عەلی حەسەن مەجید وتەنی منەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان نەزانی، پێچەوانەی یاسای نێونەتەوەیی چەکی تایبەتییان بەکار هێنا،

تەنانەت هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، تا ئەم ساتە، بە ئەندازەی یەک لە پرۆسەکانی ئەنفال تاوان دژی کورد نەکراوە، لەو پرۆسەیەدا زیاتر هەنگاوەکانی کۆمەڵکوژی و دەرکردن و کوشت و بڕ لە چوارچێوەی فەرمان و بڕیارە بە نەخشە داڕێژراوەکانی حزبی بەعس و حکومەتی عێراقی جێیان کرایەوە، ئێمە لە خوارەوە دەستە بژێرێکی ئەو تاوانانە دەخەینە ڕوو، کە دڵۆپێکە لە ئۆقیانووسێکی تاوان.

### ئامادەکاری بۆ تاوان

بە گوتەی عەلی حەسەن مەجید لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هێزە کوردییەکان لە ٤٠٪ی توانای عێراقیان پەک خستبوو، کە ئەوانیش لە شەڕێکی مان و نەماندا بوون بەرانبەر بە پان ئیسلامیزمی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەوکات ئێران ژمارەی دانیشتوانی ٣٩ ملیۆن کەس بوو، عێراق-ش ١٣،٦ ملیۆن کەس، بۆیە عێراق لە ژێر فشاری توندی لاسەنگی هێزی مرۆیدا بوو لە بەرەکانی جەنگ، بۆ ئەوەی ئەم ڕێژەیە نەچێتە سەر، پێویستیان بەوە بوو کۆتایی بەو فشارەی کوردستان بهێنن، کە لەسەریان بوو، یاخود کەمی بکەنەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش چوار ساڵ پێش ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال، حکوومەتی عێراق وردە وردە خەریکی ئامادەکاریی بوو، کە هاوتابوو لەگەڵ سێ هەنگاوەکەی ڕاول هێلبێرگ بۆ ئەنجامدانی جینۆساید. دەستنیشانکردن،

> ***بۆ ڕێگە گرتن لە چوونی سووتەمەنیش بۆ پێشمەرگە، بەپێی نووسراوی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، بڕیاردرا لەنێو شارەکان ڕۆژی جارێک بەنزین بە کۆبۆن بە سەر شۆفێرەکان دابەش بکرێت***

کۆکردنەوە، لەناوبردن.

بەعس پێی وابوو بەبێ دەستبردن بۆ ئەو هەنگاوانە ناتوانێت ڕووبەڕووی هێزە کوردییەکان ببێتەوە و هێزەکەی بە تەواوی بۆ جەنگی ئێران تەرخان بکات، لە کاتێکدا زۆربەی هێزە کوردییەکان «یەکێتیی، پارتی، سۆسیالیست، بزووتنەوەی ئیسلامی، حزب اللە» فشارەکانیان بۆ سەر عێراق زیاتر و کاریگەرتر ببوو.

تا لە دەستپێکی ئەنفال نزیکتر دەبینەوە، دڕندەیی بەعس زیاتر دەردەکەوێت و دەستەواژە و وشەی نێو بڕیارەکانی ترسناکتر و وەحشیانەتر دەبن.

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە ٤٥٨ کە لە ڕێکەوتی ٢١-٤-١٩٨٤ گشتێنراوە هاتووە: هەرکەسێک ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەیەکی چەکداری، یاخود دەست تێکەڵ بکات لەگەڵ وڵاتی بێگانە، یان کرداری ڕسواکردنی سەرۆک کۆمار، یان پارتی بەعس ئەنجام بدات، سزاکەی لە سێدارە دانە.

ئەم بڕیارە لەوکاتەدا، زیاتر پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ەوە هەبوو، چونکە دوای شەڕی هاوبەشی پارتی و کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە حاج ئۆمەران- گردمەند، دژی عێراق.


بەڵام بڕیاری بیرۆی باکوری پارتی بەعس، کە بە ژمارە ٢٨- ٤٦٨٤ لە ڕێکەوتی ٢٩-٦-١٩٨٥دا دەرچووە، بۆ دوای تێکچوونی گفتوگۆی نێوان یەکێتیی و حکوومەتی عێراق دەگەڕێتەوە

ئاو و کارەبا و کۆبۆنی خواردن لە بنەماڵەی پێشمەرگە دەبڕن و لەنێو ئەو خانووانەش، کە خاوەندارێتی میرین، دەریان دەکەن. بە هیچ شێوەیەک ڕێگ نادەن خۆراک و پێداویستییە بنچینەییەکانی وەک: ئارد، شەکر، چای، ڕۆن بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەن بچێت.

بۆ ڕێگە گرتن لە چوونی سووتەمەنیش بۆ پێشمەرگە، بەپێی نووسراوی ژمارە ١٩٦٢٦ی ڕێکەوتی ٢٩-٦-١٩٨٥ دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، بڕیاردرا لەنێو شارەکان ڕۆژی جارێک بەنزین بە کۆبۆن بە سەر شۆفێرەکان دابەش بکرێت، ئەوەشی سەرپێچی بکات بە تاوانی تێکدەر دادگایی دەکرێت. هەر لەم چوارچێوەیەشدا، بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٣٢-ی ڕێکەوتی ٤-٧-١٩٨٥ لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی، کە تەنیا پێنج ڕۆژ دواتر دەرچووە، هێڵی تەلەفۆنی ماڵە پێشمەرگە دەبڕن و مۆڵەتی بریکاری دابەشکردنی خواردنیشیان لێ وەدەگرتریتەوە، هەروەها بەتاڵکردنەوەی کۆنتراکتی کشتوکاڵی زەوی و زاری میری لە گەڵیان و لێ سەندنەوەی بەڵگەنامەی عێراقی بوونیان و دواتریش دەرکردنیان لە شارەکان.

**«لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، تا ئەم ساتە، بە ئەندازەی یەک لە پرۆسەکانی ئەنفال تاوان دژی کورد نەکراوە»**

لە ڕێکەوتی ٤-٩-١٩٨٥ بە بڕیاری ژمارە ٢٢٦ بیرۆی


005255


من مديرية امن شقلاوة
الى كافة امن المناطق
بناء على توجيهات الرفيق المناضل امين سر المكتب في الاجتماع المنعقد صباح يوم ٧/٩/١٩٨٥ ...

مدير امن شقلاوة

ڕێکخستنی باکووری

**بەعس پێی وابوو بەبێ دەستبردن بۆ ئەو هەنگاوانە ناتوانێت ڕووبەڕووی هێزە کوردییەکان ببێتەوە و هێزەکەی بە تەواوی بۆ جەنگی ئێران تەرخان بکات**

پارتی بەعس، وێڕای ئەوەی تەئکید لەسەر سزاکانی پێشووتر کراوەتەوە، بڕیاریش دراوە ئابلوقەی ئابووری بەسەر ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق-ین بسەپێنرێت، ئاو و کارەبا و تەلەفۆنیان


004692

مكتب تنظيم الشمال

التاريخ / ٨ /

العدد / ٦ / ١٩٨٧

من / قيادة مكتب تنظيم الشمال

الى / قيادة الفيلق الاول / قيادة الفيلق الثاني / قيادة الفيلق الخامس

م/ التعامل مع القرى المحذورة امنيا "

بالنظر لانتهاء الفترة المعلنة رسميا لتجميع هذه القرى والتي سينتهي موعدها يوم ... ١٩٨٧ قررنا العمل ابتداء" من يوم ٢٢ حزيران ١٩٨٧ صعودا" بما يأتي (١) جميع القرى المحذورة امنيا "والتي لم تزل لحد الآن اماكن ...

... [illegible]

لتقوم الاجهزة المختصة ... الى الاجهزة الحكومية او الحزبية

(( ... ))

لێببڕدرێت، قوتابخانە و نەخۆشخانەکان دابخرێن.

کۆنتراکتە کشتوکاڵییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە، بنەماڵەی پێشمەرگە لە پلە یەک و دوو، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەربکرێن بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان، دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا بگرترێت، بۆ ئەم مەبەستەش بردرانە ناوچەکانی مەرگە وگەمارۆ دران.

بەپێی نووسراوی ژمارە ٤٥٨ی ڕێکەوتی ٢٢-٩-١٩٨٥ی لیژنەی ئاسایشی شاری سلێمانی، لە ڕوی کارگێڕییەوە، ئابلوقەی ئابووری بەسەر ناوچە قەدەغەکراوەکاندا سەپاند، لەگەڵ بڕینی خۆراک لە تەواوی لادێکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و کشاندنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان و بڕینی هێڵی تەلەفۆن لێیان و ڕێگە گرتن لە چوونی هەڵمەتەکانی کشتوکاڵی و قەدەغەی هاتووچۆی ئۆتۆمۆبیل بۆ ناوچەکانیان.

بەپێی نووسراوی ژمارە ٩٠٤١ی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لە ڕێکەوتی ٢-١١-١٩٨٥ بڕیار درا «بە تۆپی نەمساوی و ڕاجیمەی چلی، بەشێوەی هەرەمەکیانە هەموو شەوان ئەو گوندانەی بەدەست پێشمەرگەوەن تۆپباران بکرێن.

هەروەها بە بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری ژمارە ٣٦٥١٧ ی ڕێکەوتی ١٦-١١-١٩٨٥ ڕێگە دەدات، هەموو ئەو خێزانانەی سەرۆکی خێزانەکانیان چوونەتە پاڵ پێشمەرگە، یان ئێران دەربکرێن.

لە قۆناغی دواتردا دەست دەبەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکانیش، بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان، بە ژمارە ٢٣٠٥٧٥ لە ڕێکەوتی ٩-١-١٩٨٦، ماف دەداتە ئەو ژنانەی پیاوەکانیان پەیوەندییان بە پێشمەرگەوە کردووە، داوای جیابوونەوە بکەن.

ئەو نووسراوەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری ژمارە ٢٩٩٥٠-ش، کە لە ڕێکەوتی

١١-٨-١٩٨٦دەرچـــــووە، تـیـایـدا هـاتـووە، دەست بەسەر ماڵ و سامانی ئەو خێزانانەدا دەگرترێت، کە دەچنە پاڵ پێشمەرگە، یان ئەو خێزانانەی دەرکـراون، بەهۆی ئەوەی کەسێکیان بووەتە پێشمەرگە.

بەپێی نووسراوی وەزارەتی بەرگری عێراقی ژمارە ٢٥٤٢١ی لە ڕێکەوتی ٢٠-١١-١٩٨٦ بڕیاری ڕووخاندنی ئەو گوندانە دراوە، کە لە ژێر دەستی تێکدەران و نۆکەرانی ئێرانی و بنەماڵەی خیانەتکارانن» بە بەکارهێنانی هـەمـوو جـۆرە چەکێک لـە نـاویـانـدا هێزی ئاسمانی.

## هاتنی عەلی حەسەن مەجید

لە ساڵی ١٩٨٥ حەمزە زوبێدی ئەندامی سەرکردایەتی نیشتمانیی پارتی بەعس کرا بە سەرۆکی بیرۆی باکووری ئەو پارتە، فەرمانی پێدرا لە شەش مانگدا کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، بەڵام ناوبراو بەو شەش مانگە ئەرکەکەی پێ ئەنجام نەدرا، ئەمە زەمینەی خۆش کرد بۆ هاتنی عەلی حەسەن مەجید.

تا ئێستە سزاکان زۆرینەیان پەیوەند بوون بە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیانەوە، لێرەوە قۆناغێکی دیکەی مەترسیدار بە ئاراستەی جینۆسایدکردن دەست پێدەکات، دەستنیشان کردنەکان هاووڵاتیانی سڤیل-ی ئەو بەشەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، کە هیچ ئەندامێکی خێزانەکانیشیان پەیوەندییان بە چالاکی سیاسیی و سەربازییەوە نییە.

دوای شکستەکەی حەمزە زوبێدی، لە ڕێکەوتی ١٨-٣-١٩٨٧ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی نیشتمانیی پارتی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجام دا، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری ١٦٠-یان دەرکرد.

بڕیاری ژمارە ١٦٠ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی نیشتمانیی حزبی بەعس بە فەرمی لە ڕێکەوتی ٢٩-٣-١٩٨٧ دەرچوو، تیایدا عەلی حەسەن مەجید کرا بە بەرپرسی حزبی و ئەمنی و سەربازی ڕەهای تەواوی ناوچە کورد نشینەکان و باکووری عێراق «موسڵ، کەرکووک، دیالە، سەلاحەدین، هەولێر، سلێمانی، دهۆک» و هەموو دەسەڵاتێکی بڕیاردان و جێبەجێکردنیشی پێدرا و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کرا، بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی.


دەسەڵاتی عەلی حەسەن مەجید هاوتای دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە باکووری عێراق، بڕیاری مەجید بووە بڕیاری هەموو دەزگاکانی دەوڵەت، بە مەدەنی و سەربازی و ئەمنی و حزبی و هەواڵگرییەوە، سەرپشک کرا لە پیادەکردنی هەموو دەسەڵاتەکان بە سیاسیی و سەربازیی و یاسایی و ئابوورییەوە.

بەپێی ئەم بڕیارە عەلی حەسەن مەجید دەسەڵاتی تەواوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی درایە بۆ یەکخستنی تەواوی هەرەمی دەوڵەت و دەزگا حزبی و ئەمنی و سەربازیی و مەدەنییەکان لە تەواوی باکووری عێراق لە بەرانبەر سەرکوتکردنی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان، بەمەش حزبی بەعس وەک پارتێکی سیاسی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی کۆمەڵکوژکردنی گەلی کوردستانی گرتە ئەستۆ.

ئەم کۆبوونەوەیە هاوشێوەی پلانی دوا چارەسەری نەخشەی ئەڵمانیای نازی بوو، بۆ کۆمەڵکوژی سیستەماتیکیانەی جووەکانی ئەورووپا.

عەلی حەسەن مەجید ڕۆڵی هاینریش هیملەر داڕێژەری نەخشەی هۆلۆکۆستی گێڕا، کە ئەدۆلف هیتلەر وەک دوا ڕێگەچارەسەر بۆ مەسەلەی جووەکان هەڵیبژارد، کە لە ٢٠-١-١٩٤٢ دا ١٥ کەس لە بەرپرسە باڵاکانی حزبی نازی و حکومەتی ئەڵمانیا لە ڤیلایەکی دەوروبەری بەرلیندا بە ناوی وانسی کۆبوونەوە، تا دەربارەی پراکتیزەکردنی ئەو

> **"دوای شکستەکەی حەمزە زوبێدی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی نیشتمانیی پارتی بەعس، بە سەرۆکایەتی سەددام حوسێن کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجام دا، لە کۆبونەوەکەدا بڕیاری ١٦٠- یان دەرکرد"**



005233

بسم الله الرحمن الرحيم

IST.A0977.030.004

سري وشخصي

لجنة مكافحة النشاط المعادي
لمحافظة السليمانية
العدد / ١٤٤٢
التاريخ / ٢٧ / ٨ / ٩٨٨

الى : لجان مكافحة النشاط المعادي كافة
م / الحصار الاقتصادي

لاحقاً لكتابنا ١٢٤٢ في ٢٤/١٠/١٩٨٧
كتاب قيادة مكتب تنظيم الشمال بالسكرتارية المرقم ٤٠٤١ في ١٤/٨/١٩٨٨ التأكيد على تطبيق ضوابط الحصار الاقتصادي ... لاتخاذ مايلزم وتطبيق نظام البطاقات بشكل جيد والاهتمام بالموضوع واعلامنا مع التقدير ...

جعفر عبد الكريم البرزنجي
رئيس لجنة مكافحة النشاط المعادي
لمحافظة السليمانية

نسخة منه الى /
قيادة الفيلق الاول - الامن الداخلي
مديرية امن محافظة السليمانية
مركز استخبارات السليمانية
للتفضل بالاطلاع مع التقدير ...

258-2.C

نەخشەیە بدوێن، کە بە دوا ڕێگەچارەی کێشەی جوو ناوزەدیان کرد.

هیتلەرئەرکی کۆمەڵکوژی جووی بەهایدریش و بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری ئاسایشی ڕایش سپارد. ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە، نەدەبووایە قسە لەسەر ئەوە بکەن، کە ئەو نەخشەیە جێبەجێ بکرێت یان نا، بەڵکو دەبایە باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنەکەی بکەن.

## دەستپێکی بەکارهێنانی عیتاد خاس و لێدانی کیمیاوی

هەمان ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری ١٦٠ لە ڕێکەوتی ٢٩-٣-١٩٨٧ بە نووسراوی سەرۆکایەتی کۆمار- سکرتێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی بە ژمارە ٩٦٥ دەرچوو، بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی «عیتاد خاص» بەرانبەر هاووڵاتیانی کوردستان درا.

لە ڕێکەوتی ١٥-٤-١٩٨٧ بە کیمیابارانکردنی گوندەکانی هەڵەدن و چاڵاوە و سەرگەڵو بەرگەڵو لە دۆڵی جافایەتی سەر بە پارێزگای سلێمانی چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕۆژی دواتریش لە ڕێکەوتی ١٦-٤-١٩٨٧ لە گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان لە پارێزگەی هەولێر یەکێک لە تاوانە قێزەونەکان ئەنجامدرا.

## پێدانی دەسەڵات بە عەلی حەسەن مەجید بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە

چوار ڕۆژ دوای دەرچوونی بڕیارە شومەکەی ١٦٠، بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ژمارە ٢٤٤ لە ڕێکەوتی ٢-٤-١٩٨٧، دەسەڵات درا بە عەلی حەسەن مەجید بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٦٠، بەمەش بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.

پێش بڕیاری ١٦٠، هێرش و سەرکوتکردن و پەلامارەکان پچڕ پچڕ و نا سستەماتیک بوون، بەڵام لە دوای دەرچوونی بڕیاری ١٦٠، پەلامارەکان بوونە نەخشەدارێژراو و سستەماتیک و ڕێکوپێکی بە بەرنامە، ئاستی تاوانەکانیش هەڵکشان و بێ هیچ دوو دڵییەک خەڵکی سڤیل-یان کۆمەڵکوژ کرد.

بە پێی نووسراوی بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی پارتی بەعس بە ژمارە ٢٢٩٦، چوار ڕۆژ دوای ئەو بڕیارە، هاووڵاتیانی ناوچە دەستنیشانکراوەکان هەموو خاوەنداریەتییەکی ماڵ و سامان و مافێکی یاساییان بەپێی بڕیاری ١| ٢٧١٣ی ڕێکەوتی ١٠ نیسانی ١٩٨٧ لێ سەندرایەوە، پاشان لە سێدارە دانیان.

ئیدی لێرە بەولاوە هاووڵاتییانی گوندە قەدەغە کراوەکان مافی یاساییان ڕاگیرا، ئەوانیش هاوتای کەسوکاری پێشمەرگە مافی موڵکداریتی ماڵ و موڵکیان لە دەست دا. سێ هەفتە دواتر لە یەکی مایسی هەمان ساڵ بڕیاری ئیعدامی کەسی پلە یەکی پێشمەرگە

دەرکرا، ئەمەش دوای لە دەستدانی مافی موڵکداریتی موڵک و ماڵ، مافی ژیانیشیان لە دەستدا، بەپێی بڕیاری ژمارە ١٠٦٣٠٩ ی ١ی مایسی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

دوو هەفتە دوای چالاک کردنی بڕیاری ١٦٠، یەکێک لە گەورەترین تاوانەکان بە چەکی کیمیاوی ئەنجامدرا بەرانبەر بە هاووڵاتیانی گوندی بالیسان لە ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە پارێزگای هەولێر.

هەرچەندە بڕیاری ژیان سەندنەوە لە بریندارانی گوندەکان، بە فەرمی سێ هەفتە دوای ئەو تاوانە دەرچوو، بەڵام بریندارانی چەکی کیمیاوی گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان کۆمەڵکوژ کران، واتە تاوانەکان پێش فەرمانەکان جێبەجێ کران.

عەلی کیمیاوی بە فەرمی بڕیاری کوشتنی هەموو ئەو بریندارانەی دەرکرد، داوی ئەوەی بۆیان دەردەکەوێت، کە دژی ڕژێمن، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا مانەوەیان و ژیانیان لە ناوچە قەدەغەکراوەکان، بەس بوو بۆ سەلماندنی دوژمنایەتی ڕژێم.

لەسێدارەدانی برینداران بە بروسکەی ژمارە ٩٤٥ ڕێکەوتی١٣-٥-١٩٨٧ و فەرمانی فەرماندەیی فەیلەقی یەک، بە ئامۆژگاری عەلی حەسەن مەجید دەرچوو، پاش دڵنیا بوون لە دژایەتییان بۆ دەسەڵاتداران. بە دەرچوونی ئەم بڕیارە هەموو پرنسیپە نێودەوڵەتییەکان لە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی لە پاراستنی خەڵکی سڤیل و بریندار و قەدەغەی کوشتنی دەرەوەی دادگا پێشێل کرا، هەموو هاووڵاتییانی ناوچە قەدەغەکراوەکان خرانە نێو ئەو بڕیارەوە، چونکە تەنیا ژیان لەو ناوچانە بە دوژمنایەتی ڕژێم دادەنرا.

هاوکات هێشتە مەرەکەبی سەر کاغەزی بڕیاری پێشوو وشک نەبووەوە، لە ڕێکەوتی ٢١-٤-١٩٨٧ بۆ ٢٠-٥-١٩٨٧ دیاریکرا بۆ ڕاگواستنی سەرجەم لادێ دەستنیشانکراوەکانی کوردستان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان.

## وێرانکردنی لادێکان

پێنج ڕۆژ دوای تاوانی کیمیابارانکردنی گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان شۆفەڵ وەگەڕ خرا، جگە لە هەندێک لادێی جاشنشین، بڕیاری تەختکردن هەموو لادێکانی کوردستان و چوار قەزا و سی ناحیە و ڕاگواستن دانیشتوانیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان درا.

سەرجەم ئۆردوگا زۆرەملێکان، کە بڕیاری دروستکردنیان درا، کەوتبوونە سنووری جوگرافیای شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، ئەمەش بەشێک بوو لە سیاسەتی بە عەرەبکردن و هەنگاوێک بوو بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە شارەکانی کەرکووک، دیالە، سەلاحەدین، موسڵ.

بە دوایدا بڕیاردرا تاکو ڕێکەوتی ٢١-٦-١٩٨٧ تەواوی لادێکانی کوردستان بڕوخێنرێن، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧ دا ٧١١ گوند ڕووخێنران، کە ٢١٩ گوندیان لە پارێزگەی هەولێر، ١٢٢ یان لە گەرمیان، ٣٢٠ گوند لە پارێزگای سلێمانی و ٥٠ گوندیان لە دەڤەری بادینان بوون.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧-یش شاڵاوی وێرانکردنەکە بەردەوام بوو، تەنیا لە ماوەی ٢ مانگدا لە پارێزگای سلێمانی پێنج سەد گوند ڕووخێنران، ئەمەش بەپێی ڕۆژنامەی سەورەی ئۆرگانی پارتی بەعس بەڵام «ڕوون نییە ژمارەکەی پێشووش لە گەڵیدا بووە یان نا؟» ڕووخاندنی گوندەکان، تا دەستپێکی پرۆسەی ئەنفال بەردەوام بوو.

لە ڕێکەوتی ٣-٦-١٩٨٧ سەرکردایەتی بیرۆی باکووری پارتی بەعس بە واژۆی عەلی حەسەن مەجید نامەیەکی بە هەژمارە ٢٨٣٦٥٠| ئاراستەی لەشکرەکانی ١و ٢ و ٥ ی سوپا و سەرکردایەتی حزبی بەعس و ئەمن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین کردووە، تیایدا ڕێکەوتی ٢٦-٦-

**“ بەپێی نووسراوی سەرکردایەتی فرقەی ڕواندزی پارتی بەعس، هەرکەسێک بێ هۆکار بەشداری ئاماری دانیشتوان نەکات مافی عێراقیبوون لە دەست دەدات ”**

١٩٨٧ وەک دواکات دیاریکراوە بۆ گەڕانەوەی لادێ نشینەکان بۆ ڕیزی نیشتمان و ڕێکەوتی ١٥-٧-١٩٨٧-یش وەک دواکات دەستنیشانکراوە بۆ هەڵگرتنەوە و دوورینەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و قەدەغەکردنی یەکجاری کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری لە ناوچە قەدەغەکراوەکان.

لە دوای ئەو مێژووەوە بڕیاری کوشتنی هەر ئاژەڵ و مرۆڤێک درا، ئەگەر لەو ناوچانە بکەونە بەر دەست. هەروەها نیشتەجێکردنی دانیشتووانەکەیان لە ئۆردوگاکان.

ئەوانەشی لە بڕیارەکە لابدەن، خۆیان بەرپرسیار دەبن، کە ئەم جۆرە هەڕەشانەش لەوکات و زەمانەدا هەڕەشەی مەرگ بوو.

**بڕیاری ٤٠٠٨ ، مانفێستی جینۆسایدکردن**

لە ڕێکەوتی ٢٠-٦-١٩٨٧دا بیرۆی باکووری پارتی بەعس کۆبوونەوەیەک دەکات، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارێک دەدات، کە ژیانی گەلێک بە تەواوی دەگۆڕێت، ئەویش بڕیاری ژمارە ٤٠٠٨ بوو، ئەم بڕیارە مانفیستۆی جینۆسایدی گەلی کوردستان بوو، سەرەتایەکە بۆ دەستپێکی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان بەشێوەی سستەماتیک و نەخشە بۆ داڕێژراو، کوشت و بڕ و دەرکردن خرایە چوارچێوەی بڕیاری فەرمییەوە. بەپێی بڕیارەکە سەرجەم ئەو گوندانەی تاکو ڕێکەوتی ٢٢-٦-١٩٨٧ دەستیان لێنەدرابوو، بڕیادرا بڕووخێنرێن، هەموو ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان بکرێنە ناوچەی قەدەغەکراو، گوندی قەدەغەکراو هەموو ئەو گوندانەی دەگرتەوە، کە لەوکاتەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەربازیدا بوون، ڕژێم تەنیا شار و بەشێک لە ڕێگەکانی بەدەستەوە مابوو، لە ڕوی ئاسایشەوە بڕیاردرا نابێت ئەو ناوچانە هیچ مرۆڤ و ئاژەڵێکی تێدا بمێنێت و ژیانی تێدا یاساغ کرا، هاتووچۆ و کشتوکاڵی تێدا قەدەغە کرا، هێزی ئاسمانی بە چڕی چاودێری زەوییە کشتوکاڵییەکان و ڕێگەکانی دەکرد، ئەوەی بەر بکەوتایە دەکوژرا، سیاسەتی زەوی سووتاندن پەیڕەو کرا، هێزەکان دەستکراوە کران بۆ کوشتنی خەڵکی ئەو ناوچانە لە زەوی و ئاسمانەوە، بڕیارەکە هەوڵدانێک بوو بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەیان لێ بکوژرێت، بە تفەنگ، یان تۆپ، یان ڕۆکێت، یاخود لە ئاسمانەوە، بە چەکی ئاسایی، یان هیشۆیی و کیمیاوی، لەکاتی دەستگیرکردندا لەسەر ڕێگە و بانەکان، یان لە هێرشەکاندا بۆ ناوچەکانیان گوللە باران بکرێن، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ ساڵ بۆ ٧٠ ساڵ بوو، بێ دادگاییکردن بڕیاردرا لە سێدارە بدرێن، دەستنیشان کران بۆ لەنێو بردن، بێ ئەوەی یەک کەسیان لێ دادگایی بکرێت، بەمەش دۆسیەکانیان نەچووە خانەی یاسای تاوانەوە، توانای هیچ داکۆکیکردنێکی یاساییان لە خۆیان



القائد يستقبل توركوت اوزال رئيس وزراء تركيا

بعملية الانفال الثانية

سحقنا الخونة ودمرنا مقراتهم

العدو المجرم يقصف الاحياء السكنية في مدينة السليمانية

“

دەسەڵاتی عەلی حەسەن مەجید هاوتای دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە باکووری عێراق

”

نەبوو، زۆربەی دەستکەوتەکان، کە بەدەست دەهێنران لە سەروەت و سامان بۆ فەوجی جاشەکان و هێزەکانی حکومەتی عێراقی بوون، بەپێی بڕیارەکە، هێزەکانی عێراق بە تەواوی دەستکراوە کران بۆ فەرهود و تالآنی، بەتایبەتی فەوجی جاشەکان، کە ئەوان دواتر ناوی ئەنفالیان لێنا.

بەپێی بڕیاری ٤٠٠٨ تەقەکردن ئازاد بوو بۆ بەئەنقەست کوشتنی هاوولاتیان، بەتایبەتیش خاڵی ٥ی بڕیاری ٤٠٠٨، گفتوگۆی زۆر لەسەر بوو، بەردەوام تەئکیدی لێکراوەتەوە، ئەو خاڵە بریتی بوو لە سێدارەدانی گشتیی»هەموو ئەو کەسانەی لەو گوندانە دەستگیر دەکرێن، لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە، دەبێت لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٧٠ ساڵە پێویستە ئیعدام بکرێن پاش ئەوەی زانیاری بەکەڵکیان لێ وەردەگرترێت و لەکاتی خۆیدا ئاگادار بکرێینەوە».

هەرچی خاڵی حەوت لە بڕیاری ٤٠٠٨ بوو، جاشەکانی سەرپشک کرد لە تالآنکردن» هەموو ئەو شتومەکانەی کەوا فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت، تەنیا چەکە قورسەکان و چەکی پشتیوانی و چەکی مام ناوەندی نەبێت، چەکە سووکەکان بۆ خۆیان دەبێت، بەلآم دەبێت ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی ژمارەکانیان تۆمار بکەین. پێویستە لەسەر فەرماندەی جاقلەکان چالاک بن، بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکان و مەفرەزەکانیان، بە وردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیی»

## بڕیاری ٤٠٠٨ دوای ئەنفال


دوای پرۆسەی ئەنفالیش بڕیاری ٤٠٠٨ کاری خۆی کرد، شاری قەلآدزێ لە ڕێکەوتی ٢٤-٦-١٩٨٩ تەواو ڕووخێنراو بە زەوی قەدەغەکراو ناسێنرا، هەرچەندە لە ڕێکەوتی ٢٣-٤-١٩٨٩ بە بڕیاری ژمارە ٢٧١ی

**بە گوتەی عەلی حەسەن مەجید لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هێزە کوردییەکان لە ٤٠٪ی توانای عێڕاقیان پەک خستبوو**

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەسەڵاتی تایبەتی لە عەلی حەسەن مەجید سەندرایەوە، کە بڕیاری ١٦٠ پێی بەخشیبوو، لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری سەدام حوسێن هەڵوەشایەوە.

## جێبەجێکردنی بڕیاری ٤٠٠٨

بە پێی نامەیەکی نهێنی و کەسی، لە بەڕێوەبەری


٢٨٧

005393

سرية

الى / مدراء النواحي كافة مكرر مديرية شرطة وأمن شقلاوة
ومركز استخبارات شقلاوة

العدد / ٤٢ /

التاريخ / ١٤ / تشرين الثاني / ١٩٨٩م
١٣ / ربيع الثاني / ١٤١٠هـ

من / قائمقام قضاء شقلاوة

علمنا بأن بعض العوائل قد عادت الى القرى المزالة وسكنت فيها وبما أن هذه الظاهرة مخالفة للتوجيهات التي تنص على منع التواجد البشري في القرى المزالة (٠) عليه يرجى اتخاذ كافة الاجراءات القانونية على هذه الظاهرة ومنع سكن المواطنين والرحالة في تلك القرى خلال فترة ثلاثة ايام وبعكسه ستتحملون المسؤولية الكاملة عن هذه المخالفة واعلامنا اجراءاتكم .

رشيد مصطفى كاكه عبد الكريم
قائمقام قضاء شقلاوة
١٤/١١/٩٨٩

> **"چوار ڕۆژ دوای دەرچوونی بڕیارە شومەکەی ١٦٠، بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەسەڵات درا بە عەلی حەسەن مەجید بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٦٠"**

ئاسایشی پارێزگەی هەولێرەوە بۆ هەموو بەڕێوەبەر و ئەفسەری هۆبەکانی ئەمن، بە ژمارە ٣٢٢ لە ڕێکەوتی ٦-٥-١٩٨٧ دەرچووە، هەموو مافێکی یاسایی لە هاووڵاتیانی ناوچە قەدەغەکراوەکان و خێزانی پێشمەرگە سەندۆتەوە، لە ڕێکەوتی ٢١-٧-١٩٨٧ بەپێی بروسکەیەکی نهێنی و خێرا بە ژمارە ٢٥٦٨ لە محەمەد حەمزە زوبێدی سەرۆکی لیژنەی هاوئاهەنگی ئاسایشی ناوەندییەوە بۆ لیژنە ئاسایشەکانی پارێزگەکان، تیایدا داواکراوە بەپێی نووسراوی دیوانی سەرۆکایەتی ژمارە ٢٨١٨٩، کە لە ڕێکەوتی ٢-٨-١٩٨٦دەرچووە، ئابلووقەی لەسەر لادێ و ناوچە قەدەغە کراوەکان توندتر بکرێتەوە و خواردنیان بۆ نەچێت.

کەواتە پێش دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بە ماوەی ٢ ساڵ و ٤ مانگ و ٢١ ڕۆژ هاووڵاتیانی ناوچە قەدەغەکراوەکان، کە هەموو لادێکانی کوردستانی دەگرتەوە، جگە لە سنووری کارگێڕی شارەکان و قەزا و هەندێک لە ناحیەکان و ژمارەیەک گوندی جاش نشین و یارمەتی دەری ڕژێم، ئابلووقەی ئابووری و کارگێڕیی و سەربازیی و یاساییان لەسەر بووە و بۆ لەنێوبردنی بە کۆمەڵ جیاکراونەتەوە، بڕیارەکان بوونە هۆکاری کوشتنی مرۆڤ و ئاژەڵ و سووتاندنی بەروبوومی کشتوکاڵ و سەپاندنی بارودۆخی برسێتی و بێدەرمانی و بێ سووتەمەنی بەسەر دانیشتوانی ناوچە قەدەغە کراوەکان، کە زیاتر لە ٨٠٪ ڕووپێوی ناوچە کوردنشینەکانی دەگرتەوە، بەمەش هاووڵاتیانی سڤیل، ئەوانەی، کە هیچ بەشدارییەکیان نەبووە لەگەڵ هیچ هێزێکی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی بەعس، نەبوونە ئامانجی پاکتاوکردنی بە کۆمەڵ.

هەر لە دوای دەرچوونی بڕیاری ٤٠٠٨ ەوە و پێشتریش سەدان هاووڵاتی سڤیل لە شوان و گاوان و جوتیار و دەست فرۆشی نێوان لادێکان و هاووڵاتیانی سڤیلی گوندەکان و ژن و منداڵ بە کۆپتەر و فرۆکەی جەنگی و کاتیۆشا و گوللە تۆپ شەهیدکران.

ڕۆژانە ناوچەکانیان بە تۆپی هیشۆیی بۆمباباران دەکرا، ئەمەیان ببووە دیاردە لە ڕێگەی تۆپە نەمساوییەکانەوە، زۆرجاریش کیمیابارانیش دەکران نموونە گوندەکانی زێوە و یەک ماڵە و دۆڵی جافایەتی و بالیسان و شێخ وەسانان و ....هتد.

### بریندارەکانی بالیسان

گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسانان تەنانەت بریندارەکانیشیان نەک نەیانتوانی چارەسەر بکرێن، بگرە هەموو کۆمەڵکوژکران» لە ڕێکەوتی ١٦-٤-١٩٨٧ کیمیابارانکران لە ئەنجامدا ١٨٠ کەس بوونە قوربانی و ٥٥٦ کەسیش بریندار بوون، دواتر قوربانییەکان گەیشتە ٢٤٠ کەس، هاوکات ٧٢ کەسیش لە بریندارەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بە کۆمەڵ کوژران» بەمەش لە بری چارەسەرکردن، زیندانیکردن و کوشتنی بریندارانی سڤیل بە دەستی هێزەکانی عێراقی دەستی پێکرد، کە هێشتە کۆتا ماوەی دیاریکراوی میری مابوو بۆ جێهێشتنی گوندەکان، بۆردومانکردن بە چەکی کۆکوژی کیمیاوی و هێشوویی و بەکارهێنانی بەرانبەر بە هاووڵاتیانی سڤیل، ئامرازێک بوو بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی مرۆڤ و سزادانی بە مردنی بە کۆمەڵ و تێکدانی ژینگە.

### هاووڵاتیانی لادێکان هەموویان بوونە ئامانج

فەرمان درا بە لەشکر و هێزە چەکدارەکانی دیکە، گوندەکان بە خەڵکەکەیەوە  بە هەموو جۆرە چەکێک لە زەوی و ئاسمانەوە بە ڕەهایی بۆردومان بکەن، کوشتنی هەموو هاووڵاتیانی سڤیلی دانیشتووی ناوچە قەدەغەکراوەکان ڕێپێدراوی فەرمی بوون، ئاژەڵ و ژینگە و سروشتیشی گرتەوە، تەنانەت هاووڵاتیانی پیر و پەککەوتە و منداڵ و سڤیلی نەخۆشیش، ڕێگەگرتن لە چوونی خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی

و پێداویستییە مرۆییەکان بۆ گوندە قەدەغەکراوەکان توند کرایەوە و سزای مەرگی بۆ دیاریکرا، بە تاوانی پێشێلکردنی بڕیار، دەیان هاووڵاتی بە لەسێدارەدان سزادران، لەم بارەیەوە بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراقی گەواهیدەرن، لەسەر بردنی خواردن، خەڵکێکی زۆر شوێن بزرکران و جارێکی نەبینرانەوە.

نووسراوی ژمارە ٥٠٨٣، کە لە ڕێکەوتی ٢٢-٧-١٩٨٧ لە بیرۆی باکوری پارتی بەعس دەرچووە، ئاماژەیەکی بە ئاشکرای لە سێدارەدانە، لە دەرەوەی دادگا و لادانە لە پەیماننامەی جنێف بۆ پاراستنی دیلی جەنگ، کە تیایدا هاتووە لاریمان نییە لە سەربڕینی ڕاستەوخۆی خیانەتکاران، بەڵام باشترە وایە بیاننێرن بۆ ئاسایش، تا زانیارییەکانیان لێوەربگرین.

کەواتە پێش ئەنفالیش گوللەبارانکردنی دەستگیرکروەکان بە گروپ و بە تاک کاری ڕۆژانەی ڕژێم بووە.

### بۆچی جاشەکان هەموویان تاوانباری بەشداری ئەنفال-ن؟

لە ڕێکەوتی ٨-٩-١٩٨٧ بە نووسراوی ژمارە ٥٧٣١ی بیرۆی باکوور، بڕیار درا تەنیا لە ٥٠٪ی پێکهاتەی فەوجە خەفیفەکان، لە بارەگا جێگیرەکانیان و ڕەبایەکان بمێننەوە، ئەوی دی بەکار بهێنرێن بۆ پەلاماری گوندە قەدەغەکراوەکان، بۆ ئەوەی پەلاماری پێشمەرگە و دانیشتووانە سڤیلەکەی بدەن، لە هێرشەکاندا پێش سوپا کەوتن، بەشداریان کرد لە پەلاماری هاووڵاتیانی سڤیلی لادێ نشین، خانووی هاووڵاتیانیان ڕووخاند، مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەیان وێران کرد، لە تاڵانیش دەستیان نەپاراست، بڕیاری ٤٠٠٨یش لەو بارەوە ئازادیانی کرد لە تاڵانکردن. واتە بەردەوام چارەکی کۆی ژمارەی فەوجە خەفیفەکان لە ماوەی ئەو ٣٦٤ ڕۆژەدا، لە تەواوی کوردستاندا لە ئەرکدا بوون، وێڕای چارەکێکی زیاتری دیکەیان بەردەوام لە بارەگە و ڕەبایەکاندا پارێزگاری حکومەتیان دەکرد و ڕێگەکانیان دەپاراست و لەسەر ڕێگەکان بۆسەیان بۆ پێشمەرگە و هاووڵاتیان دادەنایەوە، دەیان و سەدان تاوانی جەرگبڕیان لەو بۆسانە ئەنجامدا. لە تەواوی پرۆسەی ئەنفالەکان و قۆڵەکانییەوە، سەرەتا جاشەکان چوونەتە گوندەکان و هەڵەت و شیو دۆڵ و نێو ئەشکەوتەکان و سەر چیاکان دواتر سوپا، بەمەش دەردەکەوێت تەواوی فەوجی جاشەکان لە پرۆسەی ئەنفالدا لانی کەم چەندین جار بەشدارییان کردووە و هاوپشکن لە تاواندا، تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی جینۆساید، ناویان لە لیستی تۆمەتبارانی ئەنفال نووسرابێت یان نا.

### سەرژمێری و جیاکردنەوەی فەرمی خەڵکەکە

لەسەرو بەندی شەڕی عێراق ئێران، لە ڕێکەوتی ١٧-١٠-١٩٨٧ سەرژمێری نیشتمانیی تازە لە عێراقدا ئەنجامدرا، ئەم ئامارکردنە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە دەست نیشانکردنی گروپی ئامانج بۆ لەنێو بردنیان، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق و دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، هەرکەسێک لەو سەر ژمێریەدا ناوی تۆمار نەکرابێت، وەک هاووڵاتییەکی بێگانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەوانەی بەشدارییان تێدا نەکرد، دەرکەوت دانیشتووی ناوچە قەدەغەکراوەکانن، یاخود هەڵاتوون.

هیچ فەرمانبەرێکی ئامارکردن نەچوونە ناوچە قەدەغەکراوەکان، بەمەش ئەو بەشە لە هاووڵاتیان ناسنامەی عێراقی بوونیان لە دەستدا، لە مافەکانی هاووڵاتیبوون بێبەشکران، پسوولەی خۆراکیان بۆ تازە نەکرایەوە، دیاریکران بۆ ئەنفالکردن.

پارتی بەعس گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری بە سەرژمێری ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٧ دا. بەپێی نووسراوی سەرکردایەتی فرقەی ڕواندزی پارتی بەعس بە ژمارە ١٠٧٤ لە ڕێکەوتی ٤-٧- ١٩٨٧، هەرکەسێک بێ هۆکار بەشداری ئاماری دانیشتوان نەکات مافی عێراقیبوون لە دەست دەدات و بە ڕاکردوو

“
پارتی بەعس گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری بە سەرژمێری ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٧ دا.
”

له سوپا دێته هەژماردن، بەمەش بڕیاری دواتری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە ٦٧٧ ی ڕێکەوتی ٢٦-٨-١٩٨٧ ی بەسەریدا جێبەجێ دەکرێت کە لە سێدارەدانە.

بەپێی نووسراوی بیرۆی باکووری پارتی بەعس بە ژمارە ٤٣٥ لە ڕێکەوتی ٨-٩-١٩٨٧، نووسراوی بیرۆی باکووری نهێنی ژمارە ٤٣٥ کە لە ڕێکەوتی ٨-٩-١٩٨٧ دەرچووە، ئاماژە بە ئەنجامدانی کۆڕ و سمیناری جەماوەریی دەکات لەسەر گرنگی ئاماری دانیشتووانی ڕێکەوتی ١٧-١٠-١٩٨٧ لە نووسراوەکەدا هاتووە ئەوەی بەشداری نەکات لە ئامارکردنەکە بێ هۆکار مافی عێراقیبوون لە دەست دەدات و بە هەڵاتووی سەربازی دادەنرێت، واتە ئامارکردنەکە هاووڵاتیانی عێراقی و نا عێراقی لەیەک جیادەکاتەوە، ئەوەی بەشداری نەکات مافی هاووڵاتیبوونی لێ دەسێنرێتەوە. بەمەش بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە ٦٧٧ی ڕێکەوتی ٢٦-٨-١٩٨٧ ی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، کە سزای هەڵاتووان لە سێدارەدانە، جێبەجێکردنی لە لایەن ڕێکخراوە حزبیەکانەوە بەسەر هەڵاتووانی سەربازی زیاتر لە ساڵێک.

هەروەها هاتنەوەی هەڵاتووان و تێکدەران بە لێبووردن لە ڕێکەوتی ٦-٩-١٩٨٧ ەوە بۆ ڕێکەوتی ١٧-١٠-١٩٨٧ بەبێ هێنانەوەی چەک نابێت، دوای ئەو ڕێکەوتە بە چەکیشەوە بێنەوە لێبووردن نایانگرێتەوە، لە ١٨ی مانگەوە بڕیاریان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، خۆی و بنەماڵەکەی وەک خێزانی تێکدەر سەیر دەکرێن.

سەندنەوەی ناسنامەی عێراقی و دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی ئەو خێزانانەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە دەکەن، لە نووسراوی سەرکردایەتی شوعبەی سەڵاحەدینی پارتی بەعس بە ژمارە ٢٦٤٨-٦ لە ڕێکەوتی ١٢-٩-١٩٨٧دا هاتووە، وەک سزادانی توندی بنەماڵەی پێشمەرگە.

> **"بڕیاری ژمارە ٤٠٠٨ مانفیستۆی جینۆسایدی گەلی کوردستان بوو"**

بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید بڕیاردرا جیاکردنەوەی خێزانەکان پێش ڕێکەوتی ١٥-٩ بکرێت، کەسوکاری پێشمەرگە دەربکرێن، جگە لە نێرینەی نێوان ١٢ بۆ ٥٠ ساڵ ئەوانەش بۆ سزادان هێڵدرانەوە.

وێڕای ئەوە لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا بڕگەی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بەشدارانی تێدا زیادکرا، وەک هەنگاوێک بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی لە کوردەوە بۆ عەرەب، بەتایبەت لەو ناوچانەی بۆ تەعریب دیاریکرابوون، ئەمەش زۆر خێزانی لە ڕووی نەتەوایەتییەوە بێ بەش کرد، کە کەسی پلە یەک و دووی یەک بوون، خۆیان بە نەتەوەی جیا نووسی.

هەروەها ئامارکردنەکە هەنگاوێکیش بوو، بۆ دۆزینەوەی ئەوانەش، کە بە قاچاخ بێ ڕێگەدانی میری، لە ناوچە قەدەغەکراوەکانەوە چووبوونە نێو شارەکان و لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان نیشتەجێ نەبوون و خۆیان بە دەستگە ئەمنی و حیزبیەکان نەناساندبوو. هاووڵاتیانی نیشتەجێکرا و مافی گۆڕینی ناوونیشانیان نەبوو، تەنانەت لە هەندێکیان پەیماننامە سەندرابوو، کە ئامادەی لە سێدارەدانن، ئەگەر ناوونیشانیان بێ پرسی دەزگە ئەمنیەکان بگۆڕن، ئەمە دوای لێبووردنەکەی ڕێکەوتی ٦-٩-١٩٨٨ بۆ پێشمەرگە گەڕاوەکان بووە گشتیی.

لە ڕێکەوتی ٩-١١-١٩٨٧ بە بڕیاری ژمارە ٦٤٧٦ی بیرۆی باکووری پارتی بەعس، ئەوەی بەشداری سەرژمێریەکەی ڕێکەوتی ١٧-١٠-١٩٨٧ ی نەکردبێت، ناوی لە دەزگە فەرمییەکان نانووسرێت، تەنیا بە ئاگاداری بیرۆی ناوبراو نەبێت، بەمەش مافی هاووڵاتیبونیان لێ دەسەنرێتەوە و مافەکانیان زەوت دەکرێت و دەکەونە بەردەم مەترسی سزای پیاوانی ئاسایش.

# ئەدەب

- **تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خوود (بەشی یەکەم)**

عەلی شێخ عومەر

- **تارمایی ناو تەم**

حەسەن هەندرێنی

- **زارۆک و بەرد و خەون**

ئەحمەدی مەلا

# تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خوود

عەلی شێخ عومەر

بەشی یەکەم

«پەرتەوازەی ئێرەو ئەوێکانی ڕەوان»[1] ڕۆمانێکی عەبدوڵڵا سەراجە. ئەزموونی دێڕینی عەبدوڵڵا سەراج لەمەر نووسینی کورتە چیرۆک، تەژییە بە تەکنیک و بە بنەماکانی چیرۆکی نوێ، هەر لە گەمەی زمانەوە بیگرە تا دەگاتە فانتازیا، هێما و ئەفسانە، ئەمە جگە لە ڕەگەزەکانی گەیاندن، چۆن لە ئەدەبی کوردیدا، ئاساواری دەستڕەنگینی ئەم نووسەرە لە چیرۆکدا دیارە، بە هەمان شێوەش پێم وایە لە نووسینی ڕۆمانیشدا درێغی نییە، توانیویەتی زیندوویەتی دەقی ڕۆمان بپارێزێت، پرسیار دروست بکات، ئەم ڕۆمانە، کە دەگەڕانی بۆ دەکەین، یەکێکە لەو دەقانەی لەنێو ئەفسانە و فانتازیادا چاودەکاتەوە، لە مێژوو و یادەوەریەکدا باس لە نامۆبوون دەکات، ناوونیشانەکەی هەڵگری ناسنامەی ڕۆمانێکی ئەزمونگەرییە چەشنی ڕۆمانەکانی ناتالی ساروت، میشیل بۆتۆر، ئەلان ڕۆب گرییە، مارسیل بروست و جێمس جویس، لەم ڕۆمانەدا ڕووداوەکان چڕدەبنەوە، دەنگی نووسەر لە دەرخستنی بابەتەکاندا دیارە، ئێرەو ئەوێکان، ئاوەڵکرداری فرمانی شوێنییە، ئێرەی نزیک، ئەوێی دوور، بە مانایەکی دی، لە کردەی گێڕانەوەدا ئاماژەیە بۆ شوێنکاتی جیاواز، هەر لە دەستپێکەوە، نووسەر فۆرمۆڵەی ڕایەڵەکانی گێڕانەوە بە ڕۆچوونەوە دەبەستێ، لەنێو پەرتەوازەبوونی ئێستای گێڕانەوەدا، داگەڕانێ بۆ بیرەوەرییەکانی دەکات، هەر یەکەو بە تەنیا مانایەکیان پێدەبەخشێت، لە ناجێگیریی ڕیاڵەوە بۆ خەونی جێگیربوون، لە بازدانێکی بەردەوامەدایە، کە لەنێو هەر تاکێکی کوردبووندا ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە، باسی شوێنە لە ناشوێندا، لە پۆلێنکردنی ئاراستەکانی دەقی گێڕانەوەدا، لە کردەی بەش بەشکردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، ئاماژە بە ناولێنانیان و بە دەسبژێری چەند شاعیر و نووسەری دیاری ئەدەبی کوردی دەکات.


وەک ڕەفیق سابیر، ئەحمەدی مەلا، شێرکۆ بێکەس، فەرهاد شاکەلی، سەباح ڕەنجدەر، لەتیف هەڵمەت، مهاباد قەرەداخی، فەرهاد پیربال.

عەبدوڵڵا سەراج بەنێوی هەڵۆی چەرموو ناوی هاتووە، ئەم ئاماژەپێکردنە هیچ نییە، جگە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە تێزی جێگرییەک، لە هەربەشێک بە کۆپلەی شیعری یەکێک لەم شاعیرانە، کۆڵکەکانی دەقی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی لەسەر بونیاد دەنێت، ڤیزایەکە، ناسنامەی پەڕینەوەی بابەتی دەقەکە هەڵدەگرێ، هەرجارە و بە جۆرێک لە ئێرە و ئەوێکدا لە سنووری خۆسازییەوە، بابەت بە خودی نووسەرەوە دەبەستێ، پەرتەوازەی، پچرپچری بەشەکانی، گفتوگۆی لەتەک ڕابردوودا، توانەوەو ئاوێتەکردنی لەنێو ئێستادا، ئێمە ناچاردەکات لەژێر ڕۆشنایی هەر بەشێکدا، لە شوێن و کاتی جیاوازدا، ڕووبەرووی پارچەیەک لە نووسینی ڕۆمانەکە ببینەوە، ئایا بوونی ئێمە وەک وەرگر لەنێو دەقدا، پەرشوبڵاو دەبێتەوە، یان پەرشبوون و پارچە پارچەبوونی دەق، لەنێو ئێمەدا، خۆی کۆدەکاتەوە و چەقی جێگیربوون پێشێل دەکات؟ لە گەمەیەکی لەزگیندا بە تەکنیکی هەمە جۆر، ئێمە لە چەقبوونێ ڕزگاردەکات، کە لەتەک پەیامی ڕۆمانەکەدا یەکنایەتەوە؟ لە پاژە جیاوازەکانی ئەم ڕۆمانە واقیعمان هەیە؟ واقیع چەند لە ڕووداوەوە نزیکە، بەڵام بە کۆپیکردن نانووسرێتەوە، لە خەون و خەیاڵ نزیک دەبێتەوە، ئاوێتەی فانتازیا دەبێت، لە ڕێگەی زمانەوە بە هەست و نەست گەمەی خۆیدەکات، لە هەر بەشێکدا پەیوەستە بە کۆپلە شیعری شاعیرێک، تێیدا ئاسۆکانی دەق ئاشکرا دەکات، لەو چوارچێوەیەدا مانا بە بوونی خۆی دەبەخشێت، سوودیان لێوە وەردەگرێت، هەر یەکێک لەم بەشانەی ڕۆمان، کلیلێکە ڕووبەرێک دیاریدەکات، هەر خوێندنەوەی وەرگرێک ڕەنگی تایبەتی خۆی دەداتێ، دیاریکردن و هەڵبژاردنی هەر ڕەنگێک دەرکردنی ڕەنگێکی دیکەیە، بەم پێیەش شقڵی وتاری ڕۆمان بەردەوام بەپێی کۆپلە شیعری شاعیرەکان و بەشەکان هەمیشە لە گۆڕان و خۆجیاکردنەوەدایە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت، هەموو جیابوونەوەیەک

ساتێکی گەڕانەوەی هەیە، گەر بە دیوێکدا جیابوونەوە بخوێنینەوە، بە دیوێکی دیکەدا، لە یەکبوونێکدا وتاری میتارۆمانێکی فرە دەنگی فرە بۆ چوون بەدی دەکەین، لکاندنی بەشەکان و ئاوێتەکردنی ڕەنگەکان تابلۆی چەندین درز لە زەمەن دا دەردەخەن، لە هەر درزێکدا ئاماژە بە کۆپلە شیعری یەکێک لەو شاعیرانە دەکەین، کە بوونەتە جێی سەرنجی عەبدوڵڵا سەراجی ڕۆماننووس، لە سەرەتاوە کۆپلە شیعرێکی «ڕەفیق سابیر» دەکاتە دەروازەی خۆناساندن، بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، خۆی پێشکەش بە خوێنەردەکات، بەوەی ناوی هەڵۆی کاکۆڵی چەرمووە، لە هەندەرانە، لە وڵاتی ئەسکەندەنافیا دەژی، لە ئێستادا مژۆڵی نووسینی ڕۆمانێکە، هەر لە سەرەتاوە بە ڕێچکەی مۆنۆلۆگی ناوەکییەوە، خودی نووسەر لە منی بگێڕەرەوە جیادەکاتەوە، ڕۆڵی گێڕانەوە دەسپێرێ بە منی بگێڕەرەوە، بەم کردەیەش ڕووداوەکان لە جیهانی ناوەوە دەگوازێتەوە بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی، لە جیهانی دەرەوەدا، منی بگێڕەرەوە هەست بە بوونێکی ئازادتر دەکات وەک ئەوەی لە ناوەوەی خۆی بێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، پاش ململانێیەک دەکەوێتە ڕێکەوتنێ، دەڵێت: لەنێو زماندا تۆ منی منیش تۆم، بوونمان لە دەقەکەیە، ئینجا دوای ناوبڕێک لە بێدەنگی، بە دەرخستنی گرێچنێک، بە پاسی ژمارە ٢٠ ی هیرڤانتا لە ئێرۆکانە باس لە گەڕانەوەی هەڵۆ دەکات بۆ سەنتەری شار، کە لە دووهەمین نهۆمی ئاپارتمانێکی شەش نهۆمیدا دەژی، ئیدی بگێڕەرەوە سەبارەت بە ژانوژۆی جێگیربوون، ڕۆدەچێتە نێو چەند گێڕانەوەیەکی ژیانی هەندەران، چۆن هەر یەکیان دەڕوانێتە خۆی، چۆن لە لێکدانەوەی منی باڵا، سەرانسەری ژیانیان بووەتە ژمارە، بە پچڕاندن، کورتبڕی ڕووداوەکان، لە گەڕانەوەی پاسەکە، وەستانی پاسەکە، سەرکەوتنی هەڵۆ لە تێپەڕاندنی کاتدا، هێمای پیاهاتنەوەی شوێنە، تراژیدیای گۆڕینی وێستگە، پێکوتی کاتی تەنیایی و فرمێسکە، لەنێو بەستەڵانی شارستانییەکی دڵڕەقی پڕ لە ژمارە دا، دیدەی گەرمی نامۆبوونە، نووسینی منەکانی نێو ناخی خۆی، دەرخەری هەڵوێستێکە، بەسەرهاتی گێڕانەوەی ئەو منەیە، کە من لە تۆ جیادەکاتەوە، ئینجا باس لە ڕۆمان دەکات «گوایا ڕۆمان ئاوێنەیەکی گەڕۆکە بە کۆڵان و شەقاماندا»ل١٠

وێناکردنی ڕۆمان وەک ئاوێنەیەکی ناجێگیر و گەڕۆک، دابەشبوونی شوێنە، بێ ئومێدبوونە لە نەگەڕانەوەی منی بگێڕەرەوە بۆ زێدی خۆی، بۆ نیشتمان، هەڵبژاردنی ئاوێنەی گەڕۆک لێکچواندنی بە ڕۆمان، پەناهەندە ناخاتە نێو ناسنامەی نەتەوایەتی، بەخشینی پاساوێکە بۆ پەرتبوونی یەکەی شوێن لە یەکەی ڕووخساردا، شکاندنی وێنەی ڕووخسارە لە شوێنی ناساندندا، زەقبوونەوەی درزەکانی تەنیایی و ئاوارەبوونە، ڕەنگدانەوەی وێنەی مرۆڤی ناجێگیرو گەڕۆکە، بچووککردنەوەی مرۆڤە، بەرادەیەک حیکایەتخوان، یان بگێڕەرەوە کە کارەکتەری سەرەکی و بنووسی ڕۆمانە، بە لێکچواندنێک لە جێکاتی ئێستادا، هێڵێکی ڕەشی ڕێڕەوی مێرۆچکە لەگەڵ جێکاتی ڕابردوودا، بە کۆڕەوە ملیۆنییە بەهارییەکەی نەوەدو یەک دەچوێنێ، بە کردەی فلاشباک دێتە بیری، بە خاو وخێزانەوە کۆڵ و باریان، ڕاپێچی ئاوارەیی بوون.

لە ڕۆمانی نوێدا ماهییەتی مرۆڤ لە یەک قاڵبدا شقڵناگرێ، لە یەک ئەگەردا، کۆناکرێتەوە، لە ئاوێتەبوونی لەتەک جیهانی دەرەوە دا، پرۆسەی زیندووبوونەوەی گێڕانەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەگوێزانەوەی دیمەنی ڕێڕەوی مێرۆچکەکان لە خودەوە بۆ بابەتێکی مێژوویی، جێکەوتی ڕایەلەکانی خود و بایەخیش لە



عەبدوڵڵا سەڕاج

ئازووخەی نەنووسین، بوون بە بەشێک لە هەستکردن بە کۆچڕەو و برسییەتی، گرێی ئەم هەستکردنە کاتێک لە شوێنێکی داخراوەوە ڕووی کردووەتە شوێنێکی کراوە، وەک ئاوارەیەک دووچاری کەنارکەوتن و بێهوودەیی دەبێت، دەمێ بیر لە ئەفسانەی سیزیف دەکاتەوە، دەمێکی دی لە وێنەیەکی دژواردا سروشتی دەرەوەی ئێرەی بەفرستان بەراورد بە ئەوێی ناخی پڕ گریانی خۆی دەکات، لە لایەکی دیکەوە، لە ڕێگای مارمێلکەیەکەوە باس لە هەڵخلیسکانی میتافۆرس دەکات، لە دواجاردا وەک نەرسیسێک بە کردەی لادانێک خۆی لە کردەی بەدگۆڕانێ جیادەکاتەوە، چۆن لە هەڵۆی گەنمڕەنگی دوو پێ دەبێتە هەڵۆی کاکۆڵ.

ئەمە بە بەدگۆڕان نازانێت، بەدگۆڕان ئەوەیە ببێتە سیسرک، دووپشک، ئەم بازدان و پچڕپچڕ بوون و جیابوونەوەیە، لە ئاست گواستنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی تەقلیدیدا لادانێکی سروشتییە، لە گۆڕانکارییەکی

***ئەم ڕۆمانە، کە گەرانی بۆ دەکەین، یەکێکە لەو دەقانەی لەنێو ئەفسانە و فانتازیادا چاوەدەکاتەوە، لە مێژوو و یادەوەریەکدا باس لە نامۆبوون دەکات***

هەمیشەییدا خۆی دەبینێتەوە، خاڵی چەسپاوی تێدا نییە، ئەوەی ڕوودەدات زیاتر لە ڕۆمانی تەوژمی ئاگاییدا بەدی دەکرێت، لە بەفرستانی ئێرەوە بە فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، چۆن بەفر و دۆشاوی ترێ تێکەڵ دەکەن و دەیخۆن.

هەڵۆ هەر لەنێو پاسەکەوە، بەگوێرەی کات، گۆڕینی شوێن لەگەڵ گۆڕینی وێستگەکاندا، خەیاڵ و یادەوەری لەنێو نۆستۆلوژیادا گوزەردەکات، گرتەکان دەگۆڕێت، دێتەوە ئێرە، باس لە کۆرسی فێربوونی زمان دەکات، دەپچرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. بیست ساڵ بەر لە ئێستا، لە ناوچەی بالیسان سەردانی شوان و سامانی کوڕی کردووە، دوایی باس لە خانەنشینی خۆی دەکات، دیاردەکانی پانتایی جووڵەی پاس لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، یەکێکە لەو دیاردانەی وێنەکانی شوێن بە یادەوەرییەکانییەوە ڕەنگرێژ دەکات، یان هۆیەکە بۆ درێژبوونەوە و ڕاکێشانی ڕووداو، کە خۆی لە پەرتبوونی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە نمایش دەکات.

بەم پێیەش کارەکتەری ڕۆمان، نیمچە نەبوونێکە ڕووخساری ڕەنگە نەزانراوەکانی دەق هەڵدەگرێ «کەسایەتی لە ڕۆمانی تازەدا نەبوونە، یان نیمچە نەبوونێکە ڕووخساری لەنێو نەزانراوەکانی دەقدا تواوەتەوە، کە بە تەم و چڕبوونەوە دەناسرێت»[٢]

سەرنج بدە چ کورتبڕی و چڕبوونەوەیەک و بازدانێکە، یەکسەر لە باسی خانەنشینیەوە دێتە وێزەی لە دایکبوونی خۆی، کە باوک و دایکی چۆن ناویانناوە هەڵۆ، لە دوای هەژدە ساڵی چۆن بە نمایشێکی زانستیی باس لە کرۆمۆسۆم دەکات، ناوی هەلالەی خوشکی دێنێ، دەچێتە سەر پوورە هەمینی مامان، دێتە سەر دابڕان و تێکچوونی شیرازەی خێزان، پەرتبوونی جوگرافیا، کەرتبوونی دەروون، خۆی و هاوسەرەکەی بە تەنیا لە بەفرستانن، چوار کوڕی لە کەنغەرستانە، پێنجەم لە قەڵاتەکەی ئارابخا بوو، بە ناچاری ئێستا لە قەڵاتەکەی ئەرپابیلۆیە، کچە گەورەکەی لە هارلمی هۆڵاندایە، ئەوی دیکەیشی لە یۆتۆبۆری سویدە، دەکرێ ئێرانەی غەریبی بە شەست و شەش هەزار گۆماو، قەرەبووی زەریاچاکانی وان و زریبار و دوکان و دەربەندیخان بکاتەوە، هەستی تەنیایی، دابڕان لە زێدی خۆی، بە دیوێک زەمینەی بەراورد دەبێتە بزوێنەری تێگەیشتن و ڕامان و پرسیارکردن، بە دیوێکی دی، دەبێتە هەستی ونبوون، بەختیار عەلی دەڵێت: «ونبوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێکە»[٣]

کەس نەیتوانیوە وەک عەبدوڵڵا سەراج گوزارشت لە هەستی غەریبی بکات، تووڕەبوونی ئەم لە دونیایەکە، نە ترادیسیۆن یەکخەرە لەتەک کلتوری ئەم، نە دەتوانێ بێتەوە جیهانی ڕابردوو، نە دەتوانێت لێی دەرچێت، ئێستا ئەم پەناهەندەیە، لە وڵاتێکی جێگیر ناجێگیرە، زێدی ڕەسەنی خۆیشی ناجێگیرە، نە ئەو، نە ئەو کوردستانەی، کە جێیهێشت وەک جارانە، نەک ئێرە و ئەوێکان، ئەم و ئەوەکانیش تێکچوونە، ئەوەتانێ هەڵۆ بە زمانی خۆی پێی لێدەنێت و دەڵێت: «نەگوزەران لەناو ئەم زەلکاوی سۆزانییەدا دەسازێ»

لە کاتێکدا «بکوژ دادوەر و بەرژەوەند سەرکار و نیشتیمان هەراجخانەیە! گەندەڵستانە!»ڕۆمان لا٢٢

تەنگەژەیەکی گیرە، گرێیەکی بووناگەرییە، مەگەر بە

کردنەوەیەکی ڕەمزی ڕایەڵەکانی گێڕانەوە بگۆڕێت، لە وەهمێکدا خۆی لە واقیع دابڕێت، خەیاڵێک هەیە، فانتازیایەک لە یادەوەریدا دەخوێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتای منداڵی، لە گرتەیەکی فانتازیدا خۆی دەچوێنێ بە هەڵۆی ڕاستەقینە، خۆشی بە ڕاشکاوانە لەنێو دەقی نووسراودا، پێداگری لەو دۆنادۆنکردنە دەکات، بە ڕۆح و ڕووخسار و خەسڵەتی هەڵۆوە، ڕێگە بە خۆی دەدات، باس لە چیاکانی پیرەمەگروون، قەندیل و حەسارۆست دەکات، لێکچواندنی ئەم تەنیا جەستەیی نییە، بەڵکو ڕیزپەڕی بیروباوەڕیشە، بە گیانی زەردەشتییانە ناخی خۆی دەدۆزێتەوە، بە (انا حق) ستایشی خۆی دەکات، پیتی (ە) پیرۆزدەکات «چونکە لەتوونی هات و نەهامەتی و..هەرەس لە هەمبانەی وەهم ئەم هەموو(ە) بەسە، هی تریش هەیە»

ئەمە باسی بەشێکی ژیانی بوو، نۆستۆلۆژیای گەڕانەوە بۆ ڕابردووی شوێن دەکاتە چەردەی دووهەمی جەستەی ڕۆمانەکەی بە کۆپلە شیعرێکی «ئەحمەدی مەلا»ی شاعیر جومگەکانی پێکەوە دەبەستێ لە ڕێگەی گێڕانەوە، نەخشەیەکی شاری کەرکوک دروست دەکات، بە کووچە و کۆڵانەکانی ئاشنامان دەکات، بگێڕەرەوە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک چاودێری کەسێتیەکانی دەکات، تەنیا لە ڕووی دەرەوە دەیانناسێ.

ئەمەش وادەکات، کە بەشێوەی دیالۆگ بدوێت، لە سەرەتاوە وەک کۆچبەرێ ستەملێکراو بە پاراتێکست لە مێژوویەکی تاریکیدا باس لە ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی شاری کەرکوک دەکات، لەنێو پرۆسەی تەعریبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیادا، لە کردەی ڕاگواستندا دەخرێتە بەر بژاردەی هەریەک لە شارەکانی ڕومادی، عەمارە، هەولێر و سلێمانی، لەبەر خاتری پۆلای کوڕی، کە لە زانکۆی هەولێر دەیخوێند، شیلانی کچشی هەر دەبوو لەوێ وەرگیرێ، بە ناچاری کە لە کەرکوک دەردەکرێن، هەولێر هەڵدەبژێرێ، دیفاکتۆی دەرکردن بە کردەیی دەبێتە ڕۆنانێک بۆ باکگراوندی ڕۆژانێ نزیک، هێشتا لە کەرکوک بوو، شوێن و کووچە و کەلەبەرەکانی شار، لە ڕێچکەی چەمکی فینۆمینۆلۆژیاوە بوونەتە بەشێک لە هەست و خوستی، خولیای گێڕانەوەی زیندوو دەکاتەوە، باس لە دەستەیەک لە هاوڕێکانی دەکات، چۆن لە چایخانەیەکی هاوێنەی سەر شەقامی جمهوری، بەرانبەر سینەما سەلاحەدین مێزگردیان دەکرد، ئەم چایخانەیە تەنیا شوێنی یاری و کات کوشتن نییە بەڵکو لە ناساندنی ڕەفتار و بیرۆکەی جیاوازی کەسەکان دا، بەهاو پێوەرێ گشتییە، دەرکەی ڕۆچوونێکە، چایخانە لە شێوە سەرەتاییەوە دەگوازێتەوە بۆ کۆدێک ئاماژە بە دەسەڵات و چەوساندنەوە دەکات، ئینجا وەک شارەزایەک، چۆن لەو دەرچەیەوە، زەمەن دەگەڕێنێتەوە، دەمانبات بۆ شوێنەکانی دیکە، وەک ئاوپڕژێنی حەوزی سێ پەیکەری ماسییەکانی کۆشکی کۆنینەی کۆنسوڵی بەریتانیا، نشینگەی موتەسەریفی شار، کۆشکلی ڕەحیماوە، ڕێگەی موسڵ، چوارڕییانی ئەحمەد ئاغا.




دێتەوە زۆر بە وردی شوێنی چایخانەکە دیاری دەکات، باس لە ڕاپۆرتنووس و پیاوانی دەوڵەت دەکات، چۆن لەبەر جیاوازی نەتەوەیی چاودێری بگێڕەرە و هەڵۆ و هاوڕێکانی دەکەن، لەوانە مامۆستا هەیاس، حەمید، غەفوور، سەلیم، لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە وەک ڕازگرێک باس لە توندوتیژی ڕژێم دەکەن، هەر لە زمانبڕین و چاوهەڵکۆڵین گوێقرتاندن، پارەی فیشەکی ئیعدامکردن لە دایک و بابێک، کە جگەر گۆشەکەی گوللە باراندەکرێ..هتد

قسە درێژدەبێتەوە، باس لە تاوانەوە دێتە سەر چۆنییەتی سزادانی ئەنجامدەرانی تاوان، تا دەگاتە ئەوەی بە چ شێوەیەک باشە سەدام سزا بدەن، عیسا باپیرە گەورەی هەڵۆیە، لە قەڵاچۆلانەوە هاتوون بۆ گەڕەکی کانێسکان، ژن و ژنخوازیان لەگەڵ ماڵی شێخ کاکەمینی خاڵی قەرداخی دا کردووە، لە دواییدا لەتەک ئامۆزا و پورەزاکانی هاتوون بۆ گەرمەسێر، لە پاش گرانی گەورە، حاجی مەجیدی باپیری هەڵۆ یەکێک بووە لە هەڤاڵانی سمکۆ شکاک، لە پاش شکستی ڕاپەڕینی جوانمێرە، سمکۆ مەدالیایەکی پێدەبەخشێت، دێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، لە سەردەمی ڕەشید عالی، لەبەر نەبوونی و گرانی، مەدالیایەکەی بە پەنجا دینار بە ئەرمەنییەک دەفرۆشێت، دوایی هاتوونەتە گوندی سۆربەشی خدر پاشای دەشتی دزەییان، لە جەنگی دووەمی جیهانی، هاتوونەتە کەرکوک، باوکی هەڵۆ لە سەرەتای پێنجەمی سەدەی بیستەمدا لە گەڕەکی پیریادی کەرکوک لە دایکبووە، هەڵۆ لە بیریەتی لە خانووەکەی سەیسەروەر دا بوون، هەر لەوێش

**هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە چینە قووڵەکانی نەستەوەش لە هەندەران، بەرزاییەکەی کڵێسە سوورەی ئەوێ بەراورد بە بەرزاییەکەی هێرڤانتای ئێرانە دەکات**

پارچە زەوییەک دەکڕێ وبونیادی دەنێت، لە خوارەوە بەرتەکییە لە دامێنی گۆرستانی ئیمام موحەممەد-ە، هەڵۆ تازە گوێزرابووە قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان، کە هاوشانی تەکیەی شێخ نورەدینە، ئینجا دێتە سەرباسی گۆڕستانی قرخلەر، کە چوار گۆڕستانە، گۆڕستانی ئیمام موحەممەد و شێخ محێدین و شێخ ساڵح تەکیەی تاڵەبانیی پێکەوە گرێدەدەن، لەوبەریش کڵێسە سووری کلدانیانە، گێڕانەوەی ئۆتۆبایۆگرافیایی ژیانی هەڵۆ تێکەڵییەکە لەنێوان شوێن و مێژوویەک لە ڕاگواستن و چەوسانەوە، ڕەنگدانەوەی ستراکتۆری خێزانی هەر ماڵێکی کوردە، لێرە و لە ئەوێکانی پەرتەوازەبوونە، ئەوەتانێ لە گێڕانەوەی مێژووی چوارپشتەدا، هەر بە درز و ترازاندن چاودەکەنەوە، یادەوەری کوردیی بریتییە لە کۆچ و دەربەدەرییەکی بەردەوام، وێنەکان لەسەر زێدی خۆی دەشێوێن، سەدەی بیست، سەدەی چەوساندنەوەی بێ دەوڵەتانە، تراژیدیای ناساقامگیرییە، گوێزانەوەیە لە نیشتمانی دایکەوە بۆ دەرەوە، بەرگریکردن لە مانەوە و گەیشتن بە دایکی نیشتمان، تەژی دەبێت بە دەنگی پرسیارێ، کە سەدای وەڵام تێیدا نابیسترێ، کورد بۆ باوکێ دەگەڕێت، ویژدان خەونی نەوەکانیان لە دەست داگیرکەران بپارێزێ، شانازیکردنی هەڵۆ بە باوباپیرانییەوە، یەکسانی دەکاتەوە بە هێزی مانەوە، کردەی دوورخستنەوە لە هەر شوێنێک، مێژووی ڕووداوێکی سیاسییە و لە دەرەوە ڕوودەدات، لە خێزانی ئەماندا گۆڕانکارییەک دەکات، ئەمە هەر لە قەڵاچوالانەوە تا دەگاتە کەرکوک، بە جۆرێک لە جۆرەکان بەستراوە بە نەبوونی دەسەڵاتی باوکایەتی و گردکردنەوەی تاکەکانی خێزان، لە ژێر ناوێکدا، بە ڕەهەندێکی قوڵتر و فراوانتر، نەبوونی ئاڵایەک دەردەخات، کە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی یەکدەخات، لە لایەکی دیکەوە، ئەنجامدانی سەرجەم ئەو دیالۆگانەی نێو چایخانە وێنەیەکی ئاشکرایە، نیشتمان لە ژێر زەبر و ستەمی باوە پیارەیەکی بێگانە ماڵ لە خاوەن ماڵ دەکاتە چایخانە، ناتوانن بە ویستی خۆیان بدوێن، بەچرپە و چپاندن و بە دزییەوە دەدوێن، لەنێو ئەو مێژووە دێرینەی کەرکوکدا وەک سنبوولێک بۆ سەرجەم کوردستان، شوێن ئەتک کراوە، ئەمانیش ئازادییان لێسەنراوە، دێن و دەڕۆن، پێش ئەوەی خەونی ئازادییان لە گۆڕنرێ لەو چوار گۆڕستانە، کە هێمایە بە هەرچوار پارچەی کوردستان، کڵێسە سوورەش وەک کۆدێکی ئاینییە لە سەردەمی کلدانییەکانەوە تا ئێستای خۆراواشی لەگەڵدا بێت، هەر لەو بەرزاییەوە سەیردەکەن، وەک خوویەک لە پێناو دادوەری دا هیچ ناکەن، هەرچوار لای خاچی عیسا، باکوور و باشوور، خۆراوا و خۆرهەڵات لە ئامێزێ مەریەمێ زاماردەکەن، یەک، نیشتمان بووتە چوار، باوکە عیسا لە غەدرێکی مێژووییدا، لەیەک کاتدا بە چوار لادا خوێنی لێدەتکێ، کوشتنی ڕۆحێکە داوای گەڕانەوەی ماف و سەقامگیری دەکات، گەر ڕۆح و جەستەی عیسا لە کاتی لە خاچداندا بە پەرجۆیک چوو بۆ ئاسمان ئازادبوو، ئەوا ڕۆحی هەڵۆش وا هەست دەکات عیسایەکە بۆ خۆی، ڕۆحی چووتە نێو باڵندەی هەڵۆ و دەتوانێ بفرێ، خەیاڵ بکات، ئازاد بێت.

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لە چینە قووڵەکانی نەستەوەش لە هەندەران، بەرزاییەکەی کڵێسە سوورەی ئەوێ بەراورد بە بەرزاییەکەی هێرڤانتای ئێرانە دەکات، لە سەرسامییەکدا لەنێوان مێژووی ئەوێ و ئێستای پەنابەریدا حیرسێک دەیگرێ، بە لەیکدانی دوو زەمەنی جیاوازدا، لە شوێنی ئێستاییدا پەرتەوازە دەبێت، نازانێ

بیر لەچی بکاتەوە، چی بنووسێت، دێتەوە نێو گێڕانەوەی ڕۆمان، لە دانیشتنێکدا لە گێڕانەوەی دیالۆگێکدا، کە زەکی و سەلیم ئیسماعیل، فەرەیدون، موعین، مەلا عوسمان و غەفووری هاودەمی بەرێوەی دەبەن، لە دواجاردا لە باسکردنی هونەری وێنەکێشاندا، باس لە بەیاد ساڵەیی هاوڕێی دەکات، هەندێ باس لە نووسەران و وێنەکێشە جیهانییەکان دەکەن. لە بەشی سێهەمی ڕۆمانەکەی کۆپلەیەکی «شێرکۆ بێکەس»ی شاعیر دەکاتە دەرچەی گێڕانەوەکانی، لێرەدا لە ڕێگای دیالۆگەوە کردەی گێڕانەوە بە چوار کەس دەسپێرێت.

یەکەم خۆیەتی، سەرقاڵی نووسینە، دووەم خێزانەکەیەتی، سێیەم شیلانی کچیەتی، چوارەم جوامێرە، کە هەم کوڕی پووری شیلانە و هەم مێردییەتی، لە سەرەتاوە بە گفتوگۆیەکی ئاکادیمانە باس لە ڕەنگ و جۆرەکانی ڕەنگ دەکەن، بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت، پەیوەندی ڕەنگ بە نووسینەوە.

لێرەدا عەبدوللا سەراج بە پسپۆری وێنەکێش و نووسەرێک، لە هەژمارکردن و جیاکردنەوەی ڕەنگەکان فەرهەنگێ دەوڵەمەندە، لە ڕەنگە گەرمەکان و ڕەنگە ساردەکان وردتر دەبێتەوە بۆ ڕەنگەکانی دیکە «خۆڵەمێشی، پەمەیی، ژەنگاری، زەیتوونی، قاوەیی، خەنەیی، بێجی، نارنجی، جگەری، وەنەوشەیی، کوژەکەیی، قەرسیلی، لیمۆیی، فستقی، بۆر، بەڵەک، ئاوی، کاڵ، تۆخ، ئارگۆنی، ئەبڵەق، بۆز، نیلوفەری، خورمایی، خوماری، پیازی، خاکی، ئاسمانی، قەترانی، سماقی، گوڵهەناری، جیوەیی، نامەردی، شیری، زیوی، زێری، گەنمڕەنگ، کلڕەنگ، بەقەم»ڕۆمان لاپەرە٥٦

ئینجا باسی ڕەمزو هێمای سێگۆشە بۆ شیلانی کچی دەکات، بەم جۆرە پۆلێنیان دەکات، سێگۆشەی هۆش، هەست و بنهەست، سێگۆشەی پرمۆدا، هی ڕەنگە بنەرەتییەکان، زەرد، سوور و شین، سێ ژمارەی پیرۆزی یەک یەزدان، دوو فەرزەند سێ ڕۆحی قودس، سێ حەرفی (م) مووسا، مەسیح، موحەممەد، دوایی دێتە سەر چوارگۆشە، چوار ڕەگەز، «با، گڵ، ئاگر، ئاو» چوار گۆشەی کوردستان بە هەمان هەناسەوە دێتە سەر باسی جۆرەکانی بازنە «تێکەڵاو، تێهەڵکێش، یەکتربڕ، وەرشەدار، کوژاوە، بێڕەنگ و بە قەم» نووسەر کاتێک لە ڕێگەی ڕەنگەکان و شێوە ئەندازییەکانەوە، تابلۆیەک دەخاتەڕوو، لە سێگۆشەدا ئاماژە بە هەرسێ ئایینەکە دەکات ئایینی یەهودی مادیی و مەسیحی ئایدیاڵی و ئیسلامی ڕیالیستی، لە چوارگۆشەدا ڕەگەزەکانی دروستبوونی زەوی و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوارپارچەدا دەخاتەڕوو، لە بازنەکاندا ئایدۆلۆژیا پۆلێن دەکات بە دوو فاقی، ئەرێنی، نەرێنی، دژبەیەک، زیندوو و مردوو، بە چاوگێڕانەوەیەک بە بەرکەوتەکانی قەیرانی ئایدلۆژیا، ڕەنگی هاوشێوەبوونێک لەگەڵ ڕەسەنایەتی و مێژووی دزراوی میللەتێک تێکەڵ دەکات، لە تابلۆی لێکدانەوەیەک دا دایڕشتووە، شوێنی قەبوڵکردن و بێدەنگی نییە، لە پرۆسەی تێگەیشتن دا، پێداگریی لە دەوڵەمەندی کلتوور دەکات، بنجبەستی ڕێساکانی زانست ئاوێنەیەکە لە ئاست مێژووی لە بیرکراودا، چاوی ئێمەی بینەر، دەکاتەوە، بە لۆژیکی هەستی هۆشیارییەک، بیردەکاتەوە، لە تەنیاییەوە هەوێنی گومانێک دەگرێتەوە، پرسیار دەکات، دەبێت لە مێژووی داگیرکردن و ستەمکاریدا، شتێک بۆ ئێمە بمێنێتەوە، دەستبەرداری ڕەسەنایەتی و ڕاستگۆیی نابین، بە ڕاساندن و دەگەڕانی مێژوو، دەبێ پرەنسیپی مانەوە و

**لە سەرەتاوە کۆپلە شیعرێکی «ڕەفیق سابیر» دەکاتە دەروازەی خۆناساندن، بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، خۆی پێشکەش بە خوێنەردەکات، بەوەی ناوی هەڵۆی کاکۆڵی چەرمووە**

هەبوونی خۆمان وەک نەتەوە بپارێزین، ڕەنگ لە سێگۆشە، چوارگۆشە لە بازنە، ڕاست لە درۆ، هەقیقەت لە گومان، خاوەن ماڵ لە دز جیاکەینەوە، هەتا گەر لە حیکایەتیش بێ خۆ قسەی درۆ باجی لەسەر نییە، وەک ئەوەی عەباس کوڕی فرناس باڵی بۆ خۆی دروست کردووە، سەدامیش بە ئایدلۆژییەک پێداگری لێدەکات، لە پەیکەرێکدا زیندووی دەکاتەوە، بە شانازییەوە دەیسەلمێنێ، ئەمە دزییەکی ئاشکرای یەکێکە لە سەدان دزی و حیکایەتی دیکە، کە هێشتا ئاشکرا نەبووە.

ڕاستییەکەی ئەو کەسەی باڵی بۆ خۆی دروست کرد، شاسواری کوڕی باپیری میرزا وەیسەی خەڵکی ئاواییەکی قەد پاڵی پیرەمەگروونە، لە دواجار دا هەڵۆی باوک بەم ڕستەیە کۆتا بە قسەکان دێنێ و دەڵێت «ئەوان لە خەیاڵی پووچدا هەن و.. ئێمە لە واقعی جواندا هەین» ڕۆمان لاپەرە٦٥

چیرۆک



# تارمایی ناو تەم



حەسەن هەندرێنی

ئەو هەمیشە دەیگوت: هەرچەندە شەڕی ناوەخۆ، هەموو هیواکانی ژاکاندووم، بەڵام ئەم حەوت خوێندکارەم، بەتەواوی فێری موزیک ببن، هیچ خەمێکم نامێنێ و بەڵێن دەدەم لەجیاتی دەنگی بێزارکەری تۆپ و ویزەویزی گوللەی وێڵ، شار پڕ لە ئاواز و موزیک بکەم. بێگومان، ئەمە بۆ من خۆشییەکی بێ کۆتاییە. بۆیە دەڵێم خودایە وەک ئەوەی لە بەشێکیان بێبەشت کردووم، ئەو ئومێدەم مەژاکێنە. ئەم دیالۆگە رۆحییە هەمیشە سرووتی ڕۆژانەی مامۆستا بوو، کە لەبەرخۆیەوە وەک نزا و پاڕانەوەیەک، یان ڕاستتر وەک نوێژی دەروێشێک، کە لە چۆڵەوانی و لەوپەڕی تەنیاییەوە بە ئومێدی بەدەنگەوەهاتنی یەزدان دایدەبەست، ئەو کاتانەی، کە دڵیشی ڕوون دەبووەوە بە خۆی دەگوت: ئیدی دەڕۆم و بە دوای خەونەکەمدا دەچم و بە دوای تارمایی نێو تەمەکەدا سەری خۆم هەڵدەگرم!

ئەو هەمیشە وابوو، زۆربەی کات لەگەڵ خۆیدا دەدوا، بۆیە بە لای هەندێک کەس وەک کەسێکی خەیاڵی دەردەکەوت و بە لای هەندێکی دیکەیشیانەوە ڕۆح زل و خۆپەرست دەبینرا. سەرەڕای ئەو هەموو بارگرژییانەی، کە شاریشی گرتبووەوە و شەڕ بەر قاپی لێ گرتبوون، شار وەک کەندڕێکی درێژ، کە سەدان حەفارە کاری تێدا کردبێ و کردبێتی بە سەنگەرێکی گەورە، دەردەکەوت. کەچی ئەو هەر سووربوو لەسەر پێگەیاندنی ئەو دەستە خوێندکارە، تا هیچ نەبێ خەونەکەی بێنێتەدی. زۆرجار لە کەسە نزیکەکانیشی دەیبیست، کە ئەوان بەتوانجەوە پێیان دەگوت، «مامۆستا وا دەبینی شەڕ هەموو کونوکەلەبەرێکی ئەم وڵاتەی گرتووەتەوە، لە وڵاتێکی وا وێراندا، کە مرۆڤ بەهایەکی نەماوە، موزیک چ سوود و پەیامێکی دەبێ» کەچی ئەو بە سووکە بزەیەکەوە وەڵامێکی کورتی دەدانەوە و دەیگوت: من و جەنەڕاڵەکان خەونێکی هاوبەشمان هەیە و دەمانەوێت گرەوەکە ببەینەوە، مەیدانی ئەوان خوێنە و مەیدانی منیش ئاواز و میلۆدییە. بەو وەڵامە کورتە ناخ هەژێنە خۆی لە پرسیار و گومانەکان دەدزییەوە.

هەر حەوت خوێندکار، ڕۆژانە بە بەرگێکی ڕێکوپێک و خاوێن، هەر یەکەیان بە ئامێری موزیکی تایبەتی خۆیەوە، بە کاتی دیاریکراوی خۆیان، بۆ پرۆڤەی موزیک دەزانی. مامۆستاشیان بەبێ دوودڵی و بەئەسپایی و بەوپەڕی هێمنییەوە، چارەکێک پێش کاتی دیاریی کراو لە ماڵەوە دەکەوتە ڕێ، تا بە فێرگەی موزیک ڕابگات، وەک پیشەی هەمیشەیی، بە شەقامی بەرباخچاندا دەهات و لەبن لێوەکانیەوە، نەرمە ئاوازێکی نیانی دەچڕی، کە پێدەچوو بەشێک بێ لە ڕاهێنان و پرۆڤەی ئەو ڕۆژیان. ئەو هەروابوو، بۆیە هەرکەسێکی ئەم شارە ئەگەر تەنیا سێبەرەکەیشیان بدیبا، دەیانزانی ئەوە مامۆستایە، چونکە زۆر بەڕێکی بە ڕێگەدا دەڕۆیشت و کەمتر ئاوڕی بەملا و ئەولا دەدایەوە، قووڵ لە بەردەمی دەڕوانی. وەک نەریتێکی خۆشی تا دەگەیشتە هۆڵەکە، یان فێرگەکە، دەیانجار دەستی بۆ گرێی بۆینباخە گوڵگوڵییەکەی دەبرد و لەگەڵیشیدا دەستێکی بە قژە لەلا شەقبووەکەیدا دەهێنا و سمێڵە بۆیەکراوەکانی لەگەڵ ئەو نەرمە ئاوازەدا بسکەیان دەهات. ئەو لەو کەسانە بوو، کە هەمیشە پێڵاوەکەی بریقەی دەدا و هەر دەتگوت تازە لە دەستی بۆیاخچییەکەی وەرگرتۆتەوە. ئەو زیاد لە پێویست گرنگی بە جوانی لەشولار و ئاکار و سیمای خۆی دەدا، بۆیە هەردەم ئارەزووی بوو، خوێندکارەکانیشی وەک خۆی پۆشتە و پەرداخ

بن. هیچ کات هێندەی ئەو دەمە پەست و دڵتەنگ نەدەبوو، کە خوێندکارێکی بە پیسوپۆخڵی بدیتبا. یان ئامێرەکەی بە بێبایەخی لەنێو جانتاکەیدا هەڵگرتبا، واوەیلا بۆ شوختێک، کە بەر ئامێرەکەی دەکەوت، چۆن سەرزەنشتی دەکردن و ئەرکی ڕۆژانەی لەسەرقورستر دەکردن. من هەروام دیبوو، هەرواشم دەناسی، کە ڕەفتارەکانیم دەخوێندنەوە، هەمیشە پێم کەسێکی هێمن و کەمدوو بوو، بەڵام خوێندکارەکان پێچەوانەی ئەوەیان پێ ڕادەگەیاندم. ئەوان لە تووڕەیی مامۆستاکەیان زۆر دەترسان، پێیان سەیربوو، کە پێم دەگوتن؛ بە ڕاستی ئەو کەسێکی ئارامە! دوایی بۆم دەرکەوت، ئەوان ڕاستیان دەکرد. ئەو لە کاتی وانە گوتنەوەدا زۆر کەسێکی پێداگر بوو. هەر ئەوەش بوو وای لە خوێندکارەکان کرد، بە ماوەی چەند ساڵێکی کەم، بەتەواوی فێری ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان ببن. ئەم جیهانەی ئەوان  هەرچەندە زۆر بچووک بوو، بەڵام لە نێوەوەدا لەنێو ئەم چوار دیوارەدا، لەو شەپۆلە بێکۆتا و نائارامانەی دەریا دەچوو، کە کەشتییە گەورەکانیش لەسەر پشتیاندا وەک خاڵێکی بچووک دەدرەوشێنەوە و شەپۆلی ئاوازەکان بەرەو لە یادچوونەوە هەڵیدەگرتن. کە کەوانەی ئامێرە ژێدارەکان، یان ڕیشەی ئامێرە لێدەرەکان هاوشان لەگەڵ پەنجەکانیان لەسەر ژێیەکاندا دەهاتن و دەچوون سەریان سووک و (تەن)یان وەک پوشکەیێکی دەم بای لێ دەهات و هەستیان بە باڵەفرکێ دەکرد و دەفڕین ... فڕینێک بەرەو تەمێکی حەوتڕەنگ، کە هەمیشە مامۆستا بەدوایانەوە وێڵ بوو.

بەرلەوەی پرۆڤەکان دەست پێبکەن، مامۆستا بۆ چەند ساتێک لە دیار ئەم تابلۆیەی، کە کاری لەسەر دەکرد، دادەما و قووڵ ڕادەما. وێنەی هەمان تابلۆش لە ژوورەکەی ماڵیی کاری لەسەر دەکرد.  پاشان ڕووی لە قەپەنگە گەورەکەی هۆڵەکە دەکرد، کە لا دیوارێکی لە ناوەڕاستدا بۆش دەکرد و بانگی دوو لە خوێندکارەکانی دەکرد، تا بیکەنەوە ئەو قەپەنگە گەورەیە بەسەر خەرەنددا دەیڕوانی، لەنێوان دیواری هۆڵەکە و لێواری خەرەند باخێکی فراوان نێوانی دەکردن.

کە کاتی خۆی سمایل بەگ یەکەم شەتڵی نەمامی لەم باخچەیەدا ڕواندبوو، بەڵام مەرج نییە درەختەکانی ئەم باخچەیە هەمان ئەو درەختانە بن، کە باخەوانەکەی سمایل بەگ بە حەزێکی شێتانەوە خزمەتی دەکردن، چونکە ئەم شارە هەمیشە سەربەگۆبەند بووە. هەرکات و سەردەمێک فیشەکێک لەم هەرێمەدا تەقا بێت، زایەڵەی لەم شارەدا داوەتەوە ... هەڵدانەوەی هەموو ڕۆژێی هەر دوولای قەپەنگەکە، بۆ ئەوە بوو تا ئاوازەکانی نێو هۆڵ، هارمۆنیایەک لەگەڵ ئاوازەکانی نێو خەرەنددا پێکبێنن. شنانەوەی گەڵا تێکچرژاوەکانی باخچەکەش لەگەڵ ئەم کۆکتێلە ئاوازە تێکەڵ دەبوو. ڕۆژانە دوو کاتژمێر ئەم هۆڵە جمەی دەهات. هەرچی پەپوولەی سەر ئەم شارە هەبوون لەوێ کۆدەبوونەوە. سەرەتا پێش ئەوەی هەردوولای قەپەنگەکە بکرێنەوە باڵەکانیان لە میناکانی دەخشاند و سەرمەستانە خۆیان بە مینای قەپەنگەکەدا دەدا. لەگەڵ کردنەوەی قەپەنگەکە و واڵابوونی لایەکی هۆڵەکە، بە ماوەیەکی کورت پەپوولەکان دەڕژانە ناوی، وەک ڕژانی سەربەرەوخواری تاڤگەیەکی پڕ ڕەنگ، کە تیشکی خۆر پەلکەزێڕینەی بۆ دروست دەکرد. ئەوان هەموو ڕەنگەکانیان بە باڵەکانیان هەڵگرتبوو، کەچی مامۆستا هەر لە سیحری بە دەستهێنانی ڕەنگی هەشتەم دەگەڕا ئەو ئیلهامی لەو هەموو ڕەنگە وەردەگرت و کاری لەسەر تابلۆکەی دەکرد، بەڵام ڕەنگەکان دەگۆڕان لەگەڵ هەر جوولەجوولێکدا ڕەنگی دیکەی بۆ بەدیاردەکەوت. بۆیە سەرسام دەبوو، زۆرجار بێهوودەیی لە دۆزینەوەی ڕەنگەکان دایدەگرت. ئەو کە ڕەنگێکی وەنەوشەیی دەبینی، تا ماوەیەک ڕەنگی شینی لەبیردەچووەوە، کە پەپوولەیەکی باڵ پەمبەیی لەسەر ژێیەکانی کەمانچەکەی هەڵدەنیشت، گومانی لە ڕەنگی سوور پەیدادەکرد، کە ئەو پەپوولە سپییە خاڵ ڕەشەش دەهاتە سەر بۆینباخە گوڵگوڵییەکەی، یەک بە یەک خاڵەکانی نۆتەی سەر کاغەزەکە بە ژوورەکەدا بڵاودەبوونەوە و بە بەرچاویەوە بەسەر باخچەکەدا دەفڕین و  لەنێو خەرەند ون دەبوون.

مامۆستا خەریک بوو لەو کۆتاییە نزیک دەبووەوە، کە ئاواتەکەی بێنێتە دی، بەتایبەت کە بینی ڕۆژبەڕۆژ خوێندکارەکان دەست و پلیان لەگەڵ ئامێرەکان نەرم دەبێ و لەو ئاوازە نزیک دەبنەوە، کە لەنێو ڕۆحی مامۆستادا جمەی دەهات... ئەو ئاوازەی دەمێک ساڵ بوو مامۆستا ناوی نابوو (چریکەکانی خەرەند).

هەرچی منداڵی گەڕەک هەبوون، تەنانەت هەندێکیان لە گەڕەکە دوورەکانیشەوە دەهاتن و ڕۆژانە لە پشتی ئەو دەرگا کۆنەوە خۆیان مەڵاس دەدا، کە پێدەچێ ئەم کۆنە دەرگایە لە کلتوری باوانەوە ... کە بۆ سەردەمی پاشای گەورە دەگەڕێتەوە، مابێتەوە. لەو دەرگایانە بوو کە لە فیلمەکان دەمانبینی، کاتێ لەشکرێک کۆدەبێتەوە و دەیەوێ هێرش بۆ سەر قەڵایەک بەرێ، بەڵام دەبینن دەرگای قەڵاکە، پێویستی بە گوشارێکی زۆر هەیە، تا بشکێ و لێیەوە بچنە نێو قەڵاکەوە... لەم جۆرە دەرگایانە بوو، وەلێ بە تێپەڕینی کات مێخەکانی شل ببوونەوە و درزیش کەوتبووە نێوان تەختە ئەستوورەکانی، بۆیە منداڵە چەتوونەکان بەئاسانی دەیانتوانی لەو درزانەوە، نێو فێرگەکە ببینن و بە ئاسانی گوێیان لە دەنگی ئامێرەکان بێ. ڕۆژبەڕۆژ هۆگرانی ئەم خۆ ماتکردنە لە پشت دەرگا زیاد دەبوون، تا وای لێ هات کوڕگەل و پیاوە بە تەمەن و ژنەکانی گەڕەکیش ئارەزوو بکەن، گوێ لە جادووی ئەم موزیکە بگرن. هەندێکیان ئەوەندە لەپشتی دەرگاکە دەمانەوە، لەبیریان دەچوو، وڵات پڕە لە ئاژاوە و شەڕ.

هەموو دانیشتوانی شار ئەو بەرەبەیانەیان لەبیرناچێتەوە، کە هێزەکەی ئەوبەر بەوپەڕی هۆڤانە، وەک لە بەیانە عەسکەرییەکانی ڕادیۆوە گوێمان لێ بوو بەپاڵپشتی کاتیۆشاکانی وڵاتێکی دراوسێ، کە بۆ هاوکارییان هاتبوون، شاریان کوێرانە بۆمباران کرد، زۆربەی بۆمبەکان و کاتیۆشاکان بەر ناوبازاڕ کەوتن، کە ئاپۆرەی خەڵکی تێدابوو، هەندێک لە کاتیۆشاکانیش گوایە ئاڕاستەی بارەگای سەرەکیی فەرماندەییەکە کراون، بەر خانووە قوڕەکان کەوتن و دەیان بریندار و شەهیدی لێکەوتەوە، ئەوەی بۆ ئێمەش کاریگەری هەیە وەک گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە ئەو ڕەتلە هاوەن و کاتیۆشایە بوو، کە بەر ئەو فێرگەیە کەوت، کە وانەی موزیکی تێدا دەدرایەوە و تەواوی خانووەکەی بەسەریەکدا ڕماند و ئەو هیوایەی ژاکاند، کە خەریک بوو لەنێو دڵی مامۆستادا چرۆی دەکرد. لەوەشیان کارەساتبارتر بە لای ئەوەوە تەپینی لایەکی دیوارەکە بوو بەسەر ئەو تابلۆیەی، کە ڕەنجی زۆری بۆ دابوو! دوای نەمانی گرمەی بۆمبەکان و ئەو تەمە خۆڵەمێشییەی شاری گەمارۆدابوو، کوڕگەل یەک یەک و دوو دوو سەریان دەردەهێنایەوە و بە غار بەرەو ئەو شوێنانە هەنگاویان دەنا، کە دەزانرا بۆتە نیشانەی تۆپهاوێژەکان، بەڵکو بتوانن کەسێک لە ژێر دار و پەردوودا ڕزگار بکەن.

گەیشتنی هەواڵە ناخۆشەکە بە مامۆستا، لە ڕێی یەکێک لە خوێندکارەکانەوە، دڵی مامۆستای خستە نارەحەتی و خەریک بوو لە تاو ئەم هەواڵە تەواو ببوورێتەوە، بۆیە هیچی پێ نەما جگە لەوەی پرسیاری تابلۆکە بکات. بەڵام، کە زانی تابلۆکە تەواو شێواو و شکاوە، ئیدی بێ ئومێدی دایگرت و لە جێی خۆی هێزی ئەوەی نەبوو بجووڵێ، بەڵام دڵی خۆی بەوە دایەوە، کە دانەیەکی لە هەمان ئەو تابلۆیە لە ماڵەوە هەیە و پێ بەپێ لەگەڵ ئەو وێنەیەی نێو هۆڵ، کاری لەسەر کردووە.

هەموو ئەو ڕۆژانەی ماندووبوون و پرۆڤەی، وەک نەوارێکی سینەمایی هاتنەوە بەر دیدە و داخی بۆ ئەوە دەخوارد، چۆن توانییان چەقۆ بخەنە سەر ملی موزیک و شەڵاڵی خوێنی بکەن؟ ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتنەوە، کە خوێندکارەکانی بەحەزەوە دەیانگوت، ناتوانن لە هیچ هۆڵێکی دی جگە لەم هۆڵە مۆزیک بژەنن. نایانەوێ ئاوازێک ببەنە دەرەوە تا ئیلهامی شەڕی لێ وەربگیرێ. ئەو وای دەزانی هێشتا ماویانە تا بتوانن قسە لە سیحری موزیک بکەن، بەڵام مامۆستا بە زەردەخەنەوە ڕووی لە خوێندکارەکانی کرد و پێی گوتن: ئێوە ئازادن تازە پێویستیتان بە من نەما. هەموویان وەک ئەوەی کۆرسێک بن بۆ تەواوکردنی پارچەیێکی گۆرانی، لە پڕ و بە

یەکدەنگ گوتیان : نا نا مامۆستا ئێمە لێرە ناچینە دەرەوە و ناتوانین لە شوێنێکدا موزیک لێ بدەین، کە بۆنی باروت داغانی کردبێت. چۆن دەتوانین ئاوازێکی ئاوا نەمر لەنێو فەزایەکی ئالۆزکاو بە شەڕ بژەنین. نا.. نا ئەم ئاوازە هەرگیز بەنێو تەلەکاندا گوزەر ناکات.

قسە سەرەتاییەکانی مامۆستا هەر بۆ ئەوە بوو تاقییان بکاتەوە، تا بزانێ ئەوان چەند ڕاستگۆ و سوورن لەسەر پەیامەکەیان. بۆیە مامۆستا قەت هێندەی ئەو ڕۆژە ئاسوودە نەببوو، هەر لەبەرئەوەش بوو هەستی بە پەشیمانی زۆر کرد بەرانبەر ئەو خوێندکارانەی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لێ زویرکردبوون. سەرسام بوو، کە بینی ئەوان زۆر لەسەرەوتری بۆچوونەکانی ئەو بیردەکەنەوە. ئیدی دوای ئەم بەرسڤ و ڕەتکردنەوەیە، بۆ ڕۆژانی دوایی مامۆستا بە گوڕوتینێکی زۆرترەوە وانەی تازەی فێر دەکردن.

ئەگەرچی داتەپینی تەواوی فێرگەکە زۆر کاری لە مامۆستا کرد، وای لێهات تیپەکەشیان پەکی بکەوێ و لەبەریەک هەڵوەشێتەوە. بەڵام مامۆستا ڕۆژانە لەسەر ڕیتم بەرەو هەمان شوێن ڕێی دەکرد و، بەیادی ئەو ڕۆژانە لەسەر پێچکە دیوارێک دادەنیشت و وەک کوکوختێیەکی بریندار ناڵەی لە کەمانچەکەی هەڵدەستاند و بە یادی ئەو ڕۆژانەی پێشووش، ئەو پارچە موزیکەی دەژەنی، کە ناویان نابوو (چریکەکانی خەرەند).

کە بەوپەڕی لەش داهێزرانەوەش دەگەڕایەوە ماڵ، کاری لەسەر تابلۆکە دەکرد و شتێکی بۆ زیاد دەکرد، کە ساڵانێک بوو بۆی تەواو نەدەکرا، ئەویش دروستکردنی تارمایی مرۆڤێک بوو لەنێو تەمێکی حەوتڕەنگدا، کە وای هەست دەکرد ڕۆژێک دێ ئەو تەمە لە خۆدا ونی دەکات، وەک چۆن فێرگەی هونەرەکەیان نوقمی تەمێکی خۆڵەمێشی بوو و تەواو لە خۆیدا ونی کرد. بەڵام وەک بڵێی لەم دواییانەدا چاوەڕێی هاتنەوەی خوێندکارەکانی بێت، تا جارێکی دی بەیەکەوە چریکەکانی خەرەند بژەنن و ئەویش بەنێو ڕاڕەوەکانی ئەم تەمە حەوتڕەنگییەدا لەوپەڕی ئومێدەوە خۆی ون کات. ڕۆژبەڕۆژیش لە گەڕانەوەی خوێندکارەکان بێ ئومێد دەبوو و ڕەنگەکانی سەر تابلۆکەشی کاڵدەبوونەوە و لەیەک ڕەنگدا دەتوانەوە، ئەویش ڕەنگێکی خۆڵەمێشی بوو، بۆیە بەلای ئەوەوە ئەم تابلۆیە لە تەلیسمی خۆی کەوتووە، وەک چۆن (چریکەکانی خەرەند) لەدوای ونبوونی خوێندکارەکان ڕۆژبەڕۆژ ناڵەیان لێ هەڵدەستاند و ئەویشیان بەرەو خەڵوەتێکی نادیار ڕاپێچ دەکرد. ئەو تەواو خۆی لە حەشاماتدا شاردەوە، وەک تارمایی نێو تابلۆکە، ئەویش بەتەواوی لە بەرچاوان ونبوو. ئەمڕۆ دوای سێزدە ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕۆژانی شەڕ و پازدە ساڵ بەسەر وەشاندنی دوایین فڵچە بەسەر تابلۆکەدا، لە یەکەم پێشانگەیدا، لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاردا. تازە مامۆستا هەڤاڵ، خەریکە تابلۆکەی بۆ قوتابییەکانی شیدەکاتەوە، ئەوەی مامۆستای هونەر بەسەرسامییەوە باسی دەکات، ناوی سەر تابلۆکەیە (تارمایی ناو تەمە حەوتڕەنگییەکە) کە نە تارمایی تێدا دەدۆزێتەوە و نە ڕەنگەکانی دەبینێ، بۆیە نەیدەزانی لە کوێدا بە تابلۆکەدا بچێتەوە. ئەمە نهێنییێک بوو مامۆستا هەربەشەی لای یەکێک لە هاوەڵە هەرە خۆشەویستەکانی باس کردبوو، گێڕانەوەی هەر یەکەیان، پارچەیەکی لەم کارەدا تەواو دەکرد، کە هەریەکەیان بەشێکیان لێ دەزانی. وەلێ ئەوەی سەیر بوو و وەک گرێیەک کەس پێی نەزانی، عەودالیی مامۆستا بوو بە دوای ڕەنگی هەشتەم و لەناویشیدا ئەو تارماییە بوو، کە تەواوی ژیانی بۆ تەرخان کرد و نەیتوانی بیدۆزێتەوە. هەندێک وای بۆ دەچن، ئەمە تارمایی دڵخوازێکی خۆی بێت، کە بە خەیاڵ ئافراندوویەتی. هەشبوو دەیگوت: ئەمە تەنیا شوبهاندنێکە و هیچی دی، شوبهاندن بە کەسێک کە لە بنەڕەتەوە بوونی نەبووە.

**فەرهەنگ:**

**قەپەنگ: لە زۆربەی تەلارسازیی خانووە کۆنەکانی ڕواندزدا، لایەکی دیوار دەکرا بە پەنجەرەیەکی گەورە بۆ ڕوانیین بەسەر باخچە یان دەرێدا.**

**٢٠١١/٥/١٥ ڕواندز**

شیعر

# زارۆک و بەرە و خەون

زارۆکێک بوویت هەندەی چنگە خەونێ
لە دامێنی وشەوە کەوتیتە خوارێ
بە شکاوی هەڵسایتەوە
بە زامی دێرینەوە سروودەکانت دەگوتەوە
لە لێواری خۆتدا
تەمی کۆبووەوەت دەتاراند
وەکو تیرێ زەمەنێکی کوێرەوەر
هەڵیدای
لەمەودوا
وەک باخچەیەکی هەڵپرووزاوی هەڵواسراو
لەبەر با دەلەرییتەوە.
خەونەکانی باپیرە
کەستەک بوون
لە ئاوی مەعدەنا تلیسانەوە.
زارۆکێک بوویت هەندەی چنگە خەونێ
لە رۆخی ئارڤ١ دادەنیشتی
«دەستبەتاڵتر لە بۆق٢
لە بێدەنگی بەرد رادەمای
لە ناو ئاونگی وەهمدا نەدەمای
«ئارڤ» بردتی
وەک بوونەوەرێکی دەستلێوەشاو
جریوەی ئەستێرەکانت کۆکردەوە
دەنک دەنک خرمەیان دەهات.
شەوانی درەنگ
بە تاقە کلیلێک هەر تەنها
دەرگەی ٢٥ شەقامی کارۆلینی پێ دەکرایەوە
وەک سێبەرێک لە سەر کاغەزە خورشیدییەکان دادەنیشتم
کازیوەم بە خۆرەتاو دەناساند
خورپەی ئاوم دەگوتەوە
لە پرێکدا
ریشم چەرمگ
جاجمێکم دەدایە سەر شان و لە حەوشەکانی کەعبە دادەنیشتم
کۆترە دەنووک سوورەکانی نالیم دەبینی
دەروێشەکانی مەولانا
بە ئاهێکی زەردەوە
سنوورەکانیان دەسرییەوە
تاقە ئالایەک دەشەکایەوە



ئەحمەدی مەلا

سەوزتر لە سەوزەڵە
شەکاوەتر لە بسکی رەعنا
خەدیجە هوردە نانی بۆ ورچینەکان رۆ دەکرد.
زارۆکێک بووی هەندەی چنگە خەونێ
رەشماڵەکەت هەڵدابوو
وەک بیابانییەک
پێت رۆ دەکرد
داوت بۆ پەیڤ دەنایەوە
بە داوی شیعر رایەڵەکانی نێوان ئاسمان و زەویت شی دەکردەوە
بە ناو لەپ مۆمێکی داگیرساوت دەگواستەوە بۆ سەر دەریاچەی «لێمان٣
شارە کۆنەکەت دەبینی
پەیکەرەکەی ژان ژاک روسۆ
لە دورگە دەستکردەکە
دووسەد ساڵ بە پێوە راوەستاو.
زارۆکێک بوویت کاوێژت دەکرد
نیشتیمانت وەکو کاغەز دەجایی
تامی مەرەکەب و تامێکی نادیار
گیربوون بە مەلاشووتەوە
دەتگوت تەپوتۆزێک هەڵیکردووە
شار و گوند و هەموو ئاقارەکان دادەپۆشێت
دووردەکەوتنەوە
رۆژ لە دوای رۆژ دووردەکەوتنەوە
کراسە سپییەکان
تەنافە تەنیاکان
نیگا
بە پێی پەتی سەحرای ئەبەدی تەی دەکرد.
دنیایەک لەدایکبوو بە بێ نیگا
تۆ تەنها لە ناو نیگادا هەیت
ئەو لە نیگادا هەیە
من
بە نیگا ئەم رێیەم بڕی
کەچی ئێستا
وەک زارۆکێکی پەژموردە
وەک زارۆکێکی هەڵگەچراو
وەک زارۆکێکی بە بێ خەون
لە ئاو دەدەی
بیابان دەبڕی
هەڵدزنی بە سەر چیادا
لە ناو رۆحی ئاسندا وێڵ دەبی
لە قووڵایی زەریادا خەونێکی ئاویی دەتباتەوە
بۆ ئەودیوی بەرجەستەکان...
لاپەڕەیەکی بەرین هەڵدرایەوە

***وەک دوو باڵی باڵندەیەکی ئەفسانەیی***
***جیهانی داپۆشی***
***گوێم لە نوزەیەک دەبێ***
***نوزەی مرۆڤ نییە***
***هی کابەردێکە***
***لە کاتی گلبوونەوە حەکایەتی کەوتنی دەگێڕێتەوە***
***باسی ترۆپکی بۆ نزماییەکان دەکرد***
***شینیی بە شین دەگوتەوە***
***حەیرانێک بوو نەدەنووسرایەوە...***
***حەیرانێکی کۆن بوو***
***کۆنتر لە ئاو***
***کۆنتر لە خۆڵ***
***کۆنتر لە خەون.***
***دەستەکانم درێژ دەکەم***
***تەنها گوێم***
***لە زرینگانەوەی کۆچە***
***قافڵەکان خۆیان ئامادە دەکەن***
***ئەمە سەفەری بێ گەڕانەوەیە***
***سەفەرێکە بۆ گۆڕینەوەی لەوحە خوێ نییە بە خورما***
***سەفەری گۆڕینەوەی زمان نییە بە گۆرانی***
***سەفەری بازرگانییکردن نییە بە مرۆڤ***
***ئەمە دوا سەفەرە***
***سەفەری مرۆڤە بەرەو نەگەڕانەوە...***
***لە دوور ڕا***
***کۆتەرەدارێک دەبینم***
***لەسەر پشتی هەمیشە لەراوەی ئۆقیانووسا***
***نیگای تەڵخی مرۆڤ دەگوازێتەوە***
***دەیهێنێ و دەیبا***
***دەیبا و دەیگەڕێنێتەوە***
***دەیهێنێ و دەیبا***
***دەیبا و دەیگەڕێنێتەوە***
***بە بێ ئاڵا***
***بە بێ بەیداغ***
***بە بێ روانین***
***ون دەبێ لە ناو تەمی ئیستوایی***
***کۆتەرەدار دێت و دەچێ***
***تا***
***نیگا بە تەواویی ون دەبێ...***
٢٠٢٣

١- ئارڤ: رووبارێکە بە ناو شاری ژنێڤدا تێدەپەڕێ
٢- دێرە شیعێکی رامبۆیە.
٣- دەریاچەیەکە لە شاری ژنێڤ

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- *ئیتیکی ڕۆژنامەگەریی*

د. شاخەوان مەلا محەمەد



# ئێتیکی ڕۆژنامەگەریی



د. شاخەوان مەلا محەمەد

**ئێتیک وەک زاراوە و سەرهەڵدانی:**

ئێتیک لقێکی فەلسەفەی ئەخلاقییە، کە لە نووسینەکانی ئەرستۆ (ئەپیکتۆتەس) (Epictetus) و چەندین بیرمەندی دیکەی گریکی کۆندا هاتووە، کە مەبەست سروشتی خولقاندنی باشە بووە. فەیلوسوفە مۆدێرنەکانیش بەردەوامن لەسەر تێگەیشتنی زیاتر و چۆنییەتی جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵە لە یەکدی، هەوڵدەدەن پێناسەیەکی بۆ بدۆزینەوە، کە ئایا کارێکی خۆنەویستانەیە، یان ئەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤە؟

زانستی ئێتیک: (لەگەڵ فەیلەسوفی یۆنانی سوکرات دەست پێدەکات، ئەمەش وای کرد جۆرێک لە تێگەیشتن بۆ فەلسەفەی ئێتیک دروست بێت، لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکان و کۆمەڵگە جیاوازەکان، فەلسەفەی ئەخلاق هەروەکو خۆی مایەوە، کە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە بنەما ڕەهاکانی ئێتیک، بۆ ئەوەی کومەڵگەی مرۆیی لە سەر بونیاد بنرێت) بە درێژایی مێژووش نەبووە، گەلێک لەسەر ڕێسا خراپەکان بونیاد نرابێت، بەڵکو ئازایەتی، ڕاستگۆیی، هاوکاریی خەڵک، دەست پاکیی و داوێن پاکیی، لەنێو هەر کۆمەڵگەیەک بێت لە چاکە بەرزەکانی مرۆڤایەتین.

وشەی «Ethics یان ethos: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە زمانی کوردی (ئاکار)ی بەرانبەر بۆ داندراوە، زۆرجار ئێتیکیش بۆهەمان وشە دەگوترێ: زانستی ئێتیک بەشێکە لە فەلسەفە و هەوڵدەدات، وەڵامی هەندێک پرسیار بداتەوە وەک (شتی باش چییە) (شتی ڕاست چییە) (مرۆڤ چی بکات) بەڵام بە شێوەیەکی ڕوونتر، چەند ڕێسایەک هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ چۆن بە باشترین شێوە هەڵسوکەوت بکات» لە زمانی کوردیشدا کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆر بۆ وشەی ئێتیک بەکاردێت، وەک لە فەرهەنگی شیرینی نوێ هاتووە: ئەخلاق، ئابڕوو، ڕەوشت، خو، ڕەفتار، ئاکار، ڕەوتار) بەکورتی ئەم چەمکانەی بۆ ئێتیک بەکاردەهێنرێن، لەبنەڕتدا بۆ یەک بنەچە دەگەڕێنەوە، کە ئەویش وشەی (ئێتیک)ی یۆنانییە، بەگشتیی لەزمانەکانی کوردیی و فارسیی و عەرەبیدا، وشەی (ئەخلاق)یش بەکاردەهێنرێت»

ئەخلاق (The moral) لە ووشەی (Mores)ی لاتینییەوە هاتووە، بە واتای ئەو شێوە ڕفتارەییە، کە لە پێڕەوی بە هاکانی تاکێک، گروپێک، یان کۆمەڵگەوە هاتووە. ئەخلاق لە زاراوە گشتییەکەیدا بریتییە لەو ڕێسا و بەهایانەی، کە ڕێنوێنی بیر و کردار دەکەن. بەگشتیی چەمکی «ئەخلاق» بنەمای گشتیی و گرنگ و پەسندکراوەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراون وەک (ڕاستیی، شەڕەف، ئازادیی و ڕێزگرتن لە تاک)

**ئێتیک لە ڕوانگەی هەندێک لەبیرمەندان و فەیلەسوفانەوە:**

لە چاخی پێش زایین «فەزلەکە زیاتر بۆ فەیلەسوفی یۆنانی (سوکرات) دەگەڕێتەوە، کە فەلسەفە و سیستەمی بۆ ئازادیی ڕادەربڕین داناوە، وەهای لێکردووە ببێتە مافێک، کە پشت بە مافی ژیان ببەستێت، بۆ ڕاگەیاندنی ئەم مافەش بە مەیلی خۆی ژیانی خۆی بکاتە قوربانی. خۆی بەختکرد بۆ ئەو ئازادییە، بە سەر هەموو شتێک

بەرزبێتەوە

ئێتیک: (بەلای سوکراتەوە دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری تاک، وەکو ئەوەی هەرکەسێک ڕەوشتی باش نەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینەکەی، بۆیە ئەگەر ئێتیک لای (سۆفستائی) کەسی و ڕێژەیی بێت، ئەوا لای سوکرات بابەتیی و ڕەهایە، هەندێک جار میتۆدی سوکرات بە میتۆدی دیالێکتیک (dialectic) ناو دەبردرێت، واتە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان ڕێگەی پرسیار و وەڵام بە باش دەزانێت، سوکرات بە دارێژەری فەلسەفەی ئەخلاق دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتی)دا

**ئێتیک لای ئەفلاتون:**

ئەفلاتون پێیوایە دادپەروەری خۆی لە خۆیدا خۆش گوزەرانییە، تاکی دادپەروەر خۆی کەسێکی خۆش بەختە، تام و چێژ لە قەناعەت وەردەگرێت، لە مردن ناترسێت. ئەو دادپەروەریە بنیادناندرێت لەسەر یەکسانی، بەڵکو لەسەر ئەولەویەت هەنگاو دەنێت، پێش شتەکانی دیکە پێدانی مافی هەژارانە، پێویست ناکات مرۆڤ بەتەنیا ژیان بەڕێ بکات، بەڵکو ژیانی بەیەکەوە بوون و ژیانی خۆش گوزەرانی بۆ هەموو خەڵک دابین بکات، ئێتیک وا بێتە کایەوە، کە پارێزگاری لەوە بکات کەس زەرەر و زیانی نەبێت بۆ خەڵکانی دیکە)

**لەسەردەمی نوێدا:**

تۆماس هۆبز (Thomas Hobbes) تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی داناوە و ڕەخنە لەو چەمک و سەروەریە دەگرێت، کە بە ناوی مافەکانی خواوەندەوە (Divin rights) دەکرێن. ئەمەش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ئێستەدا یەک دەگرێتەوە، لە ڕووی ئەوەی مافی خەڵکە، لە هەموو ئەو شتانەی ئیستە ئاگاداربن، کە لە بڕیار و سیاسەتەکانی حکومەتەوە دەردەچن، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زیندوویان هەیە لەو کۆمەڵگەیەی، کە کاری تێدا دەکەن، هەر لە ڕوانگەی ئەم بۆ چوونەوە بوو، کە وای کرد لە بریتانیا تەنیا بەرەنگاری کەنیسە نەبنەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی دەسەڵاتیش ببنەوە.

**جیاوازی لە نێوان ئێتیک و یاسادا:**

پیشەی ڕۆژنامەگەریی وەک هەر پیشەیەکی دیکە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک بنچینەی ڕەوشت (ئێتیک) کە ڕۆژنامەنووس و خاوەن ڕۆژنامەکان خۆیان لە

> "زانستی ئێتیک لەگەڵ فەیلەسوفی یۆنانی سوکرات دەست پێدەکات، ئەمەش وای کرد جۆرێک لە تێگەیشتن بۆ فەلسەفەی ئێتیک دروست بێت"



ڕێگەی سەندیکاکانیانەوە بۆ خۆیانیان داناوە و دەشبێت پێوەی پابەندی بن. ئەم ڕێکخستنە پیشەییە هەرچەندە بەشێک نییە لەڕێکخستنی یاسایی، بەڵام تەواوکەری تەواوە و تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسیەکانیشدا ڕێکخستنی سەرەکییە و وەکو ئەو سیفەتی سەپاندنی هەیە. هەموو پیشەیەک بەپێی هەندێک پێوەری ئێتیک ڕێک دەخرێ، ئەم ڕێکخستنەش بەشێک نییە لە ڕێکخستنی یاسایی.

بەلای کەمەوە ڕۆژنامەنووس دەبێت، بنەماکانی ئێتیک بناسێتەوە و جیاوازی بکات لەگەڵ ئەو دەقەیاساییانەی، کە نووسراونەتەوە و دانیان پێدانراوە. بەڵام هەروەک ئەوەی بنەمای ئێتیک ڕوونە: (گرنگی دەدا بە بەهای ئەخلاقی لە سنووری خودی کەسی، بەو مانایەی، کە بنەماکانی ڕەوشت، بنەمایەکی ڕێژەییە، یەکێک لەگەڵ یەکێکی دیکە جیاوازە، پشت دەبەستێت بەوەی لە فیکر و بۆچوونی خەڵکدا هەیە، بە شێوەی جوان، یان ناشرین. لادان لە بنەمای ئەخلاق نەمانی ویژدان و تووڕەبوونی کۆمەڵگەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی سزادان بۆ لادان لە یاسا بنەمایەکی یاساییە، بەڵام لە بنەمای ئێتیک سزا نییە)

**بنەماکانی ئێتیک:**

(گرنگی بە ڕەوشتی بەرزی دەروونی مرۆڤایەتی دەدات، بەرەو گەیشتن بەنموونەی باڵا، یان بەدەستهێنانی خێر و ئارامی و سەقامگیری بۆ نێو ناخی مرۆڤ... یاسا تەماشای کردەوەی کەسەکە دەکا، بۆ زانینی ئەوە، کە تا چەند زیان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، چ بە چاک چ بە خراپ. بنەمای ئێتیک تەنیا سەرنجی لەسەر ئەرکەکانە، بەبێ ئەوەی مافەکان دیاری بکات، بەڵام بنەمای یاسایی جگە لە دیاریکردنی ئەرکەکان، مافەکانیش دیاریی دەکا. بنەمای ڕەوشت و یاسا، هەردووکیان هۆکاری پابەندبوون کۆیان دەکاتەوە. بەڵام بنەمای ئێتیک سەرچاوەی تاکەکە خۆیەتی، واتە ویژدانی خۆی، بەڵام سەرچاوەی یاسا دەسەڵاتە، دوور لە ویژدانی تاک) لەگەڵ ئەوەی (بەرپرسیارێتی یاسایی و ئێتیک جیاوازن، بەرپرسیارێتی یاسایی، مرۆڤ دەخاتە بەردەم یاسا، یان کەس، بەڵام بەرپرسیارێتی ئێتیک فراوانترە، چونکە باس لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و ویژدان لە نێوان خۆی و خوای خۆی دەکات)

> “ **تۆماس هۆبز تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی داناوە و ڕەخنە لەو چەمک و سەروەریە دەگرێت، کە بە ناوی مافەکانی خواوەندەوە دەکرێن. ئەمەش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ئێستەدا یەک دەگرێتەوە** ”

ئێتیک پێوانەی چاکە و خراپە دەکات، یاسا کار لەسەر یاسایی بوون، یان یاسایی ڕێگە پێدراو، یان ڕێگەپێنەدراو دەکات. یاسا ڕژێمێکی یاسایی دامودەزگایە، ئەخلاق کۆمەڵایەتییە. یاسا لەکاتی هەبوونیدا پێویستییەکەی دەردەکەوێت، لە ژێر ڕێکاری دیاریکراودا، بەڵام ئەخلاق بەردەوامی هەیە و لەسەرخۆ گەشەدەکا.. جیاوازی ئێتیک لەگەڵ یاسا لەسەرچاوەدا هەیە، وەک سەرچاوەی پەیدابوونی ئێتیک زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ یاسا (سەرچاوەی یاسا لە هەندێک وڵاتان لە پەرلەمانەوە دەردەچێت. بەڵام سەرچاوەی ئێتیک و بەهاکان لە نێو کۆمەڵگە جۆراوجۆرن و بریتییە لە خێزان، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، قوتابخانە پیشەییەکان، داب و نەریت و ئایین و هاتنە ئارای مۆدێل و تیۆر و دامەزراوەکان).

لە ڕووی ئامانجەوە، ئامانج لە دانانی یاسا بۆ پاراستنی سیستەم و ئارامی کۆمەڵگەیە. ئێتیک هەوڵ دەدات سیستەم و ئارامی لەسەر بنەمای ئاراستەکردنی ناخی هاوڵاتییان بپارێزێت، ئامانجی ئێتیک چاکسازییە لە کەموکوریی کەسێتی و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی و پشت بە ویژدان بەستوو). جیاوازی لە نێوان ئێتیک و یاسادا هەیە، وەکو ئەوەی ڕەوشت لە ئەنجامی فێربوون، هۆشیاری دێتەکایەوە بەڵام یاسا دەسەپێندرێ و دیاریکراوە و دانپێداندراوە.

**ڕەهەندەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری:**

لەگەڵ ئەوەی ئێتیک بەشێکی دانەبڕاوە لەویژدانی مرۆڤ بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان، بەتایبەتتر بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسیی، وەک ئەوەی «ئێتیک بۆ جوانکردن و باشترکردنی ڕاگەیاندنە، لەگەڵ ئەوەش کەسانێک، کە بەکاری ڕۆژنامەنووسیی هەڵدەستن، لە خەڵک و پیشەی دیکە جیان، زووتر پرسیاری ئێتیک دێتەگۆڕێ، زۆربەی جارەکانیش ڕۆژنامەنووس خۆی بڕیار دەدات، ئەم نووسینە



بنووسیٰ، یان ئەم ڕستەیە دابنیٰ، زۆرجار بیر لە دانانی یەک وشەش دەکرێتەوە» ئێتیکی ڕۆژنامەگەری، لقێکی نویٰ و گرنگی ئێتیکی پیشەییە، کە کۆدەنگی لەسەر یەک پێناسە و دەستنیشانکردنی سنووری ئێتیکی ڕۆژنامەگەریدا لە نێوان شارەزایانی ئەم بوارەدا نییە «بە گشتیی دەتوانین بڵێین مەبەست لە ئێتیکی ڕۆژنامەگەری، کۆمەڵێک ستاندارد و بڕیارە، کە چاودێری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی میدیا و هەنگاوەکانی بەرپرسانی بوارەکە دەکا» ئێتیکی ڕۆژنامەگەری (بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، شان بەشانی یاساکان، ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستنی کاری میدیایی، هاوسەنگی دروست کردن لە نێوان بەرپرسیارێتی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان دەبینێت، هەروەها گرێدراوی فەلسەفە و بیردۆزەکانی ڕاگەیاندنە، وابەستەیەکی توندیشی بە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە هەیە)

ڕۆژنامەنووس دەبێت ڕێز لە بۆچونی خوێنەر بگرێت و مافی خەڵک پێشێل نەکات، چونکە ئەمڕۆ پێشکەوتنی گەورە لەبواری ڕۆژنامەگەری هەیە و خەڵکیش هۆشیارە و چرکە بە چرکە ئاگاداری ڕووداوەکان و پێشهاتەکانی جیهانن، هەرکاتێک ڕۆژنامەنووس پابەند نەبێت بە ئێتیکی ڕاگەیاندن متمانەی خوێنەرەکانی لەدەست دەدا.

### مێژووی سەرهەڵدانی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری:

مێژووی سەرهەڵدانی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری و پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان پێیەوە وەک بەشێک لە پەیڕەوکردنی لە لایەن ڕۆژنامەکانی جیهانەوە مێژووەکەی زۆر دوور نییە، ئێتیکی ڕاگەیاندن «بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٤ لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، باسی لێوە کرا و پێیان باش بوو لەسەر ئاستی میللی ئەم ڕێسایانە هەبن و ڕۆژنامەنووسان لە دامەزراوەکانی خۆیان کاری پێبکەن و پەیڕەوی بکەن، زۆر لەسەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسان پێیان باش بوو، پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسایانە تەنیا لەسەر ئاستی میللی نەمێنن، بەڵکو لە هەموو جیهان کاری پیٰ بکەن»

د.ڕەزوان بادینی وا باس لە مێژووی پەیماننامەکانی ڕۆژنامەوانی دەکا: ئێستە دەتوانین ئاماژە بە دەیان پەیماننامە و بەیاننامەی نێودەوڵەتی بکەین، بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری لەسەر ئاستی جیهان. سەرهەڵدانی ڕێکەوتننامەکان بە فەرمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ١٩١٣ دەگەڕێتەوە، بەهۆی گەشەکردن و فراوان بوونی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی لە هەموو بوارەکاندا، کە تێیدا (ئەنجومەنی ڕاگەیاندن) سەری هەڵدا، هەروەها خواستنی کاری نموونەیی لە بەرژەوەندی خوێنەران و سەرەتای ئاڵۆزبوونی تەنگژە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییە زۆرەکانی ئەوروپا ڕوویدا).

کۆنترین جۆری بەڵگەنامەی ئەم بوارەش (ڕێسای ئێتیکی ڕۆژنامەگەری) واشنتۆنە لە ساڵی ١٩٢٦. واتە لەو ساڵەی، کە (یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی) تێدا بەدیارکەوت. ئەمەش لەو سەردەمەدا بۆ ڕێکخستنی دامەزراندنی (دادگای نێودەوڵەتی بۆ شەرەفی پیشەیی) بوو لە ساڵی ١٩٣١دا. پراکتیزەکردنی (بەڵگەنامەی شەرەفی پیشەیی) لە ساڵی١٩٣٩ دوای کۆتایی

> “ ئامانج لە دانانی یاسا بۆ پاراستنی سیستەم و ئارامی کۆمەڵگەیە. ئێتیک هەوڵ دەدات سیستەم و ئارامی لەسەر بنەمای ئاراستەکردنی ناخی هاوڵاتییان بپارێزیت ”

هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدانی ڕۆڵی سەربازگەی سۆسیالیستی لە ڕووداوە جیهانییەکان).

لەم بارەیەوە دکتۆر سەپان لەسەر ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەگەری دەڵێت: لە وڵاتە ئازاد و دیموکرات و پێشکەوتووەکان، ڕێساکانی ئیتیکی ڕاگەیاندن بۆ سێ بوار داڕێژراون:

یەکەم: ڕێسای بڵاوکراوەکان (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان...) کە لە هەموویان کۆنترە، ڕێگە پیشانی ڕۆژنامەنووسان دەدات و ئامۆژگارییان دەکات، بەوەی ڕۆژنامەنووس دەبێت ڕەخنەگرانە سەیری سەرچاوەکانی هەواڵ بکەن، ڕێگە بە کەسانی نێو نووسینەکە بدات بەرگری لە خۆیان بکەن، ڕێز لە تاک و کۆمەڵ بگرێ و ناوی کەس نەنووسرێ.

دووەم: ڕێسای پیشەیی: زیاتر مەبەست لەوەیە ڕۆژنامەنووس ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی پیشەی خۆی دەستی دەکەوێ، نابێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی سوودیان لێ وەربگرێ. دواتر ڕۆژنامەنووس نابێ دیاری یان بەرتیل لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار، ڕێکخراو، یان پیاوانی دەوڵەت وەربگرێ. هەروەها ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە، ئەو کارانە نەکا، کە سەرنووسەر، یان بەڕێوەبەری دەزگا داوای لێ دەکا، ئەگەر خۆی نەیەوێت بیکات، یان ڕۆژنامەنووس لەو بەرهەمە هەست بە ئیهانە بکات.

سێیەم: ڕێسا بۆ تێکستی ڕێکلام: خوێنەر دەبێت زۆر بە ڕوونی نووسینی ڕیکلام لەگەڵ نووسینەکانی دیکە جیابکاتەوە.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، گۆڕانکاری بەسەر هەندێک خاڵی ڕێسای ئەخلاقی ڕاگەیاندن داهات بۆ نموونە: خاڵی «نابێ ناوی کەس لە نووسین بێت، تا ئەوکاتەی خەڵک داوا دەکات» گۆڕدرا بۆ «بڵاوکردنەوەی ناو نەبێتە هۆی جەماوەر بریندار کردن».

هەروەها کۆنگرەی «دبی» کە لە فبرایری ٢٠٠٩ بە سترا بۆ ئاشکراکردنی بنەماکانی یەکێتیی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژنامەنووسیی، کە تایبەتە بە

> **ئیتیکی ڕۆژنامەگەری بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، شان بەشانی یاساکان، ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستنی کاری میدیایی، هاوسەنگی دروست کردن لە نێوان بەرپرسیارێتی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان دەبینێت**

پیشەی ڕۆژنامەوانی، کە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس پێش هەر کارێک دەبێت ڕێز لە ڕاستی بگرێت، کە جەماوەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ڕاستی هەیە، پاراستنی پاکی لە هەواڵ و بڵاوکردنەوەی.

ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕاستییەکاندا، کە لەسەرچاوەی یەکەمەوە هاتووە، بەبێ شاردنەوەی زانیارییە گرنگەکان، یان ساختەکردنی بەڵگەنامەکان.

بەکارهێنانی هۆکاری ئاشکرا و پاک بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.

کارکردن بەو پەڕی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی هەر زانیارییەکی نێو دەقەکان، کە بڵاودەکرێتەوە.

پابەندبوون بە نهێنی پیشەیی لە هەموو ئەو شتانەی، کە پەیوەندییان هەیە بە سەرچاوەی زانیاریی، کە بەدەست هاتووە لە چاوپێوەی ئەو مەرجانەی، کە سەرچاوە ئاشکرا ناکرێت.

**ئیتیک و ئەنجومەنی ڕاگەیاندن:**

ئەنجومەنی سەربەخۆی ڕاگەیاندن، لەهەر وڵاتێک دەبێتە هۆی ڕێکخستن و باشترکردنی ڕاگەیاندن هەروەها دەبێتە هۆکارێکی گرنگ، کە ڕۆژنامەنووسان پابەند بکات بە ئیتیکی ڕاگەیاندنەوە و دەبێتە ئەو دەزگایەی بەرگری لەمافی خەڵک دەکات، کاتێک مافیان لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە پێشێل دەکرێت و پابەند نابن بەئیتیکی ڕاگەیاندنەوە.

لە ئەمریکا و بریتانیا ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ڕێگەی هەڵبژاردن لە کەش و هەوایەکی ئازاد-دا سەرۆک و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە هەڵدەبژێرن، ئەم ئەنجومەنە لە پێکهاتندا جیاوازە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ماوەی ئەندامێتیەکەشی دیاریکراوە. ئەمڕۆ لەجیهاندا بایەخی زۆری پێ دەدرێ و هەردوو لایەنی هاووڵاتی و ڕۆژنامەنووس مافیان پارێزراوە «ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بۆ جوانکردنی ڕاگەیاندن پێویستە، بۆ ئەوەی کەس لە ڕاگەیاندن غەدری لێنەکرێ، زیاد

له شەست دەوڵەتی جیهانی خاوەنی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی خۆیانن. له هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە، بە جۆری جیا جیا کار لەسەر ڕاگەیاندن دەکەن و ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەڵدەبژێرن، بەڵام ئامانجی هەموویان وەک یەک و باشتر و جوانترکردنی ڕاگەیاندنە»

له هەندێک دەوڵەت وەک «فەرەنسا سەرۆک کۆمار و سێ ئەندام و حکومەت سێ ئەندام و پەرلەمان سێ ئەندام بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دادەنێن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەنجومەن بیلایەنی تەواوی خۆی بپارێزێ» ئەنجومەنی ڕاگەیاندن «کاردەکات بۆ ئەوەی لایەنی ئەخلاقی له دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت گوێ نەخرێ، ئەو کەسانەی له ڕاگەیاندنیش ناویان بە خراپە، یان هەڵە دێ، له ڕێگەی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنەوە، داوای مافی خۆیان و ڕاستکردنەوەی دەکەن»

د. مەغدید سەپان لەم بارەیەوە دەنووسێت: لەهەر وڵاتە و یەک ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە، کە هاووڵاتییان لەکاتی پێویست بە هانایەوە دەچن، بەڵام هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن خاوەنی ئەنجوومەنی ڕاگەیاندنی خۆیانن. هەبوونی ئەنجوومەن ناکاتە ئەوەی ڕقابە لەسەر نووسین پێش بڵاوکردنەوەی دابندرێ، ئەنجومەنی ڕاگەیاندن ناتوانێت فەرمان بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بکات، بەوەی لەکاتی هەڵەکردندا خۆیان ڕاست بکەنەوە، بەڵکو زیاتر ئاگادارکردنەوەیە و وەڵامدانەوەی ئەوانە بەنامە. سوربوونی زیاتری ڕای گشتیی له سەر دەرچوواندنی گەڵاڵەنامەی ڕێکخستنی پیشە، وەک سنووردانان بۆ پێشێلکاری ڕۆژنامەنووسیی له دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، بەهۆی گەشەی بەرچاوی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسییەوە بوو، کە سەرەتای دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتانی سکەندەنافی.

**دەشێ ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی بەم ئەرکانە هەستێ:**

– دڵنیابوونەوە له ڕاستی ئەو ئەو هەواڵانەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بڵاویدەکەنەوە.

– کەمکردنەوەی ئەو کێشەی ناوزڕاندنانەی

**کۆنترین جۆری بەڵگەنامەی ئەم بوارەش ڕێسای ئێتیکی ڕۆژنامەگەری واشنتۆنە له ساڵی ١٩٢٦. لەو ساڵەی، کە (یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی) تێدا بەدیارکەوت**


دراونەتە پاڵ ڕاگەیاندن و چارەسەرکردنی کێشەی جەماوەر.

– بواردان بە جەماوەر بەرانبەر بەو پەیامەی پێیان دەگات و بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی جەماوەر بەباشی، یان بەخراپی هەستیان پێ دەکات.

– پشتگیریکردنی ڕاستگۆیی له کاری ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا.

بایەخدان بە خەڵکی له ڕووی ئەو ڕۆڵەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە پێی هەڵدەستن.

– پشتگیری کردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی



لە ڕێگەی پێداگرتن لەسەر دادوەریـی و چاککردنی بەڕێوەچوونی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن.

- پارێزگاری کـردن لـە نـاوەنـدەکـانـی ڕاگـەیـانـدن لە سانسۆری حکومی.

**ئێتیک و ڕۆژنامەگەری زەرد:**

زۆر جار گوێمان لە ڕۆژنامەگەری زەرد دەبێت، کە بەڕاگەیاندن یان میدیای زەردیش بە ناوبانگە. جیاوازی ڕاگەیاندنی کلاسیک لەگەڵ پرێسی زەرد لە ناوەڕۆکی بابەت، چۆنێتی دارشتنی تێکست، دانانی سەردێر، وێنە، هەڵبژاردنی بابەت، گوتار و نەخشەسازی تایبەتە، بۆ ئـەوەی زۆرتـریـن ژمـارەی لێ بفرۆشرێت و تیراژی ڕۆژنامە، یان ئەو گۆڤارە بەرزبکرێتەوە»

هەندێک لەوانە مانشێت بە ڕەنگی سـوور و درشت دەنووسرێت، زۆرجار مانشێت ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆک نییە. بـابـەتـی نـەگـەتـیـف و مـەسـەلـە سێکسییەکان دەوروژێنـێ، باس لە ژیانی تایبەتی کەسایەتییەکان دەکات، ڕووداوی بچووک بە گەورەیی نیشان دەدات. لـەسـەر نـاوی ڕۆژنـامـەگـەری زەرد «کۆمەڵێک ڕاو بۆچوون هەیە و لایەنێک لـەو بـڕوایـەدایـە، لە ڕەنگی کاغەزی زەردی ڕۆژنامە پەیدابووە، لایەنی دیکەش لەو بڕوایەدان، پرێسی زەرد لە هەبوونی گرژی لە نێوان دوو سەرنووسەر و خاوەنی ڕۆژنامە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لەسەرچیرۆکی منداڵە زەردەکە دەست پێدەکات»

هـەروەک کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ هەبوو بۆ ئەوەی پرێسی زەرد لە دایک ببێ، وەک: پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، ئاسانی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان بۆ شوێنی پێویست، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری، بـەرزبـوونـەوەی ئاستی ژیـان و توانای کڕینی ڕژنامە و گۆڤار، نزمی نرخی ڕۆژنامە، گەشانەوە و پێشوەچوونی لیبرالیزم، ئەو ڕۆژنامەگەرییە، بەردەوام لەبەردەم لادانی ئێتیکە.

**خەسڵەتەکانی ڕۆژنامەگەری زەرد:**

ڕۆژنامەگەری زەرد لە تەواوی پێکهاتەی ڕۆژنامەکانی دیکە جـیـاوازە، ئـەوەش بـە هـۆی هـەنـدێک خەسڵەتی تایبەتەوە، کە پێی دەناسرێتەوە، لە دیزاین و دانانی مانشێت و بەکارهێنانی ڕەنگی تۆخ و ناوەڕۆکی هەواڵ و ئەو زانیارییانەی، کە بڵاویان دەکاتەوە بەفەرامۆش کردنی لایەنی ئێتیکی ڕاگەیاندن. خەسڵەتەکانی ڕۆژنامەگەری زەرد بریتین لە:

زیاتر باس لە بابەتەکانی قەدەغە و نامۆ دەکا، ڕەخنەی توند لە دەسەڵات و حکومەت و کەسانی ناودار دەگرێت و بڵاویان دەکاتەوە، باس لە ژیانی تایبەتی خەڵک دەکات و زۆربەی جاریش نێگەتیڤانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێت، دەکرێت لە یەک لاپەڕە مەتریاڵی پیکەنیناوی و تراژیدیا بەرچاو بکەوێت. جگە لەوەی ڕووش دەدات، لە هەمان نووسین، یان بابەت تراژیدیا، یان پێکەنینی تێدا بێت، بە شێوەی گاڵتەجاڕی و توند و ڕەخنەگرانە باس لە ژیانی تایبەت دەکا.

**سەرچاوەکان:**


١- هێرش ڕەسـووڵ (٢٠١٣) ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

٢- مەغدید سەپان (٢٠١٥) بنەماکانی ئێتێک و ئێتێک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، تاران، چاپخانەی پەنجەرە.

٣- مەغدید سەپان (٢٠١٩) گوتارە تەمەن درێژەکان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٤- کەمال سەعدی (٢٠٠٤) ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پێشە، هەولێر، دەزگای (O.P.L.C) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاساییەکان.

٥- کارزان محەمەد (٢٠١٩). هەڵسەنگاندنی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی سنە.

٦- کـەمـال سـەعـدی (٢٠٠٦) چـوارچـێـوەی یـاسـایـی ئـازادیـی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عیراقدا، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٧- حەسەن عیماد مەکاوی (٢٠٠٤) ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی، وەرگێڕانی: مەم بورهان قانع، سلێمانی: چاپخانەی تیشک.

٨- فازیل نیزامەدین (٢٠٠٧) فەرهەنگی شیرینی نوێ، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.

٩- زکریا بیتة، ملخص بحوث الیوم الاول، المؤتمر الثالث الاعلام و الاتصال، کلیه اداب و العلوم، جامعة قطر.


١٠- هدی محمد عبدالرحمن جاب الله (٢٠١٢) فلسفه الاخلاق عند دیریک بارفت، بحث مقدم نیل درجة دکتوراه فی الاداب قسم فلسفه، جامعة الفیوم.

١١- سامان فـەوزی عمر (٢٠٠٧). المسؤلیة المدنیة للصحفی- دراسة مقارنة، دار وائل للنشر والتوزیع.

١٢- حسن عماد مکاوی (٢٠٠٦) أخلاقیات العمل الإعلامی- دراسة مقارنة، دار المصریة اللبانیة.

١٣- PLAISANCE, P. L. (٢٠١٤). Media Ethics Key principles for Responsible Practice. Colordo State University, SAGF Publication Inc.


*** وێنەکان لە گوگڵ وەرگیراون**



# دیدار

# حەلیمە ئەحمەد

هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیرناچێتەوە، کە تەڵعەت چوو بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و ئەو کاسێتەشی لەگەڵ خۆی برد، کە گۆرانی (لە کۆڵانی تەنگەبەری) حەمەجەزای لەسەر تۆمار کرابوو. خۆشترین ڕۆژیش لە ژیانمدا، ئەو ڕۆژە بوو، کە گوێم لە دەنگی شۆڕشی عێراق بوو، لەگەڵ ئەو گۆرانییەی حەمەجەزا



## حەلیمە ئەحمەد:

# شانازی بەوەوە دەکەم، زۆر جار بە دایکی گەلی کوردستان ناوم دێن

ژنان کۆڵەگەیەکی دیار و کاریگەری نێو بزووتنەوەی کوردایەتین، لە هەندێک وێستگەدا ئەگەر ئامادەیی ئەوان نەبووایە، مومکین نەبوو، بتوانرێت هەموو ئەو شتانە بەدی بهێنرێن، کە بەدی هاتوون. حەلیمە خان، یەکێکە لەو ژنانەی بووە بە بەشێک لە مێژووی گەلەکەمان، کە دەکرێت بۆ هەمیشە، هەم خۆی شانازیی پێوەبکات، هەم ئێمەش.

بۆیە ناتوانین ئاوڕ لە هەموو ئەو ژنانە نەدەینەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئامادەبوونە لە پێناو گەل و نیشتمانەکەیان، نەک هەر گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، بەڵکو ئامادەبوونە گیانیشیان بەخت بکەن.

حەلیمە ئەحمەد لە چرکەساتی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دێتە نێو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان، قۆڵ و بازووی لێ هەڵدەکات، لە ڕێگەی وڵاتی کوێت-ەوە، شام و کوردستان بە یەکەوە گرێ دەدات.

ئەو ژنە ساڵی پار ٢٠٢٢ لە ساڵیادی دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەڕایەوە کوردستان، ئەم هاتنەوەی ئەو، دەرفەت بوو ئەم دیدارەی لەگەڵدا بکەین و بە یەکەوە چەند لاپەڕەیەکی گرنگی ئەو مێژووە هەڵبدەینەوە، کە ئەو قارەمانانە تیایدا ڕۆڵیان گێڕاوە.

**دیمانە: ستار محەمەدئەمین**

**حەلیمە ئەحمەد کێیە؟**

+ ناوم؛ حەلیمە ئەحمەد حەمدی نەقشبەندی-یە، لە گەڕەکی شۆریجەی شاری کەرکوک، لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر لەدایک بوویمە، باوکم خەڵکی عەسکەرە، دایکیشم لە بنەماڵەیەکی تیکۆشەری ڕواندزە، زۆربەی زۆری ژیانم لە کەرکوک بردووەتە سەر، بۆیە خۆم هەر بە کەرکووکی دەزانم.

**- تۆ هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکی دیار و تێکۆشەری وەک تەڵعەت گلی کرد، دەکرێت بزانین، ئەوت چۆن ناسی و چۆن پێکگەیشتن؟**

+ تەڵعەت کەسایەتییەکی دیار و کوردپەروەر بوو لە کەرکووک، دۆستی برایەکانم بوو، ئەوکاتە لە بەریتانیا دەیخوێند، هەرکە خوێندنی تەواوکرد گەڕایەوە کوردستان، منیش تا قۆناغی ناوەندیم خوێندبوو، وازم لە خوێندن هێنا و ساڵی ١٩٧١ بڕیارماندا بە یەکەوە هاوسەرگیریی بکەین، دەکرێت بڵێم قسمەت پێکی گەیاندین.

**- پاش ئەوەی مامۆستا تەڵعەت خوێندنی لە بەریتانیا تەواوکرد، بۆ کارکردن و خوێندنی زیاتر چوونە کوێت، ئەم دوورکەوتنەوەیە، لە کەرکووک و کەسوکارەکەت ناخۆش نەبوو؟**

+ ساڵی ١٩٧١ کە چووینە کوێت، لەسەرەتادا زۆر زەحمەت بوو، چونکە لە ژیانی دوورە وڵاتی ڕانەهاتبووم، یەکەم جارم بووم لە کەرکووک و کەسوکارەکەم

دووربکەومەوە، بەتایبەتی، کە لە خانەوادەیەکی ئایینی و نیشتمانپەروەر بووم، ئەوە بۆ من زۆر قورس بوو، بەڵام باشی هاوسەرەکەم ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ کردبوومەوە، ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە پاڵپشتم بوو، دوای ماوەیەک تەواو ڕاهاتم و توانیم خۆم لەگەڵ ئەو تەنیاییە و دوورە وڵاتییە ڕابێنم.

**– ژیانی سیاسیی مامۆستا تاڵەعەت گلی لەم دوورە وڵاتییە، چەندە بۆتۆ جێگەی مەترسی بوو؟**

+ لەسەرەتادا تۆزێک قورس بوو، چونکە مەترسی لە سەر ژیانی هەردووکمان هەبوو، ئێستە ئەگەر باسیان بکەم لەوانەیە کەسانێک هەبن، باوەڕم پێنەکەن و بە سیناریۆ و فیلمی سینەمایی بزانن، بەتایبەتی گەیاندنی نامەکانی مام جەلال، کە لە شامەوە دەهێنرانە کوێت و منیش بەسەرکەوتوویی دەمگەیاندنە بەغدا و کوردستان.

**– لە ساڵی ١٩٧٥-وە، بەتایبەتی دوای ئەوەی مام جەلال لە هەوڵی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دادەبێت، مامۆستا تاڵەعەت گلی-ی هاوسەرت، وەک پاڵپشتێکی دیاری یەکێتیی دەردەکەوێت، تۆ چۆن بەوەت زانی، یان چۆن ئاگادار کرایتەوە؟**

+ هەر لەسەرەتاوە ڕۆحی کوردایەتی لەنێو خانەوادەکەی ئێمەدا هەبووە و بەو ڕۆحە گۆشکراوین، هەرئەوەش وای لێکردبووین بیر لە ژیان و سەر و ماڵی خۆمان نەکەینەوە، هەندێک لەو کارانەی، کە کردوومانە، دەمانزانی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاشکرابین و بگیرێین، ژیانمان لەناودەچێت.

لە سەروبەندی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا، مام جەلال پەیوەندی بە تاڵەعەت-ی هاوسەرمەوە کرد، بۆئەوەی لە شام سەردانی بکات، دوای گەڕانەوەی لەو سەردانە، بۆی باس کردم، کە مام جەلال و هەندێک لە هەڤاڵەکانی بەتەمان شتێک بکەن، لە شامەوە دەست بە شۆڕش بکەنەوە.

پاش سەردانەکەی تاڵەعەت لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ شام، منیش سەردانی خانەوادەکەم لە کەرکووک کرد. دوای چەند ڕۆژێک مانەوەم، گەڕامەوە

**هەمیشە بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکەم، وەکو ژنێکی کورد، لەو سەردەمە، زۆر شت، کە بە زۆر کەس نەدەکرا، من بە هەوڵ و پاڵپشتی هاوسەرەکەم دەمکرد**

کوێت، کە گەڕامەوە میوانێکمان هەبوو، تاڵەعەت گوتی: حەلیمە دەزانی میوانێکی عەزیزمان هەیە، منیش گوتم: کێیە؟ گوتی: دکتۆر فوئاد مەعسوم-ە بەنوێنەرایەتی مام جەلال هاتیتە کوێت و میوانی ئێمەیە، ئەوە بوو، بۆ یەکەم جار من و دکتۆر فوئاد مەعسوم یەکمان ناسی.

لەوێ باسی دروستکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کرد، بۆ منیش هەندێک ئیش و کار دیاریی کرا، گوتی زۆر ئیشمان بە تۆش دەبێت ئەوەبوو، هەم تاڵەعەت و هەم خۆم ئامادەییمان دەربڕی.

**– وەکو ژنێک ڕۆڵی جەنابت چی بوو، چ ئەرکێکیان بۆ تۆ دیاریی کرد؟**

+ هەمیشە بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکەم، وەکو ژنێکی کورد، لەو سەردەمە، زۆر شت، کە بە زۆر کەس نەدەکرا، من بە هەوڵ و پاڵپشتی هاوسەرەکەم دەمکرد، کە زۆر زەحمەت بوو، ئەرکەکەم ئەوەبوو شام و بەغدا و کوردستان لە ڕێگەی کوێت-ەوە بەیەکەوە ببەستمەوە، کە



**حەلیمە ئەحمەد و ستار محەمەد ئەمین**


حەلیمە ئەحمەد، فوئاد مەعسووم، منداڵەکەش تانیا-ی کچیەتی

ئێستە دەزانم چەند زەحمەت بووە، هەرکاتێک، کە تەڵعەت بۆ شام دەچوو، یان کاک فوئاد دەهات بۆ کوێت نامەیان دەهێنا، منیش ئەو نامانەم دەگەیاندە کوردستان، ئەگەرچی کارێکی قورس بوو، بەڵام زۆریش خۆش بوو، بەتایبەتی، کە بە سەرکەوتوویی ڕاسپاردە و نامەکانم دەگەیاندە شوێنی مەبەست.

**- یەکەم نامەت گەیاندە کێ، دەکرێت باسی هەندێک لەو نامانە بکەیت؟**

+ دەبێت ئەوە بڵێم، کە کوێت یەکەم و سەرەتای پەیوەندییەکانی دەرەوە بوو بەناوەوەی وڵات، واتە لە ڕێگەی وڵاتی کوێت-ەوە شام و کوردستانم بە یەکەوە گرێدا.

"من لە ڕێگەی وڵاتی کوێت-ەوە شام و کوردستانم بە یەکەوە گرێدا بوو"

نامەی زۆرم گەیاندووەتە بەغدا و کوردستان، یەکەم نامەش، لە مام جەلال-ەوە بوو، دکتۆر فوئاد مەعسوم لە شامەوە هێنابووی، دوو نامە بوون لە مام جەلال-ەوە بۆ شەهید عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید لە ١٩٧٥/٨/٢، گوتی دەبێت بەزووترین کات بگاتە دەستیان.

ئەوکات شەهید عەلی عەسکەری لە ڕەفاعی بوو لە بەغدا، بردم لەوێ گەیاندمە دەست فاخیری برام، ئەو نامەکەی بۆ برد، ئەوکات بۆی گێڕامەوە هەرکە شەهید عەلی عەسکەری نامەکە دەخوێنێتەوە، یەکسەر لە پێش چاوی براکەم نامەکەی سووتاندوە و گوتبووی تەڵعەت گلی یاریی بە ئاگر دەکات، خوشکەکەشتی تێوەرداوە، جارێکی دی پەیوەندیم پێوە مەکەن، کە گەڕامەوە ئەوەم بۆ کاک فوئاد گێڕایەوە، هیچ قسەی نەکرد تەنیا پێکەنی و گوتی باشە، بەڵام جارێکی دیش، هەر لە بەغدا نامەم بۆ شەهید عەلی عەسکەری برد.

نامەی دووەم، لە بەغدا گەیاندە دکتۆر خالید سەعید. تەلەفۆنم بۆ کرد گوتی: (بە قوربانت بم ئەتوو ژیانت بۆ گێڕامەوە، وەک ئەوە وایە گوڵێکی مردووت ئاو دابێتەوە) شوێنێکمان دەست نیشان کرد، کە یەکدی ببینین، پێم گوت وەرە چواریانی چواردەی ڕەمەزان لە مەنسور لەوێ چاوەڕێت دەکەم، گوتی باشە، وەسفی خۆم بۆ کرد، پێم گوت بۆ ئەوەی بمناسیتەوە گوڵێکی سوور لە یەخەم دەدەم. ئەو، ئەوکات لە شەماحیە دەوامی دەکرد، بەڵام، کە دێتە دەرەوە هەست دەکات چاودێریی دەکرێت، بۆیە کەسێکی بەناوی محەمەد مەعسووم، برای دکتۆر فوئاد، کەلێیەوە نزیک بوو، لە شوێنی خۆی ڕاسپارد بێت نامەکەم لێ وەربگرێت، ئەوەبوو نامەکەم دایە ئەو، ئەویش گەیاندبوویە دکتۆر خالید.

چەند نامەیەکیشی بۆ سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نارد. هەروەها نامەیەکی بۆ ئیمام خومەینی نارد، کە ئەودەم لە عێراق بوو، من نامەکەم گەیاندە دەستی وەسفیە بەنی وەیس، ئەویش گەیاندبووی.

**- دەکرێت بزانین ئەو نامانەت چۆن بە سەرکەوتوویی دەگەیاندە بەغدا و کوردستان؟**

+ یەکەم نامە، کە گەیاندمە شەهید عەلی عەسکەری لەنێو پاژنەی پێڵاوی لانە-ی کچم شاردبوومەوە، لە سەر سنوور هێندەی نەمابوو کێشەمان بۆ دروست بێت، بزمارەکە دەرچووبوو پێی دەگرت، یەک بەخۆی هاواری دەکرد، بەڵام بەهەرحاڵ قورتارمان بوو، ئەو منداڵ بوو، نەیدەزانی مەسەلە چییە، یەکێک لەو نامانەی، کە زۆر گرنگ بوو، مام جەلال گوتی دەبێت بە زووترین کات بگات، لەنێو دایبی نارینی کچم شاردبوومەوە.

جارێکی دیش لەگەڵ ماڵە برادەرێک ڕۆیشتمەوە،

هەندێک پارە و بڵاوکراوە و چەند نامەیەکم پێ بوو، لەگەڵ ئەو نەخشەیەی، ئەو شوێنانەی تێدا دیاریی کرابوو، کە چەک و تەقەمەنییەکانی دوای نەکسەی ساڵی ١٩٧٥ی لێ شاردرابوونەوە، بۆ کاتی پێویست، هەرهەموو ئەوانەم لەخۆم بەست و خۆم کرد بە ژنێکی دووگیان، بەم شێوەیە گەیشتمەوە، لەبەر ئەوەش، کە زمانی عەرەبییەکەم باش بوو، کەس شکی لێنەدەکرم.

هەموو جارێکیش، کە سەفەرم دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر نامە و ڕاسپاردەم لابووایە، ئەوە دەچوومە ئارایشگە و خۆم دەڕازاندەوە و جلوبەرگی کەشخەم لەبەر دەکرد، چونکە هەمووکات زیاتر چاو لەسەر ژن و پیاوی هەژار بوو، منیش هەمیشە خۆم وەکو ئەریستۆکراسییەک پیشان دەدا، بۆ ئەوەی شکم لێ نەکەن.

هەرکە دەگەیشتمە بازگەی سەر سنوورر دەیان گوت بۆ کوێ؟ دەمگوت دەچمە بەسرە، یان بەغدا، هیچ خۆم مشەوەش نەدەکرد، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبیلەکەشم مۆدیلی بەرز بوو، خۆشم لێم دەخوڕی، زۆر کەم دەیان پشکنیم، بەم شێوەیە هاتوچۆی خۆم دەکرد. وابزانم دوعای دایکم و باوکیشم زیاتر منیان پاراست.

**- ئەو نامە هێنان و بردنە تا کەی بەردەوام بوو؟**

+ لە ساڵی ١٩٧٥ تاکو ساڵی ١٩٨٨، یانی تا ئەوکاتەی بە ناچاریی کوێت-مان بە جێهێشت و چووینە کەنەدا، لەو کارەم بەردەوام بووم.

**- ئەی چیرۆکی ئەو چەک و تەقەمەنیانەی لە وڵاتی کوێت-ەوە گەیاندتە سلێمانی، ئەمە چۆن بوو، بە چ مەبەستێک هێنرابوونە کوێت؟**

+ ئەو چەک و تەقەمەنیانە بە مەبەستی کوشتنی (تیرۆرکردنی) سەددام حوسێن هێنرابوونە کوێت، من دواتر ئاگاداری پلانەکە بووم، کە لە ١٩٧٥/٧/٧ لە نێوان مام جەلال و تەڵعەت و فوئاد مەعسووم داڕێژرا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنییان هێنا و لە ژووری منداڵەکانم، زەوییەکەیان کۆڵی و لەوێ شاردیانەوە، وەک تەڵعەت گلی دواتر بۆی گێڕامەوە، مام جەلال ئاگاداری ئەوە بووە، کە سەددام بە نیازە سەردانی کوێت بکات، سەرەتاش پلانەکە ئەوە بوو، خۆپیشاندانێک دژی ڕێکبخرێت، بەڵام تەڵعەت پلانی کوشتنی دەخاتەڕوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەست بەوە کرابووە پلانێکی لەوشێوەیە هەیە، سەددام سەردانەکەی بۆ کوێت نەکرد، بۆیە پلانەکەش سەری نەگرت، دواتریش من ئەو چەکانەم گەیاندە کوردستان،

**یەکەم نامە، دکتۆر فوئاد مەعسوم لە شامەوە هێنابووی، نامەیەک بوو لە مام جەلال-ەوە بۆ شەهید عەلی عەسکەری**


دواتریش بە هیچ جۆرێک نەزانرا، کێن ئەوانەی ئەو پلانەیان داناوە.

**- ئەو چەکانە چۆن گەیشتبوونە کوێت و کێ هێنابوونی؟**

+ بەشێکی تەڵعەت هەر لەنێو کوێت دابینی کردبوون، بەشێکیشی دکتۆر فوئاد مەعسووم لە شام-وە هێنابوونی، لەبیرمە ئەو ڕۆژەی، کە کاک فوئاد هاتە لامان قووتوێک پاقلاوەی پێبوو، کە دانیشت گوتی تەڵعەت ئەو قوتووە بکەوە، ئەویش گوتی: با نانەکە بخۆین جا پاقلاوەکەش دەخۆین، ئەویش گوتی: حەزدەکەم ئێستە بیکەیتەوە، کە کردیەوە دەمانچەیەکی تێدابوو، منیش گوتم: ئەوە لەشامەوە چۆن گەیاندووتە ئێرە. ئینجا زانیم، کە کاک فوئاد پاسپۆرتی دیبلۆماسی هەیە و بە ئاسانی دەیتوانی ئەو هاتووچۆیە بکات و ئەو چەکانە لەگەڵ خۆی بێنێت، لەبەر ئەوەی لە فڕۆکەخانە نەیان دەپشکنی، هەندێکیش لەو چەکانە تەڵعەت لە ڕێگەی سەفارەتی سوری-یەوە هێنابوونی، چەکەکانیش سێ ڕەشاش و سێ دەمانچەی بێدەنگ بوون، لەگەڵ دەمانچەیەکی ئاسایی و کۆمەڵێک تەقەمەنی، کە کردەوەکە سەری نەگرت، منیان ڕاسپارد، چەکەکان بگەیەنمە کوردستان.



مام جەلال، تەلعەت گلی، فوئاد مەعسووم



**پەڕەگرافێکی ئەو نامەیەی تەلعەت گلی هاوسەری حەلیمە ئەحمەد بۆ مام جەلال-ی نووسیوە، سەبارەت بە گەیشتنی چەک و تەقەمەنییەکان بۆ کوێت**

بەسەرکەوتوویی گەڕامەوە کوێت.

**- ئایا کەسوکارەکەت پرسیاری ئەوەیان نەدەکرد، کە بۆ وا زوو زوو بۆ کوردستان دەگەڕێیتەوە؟**

+ جارێکیان ماڵە خەزورانم شکیان کردبوو، کە من بۆ ئەو کارانە دێمەوە، باوکی تەڵعەت چووبووە لای باوکم و پێی گوتبوو ئەوە تەڵعەت-ی کوڕم لەگەڵ حەلیمەی کچت وابزانم یاریی بە ئاگر دەکەن، من کوڕێکم شەهید بووە و نامەوێت ئەو کوڕەشم شەهید بێت.

**- باشە ئەو گومانانە لای خانەوادەکەت، لە چییەوە دروست ببوون؟**

ڕۆژێکیان باوکم بە دایکمی گوتبوو شێخ زادە، ئەو دەنگە دەنگە چییە لە حەوشەی، ئەویش گوتبووی ئەوە حەلیمەیە هاتووەتەوە، ئەویش گوتبووی هەفتەی ڕابردوو حەلیمە لێرە بوو، دیسان بۆ هاتووەتەوە؟

پاش ئەوەی چوومەلای، باوکم پێی گوتم تۆ هەفتەی ڕابردوو لێرە نەبووی خێرە دیسان هاتوویتەوە؟ منیش گوتم بۆ هەندێک ئیشوکار گەڕاومەتەوە، گوتی وەرە بزانم ئیشی چیت هەیە؟ منیش گوتم بابە تۆ منت فێرکردووە، کە درۆت لەگەڵ نەکەم، وازم لێ بێنە، با درۆت لەگەڵ نەکەم و هیچ پرسیارێکم لێ مەکە، ئەویش گوتی من

**"من کچی تۆم هەرگیز هەڵە ناکەم و بۆ کوردایەتی هاتوومەتەوە و هەر ئەوەندە و بەس"**

باوکی تۆم دەبێت بزانم بۆ هاتوویتەوە و ئەو جرتوفرتەت لە چییە، گوتم دڵنیابە من کچی تۆم هەرگیز هەڵە ناکەم و بۆ کوردایەتی هاتوومەتەوە و هەر ئەوەندە و بەس.

گوتی کوردایەتی لەگەڵ کێ؟ گوتم لە ڕێگەی مام جەلال-ەوە، دوای کەمێک بێ دەنگی، گوتی ئەوەها، لەوە ترسام ڕێگریم لێ بکات، نەک لەبەر ئەوەی بابم دژی کوردایەتی بێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی من ژن بووم و خانەوادەکەشمان، خانەوادەیەکی ئایینی بوون، دواتر باوکم پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، من وەکو ژنێک بێمە نێو بواری سیاسیی، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا.

گوتی وەرەلام، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بمداتە بەر گۆپاڵان، بەڵام بە پێچەوانەوە، سەری ماچ کردم و سەرمی لەسەر کۆشی خۆی دانا و دوعای بۆ کردم و گوتی برۆ کچم خوا دەتپارێزێت و هیچت بەسەر نایێت، زۆریش شانازیت پێوە دەکەم، لەو ساڵانەی دوایی لە مەجلیسێک دانیشتبووم، مام جەلال و عادل عەبدلمەهدی و زۆری دیش لەوێ دانیشتبوون، ئەوەم بۆ گێڕانەوە، گوتیان: تۆ شایانی ئەوەیت نیشانەی ئازایەتیت پێ بدرێت، منیش گوتم لە زووەوە ئەو نیشانەیەم لە باوکی خۆم وەرگرتووە.

**- کەی بۆ یەکەم جار مام جەلال-ت بینی؟**

زۆر جار مام جەلال-م بینیوە و لەگەڵی دانیشتووم، بەڵام بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٦ لە سوریا، لە ئوتێلێک بینیم بەناوی بورج فزی، ئێمە دوومنداڵی بچووکمان هەبوو، بە ناوەکانی لانیا و تانیا، مام جەلال لە باوەشی کردن و زۆر کەیفی پێ دەهاتن، لەبەرئەوەی ئەودەم هیچ خانەوادەی کورد لەوێ نەبوون، دووەم جاریش، کە لەگەڵ تەڵعەت چووین بۆ کڕینی ئێزگەی ڕادیۆکە جارێکی دی مام جەلال-م بینی.

هەروەها لە یادی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مامم بینی، دیارە لەوکاتەدا مام جەلال بە دکتۆر بەرهەم-ی گوتبوو ئەم ساڵ لە ساڵیادی یەکێتیی تەڵعەت گلی و خێزانەکەیم بۆ بانگهێشت بکەن. من هەموو جارێک بە شانازییەوە باسی ئەو بانگهێشتەی مام جەلال دەکەم.

**- با بێینە سەر چیرۆکی ئامێری ئێزگەی گەلی**

**کوردستان و چۆنیەتی دامەزراندنی، هەرچەندە ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە مامۆستا تەڵعەت گلی-یەوە هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە تۆش دەورت هەبووە و ئاگاداری بەشێکی ئەو چیرۆکەی؟**


+ شانازی بەوەوە دەکەم، کە زۆر جار بە دایکی گەلی کوردستان ناوم دێنن، لە ڕاستیشدا، من دایکی گەلی کوردستانم، لەبەرئەوەی لەگەڵ تەڵعەت وڵات بە وڵات و شار بەشار گەڕاین، تاکو ئامێری ئێزگەمان پەیدا کرد و هێنامانەوە.

ڕۆژێک تەڵعەت پێی گوتم سەفەرێکمان هەیە بۆ سوریا، ئەوەبوو منداڵەکانم ناردەوە بۆ کوردستان، ئێمەش پێکەوە چووین بۆ شام، لەوێ مام جەلال، تەڵعەت-ی ڕاسپارد بچین ئێزگەیەک پەیدا بکەین، ئێمەش بەرەو ئەوروپا بەڕێکەوتین، چووینە لەندەن، فەرەنسا، ئەلمانیا و سوید، بۆ ئەوەی ئێزگەیەک بکڕین، بەڵام هیچ وڵاتێک و کۆمپانیایەک ئامادە نەبوون، ئامێری ئێزگەمان پێ بفرۆشن، تا دواجار لە سویسرا دەستمان کەوت و کڕیمان و ڕەوانەی شام-مان کردەوە. من و تەڵعەت-یش گەڕاینەوە کوێت، پاش ماوەیەک مام جەلال هەواڵی گەیشتنی ئێزگەکەی بە تەڵعەت گەیاند، ئەویش سەفەری شامی کرد و لە گەرماوەکەی ماڵی دکتۆر فوئاد دایانمەزراند، دکتۆر خدر مەعسووم-یش لەوێ بووە، بە مەبەستی تێست کردنی، فێریشی کردبوون، چۆن کار دەکات. بەڵام موخابەراتی سوریا پێی دەزانن و دەیانگرن، دواتر بە هەوڵ و کۆششی مام جەلال ئازاد دەکرێن. دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر کاک نەوشیروان و دکتۆر خدر توانیویانە ئێزگەکە بگەیەننە کوردستان، دوای ئەوەش ئاگاداری تەڵعەت-یان کردەوە، بۆ ئەوەی بچێت ئێزگەکەیان بۆ دامەزرێنێت.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیرناچێتەوە، کە تەڵعەت چوو بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و ئەو کاسێتەشی لەگەڵ خۆی برد، کە گۆرانی (لە کۆلانی تەنگەبەری) حەمەجەزای لەسەر تۆمار کرابوو. خۆشترین ڕۆژیش لە ژیانمدا، ئەو ڕۆژە بوو، کە گوێم لە دەنگی شۆڕشی عێراق بوو، لەگەڵ ئەو گۆرانییەی حەمەجەزا.

ئەو ڕۆژە هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو، دڵم زۆر خۆش بوو، کە تەڵعەت بە سەرکەوتوویی ئێزگەکەی دامەزراند، بەڵام بە تەنیا بووم، کەس نەبوو لەگەڵی ئەو خۆشییە دەرببڕم، بۆیە دەستم بە گریان کرد.

**- کە ئێزگە دەکەوێتە کار، تۆ هەموو ڕۆژێک دەنگی شۆڕشی عێراق، بەتایبەتی وتارە گرنگەکان و چالاکییەکانی پێشمەرگە تۆمار دەکەیت، مامۆستا تەڵعەت-یش هەر هەمووی چاپ دەکات و لە**


مقتطفات
من
أخبار الصحف
الخليجية والعالمية
الخليج
السنة الرابعة-١٩٨٤
23 APR 1984

ڕووی پێشەوەی بڵاوکراوەی الخلیج

**بڵاوکراوەیەکدا بەناوی (الخلیج) چاپ و بڵاوی دەکاتەوە، ئەمە چۆن بوو؟**

+ تەڵعەت-ی هاوسەرم، دەرچووی بەشی بێتەل بوو، منیشی فێری بەکارهێنانی ئامێری بێتەل کردبوو، بەیانیان، کە ئێزگەم دەکردەوە، هەواڵەکانم هەر هەمووی تۆمار دەکرد، ئەگەر ڕۆژنامەکانی کوێت-یش هەواڵێکیان لە سەر کورد هەبووایە، ئەوە ئەوانیشم زیاد دەکرد و چاپمان دەکرد، بە ناوی ڕۆژنامەی (الخلیج) بۆ ئوستورالیا و ئەوروپامان دەنارد، بۆ ئەوکات بۆ جالیەی کوردی ئەو شوێنانە شتێکی گرنگ بوو، لەبەرئەوەی



**تەڵعەت گلی، لە کاتی دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق، کە دواتر بووە دەنگی گەلی کوردستان**

**– ئایا دوای چوونتان بۆ کەنەدا هەر بەردەوام بوون لەسەر کار و چالاکییەکانتان؟**

+ ساڵی ١٩٨٨ کە چووینە کەنەدا پێنج منداڵمان هەبوو، سەرەتا هەستم بە غەریبییەکی زۆر زۆر دەکرد، بەڵام هەر بەردەوام بووین، کە مام جەلال هاتە ئەمریکا لەگەڵ تەڵعەت دانیشت و لێپرسراوێتی کەنەدا و ئەمریکای خستە سەر شانی، هەروەها وەک لێپرسراوی بەرەی کوردستانی-یش لە کەنەدا دیاریی کرا، ئەو چوون و هاتنەی جارانمان نەما، بەڵام بۆ مێژوو، با باسی ئەوەش بکەم، دوای شەش مانگ، کە لە کەنەدا بووم گەڕامەوە کوێت، بۆ ئەوەی ئیقامەکەم نەسووتێت، تووشی ئیشێکیشیان کردم، گوتیان نامەیەکی زۆر بە پەلە هەیە دەبێت بیگەیەنیتە کوردستان، پێشیان گوتبووم نابێت کەس ببینم، بەڵام کە گەڕامەوە، غەریبی دایکم و باوکم وای لێکردم بچم سەردانیان بکەم، چەند کەسێک منیان بینی بوو، پێیان سەیر بوو، بۆیە بێ ویژدانیان بەرانبەرم کرد، بەڵام من بە کاک نەوشیروان-م گوت هەندێک شت هەیە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە پێویست ناکات کەس بیزانێت، من چۆن دێم و چۆن دەگەڕێمەوە، ئەویش گوتی: ئێمە تۆ باش دەناسین و دەزانین کێیت، تۆ جێگەی شانازی ئێمەیت، ئەو قسانەی کاک نەوشیروان بۆمن زۆر گرنگ بوو، هێز و تینێکی دی پێدامەوە.

**– ئەو ڕووداوانە چین، کە تا ئێستە لە یادت ماون و لە بیرت ناچنەوە؟**

+ ڕۆژێکیان لەرێگەی چەمچەماڵ-ەوە دەچوومە سلێمانی، خوشکێکم و یەک دوو مامۆستاشم لەگەڵ دابوون، نامەیەکم پێ بوو بۆ شازاد سائیب، کە گەیشتینە بازگەی تاسڵوجە، بینیم پشکنین هەیە، گەنجێک و پیاوێکی بە تەمەنیش لە پێش ئێمەوە دانیشتبوون، یەک دوو کیلۆ چا و سندوقێک مۆزیان پێ بوو، لە بازگەکە هەردووکیان دانە بەرشەق و شولاق، منیش سەبرم نەما، یەکسەر بەجواب هاتم و بە دەنگێکی بەرز و بە عارەبییەکی ڕێک پێم گوت بۆ لێی دەدەی؟ دەتوانی کەلوپەلەکەی ببەی، دەزانی من کێم؟ من ئەندامی یەکێتیی ئافرەتانی عێراقم، لە بەغداوە هاتووم، مەوعیدم هەیە لە سلێمانی، پێویستە لە کاتی خۆیدا لەوێ ئامادەبم، تۆزێک



حەلیمە ئەحمەد و کوڕەکەی لەگەڵ مام جەلال

ئێزگەکە پەخشی نەدەگەیشتە ئەو شوێنانە.

**– یەکەم ژمارەتان ساڵی چەند دەرکرد و تا ساڵی چەند بەردەوام بوو، چەند ژمارەشی لێدەرچوو؟**

+ یەکەم ژمارەمان لە ساڵی ١٩٨٠ دەرکرد و تاکو ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بوو، بەڵام بیرم نەماوە چەند ژمارەمان دەرکردووە.

**– باشە ئێوە، کە لە کوێت دەژیان، لەوە نەدەترسان، چاودێری بکرێن، یاخود گومانتان لێ بکەن لەبەر ئەوەی کوردن؟**

+ ئێمە کە لە کوێت بووین، تەڵعەت بە ناوی موهندس عادل ناسرابوو، لە کۆمپانیایەکی نەوت کاری دەکرد، خۆشی کۆمپانیای هەبوو، ئەوەبوو لە ڕێگەی کەسێک، کە لە سەفارەتی عێراق لە کوێت کاری دەکرد، هەستی بەو جموجۆڵەی ئێمە کردبوو، خەبەری لێ دابووین و ئاشکرا بووبووین، سزای لە سێدارەدان بۆ تەڵعەت دەرچوو بوو، بەڵام زووتر لە لایەن مام جەلال-ەوە ئاگادار کراینەوە، کوێت-مان بە جێهێشت و چووین بۆ کەنەدا.

**"هەموو جارێکیش، کە سەفەرم دەکرد، بەتایبەتی ئەگەر نامە و ڕاسپاردەم لابوایە، ئەوە دەچوومە ئارایشگە و خۆم دەرازاندەوە و جڵوبەرگی کەشخەم لەبەر دەکرد"**

خۆم تووڕە و توند کرد، گوتی باشە ئێوە دەتوانن بڕۆن، بەڵام ئەو دوو کەسە بمێننەوە، منیش گوتم نەخێر دەبێت ئەوانەش لەگەڵ ئێمە بێن، ئێستەش نازانم چۆن ئەوەم بۆ هات، خۆم و هەردوو کەسەکەشم قوتار کرد، نامەکەم دایە دەست کەسێک بە ناوی حاجی عوسمان و گەڕامەوە کەرکووک.

جارێکی دیش هەندێک نامەی گرنگم پێبوو بۆ کوێت لەوێشەوە بۆ شام، کە لە سەفوان-ەوە داخلی عەبدەلی بووین، دوای پشکنین، کە قوتارم بووم نامەکانم، کە لە لەشی خۆم پێچابوو بەهۆی گەرماوە، لێم کردەوە و لەنێو جانتاکەم دانا و خستمە ژێر قاچەکانم، نارین-ی کچیشم بچووک بوو، خستمە باوەشم، ماوەیەک ڕۆیشتین، بینیم ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس بەدوامانەوەیە، زۆر ترسام، گوتم بە خوا ئەوە هەبێ و نەبێ بۆ منە، ڕایانگرتین و گوتیان هەموتان دابەزن، لەو دەمە نارینی کچم، کە چاوی بەو هەموو چەکدارە کەوت، یەکسەر گوتی: (حەبیبی سەددام حوسێن) منیش گوتم باشە چیتان دەوێ؟ ئیدی بووە گەڕەلاوژە و هەمووشتەکانیان بیرچۆوە، بە هۆی ئەوەی ئەو منداڵە ئەفسەرەکە بە سەددام حوسێن تێگەیشتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ژنێکیان گرت، کە هەندێک پۆستەی حزبی دەعوەی پێ بوو، چیرۆک و بەسەرهاتم زۆرە، بەڵام بابمێنێت بۆ یادەوەرییەکانی خۆم.

**- دوای ڕاپەڕینیش بەشدار بوون لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ خەڵکی کوردستان؟**

+ لە کاتی کۆبونەوەی فراوانی ئەندامانی ی.ن.ک لە واشنتۆن، لەمانگی پێنجی ساڵی ١٩٩٣ بە هاوکاریی ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان، بڕە پارەیەکم لە دۆست و ئەندامان و کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆکردەوە، بەمەبەستی یارمەتی دانی خانەوادەی شەهید و ئەنفاڵ کراو و ئاوارەکانی گەرمیان، دواتر بەهاوکاری خاتوو نەرمین عوسمان دابەشمان کرد.

**- باشە، بۆ دوای ڕاپەڕین بڕیاری هاتنەوەتان نەدا و نەگەڕانەوە کوردستان؟**

+ لەساڵی ١٩٩١ کەسوکارەکەم، کە لە کەرکووک دەردەچوون، فڕۆکەکانی بەعس بۆردومانیان دەکات، براکەم و دایکم و خوشکم و براژنەکەم هەرهەموویان لەوێ شەهید بوون، ئەوکاتە لە کەنەدا بووم، کە بە هەواڵەکەم زانی، بی بی سی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ

**کە ئێرگەم دەکردەوە، هەواڵەکانم هەر هەمووی تۆمار دەکرد، ئەگەر ڕۆژنامەکانی کوێت-یش هەواڵێکیان لە سەر کورد هەبووایە، ئەوە ئەوانیشم زیاد دەکرد و چاپمان دەکرد، بە ناوی ڕۆژنامەی (الخلیج)**

کردم، دەگریام و دەمگوت کەسوکارەکەم هیچیان نەماون، پارێزگاری ئەو شارە سەردانی کردم و گوتی ماڵی کەسوکارم هیچیان نەماون، ئێمە کەسوکار و کەسی تۆین، بەداخەوە، دواتریش شەڕی براکوژی لەنێوان یەکێتیی و پارتی هەڵگیرسا.

**- لە کەنەدا بوون، کاتێک ئەمریکا ناوبژیوانی یەکێتیی و پارتی کرد و مام جەلال هاتە ئەمریکا، ئێوە هیچ ڕۆڵێکتان هەبوو؟**

+ کە ئەمریکا ناوبژیوانی هەردوولای کرد مام جەلال و کاک مەسعوود هاتنە ئەمریکا، پارتی و یەکێتیی لە ئەمریکا پێکەوە دانیشتن، مام جەلال بەدوای من و تەڵعەت-یدا نارد و گوتی دەمەوێت بتانبینم، ئێمەش هاتینە ئەمریکا، تەڵعەت لەگەڵ مام جەلال، بەشداری چەند کۆبوونەوەیەکی کرد، هەروەها منیش وەکو ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەشداری



حەلیمە خان، لەکاتی گەیاندنی یارمەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان- ساڵی ١٩٩٤

کۆبوونەوەکانی واشنتۆن-م کرد.

**- دەکرێت باسێکی منداڵەکانیشت بکەیت، هیچیان تێکەڵ بە سیاسەت بوون؟**

+ منداڵەکانم لەسەر بیری کوردایەتی پەروەردە کردووە، لەماڵەوە دەبووایە تەنیا بە زمانی کوردی قسە بکەن، لە دەرەوەش ئارەزووی خۆیان بوو، بەهەر زمانێک قسە بکەن، پێم خۆشە ئەوە بگێڕمەوە: جارێکیان مام جەلال سەردانی ئەمریکا دەکات، لە ماڵی دکتۆر ئەسعەد خەیلانی دەبێت، بە دوای ئێمەشی دانارد، من پێم نەکرا بچم، تانیا-ی کچم لەگەڵ باوکی چوون، تانیا لەوێ بە مام جەلال دەڵێت: من هاتووم شکایەت لە باوکم بکەم، مام جەلال-یش گوتی بۆ؟ ئەویش دەڵێت لەبەر ئەوەی باوکم ڕێگەم پێنادات ببم بە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مام جەلال-یش دەڵێت ئەوە بۆ تەڵعەت؟ ئەویش دەڵێت: لەبەر ئەوەی هێشتە تەمەنی نەبووە بە شازدە ساڵ، مام جەلال-یش داوای کاغەز و قەڵەمێک دەکات و هەرلەوێ لە نووسراوێکدا دەنووسێت من مام جەلال پشتگیریی تانیا تەڵعەت گلی دەکەم ببێتە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

**"لەگەڵ تەلعەت وڵات بە وڵات و شار بەشار گەڕاین، تاکو ئامێری ئێزگەمان پەیدا کرد و هێنامانەوە"**

**- وابزانم تەنیا یەک کوڕت هەیە، بۆ ناوتان ناوە ئارام؟**

+ کە ئارام لەدایک بوو، من دەمویست بە ناوی باوکمی بکەمەوە، دوایی بڕیارمدا بەناوی مامی بکەم (شەهید سەروەر) بەڵام ڕۆژێکیان تەڵعەت لەگەڵ خاڵی ئارام قسەی کردبوو، گوتبووی کوڕێکمان بووە، ئەویش گوتبوی دەزانی ئیمڕۆ ساڵیادی کێیە؟ ئەویش گوتبوی کێ؟ گوتی ئەمڕۆ ساڵیادی شەهید ئارام-ە، کە هاوڕێی هەردووکمان بوو، بەم بۆنەیەوە کوڕەکەمان ناونا ئارام.

**- پاش ئەو هەموو کار و چالاکیانەت لە پێناو کوردایەتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێستە هەستت چۆنە؟**

+ بەردەوام دەڵێم ئەوەی دەیکەین بۆ کوردایەتی بێت، حزبایەتێکی ساغ و سەلیم بێت، ئومێد دەکەم، ئاڵای کوردستان هەرشەکاوەبێت، ڕۆحی شەهیدانیش شاد و ئارام بێت، ئومێدم دەکرد شەهید بوومایە، یەکێتیی-م لە دۆخی بێ مام جەلالی نەبینیبایە، من لە ژیانمدا بە قۆناغی زۆر زەحمەتدا تێپەڕیوم، زۆرجار ئەوانەم بۆ مام جەلال دەگێڕایەوە، پێی دەگوتم ئەو چیرۆکانە هەرهەمووی بنووسەوە، لەنێو یادەوەرییەکانی خۆت دایان بنێ.



**تەلعەت گلی، مام جەلال، حەلیمە خان- ساڵی ١٩٩٣**

# هونەر

- **هەشت دیوار .. کاتێک، ناسنامەی شارێک دەشێوێنێت**

حەمەسوار عەزیز

# هەشت دیوار

## کاتێک، ناسنامەی شارێک دەشێوێنێت






حەمەسوار عەزیز

هەشت دیوار نوێترین زنجیرە درامای کوردییە، کە لە مانگی ڕەمەزاندا پێشکەشکرا، دراماکە لە نووسینی کامەران خۆشناو و کارۆخ ئیبراهیم حەکیمە، لە دەرهێنانی کارۆخ ئیبراهیم و بەرهەمی کوردستان تیڤی. ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەکتەرە بە ئەزموون و گەنجەکانی هەولێر و کوردستان بەشدارییان تیاییدا کردووە، بریتی بوو لە بیست و نۆ زنجیرە.

بینەرێکی بەرچاوی بۆ خۆی کۆکردەوە، هەر لەگەڵ نمایشکردنی دراماکەشدا دەرهاوێشتەی جۆراوجۆری بە هەردوو ڕووە ئەرێنی و نەرێنییەکەی لێکەوتەوە و بووە مایەی قسەوباسی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە و بە بەرژەوەندی دراماکە کەوتەوە و کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی کێرڤی بینەرانی ئەو درامایە.

**درامای کوردی و درامای بیانی:**

لای هەمووان ڕوونە مێژووی سەرهەڵدانی درامای کوردیی، بەتایبەتی زنجیرەی تەلەفزیۆنیی، مێژوویەکی زۆر کۆن و کەڵەکەبووی نییە، ئێمە وەکو کورد بە هۆی نەبوونی دام و دەزگای تایبەت و بە هۆی کۆمەڵێک کێشەی سیاسیی و ئابووریی و کولتووریی و تەنانەت تەکنیکیش، لە بواری بازاڕگەرییدا، پاشخانێکی دەوڵەمەندی بەرهەمهێنانی درامای تەلەفزیۆنیمان نییە، ڕەنگە سەردەمی زێڕینی درامای کوردیی بۆ سەرەتاکانی ئەم سەدەیە بگەڕێتەوە، کاتێک کۆمەڵێک کەناڵی ئاسمانی کوردیی دامەزران، لە هەموویشیان دیارتر کوردسات و کوردستان تیڤی بوون، پێش ئەوانەش هەوڵی تایبەت هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی درام، وەک گەلی کوردستان، کە ساڵی ١٩٩٣ درامای کەوەکانی قەرەچوغ-ی بەرهەمهێنا و دواتر تەلەفزیۆنی خاک توانی درامای کوردیی هەنگاوێکی گەورە بباتەوە پێشەوە، کاتێک کۆمەڵێک زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنا.

حوسێن میسری و هاوڕێکانی توانیان لەم قۆناغەدا بە تەکنیکێکی سادە و بە توانا و بەهرە و دڵسۆزییەکی گەورەوە چەند بەرهەمێکی درامی نایاب دروست بکەن و پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ بینەر دروست بکەن و ببن بە سەرەتایەکی ڕاستەقینە و دروست بۆ کاری دراما لە کوردستان، ئەو پێشینە گرنگەی حوسێن میسری لە خاک تیڤی و هەوڵەکانی ناسر حەسەن لە بەرهەمهێنانی هەردوو درامای ژاڵە و مەمی ئالان، بوون بە دەروازە و بنەمایەک بۆ دامەزراندنی کاری دروستکردنی دراما لە کوردستان، بەدوای ئەوانیشدا کۆمەڵێک ناوی دی لەو بوارەدا گەشانەوە و توانیان درێژە بەو کاروانە بدەن و چەندین زنجیرە درامای وەک (گەڕان بەدوای سێبەرەکان، گەردەلول، وەسیەتنامە، ڕۆژگارە تەریبەکان و ئارەزوو، ...تاد) پێشکەش بکەن.

لەم دە ساڵەی دواییدا جۆرێک لەبێ متمانەیی لەنێوان بینەری کورد و درامای کوردیی دروست بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی بینەری کورد لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە توانی ئاشنای باشترین زنجیرە دراما ناوچەیی و جیهانییەکان بێت، بەمەش کوالیتی بینینی بینەر چووە ئاستێکی دیکەوە، کە ئیدی سەختە درامای کوردیی بەو میکانیزمە و بەو عەقلیەتی کارکردنەی بتوانێت ململانێی لەگەڵدا بکات.

> **"کارەکتەری ڕەشاد ـ ئیبڕاهیم حەکیم، وەک زۆرینەی کارەکتەرەکانی نێو ئەم درامایە لەگەڵ خۆیدا ناتەبایە"**

ئەگەر وەک چاودێرێکیش سەرنجی ئەو دە ساڵەی کۆتایی کاری دراما لە کوردستان بدەین، دەبینین درامای کوردیی بە هۆی هاتنە پێشەوەی ئامێری پێشکەوتوو و دروستبوونی دەیان گەنجی شارەزا لە بوارەکانی فیلمسازیدا، بە بەراورد بە پێشوو، لەڕووی تەکنیکەوە، جۆرێک لە بەرزبوونەوەی کوالیتی دەبینرێت، وێنەکان و کوالیتی وێنەکان جوانتر بوون، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە ئێستەدا کێشەی بۆ درامای کوردیی دروستکردووە، نەبوونی سیناریۆی باشە، تەنانەت لە ڕووی ئەدا و نواندنیش درامای کوردیی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە دەبێتەوە، کە جاران ئەو کێشانەی نەبوو.

لە ئێستەدا، مەسەلەی تەکنیک لە درامای کوردیدا کێشەکە نییە، بۆیە پەنا بردنە بەر دەرەوەی کوردستان-یش بۆ هێنانی دەرهێنەر بە چارەسەر نازانم، چونکە کێشەی گەورە لە سیناریۆ، چۆنیەتی هەڵبژاردن و ڕاهێنانی ئەکتەرە بۆ کارەکتەرەکان و هەندێک وردەکاری بچووک، کە دەتوانرێت بە ئاسانی چارە بکرێن.

من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نیم، درامای کوردیی بە درامای ئێرانی، یان هەر وڵاتێکی دی بەراورد بکرێت، لەبەر ئەوەی درامای کوردیی لە ئێستەدا، هەرگیز ناتوانێت کێبڕکێی درامای ئێرانی، سوری، عێراقی و کوێت-یش بکات، بە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانە دەزگا و تەلەفزیۆنی گەورەی تایبەتمەند و ئەزموونێکی گەورەیان لە بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردنی دراما‌دا هەیە.

ئەوان خاوەن پانتاییەکن، کە دەتوانن لەسەری بجوولێن، بەڵام ئێمە ئەو پانتاییەمان لەبەر دەستدا نییە، لە دۆخێکی ئاڵۆز و شێواودا کاری دراما بەڕێوە دەچێت، کە ئەمەش پێویستی بە پلانی زانستیی و توێژینەوە و وردبوونەوەی عاقڵانە هەیە، تا بتوانین لە خاڵە ڕاستەکە دەستپێبکەینەوە، بۆیە من بە هیچ شێوەیەک داوای ئەوە لە دراماکارانی کورد ناکەم، کە کوالیتی درامای ئێرانیان هەبێت و کێبڕکێییان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەهیچ شێوەیەک پاساو نییە، کە ئێمە بە درامای کرچ و کاڵ و بێ کوالیتی ڕازی بین، ئەو مێژووەی هەمانە و ئەو کەرەستانەی، کە لەبەر دەستن، ئەگەر بخرێنە بەردەم کەسی شارەزا و لێهاتوو دڵنیام توانای ئەوەمان هەیە، کە کاری درامی باش و پەسەند دروست بکەین و جارێکی دی بینەر ئاشت بکەینەوە. ئاشتکردنەوەیەک لەسەر بنەمای جوانی و داهێنان و پێشکەشکردنی جیاواز، کارکردن لەنێو کلتووری کوردیی بەشێوەیەکی داهێنەرانە و پڕ لە جوانکاریی، نەک لاسایکردنەوەی هەندێک بەرنامە و پرۆگرامی بازاڕیی، چونکە لە کۆتاییدا، ئەو درامایە ئامانج دەپێکێت، کە لەسەر بنەمای داهێنان و جیاوازبوون بینەر لەخۆی کۆدەکاتەوە، نەک ئەو درامایانەی، کە بەدوای گوتاری عەوام دەکەون و هەموو ئامانجیان ئەوەیە بینەر بخەنە پێکەنین، یان گریان، چونکە ئەوە وەزیفەی هونەر نییە.

**هەشت دیوار وەکو تێکست:**

کامەران خۆشناو یەکێکە لە نوسەرە بەتوانا و لێهاتووەکانی هەولێر و کوردستان، بەتایبەتی لە بواری ڕۆمان و تەنزدا، هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش، کە دوو سەردەمی جیاواز لەنێو درامایەکی تەلەفزیۆنیدا بەیەکەوە ببەستیتەوە، کارێکی زیرەکانەی کامەرانە و توانیویەتی لە ڕووبەرێک کار بکات، کە پێشتر درامای کوردیی پەی بەو ڕووبەرە نەبردووە، بۆیە وەک هەڵبژاردنی بابەت و ژینگەی دراما کامەران وەک نوسەر ئامانجێکی گەورەی پێکاوە و سەرکەوتووش بووە، لە هەمان کاتتدا بە هۆی ئەوەی ئێمە میللەتێکین هەمیشە

> **کێشە لە بونیادی ئەو کارەکتەرە هەیە و بە نەرێنی کردنی لە کۆتایی دراماکەدا، پرسیار دەخاتە سەر کۆی ئەدای زایەر عەبدوڵڵا**





چاومان لەسەر ڕابردووە و بڕوامان بە داهاتوو نییە و سۆزێکی گەورەمان بۆ ڕابردوو هەیە، هەمیشە خۆزگە بە ڕابردوو دەخوازین.

کامەران توانیویەتی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ بینەر دروست بکات، ئەو بینەرەی ڕۆژی دە جار دەڵێت خۆزگەم بە سەردەمی زوو، ئێستە، کە لە درامایەکدا دەگەڕێتەوە ئەو سەردەمە، زۆر بە ئاسانی بەر دراماکە دەکەوێت و حەز دەکات لە ڕێگەی دراماکەوە ئەو خۆزگە کوژراوەی بێتە دی.

کەواتە هەڵبژاردنی بابەت و زەمەن و ژینگە لەم درامایەدا زۆر زیرەکانە کاری لەسەر کراوە و بەشێکی زۆری سەرکەوتنی دراماکە لەڕووی بینەرەوە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە.

ئەم نۆستالژیایە لە ناخی هەمووماندا ڕووبەرێکی گەورەی داگیر کردووە. کامەران-یش توانی هەناسەیەک بەو نۆستالژیایە ببەخشێت و بۆ چەند ساتێک وەک ئەوەی لە زیندەخەو بین بمانباتەوە بۆ ئەو سەردەمەی، کە هەمیشە خۆزگەی پێ دەخوازین، ئەمەش لێهاتوویی و دانایی نووسەر پیشان دەدات لە هەڵبژاردنی بابەت و زەمەن و ژینگە، کە بۆ هەر کارێکی هونەری نیوەی ڕێگەکەیەو نووسەر و دەرهێنەر تیاییدا سەرکەوتوو دەبن.

**بینای ڕووداو و کارەکتەر لە هەشت دیوار:**

یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی سیناریۆ دروستکردنی کارەکتەر و ڕووداوە، ڕووداوی سەرەکیش لەم درامایەدا گەڕانەوەی کچێکە بۆ ڕابردوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کارێکی درامییەوە بەراوردێک لەنێوان دو ستایلی ژیان و بیرکردنەوە پێشکەش بە بینەر بکات، بەو مانایەی دراماکە دەیەوێت لە ڕێگەی ڕووداوێکی نالۆژیکییەوە، کە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، جۆرێک لە لۆژیک پێشکەش بە بینەرەکانی بکات، تا ڕووبەڕووی خۆی و مێژووەکەی بکاتەوە، ئەم فریودانەی بینەریش، یەکێکە لە ڕووە گەش و جیاوازەکانی هونەر، کە دەتوانێت موعجیزە بخولقێنێت و باوەڕیشت پێ بکات، چونکە هونەری نواندن و ئەداکردن، جوانترین درۆیە، کە مرۆڤ بە ئاسودەیی و دڵخۆشییەوە بڕوای پێ دەکات و چێژی لێ دەبینێت و سوودی پێ دەگەیێنێت.

> کارەکتەری سیروان_ سیروان عوسمان، ئەویش لەنێو کۆمەڵێک پاڕادۆکسدایە، هیچ ڕەهەندێکی ئەو کارەکتەرە دیار نییە

بۆیە کێشەی ئەم درامایە لە ڕووی نووسین و داڕشتنەوە، بینای کارەکتەر و چنینی ڕووداوەکانی دواترە.

نوسەر* سەرکەوتوو بووە لەوەی ڕووداوی سەرەکی دراماکە بە ئاسانی تێپەڕێنێت، بەڵام کێشەی زۆری لە بینای کارەکتەر و چنینی ڕووداوەکانی دواتر هەیە، زۆرینەی کارەکتەرەکانی ئەم درامایە، کێشەی گەورەیان لە بونیادی درامیدا هەیە و کارەکتەری بێ ناسنامە و بێ ئینتیما و هەڕەمەکین، بەدەر لە کارەکتەری زەینەبە، ڕەنگە تاکە کارەکتەر، لە ڕووی چنینەوە لەم درامایەدا، کەمترین کێشەی هەبێت کارەکتەری (شانیا_ڤانیا سالار) بن. ئەمەش تەنیا لەڕووی بونیادی درامی کارەکتەر، نەک لەڕووی بەرجەستەکردن و ئەداکردن، چونکە ئەم کارەکتەرەش کێشەی ئەوەی هەیە، چۆن لەنێو کەش و هەوای ئەو خێزانە پەرپووتە (خێزانی تەها) بەم سەنگینییە پەروەردە بووە؟

بۆ نموونە کارەکتەری (ڕەشاد_ئیبراهیم حەکیم) وەک زۆرینەی کارەکتەرەکانی نێو ئەم درامایە لەگەڵ خۆیدا ناتەبایە، لە هەر زنجیرەیەکدا بەشێوەیەک دەردەکەوێت، تەنانەت لەنێو یەک دیمەنیشدا بەشێوەی جیاواز پێناسە دەکرێت، بینەر ناتوانێت بە دروستی لە ڕەهەندەکانی

ئەو کارەکتەرە تێبگات، ئاستی خوێندەواریی چەندە؟ ئینتیمای کۆمەڵایەتی چییە؟ لەڕووی سایکۆلۆژییەوە چۆنە و چۆن بیر دەکاتەوە؟ پیاوێکی ترسنۆکە، یان ئازایە؟ نیشتمانپەروەرە، یان بێباکە؟ کۆنەپەرستە، یان نوێخوازە؟ (بۆ سەردەمی خۆی)

ئەگەر بۆ دراماکە بگەڕێینەوە، دەبینین دراماکە هیچ شتێکی ڕوونمان پێناڵێت، لە دیمەنێکدا وەک ترسنۆکێک لە ترسی (جیش الشعبی) شین و واوەیلایەتی، لە دیمەنێکی دیکەدا پاڵەوانە و باسی پێشمەرگە دەکات، لە دیمەنێکی دیکەشدا خۆی داوا لە کوڕەکەی دەکات ببێتە جاش، لە دیمەنی دیکەدا کوردە و دژی جاشە، لە دیمەنێکیشدا گاڵتە بە گۆرانی و هونەرمەند دەکات و بە چاوەشی دەشوبهێنێت، لە دیمەنێکی دیکەش داوا دەکات بە مۆزیک و گۆرانی ماڵەکەی ئاوەدان بکەنەوە، لە دیمەنێکدا تووڕەیە و کەس ناتوانێت قسەی لەگەڵ بکات و کارەکتەرێکی بەهێز و توندی هەیە، لە دیمەنی دیکەدا وەک بووکەڵە لەنێو ماڵەکە هەڵدەپەڕێت، یۆگا دەکات، دەم و ڕووی دەخاتە نێو سنی شرووبەوە** فەرمانبەری حکومەتە، کەچی وەک نەدیتکە مامەڵە لەگەڵ تەلیفۆن و سەلاجە و ڤیدیۆ دەکات.

ئەگەر کارەکتەری (سیروان_سیروان عوسمان) باس بکەم، ئەویش لەنێو کۆمەڵێک پارادۆکسدایە، هیچ ڕەهەندێکی ئەو کارەکتەرە دیار نییە، ئاستی خوێندەواری چەندە؟ بیرکردنەوە و ئینتیمای هزری چییە؟ ئازایە، یان ترسنۆکە؟ ڕاستگۆیە، یان درۆزنە؟ کەسێکی باشە، یان خراپە؟ سەرەتا بەبێ پاساو زۆر بە خراپی مامەڵە لەگەڵ شانیا دەکات، تەنانەت دەگاتە ئەوەی، کە دەیەوێت لێی بدات و دەری بکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە کەسێکی چەند دواکەوتوو و بێ ڕەوشتە، ئەوەتا، کە کوڕەکەی لەگەڵ دایکی لە حەمامی ژنان دێتەوە، پێی دەڵێت چیت دیت؟ دەبێت منداڵێک لە حەمامی ژنان چی ببینێت؟ یان لە دیمەنێکی دیکەدا، بە هەڵگورد دەڵێت چاوەش، مۆسیقا حەرامە، کەچی لە ڕەمەزان بەڕۆژوو نابێت، لە شەڕە بەردی نێوان قەلات و تەیراوەدا پاڵەوانە، لە دیمەنێکی دیکەشدا، کە گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت زۆر بە دڵخۆشییەوە هاوار دەکات و دەڵێت ئێران حاجی ئۆمەرانی گرتووە و هەتا چۆمان هاتووە، لە دیمەنێکیشدا باوکی پێی دەڵێ ببە جاش، کەچی ڕەتی ناکاتەوە، هەموو ئەو دیمەنانە و ڕەفتارەکانی ئەو کارەکتەرە پێمان دەڵێت، کە کارەکتەرێکی زۆر نێگەتیفە، کەچی هەر لە خودی ئەو دیمەنانە و چەندین دیمەنی دیکەی دراماکەدا، وێنەیەکی دیکەی سیروان پیشان دەدرێت، کە پیاوێکی ئازایە، حەزی لە گۆرانییە، دوژمنی بەعسە و ژیان دۆستە.

کارەکتەری (ڕوحەیزا_دانیا قادر) کە یەکێک لە گرنگترین کارەکتەرەکانی ئەو درامایە بەشێوەیەکی زۆر میسالی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، کچێکی نەخوێندەوارە، کەچی وەک فەیلەسوفێک قسە دەکات، باسی عەلی وەردی دەکات، هەندێک کات بەشێوەیەک قسە دەکات، کە ئێستەش بەشێک لە کچەکانی ئەم سەردەمە ناتوانن بەو شێوەیە قسە بکەن و ئەو بیرکردنەوە باڵایەیان هەبێت. باشە نوسەر و دەرهێنەر بۆ سیفەتی نەخوێندەواریان داوەتە پاڵ ئەو کچە، لە دیالۆگێکدا دەڵێت: ژیان فێری کردووم، ژیان کەی فێری کرد؟ کە ئەو لەنێو چوار دیوار ناچێتە دەرەوە و هیچ کۆنتاکتێکی بەو ژیانەوە نییە، کە

**"کارەکتەری ڕوحەیزا_دانیا قادر، کە یەکێک لە گرنگترین کارەکتەرەکانی ئەو درامایە بەشێوەیەکی زۆر میسالی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، کچێکی نەخوێندەوارە، کەچی وەک فەیلەسوفێک قسە دەکات"**



**سوهام حەسەن، لەم درامایەدا یەکێک لە باشترین نواندنەکانی پێشکەش دەکات**

مرۆڤ فێر دەکات، هیچ هۆکارێکی پەیوەندیش لەو سەردەمە نەبووە، تەنانەت باوک و براو باپیری زۆر دواکەتوون، ئیدی ئەو فێربوونە لە کوێوە هاتووە. مرۆڤ لە ئەزموون و بەرکەوتن فێر دەبێت، ئەم خاتونەش لەمە بێبەش کراوە.

کارەکتەری (مەغدید_عبدالرزاق شمس الدین) گونجاوترین کارەکتەر بوو، کە ئەزموون لە ژیان وەربگرێت و ژیان فێری حیکمەت و دانایی بکات، هەروەک چۆن پیرەکانی ئەو سەردەمە هەڵگری حیکمەت و دانایی بوون و سەرچاوەیەک بوون بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەزموونەکانی ژیانیان لێوە فێربێت، بەڵام ئەم کارەکتەرە بۆ، بەو شێوەیە، وەکو گەمژەیەک بینا کراوە؟ ئایا بەڕاستی ئەو کارەکتەرە توانی گوزارشت لەو باپیرە ڕیش سپیانە بکات، کە شەوان منداڵەکان لە دەوریان کۆدەبوونەوە و ئەویش حیکایەت و سەربردەی بۆ دەگێڕانەوە و مرۆڤ لێیەوە فێری وانەکانی ژیان و مانەوە و بەرگری دەبوو، ئەرێ بەڕاست ئێمە باپیرانمان وابوون، بەو شێوەیە نەزان و بێ هزرو بێ مەعریفە بوون؟ بەو شێوەیە ترسنۆک بوون و لەگەڵ دەنگی ئینزاردا بە قاچیان



ڕانەدەگەیشتن؟

کارەکتەری (زەینەبە_سەوسەن سەعدون) تۆکمەترین و گونجاوترین کارەکتەری نێو ئەم درامایە بوو، کە تەواو تەبا بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەی، کە دراماکە بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش جگە لە بونیادی دروستی کارەکتەرەکە، تواناو تێگەیشتنی سەوسەن لە ئەداکردنی ئەو کارەکتەرە کاریگەری خۆی هەبووە، کە دواتر زیاتر باسی دەکەم.

کارەکتەری (هەڵگورد_هەڵگورد ئیبراهیم) کێشەی ئەو کارەکتەرە ئەوەیە، کە بەبێ هیچ پاساوێک لە زنجیرەی یەکەم و دووەم لەنێو کتێبخانەکە و کۆڵانەکانی قەڵات دەردەکەوێت، ئەگەر پاساوێک بۆ دەرکەوتنی ڕوحەیزا هەبێت، کە دایکی شانیایە، ئەم درامایە هیچ پاساوێک بۆ دەرکەوتنی هەڵگورد لەنێو ئەو کتێبخانە و کۆڵانەکانی قەڵات نیشان نادات، دواتریش تا لەو زنجیرەیەی دەگیرێت، هەڵگورد ئەوەندە بیری لای سیاسەت نییە، ئەو زیاتر بیری لای هونەرە، لە کۆتاییشدا تێکشکاندنەکەی زیادەڕۆیی زۆری تێدایە، چونکە هەڵگورد، کە لە ئەمن بەردەبێت دەبینین لەڕووی دەروونییەوە تێکشکاوە، نەک جەستەیی، ئەمەش کارێکی نالۆژیکییە، چونکە زۆرینەی ڕێکخستنەکان بە هۆی بڕوای پتەویان بە پرسی نەتەوەکەیان هەمیشە لە ڕووی دەروونییەوە زۆر بەهێز بوون و بە ئاسانی تووشی داڕوخان نەدەبوون.

پرسیاری کۆتاییم لەم بەشەدا ئەوەیە، ئایا بەڕاستی ئەو ماڵە و ئەو ژینگەیە، کە گوایە وێنای ساڵی ١٩٨٣-ی هەولێر دەکات، وێنەیەکی ڕاستەقینەی هەولێری ئەوکاتە بوو؟ سەرکەوتوو بوو لە پیشاندانی بەو شێوەیەی کورد بەو نەوەیەی، کە ئەو مێژووەیان نەدیووە، یان بە پێچەوانەوە؟

بە بڕوای من، ئەو درامایە، نەک هەر سەرکەوتوو نەبوو، لە وێناکردنی ڕاستەقینەی مێژووی شارێک، کە سەرەنجام مێژووی وڵاتێک و میللەتێکە، بەڵکو لە زۆر دیمەنیشدا سوکایەتی زۆری بە هەولێر و مێژووی هەولێر کرد و ئەو مێژووەی بە تەواوی



شێواند. کەی ئەوە مێژووی هەولێرە؟ کەی خەڵکی هەولێر ئەوەندە ناشارستانی و نەدیتکە بوونە؟ کەی خەڵکی هەولێر ئەوەندە گەمژە و ترسنۆک بوونە؟ لە هەولێر شەڕە گەڕەک لە نێوان تەیراوە و قەڵات ڕوویداوە، بەڵام ئەو شەڕە لە حەفتاکان بوو، لە هەشتاکان بە هۆی شەڕی عێراق-ئێران ئەو دیاردەیە بە تەواوی نەما، بەڵام ئەوەی من لە بیرمە و خەڵکانی ئەو سەردەمەش لە بیریانە، شەڕە گەڕەگ خەڵکی هەرزە و مێرمندال و کۆمەڵێک کەسی دی دەیان کرد، کە ئەوکاتە بە شەقاوە و چەقوکێش و زنجیر هەڵگر ناوبانگیان دەرکرد بوو، فەرمانبەری دەوڵەت و پیاوە کاملەکان و پیرەمێردەکان شەڕە بەرد و شەڕە بەردەقانیان نەدەکرد، ئەوە بوختانێکە بە مێژووی ئەو شارە دەکرێت.

خەڵک هەوڵی دەدا لە دەست (جيش الشعبي) ڕابکات، بەڵام، کە دەگیران بۆ ئەو ئەرکە دەستیان بە گریان نەدەکرد و سەردولکەیان نەدەگوت، دواتر (جيش الشعبي) هێزی پشتیوان بوون و هەمیشە لە دواوە بوون، ئەمە ناشرینکردنی پیاوانێکە، کە بەڕۆژی ڕووناک لە شەقام و کۆڵانەکانی هەولێر دەستڕێژی گوللەیان لە بەعس دەکرد، من هەرگیز پیاوانی هاوشێوەی (ڕەشاد)م لە هەولێر نەبینیووە، هەرچەندە نازانم ئەم کارەکتەرە ئەوەیە، کە نووسەر نووسیویەتی، یان هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم بە ڕاگوزەری کارەکتەرەکەی بەرە و ئەو ئاقارە بردووە، یان کاتێک ڕەشاد ڕازی دەبێت، کە کچەکەی بداتە موختار، لە کاتێکدا لە هەموو دراماکەدا، وەک تەنز، باسی بێ ئابڕوویی دایک و خێزانی موختار دەکرێت، هیچ هەولێرییەکی شەریف لەو سەردەمەدا ئەوەی قەبوڵ نەبووە، لەپیناو بەردانی کوڕەکەیان لە ئەمن، کچەکەی بداتە موختارێکی بێ ئابڕوو، کە ڕەنگە ئابڕووی کچەکەشی لەکەدار بکات، لە هەولێر ئابڕووی ژن و خێزان زۆر لە ژیانی کەسەکان بە نرختر بوو، ئەمە بۆ هەموو شارەکانی دیش هەر ڕاستە، بۆیە نازانم ئەو درامایە چۆن ڕێگە بە خۆی دەدات کەسێک وانیشان بدات، لەپێناو بەردانی کوڕەکەی، ئابڕووی کچەکەی دەفرۆشێت، ئەوە ئەوپەڕی سوکایەتییە.

خەڵک لە هەولێر تەلیفۆن و سەلاجە و ڤیدیۆی هەبووە و کەرەستەیەکی ئەوەندە گران نەبووە، خەڵک دەستی پێنەگات، بۆیە بوونی ئەم کەرەستانە لە ماڵەکان کارێکی نۆرماڵ بوو، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی هەشتاکان، خەڵکی هەولێر ئەوەندە نەدیتکە و هیچ نەدیوو نەبوو، تا بەو شێوەیەی ڕەشاد مامەڵە لەگەڵ ئەو کەرەستانە بکات، کاتێک تۆ فەرمانبەرێکی دەوڵەت نیشان دەدەی، کە وەک نەدیتکەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو کەرەستانە دەکات، ئەی خەڵک دەبێت بپرسێت، ئەی خەڵکە سادە و نەخوێندەوارەکەی هەولێر چۆن مامەڵەیان کردووە؟ بۆیە هەندێجار بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەیت پێبکەنێت و بینەر بۆ دراماکەت زیاد بکەیت، دەبێت ئاگاداری ئەوەش بیت، کە هەستی باب و باپیرانمان بریندار نەکەیت

**بارزان سنجاوی لە ئەداکردنی کارەکتەری موختاردا توانایەکی جوان و ناوازە پیشان دەدات، بەڵام بە کۆمیدیکردنی ئەو کارەکتەرە بەلاڕێدابردنی ئەو کارەکتەرەیە**



و مێژووی شارێک نەشێوێنێت.

لە خستنەڕووی دیوی دووەمی ئەو درامایە، کە ماڵی (تەها_زایەر عەبدوڵڵا)یە، دیسان مرۆڤ سەری سوڕدەمینێت لە هەڵبژاردن و بینای کۆمەڵایەتیی ئەو کارەکتەرانە، تۆ بڵێی بەڕاستی لە ئێستەدا هەولێر بەو شێوەیە بێت؟ ماڵەکان بەو شێوەیە لێکترازا بن؟ ژنەکانی هەولێر بەمشێوەیەن و پیاوەکانی وان؟ بەڕاستی هەڵبژاردنی ئەم ماڵە بۆ وێناکردنی ئێستەی هەولێر هەزار پرسیار دروست ناکات، کەواتە ئەو شارە هیچ نموونەیەکی جوانی تیا نەماوە، هەموو شتێک بە بنبەست گەیشتووە، ژن و پیاوەکانی لە دەست دەرچوون، ئایا بەڕاستی ئەم ماڵە نموونەی ماڵێکی ئێستەی هەولێر، تەنانەت کوردستانە، بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم نەخێر، ماڵێک، کە لە باوکێکی منداڵ دز و داوێن پیس و خیانەتکار پێکهاتووە، دایکێک، کە هیچ کێشەی نییە ڤیدیۆی ڕووتی کوڕەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکاتەوە، کوڕێک جگە لەوەی ڤیدیۆی ڕووتی هەیە ئامادەیە ژن بکوژێت، بوکێک، کە بە ئاسانی دەتوانێت مێردەکەی ڕیسوا بکات، بێگومان ماڵی لەو شێوەیە هەن، بەڵام ڕەنگە لە هەولێر، کە دەیان هەزار خێزانی خانەدان و شارستانی تیایە، زۆر دەگمەن بێت و لە هەزاردا یەک نەبێت، بەڵام کاتێک دراماییەک دوو ماڵ لە دوو سەردەمی

> **"زۆرینەی دیالۆگەکانی ئەم درامایە پشتی بە ئیرتیجال بەستووە و پابەندی تێکست نەبوونە، کاتێک، کە ئەکتەر تووشی بەلبەلەی قسەکردن دەبێت، قسەکانی بەشێوەی ڕاگوزەری دووبارە دەکاتەوە"**

جیاواز بەو هەموو ڕووکارە ناشیرینەوە پیشان دەدات، نازانم دەبێ چ مەبەستێک لە پشت ناشیرینکردنی شارێک بەم شێوەیە نالۆژیکییە هەبێت، لە کاتێکدا ئەگەر لە ڕابردوودا مێژووی هەر خانەوادەیەکی ئەو هەولێرە هەڵبدەیتەوە پڕاوپڕە لە ئازایەتی و ڕێزگرتن و ڕەوشتی بەرز و شارستانیەت، ئەگەر سەیری هەر خێزانێکی ئاسایی ئێستەی هەولێریش بکەیت دەبینی دەیان و سەدان ئاکار و ڕەفتار و ڕەوشتی جوانیان هەیە، کە دراماکە لە سەدا یەکی باس نەکردووە، چونکە لە هەولێر خێزان زۆر پیرۆز و پارێزراوە و شانازیشی پێوە دەکات.

چنینی دراما و کارەکتەر و کردار کێشەی زۆری لە هەردوو لۆکەیشنەکە هەیە، هەموو کردارێک لە درامادا دەبێت خزمەتی پرسێکی دیاریکراو بکات، ئەگەر بەوە ڕازی بووین ئەو چیرۆکەی، کە دەڵێ شانیا کچی ئەو ماڵە نییە و دواتر دەردەچێت، کچی یەکێک لە کارەکتەرەکانی زەمەنەکەی پێشووە، بەمەش پاساوێکی لۆژیکی و سایکۆلۆژی بۆ ئەو گەڕانەوەی شانیا دەداتە بینەر، بەڵام دەبێت پرسی ئەوەی، کە بژار کوڕی تەها نییە چ پاساوێکی لۆژیکی لەنێو دراماکە هەبووبێت، ئەم پرسە چ خزمەتێکی بە دراماکە کرد و لە کوێ توانی گرێکوێرەیەکی دراماکە بکاتەوە، تەها بۆ ئەو منداڵانەی دزیوە، منداڵێک پێش سی ساڵ دزرا بێت ئێستە لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت، تەها ئەو پیاوە باشەیزنجیرەکانی سەرەتا بۆ لە کۆتایی وەک فیلمی هیندی دەبێتە مارە ڕەشەکە، پاش ۳۲ ساڵ پۆلیس چۆن زانی شانیا کچی تەها نییە؟ ئەرێ لە گوگل شەهادەی لەدایکبوونی منداڵەکانی ساڵی ۱۹۹۲ هەیە؟ ئەرێ لە گوگل زانیاری لەسەر مامانی گەڕەکەکان هەیە؟ بە تایبەت ئەوانەی، کە مۆڵەتیشیان نییە، بۆ لە ساڵی ۱۹۹۲ زانیاری مامانەکان لە گوگل تۆمار دەکرا؟ ئەرێ نەخۆشخانە لە ئەنتەرنێت شەهادەی لەدایکبوون بە کەسێک دەدات، کە داوای بکات، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی پێشکەش بکات؟ ئەرێ ئێرە هەولێرە، یان ئەمریکا؟

ئێمە تێنەگەیشتین کێشەی نێوان بژار و لیزا چی بوو، ئەرێ دووبارەبوونەوەی هەمان کێشە لە

چەندین زنجیرەی جیاوازدا مانای ئەوە نییە، کە ئێمە کێشەمان لە چنینی ڕووداوەکـان هەیە و ناتوانین ڕووداوەکان ببەینە پێش و لە بازنەیەکی بەتاڵ دەخولێینەوە؟ ئەو هەموو هاتنەژوورەوەی کارەکتەری (ئەمیرە_شیرین سابیر) و بۆ هەمان داواکاری و خواردن بۆ کوڕ و مێردەکەی، دیسان جۆرێک لە دەستەوسانی نوسەر و دەرهێنەر پیشان نادات؟ لە دروستکردنی ڕووداوی تازە و پاساوی تازە بۆ هاتنەوەی ئەمیرە.

هاتنی بەردەوامی (ئەفسەر_کاروان خۆشناو) بۆ ئەو ماڵە و کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لەنێو ماڵ دەیان پرسیاری بێ وەڵام دروست دەکات، کە کەسێک ون دەبێت ئەفسەر نایەت لە ماڵەوە ئیفادە وەربگرێت مەگەر کەسێکی پەککەوتەی لێ بێت، هاتنە ژوورەوەی بەردەوامی (لوقمان_ئەیام ئەکرەم) و جوینەوەی کۆمەڵێک دیالۆگی دووبارە و زۆرینە کردارەکانی نێو ئەم لۆکەیشنە تەنیا بۆ ناشیرینکردنکردنی ماڵەکە و ڕاکێشانی کات بوو، تەنانەت کێشە لە پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان هەبوو، بەتایبەتی لوقمان و لیزا، بەهیچ شێوەیەک ئیحساسی کچ و باوکیان نەبوو.

لـە لۆکـەیـشـنـەکـەی دی زنـجـیـرەری تـەواو تەرخانکراوە بۆ کڕینی تەلیفۆنێک، سەلاجەیەک، سـاوار کـوڵانـدن، یۆگا، هـەڵـبـژاردن و شێف و کۆمەڵێک درێـژدادڕی دیکە، کە زۆر ڕوونە تەنیا بۆ درێـژکـردنـەوەی درامـاکـە بـوو، بۆ ئەوەی بەشی ڕەمەزان بکات، ئەمەش یەکێکە لە کەلێنە زەقەکانی ئەم درامایە، کە سەرەتا چەند زنجیرەیەک بینەر هەست دەکات چنینی ڕوودا و هەیە، بەڵام دواتر ڕووداوەکان بەشێوەیەک لاواز دەبـن، کە بینەر ناتوانێت بـڕوای پێ بکات، وەک پرسی گواستنەوەی ماڵەکەیان، ئێمە تێنەگەیشتین ئەم ماڵە بۆ گواستیانەوە، لەبەر شەڕە گەڕەک، باشە ئەی بینەر ناپرسێت ئەم شەڕە گەڕەکە پڕ زیادەڕۆییە بۆ دەبێتە هۆی گواستنەوەی ماڵ، لە کاتێکدا تۆ لەگەڵ گەڕەکێکی دی شەڕ دەکەیت، نەک گەڕەکەکەی خۆت، بەو مانایەی تۆ نزیکی ئەو کەسە نیت، کە شەڕت لەگەڵی کردووە، ئیدی چ پاساوێکت هەیە بۆ ماڵ گواستنەوە.

ئـەوەی لای من جێگەی سەرنجە، وەک بابەت لەسەر ئەم درامایە، ئەوەیە، ئامانج لەم گەڕانەوەیە چییە، تۆ دەتـەوێت ڕەوایـەتـی بـە کامە گوتار بدەیت، بەو گوتارەی، کە خەڵکی هەشتاکان بەو شێوە ناشارستانییە پیشان بدەی و کەسێکیان بۆ بنێریت فێری مافی ژن، مۆبایل، یۆگا، هەڵبژاردن و بەرنامەی شێفیان بکات، پێیان بڵێیت ئێوە لە سەردەمی ترسنۆکی و دەبەنگی دەژین، ئەوەتا پیاوی مـاڵ لـە ترسی (جیش الشعبی) دەسـت بە گریان دەکـات، لە لایەکی دیکـەوە هەمیشە کوڕە گەورەکەی بە ترسنۆک پیشان دەدات، کە لەسەربازیی فیراری کردووە، پیاوێک موختار بە ئاشکرا لەنێو ماڵەکەی بە چاوحیزی بەدوای کچەکەییدا دەگـەڕێت و پێیدەڵێت: با کچەکەت چام بۆ ببینێت و هیچ کاردانەوە و هەڵویستیشی نییە، پیرەمێردێک پیشان دەدەی، کە هەموو دیالۆگەکانی لە سەرەتای دراماکەوە، تا کۆتایی، لە جیاتی حیکمەت و دانایی هەر دەڵێت ئەوە ئیشی شەیتانییە، ئـەوە ئەو گوتارەیە، کە دەتانەوێت ڕابردووی پێ بناسینەوە، یان ئامێرێکی ئاسایی ئـەو سـەردەمـەی وەک تەلیفۆن، یـان سەلاجە دەکـرن هـەمـوویـان وەک نـەدیتکە بـەدەوری دەخولێنەوە، لە هەموویشی سەیرتر لە زۆرینەی دیمەنەکاندا شانیا وەک دادوەر و قازی ڕەفتار دەکات و حوکمیان بەسەردا دەکات، وەک ئەوەی

**“ئەو کارەکتەرە، توانی گوزارشت لەو باپیرە ڕیش سپیانە بکات، کە شەوان منداڵەکان لە دەوریان کۆدەبوونەوە و ئەویش حیکایەت و سەربردەی بۆ دەگێڕانەوە و مرۆڤ لێیەوە فێری وانەکانی ژیان و مانەوە و بەرگری دەبوو”**





بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە ڕابردوو، تا دادگایی ئەو ڕابردووە بکات، ئەوەتا گۆرانییەکانی زەکەریا و ئەردەلان بەکر شوێنی فوئاد ئەحمەد و تاهیر تۆفیق دەگرنەوە و پیتزا شوێنی کفتە و یاپراخ دەگرێتەوە، کەواتە گوتاری زاڵ لەو لۆکەیشنە گوتاری ڕەسەنی هەشتاکان نییە، بەڵکو ئەو گوتارە هاوردەیە، کە شانیا، مۆبایل، پیتزا، یۆگا و بەرنامەی شێف نمایندەی دەکەن.

سەیرتر لەوە ئەوەیە لە لۆکەیشنەکانی ڕابردوو بەشێوەیەک باسی داهاتوو دەکات، کە ئیدی کورد هیچ کێشەیەکی نەماوە، ئێستە حکومەتی کوردیی و پەرلەمان هەیە، سەدا بیست و پێنجی ژنە، هەولێر نازنازی خولی عێراق دەباتەوە، شەقامی سەد مەتری، سەد و بیستی و سەد و پەنجاییمان هەیە، مافی ژن و ئازادی هەیە، تەلەفزیۆنی کوردیی و گۆرانی کوردیی هەیە، بەڵام کە دێتە لۆکەیشنەکەی ساڵی ٢٠٢٣ نمونەیەکی ئەوەندە ناشیرینی ماڵێک نیشان دەدات، کە دەیان پرسیار دەخاتە سەر هەموو ئەو دەسکەوتانەی، کە شانیا لەوێ باسیان دەکات، شانیا لەوێ باسی شەقام، یانەی هەولێر و پەرلەمان دەکات، بەڵام باسی ئەوە ناکات، کە خێزانی هەولێر چی بەسەر هاتووە (بەپێی ڕووداوەکانی دراماکە) ئەو مافی ژنەی، کە باسی دەکات و وادەکات ژنێک بکوژرێت، ژنێک بەند بکرێت و یەکێکی دی ڕیسوا بکرێت، باسی

> **"کارەکتەری زەینەبە_ سەوسەن سەعدون، تۆکمەترین و گونجاوترین کارەکتەری نێو ئەم درامایە بوو، کە تەواو تەبا بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەی، کە دراماکە بۆ دەگەڕێتەوە"**

فراوانبوون و گەورەبوونی شار دەکات، بەڵام لەولا داڕمانی بەها و ئاکار و بچووک بوونەوەی عەقڵەکان پیشان دەدات.

کەواتە ئەو درامایە ویستی چی بڵێت؟ ڕابردوویەکی ناشیرین و ئێستە و داهاتوویەکی ناشیرینتر؟

**دەرهێنان لە هەشت دیوار:**

کارۆخ ئیبراهیم بە حوکمی ئەوەی کەسێکی شانۆییە، زۆر شانۆییانە کاری دەرهێنانی بۆ ئەو درامایە کردووە، خودی لۆکەیشنی هەردوو ماڵەکە لەڕووی داڕشتن و دیزاین و ڕەنگەوە تەواو شانۆییە، تەنانەت هەردوو ماڵەکە، کە بەتەواوی لەڕووی دیزاینەوە لێکدەچن، سێ دیواریان هەیە نەوەکو چوار، چونکە دیواری چوارەمیان هەڵگیراوە کە دیواری دیدگای بینەرە، ئەوەش ڕێک ڕوانگەی مامەڵەکردنێکی شانۆییانەیە لەگەڵ دراما، تەنانەت جوولەی کامیراش زۆربەی کاتەکان بەشێوەیەکی ئاسۆییە بۆ هەردوولای ڕاست و چەپ، کە زیاتر گوزارشت لە جوولەی چاوی بینەر دەکات لەگەڵ ڕووداوەکان.

تەکنیک لەم درامایەدا وەزیفەی گەیاندنی هەیە، نەک وەزیفەی دروستکردنی مانا و بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕووداو.

لە تەلەفزیۆن تەکنیک (جوولەی کامیرا_ڕووناکی_ موزیک_مۆنتاژ_ڕەنگ_کارتێکەرە دەنگی و ڕەنگییەکان) دەتوانێت وەزیفەی جۆراوجۆر ببینێت، بۆ نموونە لە هەندێک دیمەن دەرهێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی ڕووناکی، یان تاریکی، یان جوولەیەکی کامیرا، یان موزیک حاڵەتێکی درامی بەرجەستە بکات، یان بەشداربێت لە دروستکردنی ئەو حاڵەتە درامییە، یان قوڵکردنەوەی ماناکانی و داهێنان و کردنەوەی مانای تازە لەبەردەم بینەر.

لەم درامایەدا بەشێوەیەکی گشتیی تەکنیک ناتوانێت بەشدار بێت لە بەرهەمهێنانی مانا، ئەوەندەی خەریکە بە گواستنەوە و گەیاندنی مانای بەرجەستەکراو لەلایەن ئەکتەرەوە، لە چەند زنجیرەیەک هەست بە ئامادەیی ئەو تەکنیکە دەکەین، بەتایبەت لە زنجیرەکانی سەرەتا و زنجیرەی کۆتایی، ئەوەی، کە ڕێگر بووە، تەکنیک

ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئەو میزانسێنە شانۆییەیە، کە دەرهێنەر بە هەردوو لۆکەیشنی سەرەکی دراماکەی بەخشیوە و دراماکەی تیا قوفڵ کردوە، بەشێوەیەک بینەر زۆر بەڕوونی هەست بە داڕشتنی فەزای شانۆیی هەردوو ماڵەکە دەکات، ئەدای ئەکتەرەکانیش زیاتر ئەو هەستە لای بینەر زەق دەکەنەوە، کاتێک وەک ئەوەی لە شانۆ بن جوولە دەکەن و هاوار و زیادەڕۆیی دەکەن لە نیشاندانی حاڵەتە درامییەکان، بۆیە بەشێوەیەکی گشتیی تەکنیک لەو درامایەدا هەوڵیداوە، وەزیفەی چاوی بینەر ببینێت.

لەڕووی درامییەوە، بینەر و هەست لەم دوو لۆکەیشنە، وەک ماڵ لە دەرەوەی جوگرافیا و زەمەنن و دابڕاون، بۆ نموونە ماڵەکەی قەڵات بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لەو کۆشکە ناکات، کە شانیا تیاییدا دەگەڕێتەوە ڕابردوو، هەر خودی ئەو کۆشکە کێشەیە بۆ دراماکە، چونکە کۆشکەکانی قەڵات موڵکی خانەوادە دەوڵەمەندەکان بوون، نەک کەسێکی مامناوەندی وەک ڕەشاد، دواتر ڕوونە، کە لۆکەیشنی ماڵە کۆنەکە چەند دابڕاوە لەنێو زەمەن و شوێن، سەیری فەزا و ڕەنگەکان بکەن، کە کامیرا لە دەرەوەی لۆکەیشنە نێو قەڵات پیشان دەدات، کاتێک دەچێتە نێو لۆکەیشنە شانۆییەکە، چ جیاوازییەکی گەورە هەیە، بۆ یەک ساتیش ئەو لۆکەیشنە ئیحساسی ماڵێکی کۆنی قەڵات بە بینەر نابەخشێت، هەمیشە هەست دەکەیت ئەم شوێنە تەواو دابڕاوە لە دەرەوەی خۆی، تەنانەت هەموو ئەو کارەکتەرانەش، کە لە دەرەوەی ماڵەکە دێنە نێو ماڵەکە، زۆر شانۆییانە دێن و دەچن و ئیحساسی هاتنە نێو ماڵیان نییە، چونکە لۆکەیشنەکە و شێوازی داڕشتنی فەزا ڕێگرە لەم حاڵەتە، بۆیە هەموو ئەو ڕووداوانەی لە دەرەوەی ئەم لۆکەیشنە ڕوودەدەن، هیچ کاریگەرییان بەسەر فەزای ماڵەکەوە نییە، چونکە ئەو لۆکەیشنە نەخراوەتە نێو ئەو زەمەن و شوێنە، ڕووداوەکانی نێو ئەم لۆکەیشنەش پەیوەندی بە دەرەوەی خۆی نییە، لەوێ جوێن بە سەددام، بە حزبی بەعس و ڕەفیق حزبی دەدرێت، ئەوانە هەمووی دەیسەلمێنن، کە ئەو ماڵە لە دەرەوەی مێژووە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو جوێندانانە لەبەردەم موختاری گەڕەک کۆتایی خێزانەکە بوو، نەک بەو شێوەیە کۆمیدییە بەڕێبکرێت.

دەرهێنەر لە یەکەم گرتەی دراماکەدا پیکابێکی کۆنی سەردەمی پەنجاو شەستەکان پیشان دەدات، کە لە ڕێگەیەکی خۆڵەوە بەرەو هەولێر دێت، لە دوورەوەش وێنەیەکی کۆنی قەڵای هەولێر پیشان دەدات، کەواتە یەکەم ساتی دەسپێکی دراماکە سەردەمی ئێستە و ئێرە نییە، بەڵکو سەردەمێکی کۆنی هەولێرە، بەڵام دواتر بەهیچ شێوەیەک ناگەڕێتەوە سەر ئەو گرتەیە و دەردەچێت، کە هیچ پەیوەندی بە ڕووداوەکانەوە نییە، ئەی کەواتە وەزیفەی ئەو گرتەیە چی بوو، بۆ دەرهێنەر ئەم دیمەنەی گرێ نەدایەوە بە ڕووداوەکانی دراماکە، ئەم پیکابە کێی تیابوو و بۆچی دەهات بۆ هەولێر؟ هەموو ئەمانە وەک مەتەڵ مانەوە.

**نواندنی ئەکتەر لە هەشت دیواردا:**

کاتێک، کە فەزا بەشێوەی شانۆ دادەڕێژرێت، ئەکتەری شانۆ زیاتر هەست بە ئاسودەیی دەکات تیاییدا و هەوڵدەدات خەیاڵی بینەریش بکات، لە هەردوو لۆکەیشنەکە، هەستدەکەی بەشێکی

> "تەکنیک لەم درامایەدا وەزیفەی گەیاندنی هەیە، نەک وەزیفەی دروستکردنی مانا و بەشداریکردن لە دروستکردنی ڕووداو"



زۆری دیالۆگەکان بە ئیرتیجال دەگوترێن و ئەکتەر سەربەست کراوە لە دەربڕینی دیالۆگەکەی، ئەمەش زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەکرا، بەتایبەتی کاتێک دیالۆگەکان یەکتریان تەواو نەدەکرد، پرسی کار و کاردانەوە ئامادەیی نەبوو، بۆ نموونە لە هەندێک دیمەن ئیبراهیم حەکیم دیالۆگی دەگوت، سیروان بە بیری دەهێنایەوە، تەنانەت لە دیمەنی ماڵی تەهاش کێشەی پابەند بوون بە دیالۆگەوە هەبوو، دەنا مانای چییە لە دیمەنێکدا، کە بژار بەدوای گۆریەکەیدا دەگەڕێت، پێی دەڵێن ژنەکەت ڕشانەوەی پشیلەکەی پێ سڕیوەتەوە، کەچی یەک خولەک دواتر وەک ئەوەی هیچی نەبیستبێت لەنێو جانتای شانیا بۆ هەمان گۆریە دەگەڕێت.



ڕوونە زۆرینەی دیالۆگەکانی ئەم درامایە پشتی بە ئیرتیجال بەستووە و پابەندی تێکست نەبوونە، کاتێک، کە ئەکتەر تووشی بەلبەلەی قسەکردن دەبێت، قسەکانی بەشێوەی ڕاگوزەری دووبارە دەکاتەوە و دیالۆگەکانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و پتەوی بە دیالۆگی ئەوانی دیکەوە نییە، ئیدی تێدەگەیت، کە تێکست بۆ هەندێک ئەکتەر نەنوسراوەتەوە و پانتایی ڕەهایی پێدراوە، کە ئەوە بکات، کە دەیەوێت، بۆیە من پێموایە زۆرینەی دیالۆگەکانی ئیبراهیم حەکیم، ئەیام ئەکرەم، هەندێک لە دیالۆگانی سیروان عوسمان و عەبدولڕەزاق شمس الدین زادەی بیرکردنەوەی ڕاگوزەری کاتی وێنەگرتنە و

**بژار سەعدی و لیزا بەختیار، دوو دۆزینەوەی جوانی دەرهێنەر بوون لەم درامایەدا**

ئەوان تەنیا پابەندبوونە بە بیرۆکە و ڕووداوی نێو دیمەنەکە نەک دیالۆگەکان، ئەم حاڵەتەش بۆ درامایەکی تەلەفزیۆنی قەبوڵکراو نییە، ئێمە لە کوردستان ئەکتەری ڕاگوزەرمان نییە، کە ئەو توانایەی هەبێت پێویستی بە تێکست نەبێت، دواتر ئەمە درامایە و هەموو وشە و جوولەیەکی بەرپرسیارێتییە، تۆ بڵێی هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم پیاوی هەشتاکانی دیبێت بەو شێوەیە لەبەردەم منداڵەکانیان و مێوانیشیان هەبێت، شڕوب بخۆن و سەر و سمێڵیان تێوەردەن، هەندێجار بینەر هەست دەکات دراماکە لەو ڕووە دەیەوێت لە بەزمی بەزم و ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانە بچێت، کە عەوام بەدوای خۆیان ڕادەکێشن، ئەوەی، کە درامایەکی جیددی لە درامایەکی بازاڕی جیا دەکاتەوە، ئیلتیزامکردنی ئەکتەرە بەو دیالۆگانەی، کە بۆی نوسراونەتەوە و لێی دەرنەچێت، بۆ ئەوەی عەوام بەدوای خۆی ببات و بیانخاتە پێکەنین.

ئیبراهیم حەکیم مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی، کە هەمیشە بەردەوامیان هەیە، بەڵام وادیارە دەبێت هەموو کات نووسەر و دەرهێنەر کارەکتەر بە سایزی ئیبراهیم حەکیم و شێوازی ئەداکردنی ئیبراهیم حەکیم بنووسنەوە، کە ماوەیەکە لەنێو یەک فۆرمی دیاریکراو تینەپەڕیووە، ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لە ئیبراهیم حەکیم، وەک ئەکتەر و لە خودی درامای کوردیش، پێویستە ئەکتەر کارەکتەری جیاواز تاقی بکاتەوە، تا بتوانێت ئەو کلیشەبەندییە تێپەڕێنێت، بەڵام ئەوەی دەبینرێت ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە، زۆربەی کات ئەوەی هەندێک ئەکتەری ئێمە پێشکەشی دەکەن، کارەکتەرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو فۆرم و کلیشەیەکە، کە ئەو ئەکتەرە تیاییدا گیری خواردووە و ناتوانێت لێی دەرباز بێت، هەمان ئەم بۆچوونە بۆ ئەداکردنی

ئەیام ئەکرەم-یش ڕاستە، ئەگەرچی بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستمان بە گۆڕانکارییەکی ئیجابی بچووک دەکرد لە ئەدای ئەیام بۆ کارەکتەری لوقمان.

ئەگەر کێشەی شێوەزاری نەبووایە (شانیا_ڤانیا سالار) یەکێک لە باشترین ئەکتەرەکانی ئەم درامایە بوو، لە پاڵ هەریەک لە سەوسەن سەعدون و دانیە قادر، بەڵام کێشەی شێوەزار دەبێت لای ئەکتەر چارە بکرێت، کاتێک تۆ ئەکتەری ئەدای کارەکتەری کچێکی هەولێری دەکەیت، دەبێت بەشێوەزار و فۆنەتیک و ئەکسێنتی هەولێر قسە بکەیت، هیچ پاساوێک نییە تۆ بەشێوەزارێکی دی قسە بکەیت، ئەمە قەبوڵکراو نییە، تۆ ئەکتەری وەزیفەت ئەوەیە دەنگ و ئیحساس و زمان و جەستەت لەگەڵ ئەو کارەکتەرە بگونجێنیت، کە ئەدای دەکەیت، لەم درامایە نەک هەر شێوەزار و دەنگی، تەنانەت شێوەی مامەڵەکردنیشی لەگەڵ ئەو ژینگەیە، لە کچێکی هەولێری نەدەچوو، کچی هەولێری بەشێکی زۆری بەو شێوە توندە شێتانە مامەڵە لەگەڵ دەوروەبەر ناکات، ئەوە پەیوەندی بە سروشتی پارێزخوازی شارەکەوە هەیە، دەبوو دەرهێنەر و نووسەر ئەمە بۆ ڤانیا خان ڕوون بکەنەوە.

ڕوحەیزا، ئەدایەکی زۆر سادە و ئاسان و قوڵی هەیە، لەو شوێنەی، کە پێویستە سارد بێت، زۆر سارد و مەنگە، لەو شوێنەش کە بەر تەقینەوەی هەڵچوونەکان دەکەوێت، دیوێکی دی کارەکتەر پیشان دەدات و هەموو ئەو ساردییە مەبەستدارەت لەبیر دەباتەوە، یەکێک لە داهێنانەکانی کارۆخ ئیبراهیم و درامای هەشت دیوار، دۆزینەوەی بەهرە و توانای ئەو خاتونەیە، کە بە حەق ئەستێرەی دراماکە بوو.

سەوسەن سەعدون_زەینەبە، من پێموایە هەڵبژاردنی سەوسەن بۆ ئەو کارەکتەرە زۆر لە جێی خۆی بوو، سەوسەن توانی جارێکی دی توانای ئەداکردنی فۆرمات بکاتەوە و کارەکتەری ژنە هەولێرییەکی ڕەسەنی نەجیبزادە پێشکەش بکات و هەمووومان بەو وێناکردنە نموونەییە سەرسام بکات، ڕەنگە بوونی سیروان عوسمان-ی هاوسەری بە تەنیشتییەوە کارەکەی بۆ ئاسانتر کردبێت، بەڵام سەوسەن زۆر زیرەکانە توانی ئەو پاشخانە جوانەی بنەماڵەکەی و ئەو ئەزموونەی لەو کارەکتەرە کورت بکاتەوە و ئەدایەکی ناوازە پێشکەش بکات، من لەنێو ئەم ئەدایە جوانەدا سەمیرەی دایکی سەوسەنم بیرهاتەوە.

سیروان عوسمان، لە کارەکتەری سیروان ئەدایەکی هەولێریانەی جوانی هەیە، بەڵام کێشە لە ڕەهەندەکانی کارەکتەرەکەی هەیە، کە هەندێجار سەر لە ئەکتەر تێکدەدات و ناتوانێت کارەکتەر بناسێت، تێبینی ئەوەشم لەسەر هەیە، کە لەژێر کاریگەری و وەک پارسەنگێک بۆ ئەدای ئیبراهیم حەکیم، ئەدای ئەویش دەچووە نێو ڕووبەری ئیرتیجال و قسەکردنی خۆزایی، کە پێموایە لە درامای جیددییدا شوێنی نییە.

هەڵگورد ئیبراهیم_هەڵگورد، گەنجێکی بەهرەدارە و دەتوانێت پەرە بە تواناکانی بدات و ئیحساسەکانی جوانن بەڵام پێویستی زیاتری بە فرەتۆنیی هەیە لە کاتی ئەداکردن و دەربڕیندا.

زایەر عەبدوڵڵا، لە ئەداکردنی کارەکتەری تەها وەک هەمیشە توانایەکی بەرز پیشان دەدات و ئەدایەکی ئاسان و بێ گرێ پێشکەش دەکات و پەیوەندییەکی بەهێزی بە کارەکتەرەکانی دەوروبەری هەیە و هەمیشە وەک باوکێکی دڵسۆز لە هەوڵی ئەوەدایە شیرازەی ئەو ماڵە بپارێزێت، بەڵام کێشە لە بونیادی ئەو کارەکتەرە هەیە و بە نەرێنی کردنی ئەو کارەکتەرە لە کۆتایی دراماکە پرسیار دەخاتە سەر کۆی ئەدای زایەر لەنێو دراماکەدا.

عەبدولڕەزاق شمس الدین، وەک یەکێک لە ئەکتەرە پڕ ئەزموونەکانی هەولێر ئەدای کارەکتەری مەغدید دەکات و پیرەپیاوێکی بە تەمەنی ساویلکەی هیچ نەزان بەرجەستە دەکات و جەستەو فۆڕم و دەنگ و جوولەی بۆ ئەو کارەکتەرە زۆر گونجاوە و ئەدایەکی ئاسان و ناوازە پێشکەش دەکات.

سوهام حەسەن، لەم درامایەدا یەکێک لە باشترین نواندنەکانی پێشکەش دەکات، سوهام زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کارەکتەرە کردووە

و هێمنییەکی زۆری پێوە دیارە و توانایەکی زۆری هەیە لە بەرجەستەکردنی کارەکتەرێکی بەهێز و خاوەن متمانە، بێ ئەوەی پەنا بۆ هات و هاوار و تووڕە بوون و دەنگ بەرزکردنەوە ببات.

شیرین سابیر، لەم درامایە ستایلێکی جیاوازی کارەکتەر تاقی دەکاتەوە، لە ئەداکردنی کارەکتەری ئەمیرەدا، ئەمیرە ژنێکی چلێسی چاوبرسییە و دەیەوێت لە سەر سفرەی ئەوانی دی بەڕێوە بچێت، شیرین لە ئەداکردنی ئەم کارەکتەرە بە ستایلێکی کۆمیدی گونجاو و تەبا لەگەڵ فەزای دراماکە زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام بەداخەوە نووسەر و دەرهێنەر نەیانتوانی چنینی باشتر بۆ ئامادەیی ئەو کارەکتەرە دروست بکەن، کە ئەوکاتە کاریگەریی زیاتری دروست دەکرد.

بژار سەعدی و لیزا بەختیار، لە هەردوو کارەکتەری بژار و لیزا، دوو دۆزینەوەی جوانی دەرهێنەر بوون لەم درامایەدا، هەردوو ئەکتەر بە ئاست و قەناعەتەوە ئەدایەکی باش و موقنیعیان پێشکەشکرد و توانیان وێنای ژن و پیاوێکی هەمیشە ناتەبا لە زەینماندا ڕەسم بکەن، زۆر بە ئاسانی و سادەیی مامەڵەی دروستیان لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان دەکرد و کار و کاردانەوەکانیان بەقەد پێویستی کارەکتەر بوو، تەنیا بژار لە هەندێک شوێندا زیاد لە پێویست دەنگ بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات، هەندێک کاتیش ئیحساسەکانی بەر جۆرێک لە زیادەڕۆیی دەکەون.

بارزان سنجاوی لە ئەداکردنی کارەکتەری موختار توانایەکی جوان و ناوازە پیشان دەدات، بەڵام بە کۆمیدیکردنی ئەو کارەکتەرە بەلارێدابردنی ئەو کارەکتەرەیە، چونکە کۆمیدیا کارەکتەری موختار لە کەسێکی قێزەوەنەوە دەکاتە کەسێکی قەبوڵکراو لای بینەر، بۆیە ئەو کارەکتەرە، کە دەبرێتە نێو ڕووبەری کۆمیدیا، کێشەی بونیادی بۆ دروست دەبێت، بەتایبەت، کە جوێن بە ڕەفیق حزبی دەدات، یان لەبەردەمی ئەو جوێن بە ڕەفیق حزبی دەدرێت، ئەوە هەمووی شێواندنی کارەکتەری موختار بوو، دەرهێنەریش هیچ هاوکارییەکی بارزانی نەکردبوو، لە ئەداکردنی ئەم کارەکتەرە، بەتایبەت لە ڕووی فۆرمەوە، نەبوونی ماکیاژ بۆشاییەکی گەورەی لە ڕەسمکردنی ئەو کارەکتەرە دروستکرد بوو.

ئەکتەرەکانی دی وەک یاسین ئیبراهیم، محەمەد تاهیر، سەفەر کاوە، ڕۆمان بژار، غازی شینە، کاروان خۆشناو، دارا مەحموود، ئەحمەد قەڵادزەیی و ئەوانی دی، توانیان هاوکارێکی باشی ئەو درامایە بن بۆ ئەوەی بەشێک لە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

> **ئەگەر کیشەی شێوەزاری نەبووایە، شانیا_ڤانیا سالار، یەکێک لە باشترین ئەکتەرەکانی ئەم درامایە بوو، لە پاڵ هەریەک لە سەوسەن سەعدون و دانیە قادر**

لە کۆتاییدا سەرەڕای هەموو ڕەخنەو سەرنجەکانمان لەسەر درامای کوردیی، من پێموایە بوون و بەردەوامبوونی درامای کوردیی تاکە بژاردەیە بۆ ئەوەی بینەری کورد بە درامای کوردیی ئاشت بکەینەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێت چۆنایەتی بە قوربانی چەندایەتی بکرێت و دراما دوای گوتاری عەوام بکەوێت، چونکە دراما ئەگەر هونەرێکی جەماوەریش بێت و ڕووی لە هەموو بینەریش بێت، بەڵام هونەرێکی بەرز و باڵایە و دەبێت جوانی و داهێنان و جیاواز بوون پێشکەش بکات، بینەر لەو ڕێگەیە شۆک بکات و بتوانێت پەروەردەی کۆمەڵگەی بکات، نەک بکەوێتە نێو تەڵەی ئەو کارە بازاڕییانەی، کە بەناوی دراما و شانۆوە پێشکەش دەکرێن و تەنیا کاریان ختوکەدانی بینەرە و هەڵگری هیچ پەیامێکی کلتووریی و ڕەسەن نین و بەتاڵن لە هەموو جوانی و داهێنانێک.

*** من کە دەڵێم نووسەر مەبەستم لە نووسەری تێکستەکەیە، کە پێموایە کامەران خۆشناوە، هەرچەندە نازانم دەرهێنەر لە نوسینەوەی ئەم تێکستە بەشدارە لە بونیادی تێکستەکە، یان لەو ئیزافە و زیادانەیە، کە بە دراماکەوە دیارە.**

**** شروب شیرینیەکی دیرینی هەولێرە و تامێکی خۆشی هەبوو و دەخرایە سەر سنیەکی پڕ ئاردەوە.**

*** سەرجەم وێنەکانی ئەم بابەتە لە شاشەی Ktv لەبەریان گیراوەتەوە.**

# خوێندنەوەی کتێب

- **فەردەقان-ی یوسف زێدان، زیندووکردنەوەی ئیبن سینا**

محەمەد تەها حوسێن

- **برینا ڕەش، یان دەرمانا سپی؟ شانۆنامەیەک بە تامی دەیان چیرۆک و ڕۆمان**

مەسعوودی مەلا هەمزە


- **دۆزەخی منداڵ لە کۆمەڵە چیرۆکی سەربازانی خوادا**

سەلما تۆما کاکۆ

- **جەنگی ( کوێت) لە گەواهی نامەکەی( تاریق کاریژی)دا**

د. نەجم ئەلوەنی

# فەردەقان-ی یوسف زێدان، زیندووکردنەوەی ئیبن سینا



محەمەد تەها حوسێن

لە پاڵ عەزازیل و نەبەتی، فەردەقانیش باڵاترین ڕۆمانی (یوسف زێدان)ە لە ڕووی تەکنیک و چنین و خەیاڵ و یەکێتی بابەت و ئۆرگانیکیەتی زەمەنیی و زمان و چوونەوە نێو مێژوو و بەستنەوەی دەرکەوت و دیمەنەکانی بەیەکدی و خوێندنەوە و دواندنی ئاستە جوداکانی هزر بە زەمەنی خۆیان و شێوەی گێڕانەوە و زۆر شتی دیکەش.

فەردەقان بازێکی دی بوو بەسەر ڕۆمانەکانی ( سێبەری مار و مەحاڵ و گوانتانامۆ و نور)ی هەمان نووسەر، تێکهەڵکێشکردنەوەی بوو بە (عەزازیل و نەبەتی) چونکە ئەم دووەیان لە ئاستێک دابوون، نەدەبووایە دوای خۆیان یوسف زێدان بەرنەوە سەر شێوە کلاسیکە میسری-یەکەی (ئیحسان عبدالقدوس و ئەوانی دی) فەردەقان گەڕانەوەیەکی داهێنەرانەیە، بە شێوەیەک سەرت لەو بەستنەوە زەمەنیەی فەزای ڕۆمانەکە بە شوێن و سەردەمەکانییەوە سوور دەمێنێ.

پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە (ئیبن سینا)ی بیرمەند و پزیشک و دەرمانساز و گەردووناس و دەروونناسە. زێدان لەم بەیەکەوە بەستنەوە زەمەنیانە بلیمەتێکی سەیرە، ئەگەرچی لە (مەحاڵ و گوانتانامۆ و نور) کە هەرسێ ڕۆمان زنجیرەی تەواوکەری ڕووداوەکانی یەکترن، زێدان لەزەمەنی خۆمان نەبزوتووە و قسەی لەسەر کەسایەتی تیرۆریست و هزری تیرۆر و بەکاربردنی ئەوانە بۆ چەمک و بابەتە ئینسانییەکانی وەک خۆشەویستی و عیشق و وەچەنانەوە و کارکردن و خۆژیاندن و بازاڕداری لە پێناوی ئیدیۆلۆژیا و عەقیدەی دووبارە گەڕانەوە بۆ زەمەنەکانی بەر لە ئێستە و خۆ بەستنەوە بە ڕیشەکانی ئوسولییەت و بەستەڵەکی هزرییەوە. بەڵام ئەم تەرزە ڕۆمانانە نەیانتوانی (عەزازیل و نەبەتی) جێبهێڵن، بەڵکو خەریک بوو لە خوێندنەوەی زێدان تەمبەڵمان بکەن و تاقەتی ئەوەمان نەمێنێ ئیدی چاومان لە دوا کاری دیکەی بێت.

فەردەقان خۆهەڵتەکاندنێکی جۆریە لە نووسینی ڕۆمان لای یوسف زێدان، ئەم هەڵبژاردنەی بەهیچ شێوە نووسین و سەبکێکی دیکەی ڕۆمان ناچێ، لەو ڕۆمانانەیە، کە ناتوانی بەیەک جار خوێندنەوە وازی لێبێنی، چونکە زۆر زیاتری لە خەیاڵ و ڕووداوەکانی زەمەنەکانی نێو ڕۆمان لێ فێردەبی و دەتباتە نێو فەلسەفە و مەنتیق و سایکۆلۆژیا و دەرمانسازیی و پزیشکیی و گەردووناسییەوە، بە شێوەیەک، کە لەهەریەک لە مانە بلیمەتی ئیبن سینامان بە شێوەی جیاجیا بۆ دەردەخات، زێدان توانای داهێنانی خۆیشی، لە بەستنەوەی دیاردە و ڕووداوەکانی ڕۆژگارە بەسەرچووەکان و مانەوەی کاریگەریان لە زەینی مرۆڤی ئێستەدا دەخاتە ڕوو، بێ ئەوەی ئەم تەرزە مرۆڤەی ئێستە لەم ڕووداوانەدا پەندیان لە بە مرۆڤبوونی ڕاستەقینەیان وەرگرتبێ.




– زمانی ڕۆمان هێندە پتەوە بەخۆیەوەت دەبەستێتەوە و ناهێڵێ تێیپەڕێنی تا بەتەواوی تێینەگەی، وشەسازی و ریتمیان لەنێو ڕستەکاندا جۆرێک لە شیعرییەتی تێدایە، کە بووە بە هێزێکی کێشکردنی خوێنەری جیددی، لەوانەشە تەکنیکێکی نووسین بێ و خوێنەر لە فڕین و یاخیبوونی زەینی و پارچە پارچەبوونی هزر بپارێزێ، دەرفەت نەدات سەرنجی بۆ چێوەی بابەتە سەرەکیەکە بچێت.

– مانەوەی خوێنەر لە سێنتەر و چەقی گرێی ڕۆمان ڕۆماننووسی بلیمەتی دەوێ، ڕۆمان هەیە کە تەواوت کرد وەک ئەوە وایە لە هاژوهوژ و تەقەتەق و هەراوهوریا ڕزگارت بووبێت، چونکە ئەوەندەی ماندووی کردووی، نیو ئەوەندە نەی حەساندوویەتەوە.


فەردەقان بێ لە پیاهەڵدانی سۆزەکیی، لە ئاستی ئەو ڕۆمانانەیە، کە ئیدی دەبێ جیهانیی بن، بە دڵنیاییشەوە هەر وا دەبێ، چونکە ئەم ساڵ خراوەتە نێو پێشبرکێی باشترین ڕۆمانە جیهانی و عەرەبییەکان و لەوانەیە پۆکەر و شتی دیش وەربگرێ.

– زێدان ئیشی لەسەر کەسێک کردووە، کە زۆر زۆر پێش زەمەنی خۆی کەوتبوو (ئیبن سینا) قسەی لەسەر ئینسانبوون و جیاوازی و ئەنتی ڕەگەزپەرستی و مەزهەبگەرایی و نەتەوەپەرستی کوێرانە بووە، دژی کۆیلایەتی و خۆ بە بچووکزانی و مەرایی و ماستاوچیەتی بووە، ئەو هاوولاتیەکی جیهانیی بووە و مرۆڤیشی وەک تاک، پێ بوونێکی باڵا و بێ نەزیر بووە.

– سینا لە دەرمانسازیی و پزیشکیدا بە شێوەیەک بلیمەت بووە، کە هەم توانای دیاریکردنی نەخۆشیی و دەستنیشانکردنی دەرمان و هەندێک جار ئەناتۆمی جەستەی نەخۆشەکانی هەبووە. لەو بوارەدا جەستە و دەروون و عەقڵ و ڕۆحی بەیەکەوە بەستۆتەوە، لە هەر چواریشیاندا شارەزایی بێ ئەندازەی هەبووە، لە توانای نووسینیشیدا، زێدان ئیبن سینامان بە شێوەیەکی دی پێ دەناسێنێ، کە نووسەران و بیرکەرەوەکانی ئێستە سەرسامی ئەم توانایانەی دەکات، بەشێوەیەک، کە هەندێک جار ناکامڵی خۆیان لە بەرانبەر ئەودا بۆ دەردەکەوێ.




– ئیبن سینا لەم ڕۆمانەی زێداندا، بە پلەی نایاب دەروونناسە و تەنانەت سایکیاتریستیشە، ئەو لە چەندین دۆخدا قسەی لەسەر شڵەژانە دەروونییەکان کردووە و کاریگەریی ئەوانی بەسەر جەستە و هی جەستەشی بەسەر ئەواندا ڕوونکردووەتەوە. دڵەڕاوکێ، خەمۆکی (میلانخۆلیا) وەسواسی، قەهری شڵەژانی میزاج و هیتری خستووەتە بەرباس و خواس و بۆ هەندێکیان بووەتە چارەساز و بە شێوازی زۆر زانستیانە جووڵاوەتەوە. لەسەر چێژی ساتەوەختی و چێژە عەقڵییەکان زۆر دواوە، ئەو پێیوابووە دەبێ مرۆڤ لە شادمانی عەقڵی و بەردەوامدا ژیان بەسەر بەرێت، چێژە ساتەوەختییەکانی خستووەتە پاڵ مرۆڤە سادەلەوحەکان و هی عەقڵیشی بە مرۆڤی عەقڵانی بەستووەتەوە. ئەو عیشقی وەک نەخۆشییەک پێناسە کردووە و پێیوابووە، کە جۆرێکە لە ڕەشبینییەکی شێتانە و هەمیشە وایزانیوە، کە ڕێکخستنی شەهوانیەت جۆرێکە لە وەرزشی عەقڵ.



# برینا ڕەش، یان دەرمانا سپی؟

# شانۆنامەیەک بە تامی دەیان چیرۆک و ڕۆمان

مەسعودی مەلا هەمزە

ئەستەمە لە جیهان بەگشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی گەلێک بدۆزیتەوە بە ئەندازەی گەلی کورد چەوسێنرابێتەوە و زوڵمی لێ کرابێت، لەوە خراپتر دەچێتە عەقڵی کێ ئەم گەلە لێی قەدەغە کراوە بەزمانی خۆی بدوێ و بنووسێ و بخوێنێتەوە؟ کێ باوەڕ دەکات، قەدەغە بووبێ قوتابخانە لە ناوچە کوردییەکان بکرێتەوە؟ ئەمانە و چەندان موعاناتی تر مێژووی ئەم گەلە ستەم دیدەیەی ئێمەیە!

پێشکەوتنە نوێکانی جیهان و سەرهەڵدانی جیهانگیری دونیای بچووک کردووەتەوە و کردوویەتی بە گوندێکی بچووک، بۆیە زۆرجار دەگوترێت باوی ناسیۆنالیزم نەماوە و کاڵ بۆتەوە، لەوانەیە ئەم قسەیە بۆ گەلێکی خاوەن دەوڵەت و مێژوو ڕاست بێت، بەڵام تاکی کورد لە نائاگایدا، هەمیشە هەستێکی قووڵی ناسیۆنالیزمی هەیە و لە سووچێک دەگەڕێ بیانوویەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی مومارەسەی بکات، بۆیە هەمیشە ئەو بەرهەمانەی بەشێکن لە ئەدەبی بەرەنگاریی، یان لە سەردەمێکی جیاوازی سیاسی و نەتەوەیی نووسراون جێی بایەخن.

گەلێک خاوەنی ئەم مێژووە پڕ لە کۆسپە بێت و نەکەوتبێت و کۆتایی نەهاتبێت، بێگومان قارەمان و تێکۆشەری زۆری هەبووە، کە هەوێنی ئەم بەردەوام بوونە بوونە و ناویان لەمێژوودا ماوەتەوە، بەتایبەت ئەوانەی ئەهلی قەڵەم و نووسین بوونە و بەرهەمەکانیان وەک بەرهەمی مێژوویی و بەشێک لە ئەدەبی بەرەنگاری ماوەتەوە.

لە هەریەک لە پارچەکانی کوردستان، گەلی کورد خاوەنی دەیان و سەدان قارەمانە، کە دەکرێ قارەمانێتییەکەیان ڕەمز بێت بۆ داهاتوو، لە ڕێی ئەو بەرهەمەنەیانەوە ئاشنا بین بە ژیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ئەم ماوەیە گەنجێکی بەتوانا و سەلیقە، کوردیزانێکی باش و کوردپەروەرێکی هەولێریی، گەنجێکی هوشیار و بەئاگا لەمێژووی باکووری کوردستان و تورکیا، وردە وردە خەریکە بە بەرهەمەکانی ئەو بەشەی کوردستانمان ئاشنا دەکات، جیا لە وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی بە تورک-یش نووسراون، دەیانکاتە کوردیی، هاوکات ئەمجارە لە کورمانجییەوە بەرهەم وەردەگێڕێتە سەر سۆرانی.

(کە ئەم بابەتەش جێی تێڕامانە، گەلێکی خاوەن مێژوویەکی دابەشکراو بەسەر چوار دەوڵەتدا نووسین و خوێندەوەی پێویستی بە وەرگێڕانە!) هەر ئەمەیان بابەتێکە جێی هەڵوەستەی جدیە!

لە ماوەکانی ڕابردوودا محەمەد عزەدین-ی وەرگێڕ یاداشتەکانی موسا عەنتەر و بەدوای ئەودا ئیسماعیل بێشکچی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردیی و کەوتنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، بەدوای ئەوەوە ژمارەیەک کتێبی دی چاپ کرد، کە بەشێکیان وەرگێڕان بوون لە تورکیی و بەشێکیشیان لە کورمانجیەوە کردبوونیە سۆرانیی، یەکێک لەوانە (برینا ڕەش)ە.


ئەم دەقە شانۆییە لەنێو زیندان و لە سەردەمێکدا نووسراوە، کە نووسین و قسەکردن بەکوردیی قەدەغە بووە و سزای لەسەر بووە، وەک محەمەد ئۆزون لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی لەدوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ (برینا ڕەش) یەکەم کتێبی کوردیی بووە چاپ و بڵاوبکرێتەوە، بێگومان لە زەمەنێکدا، کە نکۆڵی لەبوونی کورد دەکرا و ڕەگەزپەرستەکان قبوڵیان نەبووە گوێیان لە وشەی (کورد) بێت، چ جای ئەوەی کتێب بەو زمانە بنووسرێت!

ئەو ئێش و ئازار و دەردەسەرییانەی بەسەر کورد هاتوون، دەکرێت ببنە هەوێنی دەیان و سەدان ڕۆمان، چیرۆک، دەقی شانۆیی، سیناریۆی فیلمی سینەمایی و دراما، هەریەک لەو ژانرانەش ببنە بەرهەمی نەمر.

ئەگەرچی (برینا ڕەش) دەقێکی شانۆییە، بەڵام خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا هەست دەکات چیرۆک، یان ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە، لەمەش زیاتر دەکرێت هەموو دیمەنە شانۆییەکانی وەک دیمەنی نێو فیلمە

سینەماییەکان بێنیە بەرچاو، واتە دەکرێ ئەم نووسینەی موسا عەنتەر ببێتە هەوێنی لە دایکبوونی دەیان بەرهەمی دیکەی هونەریی و ئەدەبیی، بەهەمان ناوەڕۆک و پەیامەوە، بەهیواشم بکرێتە خەمی پڕۆژەیەکی گەورە و برینا ڕەش دەستپێکی کارکردن بێ بۆ هەموو ئەو بەرهەمانەی زیاتر لە ڕەهەندێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی و مێژووییان هەیە.

دەقی شانۆیی برینا ڕەش باسی ژیانی سەردەمێکی دیاریکراوی باکووری کوردستان و گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەکات، کە چۆن بەهۆی خواردنی گەنمی دەرمانکراوەوە (بنەتۆ) کە لە ئەسڵدا حکومەت بۆ چاندن دابەشی دەکات، بەڵام ئاغا و دەرەبەگەکان دەیانفرۆشتەوە، لەبەر هەرزانی نرخەکەشی خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووتی گوندەکان دەیانکڕی و دەیانخوارد، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەک، کە ئەوسا پێی گوتراوە برینا ڕەش و لەزۆربەی ماڵەکان چەند منداڵێکی کوشتووە و ئەوانەیدیکەشی دەردەدار کردووە.




لە ڕاستیدا موسا عەنتەر وەک ناوەڕۆک ویستوویەتی ئەو سەردەمەی ژیان و گوزەرانی خەڵک لەباکووری کوردستان بگوازێتەوە و لەرێگەی دەقێکی شانۆیی بە دونیا بڵێت، کە کورد لە چ جۆرە ژیانێک دان و تووشی چ نەهامەتی و دەردەسەرییەک دێن و کەسیش نایەتە وەڵام، بەڵام لە ڕاستیدا نووسەر دەیەوێت بە هەموومان بڵێ، کە کورد جیا لەو دەرد و نەخۆشییەی تووشی هاتووە دەرد و نەخۆشیی دیکەشی هەیە، کە نەخوێندەوارییە، برینا ڕەش-یش دەرەنجامی ئەو نەخۆشییەیە.

لە گفتوگۆی نێو دەقە شانۆییەکە تێدەگەین، کە ئاغا و دەرەبەگەکان هەرگیز نەیانویستووە و نەیانهێشتووە لەو گوندانە قوتابخانە بکرێتەوە، ئامانجیان ئەوەبووە، منداڵانی کورد، وەک باوکیان هەر نەخوێندەوار بن و هەر خەریکی شوانی و گاوانی و جووتکردن و خزمەتکردن بن لە ماڵە ئاغا و بەگەکان، وەلێ لەپاڵ ئەوەشدا ئەوە دایک و باوکانی کوردن، کە نایانەوێت منداڵەکانیان بنێردرێنە قوتابخانە و ئایندەیان هەبێت،

لە گفتوگۆیەکی نێو دەقە شانۆییەکەدا یەکێک لە ژنانی گوند دەڵێت: چۆن دەبێ دکتۆر بە کوردیی قسە بکات! ئەمە مانای وایە لە هەستی نائاگای تاکی کورد، ئەوە چەسپاوە، کە بەشی کورد هەر خزمەتکردن بووە و منداڵی کورد نابێت ببێت بە پزیشک، یان ئەندازیار و هەر شتێکی دی، کەخاوەن کەسایەتی خۆی بێت و بتوانێ خزمەت بە کۆمەڵگە بکات.

نووسەر لەنێو دەقە شانۆییەکەیدا لەرێگای کاراکتەری (زینۆ) کە ژنێکی کوردی گوندییە و خێزانی (برۆ)یە و لە هەشت منداڵ تەنیا یەک کوڕی ماوە، کە ئەویش (بەدۆ)یە، دەرمانی سەرەکی نەخۆشی کورد دەدۆزێتەوە و دەیەوێت برینا ڕەش بە یەکجاری تیمار بکات، بۆیە لەنێو دەقە شانۆییەکەدا زینۆ بڕیار دەدات، کە کوڕەکەی بنێرێتە قوتابخانە و هەموو هەوڵێکیش دەدات بۆ ئەوەی تاقە کوڕەکەی خوێندن تەواو بکات، سەرباری کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی زۆر، تەنانەت زۆرکات سەرباری فشارەکانی باوکی منداڵەکە، کە دەیەوێت کوڕەکەی بێتەوە و ببێتە شوان، لەبەرئەوەی پێی وایە کوڕەکەی خەریکی شتێکی بێ مانایە و ئایندەی دیار نییە، ئەوە سەرەڕای فشارەکان و هەوڵەکانی ماڵی ئاغا بۆ کەمکردنەوەی بایەخی خوێندن.

دواجار (زینۆ) بە ئاواتی خۆی دەگات و کوڕەکەی دەبێتە پزیشک و بە بۆنەی ئەوەوە ماڵیان دێتە دیاربەکر و ژیانیان دەگۆڕێت، وەلێ هەوڵدەدات لە

**“ چۆن دەبێ دکتۆر بە کوردیی قسە بکات! ئەمە مانای وایە لە هەستی نائاگای تاکی کورد، ئەوە چەسپاوە، کە بەشی کورد هەر خزمەتکردن بووە و منداڵی کورد نابێت ببێت بە پزیشک ”**

دیاربەکر-یش ماڵەکەی بکاتە شوێنی خزمەتکردنی گوندیان و ئەو کەسانەی، کە منداڵەکانیان تووشی نەخۆشی برینا ڕەش بوونە، بە کرداریش ئەمە دەبینین و ماڵەکەیان دەبێتە شوێنی خزمەتکردنی نەخۆشە کوردەکان و دکتۆر-یش وەک منداڵێکی ئەسڵ زادەی کوڕی خانەوادەیەکی کورد بەوپەڕی شانازییەوە چارەسەریان دەکات و هەوڵ دەدات هەموویان تێبگەیەنێت، کە چارەسەری سەرەکی دۆزی کورد ئەوەیە بخوێنن و پێبگەن و خۆیان تیماری دەردی خۆیان بکەن، ئەوسا دەتوانن ڕێگربن لە ڕووداوەکانی هەر کارەساتێکی دیکەی وەک برینا ڕەش، کە بەسەر کورد بێتەوە و منداڵانی کورد ببنە قوربانی.

ئەم دەقە شانۆییە پەیامێکی گەورەی سیاسییە و نووسەر هەوڵی داوە لەنێو چیرۆکەکانی شانۆگەرییەکەدا چەندین پەیام بگەیەنێ، هەر لە پەیامی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری، بە ڕەوا نەبینینی ژیانێکی شایستە بە گوندییەکان، هەموو هەوڵ و ماندووبوونی گوندییەکان بۆ خزمەتی ئاغا و دەرەبەگ، بریار و خزمەتەکانی حکومەت لە خزمەت ئاغاکان، بێ هەڵوێستی ئاغاکان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ دەسەڵات، بەومانایەی هەرکێ لە دەسەڵای بێت دۆستی ئەون، وەلێ پەیامی ڕوون ئەوەیە، کە دەبێت کوردەکان خۆیان لە خەمی خۆیان دابن و ئایندە بۆ خۆیان دیاریی بکەن، هەرگیز هیچ یەک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان، نایانەوێت کورد میللەتێکی پێشکەوتوو بێت و کەسانی بەتوانای لەنێودا هەڵکەوێت و بیر بکەنەوە، بۆیە پێویستە هەموو تاکێکی کورد ئەم کتێبەی موسا عەنتەر (برینا ڕەش) بخوێنێتەوە و لەو گۆشەیەوە سەیر بکات، کە ئەگەر کورد چاوی لەدەستی ئەم و ئەو بێت هەرگیز ناگات بەهیچ و هەردەبێت چاوی لەوە بێت فریای بکەون، کە هەرگیز فریاشی ناکەون، بۆیە با کورد خۆیان بریار بدەن هەموو لە منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن و لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکان بخوێنن.

بە کورتی، ئەو کتێبەی موسا عەنتەر ئەگەرچی وەک دەقێکی شانۆیی نووسراوە، بەڵام کاتێک دەیخوێنیتەوە هەست ناکەی ئەمە بە تەنیا دەقێکی شانۆییە، بەڵکو دەکرێت وەک چیرۆکی

> “ لە ڕاستیدا نووسەر دەیەوێت بە هەمووومان بڵێ، کە کورد جیا لەو دەرد و نەخۆشییەی تووشی هاتووە دەرد و نەخۆشیی دیکەشی هەیە، کە نەخوێندەوارییە. ”

ژیانی کورد لە سەرەتاکانی دروستبوونی کۆماری تورکیا لێی بڕوانی، یاخود دەکرێت وەک مێژوویەکی ئەو قۆناغە شەن و کەوی بکەیت و تێبگەی، کە ئەوسا ژیان چۆن بووە و کوردەکانی باکوور (بەتایبەت ئەوانەی لە گوند دەژین) لە چ ژیانێکی کولەمەرگی دابوونە و حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بێ باک بوونە لە مردنی ئەو هەموو ڕۆڵەیەی کورد، یان دەکرێت وەک ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی ئەوسا لێی بڕوانی، کە نووسەر ویستوویەتی دونیا لەو ژیانەیان ئاگادار بکاتەوە، ئەوە سەرباری خستنەڕووی بەشێکی زۆری لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئەوسای کورد لە ناوچەکە، هەر لە جلوبەرگ و خواردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت نووسەر دەیەوێ لەڕێگەی ئەم کتێبەوە پێمان بڵێت، کە ئەوێ ڕۆژێ کوردبوون زۆر سەخت بووە و باجی گەورەی لەپێناو دراوە.

ئەوەی گرنگە خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە هانمان بدات بۆ ئەوەی وردترو زیاتر بەدوای ئەرشیفی نەتەوەیی خۆماندا بگەڕێین و بیدۆزینەوە و دووبارە چاپیان بکەینەوە، یاخود هەر هیچ نەبێت هەوڵ بدەین کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاشنا بکەین بە مێژووی یەکدی و ئەو قارەمانانەی بوونەتە قوربانی ئەم خەباتکردنە، کە پێموایە دواجار هەموو ئەو بەرهەمانە دەبنە هەوێنی سوود وەرگرتن لە ڕابردوو بەئامانجی بونیادنی داهاتوویەکی ڕوونتر.

دەستخۆشی لە محەمەد عزەدین دەکەم، کە بەم بەرهەمە ناوازەی ئاشنا کردین و بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئاگاداری بەشێک لە مێژووی باکووری کوردستان بین و بیخوێنینەوە. ئەوە سەرباری ئەوەی بە کوردییەکی ڕەوان و جوان بەرهەمەکەی پێشکەش کردووین.

*** دەقی شانۆیی (برینا ڕەش)ی موسا عەنتەر، لە ساڵی ١٩٥٩ نووسراوە و لە ساڵی ١٩٦٥یش بۆ یەکەم جار چاپ و بڵاو کراوەتەوە، محەمەد عزەدین لە کرمانجییەوە کردوویەتیە سۆرانیی و هەریەک لە (جان دۆست و محەمەد ئۆزۆن) پێشەکیان بۆی نووسیوە، لە ڕابردوودا ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی بیانی و وەک بەرهەمی شانۆیی پێشکەش کراوە، تەنانەت هونەرمەندێکی سوێدی کردوویەتیە تابلۆی شێوەکاری، ئەمساڵ-یش دەزگای فام بە چاپێکی قەشەنگ چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.**




سەلما تۆما کاکۆ



# دۆزەخی منداڵ
## لە کۆمەڵە چیرۆکی
# سەربازانی خوادا

چیرۆکەکانی نێو ئەم کتێبە وەکو دانەی تەزبیح لێک ئاڵاون، یەکدی تەواو دەکەن، پچڕاندنی هەرکام لە دەنکەکانی پەرتەوازەییەک بۆ خوێنەر دروست دەکات، ناتوانێت هەمووی نەخوێنێتەوە، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات، کە نووسەر سەلیقەیەکی باشی بەکارهێناوە، لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکاندا هەست دەکەیت سەیری فیلمێکی تراژیدیا دەکەیت، زۆر جار خۆت لێ دەبێتە کارەکتەری نێو فیلمەکە، واتە جۆرێک لە ئاوێزانبوون لەنێوان خوێنەر و چیرۆکەکان دروست دەبێت، کە وات لێ دەکات موتوربەی ڕۆحی منداڵەکان بیت و وەکو مرۆڤ هەست بە ئازار و نیگەرانییەکانیان بکەیت.




کۆمەڵە چیرۆکی سەربازانی خوا، یەکێکە لە شاکارە ئەدەبییەکانی نووسەر یەشار کەمال، کە بە شێوەیەکی مەیدانی وەکو ڕۆژنامەنووسێک، گەشتێکی کردووە بەنێو دونیای منداڵانی سەرشەقام و پارک و بنکەی حەوانەوە و چاکسازییەکان، هەر منداڵە و بە جۆرێک باس لە خەم و ئازارەکانی خۆی دەکات. یەشار کەمال سروشتی منداڵانی لەنێو چیرۆکەکاندا وەگەڕخستووە، لای ئەو منداڵ کائینێکی پاک و بێگەردە و وەکو سروشتی خۆی دەدوێت و بێ دەمامک و ڕاستگۆیانە باس لە ئازارەکانی خۆی دەکات، هەموو ئەو کارەکتەرانەی لەنێو ئەم کتێبەدا بوونیان هەیە، کارەکتەری ڕاستەقینەن، نەک خەیاڵی.

نووسەر وەک کامێرامانێک بە شێوازی جیاواز وێنەکانمان بۆ دەگوازێتەوە. کارەکتەری سەرەکی نێو ئەم چیرۆکانە، ئەو منداڵانەن، کە شەقام و زیندان ماڵی یەکەمی ژیانیانە، یەکێک لە منداڵەکان لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا دەڵێت: (ئێمە لە هەموو خەڵکی جیاوازین، ئێمەمانان جۆریکی دیکەین، ئێمە سەربازانی خواین، سەربازانی خوا جۆرێکی دیکەن...) سروشتی منداڵ ئاوایە، لەکەس ناچێت لەخۆی نەبێت، هەموو کەس هێزی ئەوەی نییە تێبگات منداڵ چی دەوێت، لای ئەم منداڵانە تەنیا خودا فریادڕەسی ژیانیانە، تەنیا خودا بە سەرکردە و ڕابەری خۆیان دەزانن، ڕەنگە ئەم دیدە بە دیوێکی دیکەدا گلەیی بێت لە

خودا، کە بۆچی هەر لە منداڵییەوە فڕێ دراونەتە سەرشەقام و زیندان، خوداش بێدەنگە؟

یەشار کەمال زۆر جوان ژیانی پڕ چەرمەسەری ئەو منداڵانەی کردووە بە نووسین و بە زمانێکی جوان تەوزیفی کردوون، لە چوارچێوەی چیرۆک و بەتەکنیکێکی جوان سەرگوزشتەی تاڵ و پڕ لە خۆزگە و ئاوات و ئارەزووی ئەم منداڵانەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەیانکات بە شاکارێکی جیهانیی و ژیانمان پێ دەناسێنێت.

مرۆڤ و چیرۆک دوانەیەکی لێک دانەبڕاون، ئایینە ئاسمانییەکان پڕن لە چیرۆک، لە ڕێگەی چیرۆکەوە زیندوویەتیی خۆیان دەپارێزن، ئەمەش نیشانی دەدات، کە چیرۆک لە ژیانی ئێمەدا وەکو مرۆڤ چەند گرنگە، بۆیە ڕام وایە هەموو مرۆڤێک لە ژیانیدا چیرۆکێک هەیە، بەڵام ڕەنگە هێزی ئەوەی نەبێت بینووسێتەوە، هەربۆیە ئەم چیرۆکانەی یەشار کەمال گەر بە وردی بخوێندرێنەوە، دونیا بینیمان بۆ مرۆڤبوون و منداڵ دەگۆڕێت، چونکە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە شاکارێکی جیهانییە و لەهەر شوێنێک مرۆڤ بژی، ئەم چیرۆکانە لە گەڵیدا دەژین، جوانی ئەم چیرۆکانە لەوەدایە بۆ کۆمەڵگەیەک نەنووسراون، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیار و تێڕامان، فێرمان دەکەن جۆرێکی دیکە بژین، هەربۆیە حەزم کرد ڕۆحی ئەم چیرۆکانە بەشێوەی خاڵ شرۆڤە بکەم و بینووسم، تا خوێنەر باشتر ئاشنای چیرۆکەکان بێت، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە، ئەگەر دەستی بە کتێبی سەربازانی خواش نەگەیشت ئەم نووسینە دەروازەیەک بێت بۆ گەشتکردن بەنێو چیرۆکەکاندا.

> "یەشار کەمال زۆر جوان ژیانی پڕ چەرمەسەری ئەو منداڵانەی کردووە بە نووسین و بە زمانێکی جوان تەوزیفی کردوون"

یەکەم: لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە دەردەکەوێت، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا منداڵ بە سروشتی خۆی نەژیا، ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی تەندروست نییە بۆ ژیانی منداڵان.

دووەم: منداڵ هەمیشە باجی ناتەبایی و ململانێی نێوان گەورەکان دەدات، ئەوانیش بێ ئاگا لێی بە حەز و هەوەسی خۆیانەوە سەرقاڵن.

سێیەم: ئەو منداڵانەی دەکەونە سەر شەقام و بنکەی حەوانەوە زیاتر ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و بوون بە قارەمان لە دەروونیاندا دەخولقێت، وەک چۆن لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا (سەربازانی خوا هەمووشتێکیان لە کەسانی دیکە جیایە...) هاتووە: «من نەبمە قارەمان دەمرم».

چوارەم: منداڵانی سەرشەقام لەبەر نەبوونی ماڵ و شوێنی حەوانەوە، زوو تێکەڵی گرووپە مافیاکان دەبن، یەکێک لە منداڵەکان لە چیرۆکی (خۆزگە لە زەڕافەیان نەدەدا) دەڵێت: (دایکم پێمدەڵێت نەخۆشم ناتوانم بەخێوت بکەم، باوکیشم دەترسێت ماڵەکەی لێ بسووتێنم...).

پێنجەم: منداڵانی بێلانە و سەرشەقام زووتر ئالوودەی جگەرە و کحول و مادە هۆشبەرەکان دەبن، (لەچیرۆکی شەوێکی زۆر گەرم)دا منداڵێکی یانزە ساڵان بە یەشار کەمال دەڵێت: (جگەرەیەکی دیکەم دەدەیتێ؟) نووسەر دەڵێت، هەر بە مژی یەکەم نیوەی جگەرەکەی هەڵمژی.

**ئاستی زمانی وەرگێڕ:**

ئەوەی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا زیاتر بۆ من مایەی دڵخۆشی بوو، زمانی وەرگێڕانەکەی وەرگێڕ بوو، کە بە زمانێکی کوردیی پەتی پاراو نووسراوە، وەکو ئەوەی چیرۆکەکان کوردی بن و لە زمانێکی دیکەوە وەرنەگێڕدرابن، ئەمەش ئەو ماندووبوونە زۆرەی وەرگێڕ پیشان دەدات، بۆ ئەوەی پەیامی نووسەر بگەیەنێت بە خوێنەر، چونکە ئێمە چەند پێویستمان بە ئەدەبیاتی خۆمانە، دوو هێندەش پێویستمان بە ئەدەبیاتی گەلانە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی عەودالی نووسینن و زمانی دیکە نازانن، هەربۆیە جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم شاکارە گەورەیە بکەم و هیوادارم بە کارە ناوازەکانی خزمەتی زیاتر بکات.

*** سەربازانی خوا ناوونیشانی کتێبێکی نووسەر یەشار کەماڵە، کە لە هەشت چیرۆک پێک دێت و لە چوارچێوەی سێ سەد لاپەڕەدا لە ساڵی ٢٠٢٣ دەزگای ئاوێر چاپی کردووە و لە لایەن وەرگێڕی بەتوانا ڕێباز مستەفا لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی.**

# جەنگی ( کوێت) لە گەواهی نامەکەی( تاریق کارێزی)دا



د. نەجم ئەلوەنی

ئەم پەرتووکە لەڕووی هونەری نووسینەوە دەکەوێتە نێوان ژیاننامە و گەواهی نامە و دۆکۆمێنتارییەوە.

لە لاپەڕە(٢٦٣)ی پەرتووکەکەدا نووسەر لەزاری خۆیەوە ئاماژەی بەوەداوە، کە گوایە ئەم نووسینە ڕۆمانە. هەروەها لە لاپەڕە(٢٩٤)دا دەڵێ: هەرچی گوتراوە، گەواهی و ئەزموونی تاکە کەسێکە. واتە نووسەر ویستوویەتی وەک گەواهیدەرێک، کە ماوەی سێ مانگ لەو جەنگە لە وڵاتی کوێت سەربازبووە، ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە، کە بە چاوی خۆی دیویەتی و تێیدا ژیاوە. لەلایەکی دیکەوە هەوڵی داوە لە ڕێی کۆمەڵێ ڕاپۆرتی سەربازیی و ئابووریی و تەندروستییەوە، کە کۆی کردوونەتەوە و لە لاپەڕە (٢٩٥) تا لاپەڕە (٣٢٩)ی لەخۆ گرتووە، بیسەلمێنێ ئەو جەنگە چەند هێزی تێدا بەکارهێنراوە و لە ڕووی ئابووریی و تەندروستیشەوە چەند زیانی بۆ کوێت و عێراق هەبووە و خەرجیی ئەو جەنگە چەند بووە، کە تەنیا سێ ڕۆژ یان (١٠٠) سەعاتی خایاندووە بە قەولی (جۆرج بووش)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا.

جوانترین لاپەڕەکانی ئەم پەرتووکە ئەوانەن، کە لەلایەن نووسەرەوە تەرخانی کراوە بۆ ڕۆژانی سەربازیی خۆی لە سەنگەرەکانی سوپای عێراق، لە سەر خاکی داگیرکراوی کوێت دا. زۆر بە وردی، بە وزەی نووسەرێکی خاوەن ئەزموون، باسی ئازار و مەینەتییەکانی خۆیی و هاوڕێ سەربازەکانی دەکات. باسی برسێتی و کەم ئاوی و ماندوویەتی و شەونخوونی و ترس و بێ بڕوایی بەو جەنگە و بێ ورەیی و بێزاری ساتەکانی چاوەڕوانیی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ لەنێو تەواوی سەربازەکانی عێراق دا دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی خۆی هاوسەنگەریان بووە.

لە لایەکی دیکەوە زۆر بە جوانی باسی ئازاری ویژدانی خۆی دەکات، کە بە ناچاری بووەتە سەربازی سوپایەک خاکی گەلێکی دیکەی بە فەرمانی دیکتاتۆرێکی ملهوڕی بێ بەزەیی داگیر کردووە، لە کاتێکدا خۆیشی خەڵکی وڵاتێکە لە لایەن هەمان ستەمکارەوە داگیرکراوە و نەتەوەکەی بە جۆرەها شێوە چەوساندووەتەوە.

نووسەر دەڵێ شەرمم دەکرد تەماشای کوێت-یەک بکەم، کە من وەک سەربازێک ناچارکراوم بەشداری لە داگیرکردنی خاکی ئەوان دا بکەم.

لە زۆر شوێندا باسی باری دەروونیی خۆیی و هاوڕێ سەربازەکانی کردووە. هەروەها بەگشتیی باسی باری دەروونیی خەڵکی کوێت-ی کردووە. لەکاتی تێپەڕین بەنێو شار و شەقامەکانی ئەو وڵاتەدا، بەراوردی ئاستی پێشکەوتنی ئەوان و بێ نازی و داڕووخاوی و دواکەوتوویی شارەکانی عێراق دەکات.

لە ڕووی ژینگەوە بەراورد لە نێوان جوانیی ژینگەی کوردستان و لماوی خاکی کوێت دەکات، لە کاتێکدا لەڕووی شارستانی و بنیات و ڕێگە و بانەوە، بەهۆی دەسەڵاتی بەعس و سەدامەوە کوردستان وێران کراوە و سەدان گوند و شارۆچکەی ڕووخاوە، کەچی شارەکانی کوێت نیشانەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییان پێوە دیارە.

ئەگەر نووسەر تەنیا بیری بکردایەتەوە ڕۆمانێک بنووسێ، تەنانەت ڕۆمانێکی ژیاننامەیی، بۆ ئەمەش کۆمەڵێ سەرچاوەی دەربارەی بنیاتی هونەریی ڕۆمان دەوربکردایەتەوە، دڵنیام دەیتوانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بنووسێت، بەڵام بەداخەوە ناشارەزایی ئەو لەم بوارەدا وایکردووە دەقەکە لە زۆر لاوە لاواز بێ. وەک لاوازی بنیاتی کارەکتەر.

ئەم ڕۆمانە یەک کارەکتەری کوێتی تێدا نییە لە کاتێکدا زۆر گرنگ بوو چەند کەسێکی کوێتی بەشداری ڕووداوەکان بین و بە دیالۆگ و ڕەفتار و کردار گوزارشت لە هزر و هەڵوێستی خۆیان بکەن. هیچ کارەکتەرێکی عەرەبی عێراقی ڕوانگەی دەربارەی ڕووداوەکان نەخراوەتە ڕوو بۆ ئەوەی جگە لە ڕوانگەی گشتیی و ڕیاکارانەی هەندێک لە پیاوانی سەر بەدەسەڵات بۆچوونێکی جیاوازمان بۆ دەربکەوێ، ئەگەرچی لابەلاو بێ دیاری کردنی گۆشەنیگای کارەکتەرێک، گوتراوە ئەوانیش، واتە سەربازە عەرەبەکانیش لەو دۆخە ڕازی

نین و پێیان خۆش نییە سەددام ئەم گۆبەندەی ناوەتەوە. بەگشتی بۆچوونی جیاواز پێویستی بە کارەکتەری جیاواز هەیە بۆ ئەوەی فرەدەنگی بێتە نێو ڕۆمانەوە و یەک ئایدیۆلۆژیا بەسەر تەواوی دەقەکەدا زاڵ نەبێ. ئەمەش لەم ڕۆمانەدا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە.

بنیاتی ڕووداو لە زۆر شوێنی ئەم دەقەدا لاوازە و نووسەر هەوڵی داوە زیاتر ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە، کە لە واقیعی ئەو ڕۆژگارەدا ڕوویانداوە. ئەمەش شێوازیکی کۆنە و پێی دەگوترێ کۆپی کردنی واقیع. لە کاتێکدا خوێنەر پێویستی بەوە نییە ئەو ڕووداوانەی بۆ بگێڕیتەوە، کە خۆی دەیزانێ و تێیدا ژیاوە و ئەزموونی خۆشی و ناخۆشییەکانی کردووە. ئەمە کاری مێژوونووسە، نەک ڕۆماننووس. گرنگترین ئەرکی ڕۆماننووس دروستکردنی ڕووداوە، نەک گێڕانەوەی ڕووداوە زانراوەکان. هەروەها یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆماننووس، ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی ژیانە ئەگەر ویستی وەک نووسەرێکی ڕیالیزمی دەقێک بنووسێت شایانی ئەوە بێ پێی بگوترێ ڕۆمان. ئێمە بەدرێژایی ئەم پەرتووکەی کاک تاریق نازانین خەڵکی کوێت لە ماوەی داگیرکردنی وڵاتەکەیاندا چۆن ژیاون، بیریان لەچی کردووەتەوە. لەنێو خۆیان دا چۆن لەو کارەساتە دواون کە بەسەریان دا هاتووە...؟

بنیاتی دیالۆگ لەم پەرتووکەدا زۆر سادەیە و لە هەندێ قسەی ڕۆژانە نەچووەتە دەرەوە، لە کاتێکدا دیالۆگ کۆڵەگەیەکی گرنگی بنیاتی گێڕانەوە و دامەزراندنی ڕووداو و پەرەسەندنی ململانێیەکانە لە دەقی گێڕاوە، بەتایبەتی لە ڕۆمان و چیرۆکدا. لە دیالۆگدا خاڵی گەوهەری ئەوەیە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زمانی و دەروونیی کارەکتەر پیشان بدات. ڕاستە لەم دەقەدا نووسەر هەوڵی داوە لەڕووی نەتەوەییەوە جیاوازی نێوان هەندێ لە کارەکتەرە عەرەب و کوردەکان دا بکات و ڕێی داوە هەندێ لە کارەکتەرە عەرەبەکان بەزمانی نەتەوەیی خۆیان بدوێن و تەنانەت هەوڵی داوە لە ڕێی زمانی ئاخاوتنەوە ئاستی کۆمەڵایەتی و پلەی سەربازی ئەوان بخاتە ڕوو، بەڵام لە تەواوی ئەو لاپەڕانەی تەرخان کراون بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان ئەم پرۆسەیە پەیڕەو نەکراوە.




لە بەشێکی گرنگی پەرتووکەکەدا، کە سی و چوار لاپەڕەی کۆتاییە، کۆمەڵێ ڕاپۆرتی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و تەندروستیی لە خۆی گرتووە، هیچ زانیارییەکی نوێی تێدا نییە و نووسەر وەک کۆپی کردنی کۆمەڵێ هەواڵ و زانیاری خستوونیەتەڕوو، کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆری هەواڵەوە بەدەستی هێناون. ئەمانەش جگە لە قەبەکردنی قەوارەی پەرتووکەکە، هیچ سوودێکیان نییە و زیادەن. ئەوەی لەو لاپەڕانەدا باسکراون پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت و تۆڕە جیاوازەکانی هەواڵەوە بڵاوکراونەتەوە و خوێنەر دەتوانێ ئەگەر مەبەستی بوو. بە ئاسانی دەستی بکەوێ.


* پەرتووکی(کوێت) لە نووسینی ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ تاریق کارێزی، لە دوو توێی (٣٢٩) لاپەڕەدا بەسەرپەرشتی (ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاشتی) لە ساڵی (٢٠٢١) لە تاران چاپکراوە.

**"بنیاتی ڕووداو لە زۆر شوێنی ئەم دەقەدا لاوازە و نووسەر هەوڵی داوە زیاتر ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە، کە لە واقیعی ئەو ڕۆژگارەدا ڕوویانداوە. ئەمەش شێوازیکی کۆنە و پێی دەگوترێ کۆپی کردنی واقیع"**

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان - بەشی (١٧)

د. ئەرسەلان بایز





د. ئەرسەلان بایز

(١٧)

یەکێ لە کێشە سەرەتاییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق، چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕژێم بوون، کە لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێمان دەگوتن (جاش) شۆڕش بە چاوێکی سووک سەیری ئەو چەکدارانەیان دەکرد، چونکە کورد و هاوزمانی گەلی خۆیان بوون، کەچی لە دژی مافەڕەواکانی میللەتەکەی خۆیان چەکیان بۆ دوژمن هەڵگرتبوو، ببوون بە قەرەوڵی پێش لەشکری دوژمن، دەستیان بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی کورد و پێشمەرگە سوور بوو. بەشدارییان لە ئەنفال و سەرنگۆن کردنی هەزاران کەس کردبوو. شۆڕش داوای لە حکومەت دەکرد ئەو جاشانە چەک بکات، ڕژێمی عێراقیش نەیدەویست، هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو چەکدارانە بێت، نەوەکا گفتوگۆ سەرکەوتوو نەبێت. ئەو چەکدارانە خۆشیان چارەنووسیان بە ڕژێمی عێراق گرێ دابوو، دەیانزانی گفتوگۆ سەر بکەوێت ئەوان دەستیان لەبنی هەمبانەکە دێتە دەرەوە، جیا لەوەی معاشی مانگانەیان دەبڕا، خۆشیان لەلایەن کەس و کاری پێشمەرگە و شەهیدەکان دووچاری تۆڵە سەندنەوە دەبوونەوە. بۆیە ئەو ڕق و کینەیەی لەنێوان جاش و پێشمەرگەکان هەبوو، ڕۆژانە ڕەنگی دەدایەوە، لێرەولەوێ بەریەک دەکەوتن و جارجارەش تەقەیان لەیەکدی دەکرد، حکومەتی عێراقیش خۆی کردبووە ماری سڕ.

یەکێ لەو بەریەک کەوتنانە لە دۆڵی خۆشناوەتی بوو، پێشمەرگە پەلاماری ناحیەی بێتواتە-یان داو لە چەند سەعاتێکدا هەموو ناوچەکەیان کۆنتڕۆڵ کرد، حکومەتی عێراق بە هاویشتنی چەند گوللە تۆپێک هاتە دەنگ، بەڵام نەبووە هۆی گرفتێکی ئەوتۆ لە نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراقدا، گفتوگۆکەشی سارد نەکردەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێک لە پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچەکە تاڵانی هەموو ماڵ و بارەگاکانی بێتواتەیان کرد.

لە ڕاستیدا ئەو ڕەفتارە زۆر قێزەون بوو، هەربۆیە مام جەلال ناوی نا (R.R) واتە ڕاوە ڕووت. ئەگەر چی مام جەلال خۆی لە گوندی خەتێ و بالیسان بوو، بەڵام نەیتوانی بوو کۆنتڕۆڵی پێشمەرگەکان بکات. دواتر ژمارەیەکی سزادان، دوای کۆنتڕۆل کردنی بێتواتە و گوندەکانی دەوروبەری، دەستەدەستە پێشمەرگە و گوندییەکان دەچوونە سەردانی ئەو شوێنە گیراوانە، چونکە زۆر بەڕێکوپێکی ڕێکخرابوون، بەتایبەتی لە هاویناندا یەکێ بوو لە شوێنە گەشتیارییە خۆش و سەرنج ڕاکێشەکان.

میلوان گێلاس-ئەندامی رابیتەی شیوعییەکانی یوگسلافیا، لە کتێبەکەیدا (گفتگو با ئیستالین) نووسیویەتی: لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، کاتێک سوپای ئیتاڵیا بەشێکی زۆری خاکی وڵاتی یوگوسلافیایان داگیرکرد بوو، شیوعییەکان بە ڕابەرایەتی (تیتو) شەڕی پارتیزانیان لە دژی سوپای ئیتاڵیا دەکرد. سوپای سوور-ی سۆڤیەت-یش بۆ ڕزگار کردن و پشتیوانی یوگوسلافییەکان هاتبوونە یوگوسلافیا. سوپای سوور لە دوورەوە، ناو و ناوبانگێکی گەورە و خۆشەویستی زۆریان لە دڵ و دەروونی هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهاندا پەیدا کردبوو، پێیان وابوو ئەو سوپایە بە دیسپلینێکی بێ ئەندازە بەڕێوە دەچێت

و هیچ ڕەفتارێکی نەشیاوییان نییە، کەچی گەلێ جار ئەو سوپایە لە یۆگۆسلافیا کاری زۆر نەشیاو و غەدریان لە خەڵک دەکرد، سوغرەیان پێ دەکردن. جارجارە بە زۆر شتیان لێ وەردەگرتن. ئەو ڕەفتارانە جێی نیگەرانی شیوعییەکانی یوگوسلافیا بوو. بۆیە کاتێ میلوان گیلاس دەچێتە مۆسکۆ، بۆ دیدەنی ستالین. لە دوای کارە سەربازی و سیاسییەکان، ئەو گلەییە بە ستالین دەگەیەنێت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: سوپایەک چەندین ساڵە لە بەرەکانی شەڕە. هەندێک جار برسی، یان تینو، سەرما، یان گەرما، دوور لە سۆزی ماڵ و منداڵ، بێ ئاگا لە خانەوادەکەی، لە ژێر ڕەحمەتی تۆپباران هەر ساتە و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، هەندێک جاریش بێزار لە ژیانی خۆی، چی لێ چاوەڕوان دەکەیت؟ بەلای ئێمەوە پێشڕەوی کردن و تێکشکاندنی دوژمن لە پێشەوەی هەموو شتێکە. لەگەڵ نیگەرانیمان لەو ڕەفتارانە.

بۆیە لە دوای گرتنی بێتواتەش، شۆڕش مەترسی ئەوەی هەبوو، نەبادا ڕژێم هێرش بکات، پێشمەرگە پێویستی بە تفاقی شەڕ بوو. بۆیە مام جەلال بە بروسکەیەک، ئاگاداری هاوڕێ جەبار فەرمان-ی کردەوە، کە ئەوسا لێپرسراوی ڕێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو. بارەگەکەشی لە گوندی هەڵەدن بوو، لە دۆڵی جافایەتی، داوای لێکرد بە پەلە فیشەکی دۆشکاو کلاشنکۆف و گوللە (ئاڕ پی جی) بە پێشمەرگە بگەیەنێت، نەوەکا حکومەتی عێراق لە تۆڵەی گرتنی بارەگەیەکی سەرەکی چەکدارەکانی لە بێتواتە هێرش بکاتە سەر پێشمەرگە. هاوڕێ (جەبار) یش لە ماوەیەکی پێوانەیی و زۆر کەمدا بەنێو دەیان ڕەبیە و ئۆردوگای سەربازی، چەندین سەندوقە فیشەک و گوللەی ئاڕ بی جی گەیاندە دۆڵی بالیسان. هەربۆیەش مام جەلال ناوی نا فیلەتەن.

جەبار فرمان بە ڕەچەڵەک کوردێکی مەزهەب شیعەی خانەقینی بوو، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٧ بوو، دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایان و خوێندکاری زانکۆ بوو، لە تەمەنی گەنجییەوە ڕێگەی کوردایەتی گرتبووە بەر

**“ یەکێ لەو بەریەک کەوتنانە لە دۆڵی خۆشناوەتی بوو، پێشمەرگە پەلاماری ناحیەی بێتواتە-یان داو لە چەند سەعاتێکدا هەموو ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کرد ”**



؟ ، سەفین مەلا قەرە، ئەرسەلان بایز

و یەکێک بوو لەو زیندانیانەی، کە لەگەڵ خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی گیرابوون، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد. لە شۆڕشی ئەیلول-یش (١٩٧٤-١٩٧٥) پێشمەرگە بوو، لەبەر لێهاتوویی و ئازایەتی هەرزوو بە پلەکانی پێشمەرگەیاتی و حزبیی بڕی، ماوەیەکی زۆر ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، فەرماندەیەکی لێهاتوو و بە بەرنامەی مەیدانی شەڕی پارتیزانی بوو، سەرپەرشتی دەیان شەڕی گەورەی کرد، دوای ڕاپەڕین و هاتنەوەش بۆ شارەکان، چەندین پلەی وەرگرت و کرایە وەزیر-یش، بەداخەوە ساڵی ٢٠٠٧ بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد.

+ + + +

لە دوای گەڕانەوەی شاندی (ی.ن.ک) لە بەغدا لیژنەی هەماهەنگی (لجان التنسيق) لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق دانرا و پێشمەرگەکانیش دەیانتوانی بەبێ چەک سەردانی شارەکان بکەن و بچنە دیدەنی کەسوکاریان. یەکێ لە جارەکان سەفین مەلا قەرە، سەلاح شینە، مەلا عەزیز و پێشمەرگەیەکی دی بەسەردان دەچنەوە هەولێر و لە ماڵی یەکێ لە زاواکانی کاک سەفین میوان دەبن، هەندێک لە چەکدارەکانی حکومەت بە هاتنیان دەزانن، یەکەوسەر هێزێک کۆدەکەنەوە و سەر سوچی کۆڵانەکانیان لێدەگرن، ئیدی بە کلاشنکۆف و ئار بی جی و چەکی دی دەچنە سەریان و تەقەیان لێدەکەن، دواتر داوای خۆ بەدەستەوە دانیان لێدەکەن، بەڵام ئەو پێشمەرگانە قاڵبووەی شەڕی پێشمەرگانەی چەندین ساڵ بوون. زۆر ئازا و قارەمانانە بەرگرییان لە خۆیان کرد، ئەوان کلاشنکۆفێک و دوو دەمانچەیان پێبوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەولێر لە دەوروبەری شەڕەکە کۆببوونەوە و چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو هێرشە ناڕەوایەیان دەکرد، ڕێکخستنەکانی شار لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین تەقە بە پەلە هەواڵیان گەیاندە هێزەکانی دەشتی هەولێر لە (بەحرکە و بێستانە) دەست بەجێ هاوڕێ و فەرماندەی قارەمانی گەلەکەمان شاخەوان (محەمەد عەباس) بە هێزێکەوە لە بەحرکە بەرەو شەڕەکە هات، لە بێستانەشەوە هاوڕێ (سابیر ڕەسوڵ)ی قارەمان، هاتنە نێو شار و بەرەو شەڕەکە ڕۆیشتن. هێزەکەی کاک (شاخەوان) زووتر گەیشتنە شەڕەکە و لەچەند خولەکێکدا ئابلوقەی سەر چوار پێشمەرگەکەیان شکاند و ڕزگاریان کردن، بەڵام کاتێک کاک (سەفین و هاوڕێکان)ی هاتنەوە نێو پێشمەرگەکان هەموو گیانیان ساچمەی گوللە و ئاڕ بی جی بوو.

> “ سەفین مەلا قەرە، سەلاح شینە، مەلا عەزیز و پێشمەرگەیەکی دی بەسەردان دەچنەوە هەولێر، چەکدارەکانی حکومەت بە هاتنیان دەزانن، هێزێک کۆدەکەنەوە و سەر سوچی کۆڵانەکانیان لێدەگرن، دەچنە سەریان و تەقەیان لێدەکەن ”

بەرێکەوت، هەمان ڕۆژ (ئەو)و (شاراخان) لە سەردانێکی گەشت بۆ بەغدا گەڕابوونەوە هەولێر، هەر هێندە لە بەردەرگای ماڵی باوکی لە تەکسی دابەزین، باوکی بەهەڵەداوان بە پیریانەوە هات و گوتی: بۆچی لەم کاتەدا هاتوون، دەبێ یەکسەر بڕۆنەوە، ئەوانیش حەپەسان، نەیاندەزانی چی بووە. کاتێک لە هۆکارەکەیان پرسی باوکی بەسەرهاتی شەڕی ئەو ڕۆژەی بۆ گێڕانەوە، ئیدی ئەوانیش یەکسەر سواری تەکسیەک بوون و بەرەو سلێمانی ڕۆیشتن.

+ + + +

دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی مام جەلال لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بە ئۆتۆمبێل لە بالیسانەوە بەرەو ناحیەی سورداش بە ڕێکەوتن. چونکە پێشتر بڕیاریان دابوو بارەگەی مەکتەبی سیاسی ببەنە سورداش.

لە سەرەتادا کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی مام جەلال و هەڤاڵەکانی، کە لە دە ئۆتۆمبێل تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام لە ڕێگەدا کاتێک جەماوەر چاویان بە شکۆی کەژاوەکەی مام جەلال و سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و شۆڕش کەوت، هەر نیشتیمانپەروەر و کادیری ڕێکخستن بوون، کەوتنە دوای کەژاوەکەی مام جەلال، تا گەیشتە سورداش، کەژاوەکە خۆی لە (٥٠-٦٠) ئۆتۆمبێل دەدا (ئەو)یش یەکێک بوو لەو

کەسانەی لەگەڵ ئەو کەژاوەیەدا گەڕایەوە سورداش، لەوێشەوە بۆ بارەگاکەی خۆی لە بەرگەڵوو.

ئەوکات هەموو بارەگا سیاسی و سەربازییەکانی (ی.ن.ک) لە شاخەکانەوە هێنرابوونە خوارەوە، بۆ نزیک شار و شارۆچکەکان. تەنیا بارەگای ڕاگەیاندن نەبێت. لە بەرگەڵوو مایەوە، لە ماوەی ئەو ساڵەی گفتوگۆدا ئەبوو (ئەو) هەفتانە لە بەرگەڵوو-ەوە بە پیادە بە چیای (دابان)دا هەڵگەڕێ، کە زیاتر لە سەعاتێک و پانزە خولەک دەبوو. جارجارە لە گوندی شەدەڵە ڕێکەوتی ئۆتومبێلیان دەکرد، بۆ سورداش، دوای بانگی عەسریش دەگەڕانەوە.

یەکێ لەو جارانە (ئەو) لەگەڵ کاک یوسف زۆزانی، کە کوڕە کوردێکی سەر بە بنەماڵەیەکی ناسراو و هۆشیار و نیشتیمانپەروەری کوردستانی ڕۆژئاوا بوو، لە سورداش-وە دەگەڕانەوە بۆ بارەگاکانی خۆیان لە بەرگەڵوو، پێش ئەوەی بگەنە گوندی شەدەڵە یوسف پێی گوت: بۆچی سەردانێکی ئەو ئامیر فەوجەی سوپای عێراق نەکەین، کە لەسەر ڕێگەی خۆمانە.

هەموو قوتە و دەشتەکانی ئەو دۆڵە بە سوپای عێراق و (جەیشی شەعبی) تەنرابوو. (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: بۆ نا، دوور نییە ڕۆژێک کارێکمان پێی بکەوێت، چونکە نەک خۆمان بەڵکو گەلێ جار پێشمەرگەکانیش بێرەدا هاتووچوو دەکەن، لە ڕێگە لایاندایە لای ئامیر فەوجەکە، کە ناوی عەقید محەمەد بوو، چادرەکەی لەسەر کانی و ئاوەکەی سەرەوەی شەدەڵە هەڵدابوو، بەڵام بە جۆرێ خۆشی کردبوو، هەر حەزت دەکرد لێی دانیشی، خوا هەڵناگرێ کاتێک ئەوان خۆیان پێ ناساند، زۆر بە تەقدیرەوە پێشوازی لێکردن، چاو قاوە و پسکویتیان لەپێش دانان.

ئەفسەرەکە زۆر باسی تەبایی و برایەتی عەرەب و کوردی کرد و گوتی: کاکە منیش حەزدەکەم لە نزیک ماڵ و منداڵی خۆم بم، نەک ئاوا دوور بکەومەوە و هەمیشە لە ئامادەباشی و شەڕ بم، بەڵام وەزیفەمە، هەر ئەرکێکم پێ ڕاسپێرن ناچارم بیکەم. دواتر قسە قسەی ڕاکێشا، لە کاری پێشووتری هەردوکیانی پرسی: کاک یوسف گوتی: من لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووی کوردەکانی سوریام، بۆ خوێندن چووبوومە وڵاتی یۆگۆسلافیا، من دۆستی دێرینی مام جەلال-م، بۆ خزمەتکردنی کورد و شۆڕش خوێندنم جێهێشت و گەڕامەوە ئێرە.

ئەفسەرەکە گوتی: باشە خۆ ئێرە وڵاتی تۆ نییە؟ کاک یوسف-یش گوتی من کوردم، لەهەر شوێنێک گەلی کورد پێویستی بە من بێت ئامادەم، دیاربوو تەنیا کەسێکی سەربازیی بوو، زۆر ئاگاداری بواری سیاسی نەبوو. هەربۆیە بە قسەکانی کاک یوسف خۆشحاڵ نەبوو، چونکە ئەو ساڵانە پێوەندی نێوان حکومەتی عێراق و سوریا-ش لەوپەڕی خراپیدا بوو.

ئەمجارەیان نۆرە هاتە سەر (ئەو) عەقید محەمەد لێی پرسی: پێش ئەوەی بچنە شاخ، چ کارە بوویت؟ تا چەندت خوێندووە؟ (ئەو)یش

“
**لە مانگی دووی ساڵی ١٩٨٤ هێرشێکی گەورەی (ی.ن.ک) بە فەرماندەیی هەڤاڵ شەوکەتی حاجی مشیر، جەولەیەکی پانزە ڕۆژەیان بۆ دەشتی هەولێر کرد**
”



ئەرسەلان بایز و خێزانەکەی، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا

لە وەڵامدا پێی گوت: من زانكۆی بەغدام تەواو كردووە. پێشتر لە كۆمپانیای پەلەوەری باكوور لە هەولێر فەرمانبەر بووم، لێی پرسییەوە: چەند ساڵە معاشت وەرنەگرتووە؟ (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: هەشت ساڵە. ئەفسەرەكە گوتی: دەزانی پارەی معاشی ئەو هەشت ساڵە دەكاتە چەند، كە تۆ وەرت نەگرتووە؟ (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: ئێمە مەسەلەیەكمان هەیە، لە پێناوی مافەكانی گەلی كورد چووینە ئەو شاخانە، بۆیە ئەگەر پارە و معاش بەلامانەوە گرنگ بووایە نەدەبووین بە پێشمەرگە، دوای ئەو وەڵامە، عەقید محەمەد هیچ پرسیارێكی دیكەی نەكرد.

دوای ماوەیەك دانیشتن، ماڵاواییان كرد و ڕۆیشتن. ماڵی ئاوا بێت بە ئۆتۆمبێلێكی سەربازی تا نێو قەدی شاخەكەی گەیاندن، لەوێشەوە بە پیادە بە چیای چەرماوەند-دابان هەڵگەڕان و بەرەو بەرگەڵوو ڕۆیشتنەوە. لە ڕێگە (ئەو) و كاك یوسف گفتوگۆی ئەوەیان كرد عێراقییەكان چۆن بیردەكەنەوە و ئەمانیش چۆن سەیری مەسەلەكان دەكەن، جیاوازی بیركردنەوەی نێوانیان زۆر گەورە بوو. پێشمەرگە لە پێناوی شكۆ و مافەڕەواكانی گەلەكەی دەست بەرداری ماڵ و موڵك و منداڵەكەی خۆی بووە و ڕێگەی مەرگی گرتووەتە بەر، ئەفسەرەكانی سوپای عێراق-یش لەپێناوی وەزیفە و معاشەكەیان، سەدان كیلۆ مەتر لە زاگەی لە دایك بوونی خۆیان دوور كەوتوونەتەوە و بە ناهەق شەڕی كورد دەكەن.

\+ \+ \+ \+

لە مانگی دووی ساڵی ١٩٨٤ هێزێكی گەورەی (ی.ن.ك) بە فەرماندەیی هەڤاڵ شەوكەتی حاجی مشیر، جەولەیەكی پانزە ڕۆژەیان بۆ دەشتی هەولێر كرد، هەڤاڵ شەوكەت بەرەچەڵەك لە عەشیرەتی جاف و خەڵكی شارەزوور بوو، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەكانی شۆڕش بوو، ئەو ساڵانە لێپرسراوی پێشمەرگەكانی مەڵبەندی هەولێر بوو.

> **"دەگێڕنەوە: جارێك موتەسرفی پارێزگەی هەولێر دەچێتە گوندی عەوێنەی هەندێك لە دانیشتوانی گوندەكە شكات لە ئاغای گوندەكەیان دەكەن و دەڵێن: بە زۆر كوڕەكانمان ڕەوانەی خوێندن و قوتابخانە دەكات"**

دەشتی هەولێر، كە جاران بیانییە گەڕۆكەكان و مێژوونووسان پێیان دەگوت دەشتی دزەییان، بنەماڵەی دزەییەكان دەگەڕێنەوە بۆ سەر ڕەچەڵەكی مەحموودی قەرەنی ئاغا، كە چوار سەدە پێشتر لە سێ سنووری عێراق-ئێران-توركیا سوار چاك و مەڕ لەوەڕێن بوون، بەپێی پێداویستی ژیان، سێ سنووریان جێ هێشتووە و هاتوونەتە ناوچەكە، لەسەر ئاو و كانیاوەكانی گوندی گرد مەلا، كە چەند سەد مەترێك دەكەوێتە خۆرهەڵاتی قوشتەپە-ی ئێستە دەوارییان هەڵداوە و نیشتەجێبوونە، دزەییەكان بەهۆی ئازایەتی و سوارچاكیان توانیان دەست بەسەر ناوچەكەدا بگرن و هەموو تیرە و عەشیرەتەكان بخەنە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان، تەنانەت لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەكانیش كەوتنە شەڕ و چەندین ناوچەیان پێ چۆڵ كردن. برایمی بایزی، كە ئێستە گۆڕەكەی لە بازارگەی چیای قەرەچوغ-ە چەندین شەڕی لەگەڵ خێڵە عەرەبەكان كردووە و پاشەكشەی پێ كردوون.

دەشتی دزەیی لە چوار ناوچە پێكهاتووە (مولكیە، شەمامك، كەندیناوا و قەراج) لە خۆرهەڵاتەوە، لە جادەی دیگەڵە-بێستانە-قوشتەپە- كەركوك، دەست پێدەكات و لە خۆراوا و ئاوی زێی گەورە، لە جادەی هەولێر-موسڵ- كۆتایی دێت، لە باشوور-یشەوە دەگاتە سەر سنووری عەرەبنشینی عێراق.

دوای بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی كۆمۆنیزم و ڕاپەڕینی جوتیارانی ناوچەكە لە ساڵی ١٩٥٣ لە ژێر كاریگەری حزبی شیوعی لە دژی دەسەڵاتی ئاغاكانی دزەیی و دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ و یاسای چاكسازی كشتوكاڵ، دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ دەسەڵاتی ئاغاكان وردە وردە بەرەو كزبوون ڕۆیشت و ناوەكەشی بۆ دەشتی هەولێر گۆڕا.

هێزەكە لە گوندی (بێستانە)ی نزیك قوشتەپە بەڕێكەوتن و بە گوندەكانی خۆراوای مولكیەدا

تێپەڕین و لە زورگەزراو ئاودیوی خۆراوای کەندیناوا بوون، لە گوندەکانی ئەوێ نانی نیوەڕۆیان خوارد، هەر هەمان ڕۆژ لە کلکەی (میجان) کە دەکەوێتە دوا زنجیرە شاخی (قەرەچوغ) لە خۆراوا چوونە گوندی (مشار) بۆ نیوەڕۆش چوونە گوندی (گەڕە سۆر) کە لە باشوورەوە، بە چەند کیلۆمەتریک دەکەوێتە خۆراوای قەزای مەخموور، لە بناری چیای قەرەچوغ، لەوێ (ئەو) چووە ماڵی خزمێکی بە ناوی جەمیل سەعید ئاغا، کە لەگەڵ دوو برای لە خۆی گەورەتری فەرحان ئاغا و ڕەحمان ئاغا، ئاغا و خاوەنی ئەو گوندە بوون، ساڵانی پێشوو خاوەن دیوەخان و موڵک و ماڵی زۆر بوون، گەورەی تیرەی قەرەنی بوون، لە بنەماڵەی کاکە خانیەکان، ئەو ساڵە ساڵێکی وشک و بێ باران بوو، سەوزاییەک چییە، بەرچاوت نەدەکەوت. گەشتێکی چەند ڕۆژەیان بە گوندەکانی قەراجدا کرد، جوتیارانی ناوچەکە، کە زۆر بریندار دەستی ئەمن و ئیستیخبارات و جەیشی شەعبی ڕژێمی عێراق بوون، بە چەپکە گوڵەوە دەهاتنە پێشوازی پێشمەرگەکان، هێزەکە بەنێو شارۆچکەی مەخموور-دا تێپەڕی قائیمقام و بەڕێوەبەری حزبی بەعسی شارۆچکەکە ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، لە قەراج کاک شەوکەت قسەی لەگەڵ (ئەو) کرد، کە هێزەکە بەرەو شارۆچکەی دیبەگە دەڕوات، بۆیە گوتی: هەقە بە خزمەکانت بڵێی میوانداریەکمان بکەن، چونکە (ئەو) لە دایک بووی گوندی (کاریتان)ی سەر بە ناحیەی دیبەگە بوو (ئەو)یش بە ئۆتۆمبێلێکدا نامەیەکی بۆ حاجی خەسرۆی ئامۆزای باوکی نارد، کە سلێمان ئاغای برا گەورەکەی، برا گەورەی بنەماڵەی تیرەی مام خولە-یان بوو.

ئەو ساڵانە، سلێمان ئاغا خاوەن کۆشک و تەلارێکی شکۆدار بوو، یەکێ لە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەش بوو، بەڵام لە ژیانی خۆیدا هیچ پێوەندییەکی بە کاری سیاسییەوە نەبووە، بگرە دژیش بووە. نیوەڕۆی ڕۆژی پاشتر هێزێکی دووسەد پێشمەرگەیی، بە فەرماندەیی کاک شەوکەت گەیشتە نێو شارۆچکەی دیبەگە، ئەم بەر و ئەوبەری تاکە شەقامەکەی دیبەگە خەڵک وەستا بوون حاجی خەسرۆ خواردنێکی شاهانەی کردبوو، ژووری دیوەخان و حەوشەکەی جمەی دەهات لە پێشمەرگە، ئەو دەرفەتی دۆزییەوە و سەردانی سلێمان ئاغای کرد، کە ئەوسا نەخۆش بوو، لەسەر جێگە گەوتبوو، دواتریش سەرێکی ماڵەوەیانی دا.

دوای نان خواردنی نیوەڕۆ (ئەو) دەرفەتی هێنا، پێش ماڵاوایی هێزەکە، خۆی و دەستەی پاراستنەکەی، لە سەکۆی ماڵی سلێمان ئاغا چووە خوارەوە و بە پیادە یەک یەک دوکان و بازاڕەکانی شارۆچکەکەی بەسەر کردەوە و سڵاوی لێکردن، خەڵکەکەش زۆر بە خۆشییەوە بەرەو ڕووی دەهاتن. ئاخر ئەو سەردەمی منداڵیی لە قوتابخانە و دوکان و قاوەخانەکانی دیبەگە بەسەر بردبوو، یەک یەک خەڵکەکەی دەناسی، دواتر هێزەکە بەڕێگەی نێوان دیبەگە و دوبز-دا ڕۆیشتن و لە گوندی کاریتان

**“ (ئەو) لە گوندی کاریتان، زاگەی لە دایک بوونی، سەردانی چەند برادەرێکی سەردەمی منداڵیی کرد، دواتر لەوێوە بەرەو گوندی عاڵڵا بەڕێکەوتن ”**



ئەرسەلان بایز و پەخشان-ی خێزانی، لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە

لایاندا، کاک شەوکەت و هێزەکە دابەزین و سڵاویان لە مام مەحموود-ی مامی (ئەو) کرد و چایەکیان خواردەوە. لەوێ هەواڵی ئەوەیان پێدا دوو پێشمەرگەی گوندی، کە جاران شیوعی بوون (سدیق ڕەحمان و خالید ڕەحمان) لە ماڵەوە دانیشتون و قاچاغی حکومەتی عێراقن، ئەگەر قسەیان لەگەڵدا بکرێت ئامادەن ببنە پێشمەرگەی (ی.ن.ک) ئەویش هەردووکیانی دەناسی و متمانەی پێدەکردن، بۆیە چووە ماڵیان و هەردووکی لەگەڵ خۆی کردنە پێشمەرگە، دواتر بوون بە دوو پێشمەرگەی قارەمان و لە چەندین شەڕ بەشدارییان کرد، تەنانەت خالد ڕەحمان لە شەڕێکدا لە یەکێ گوندەکانی شەمامک بە خەستی بریندار بوو، چاوێکیشی لە دەستدا.

(ئەو) لە گوندی کاریتان، زاگەی لە دایک بوونی، سەردانی چەند برادەرێکی سەردەمی منداڵیی کرد، دواتر لەوێوە بەرەو گوندی (عالـڵا) بەڕێکەوتن، ئەو گوندە موڵکی عەزیز ئەحمەد-ی پاشا بوو، کە یەکێکن لە بنەماڵە دیارەکانی دزەییان، عەزیز ئاغا لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر بوودجەی خۆی قوتابخانەیەکی لە گوندەکە بە ناوی عەزیزییە کردەوە د.ئەحمەد ئەنوەر ئیبراهیم ئاغا لە زمانی باوکییەوە دەگێڕێتەوە قوتابخانەی عەزیزییە، یەکەمین قوتابخانە بوو لە هەموو ناوچەی دزەیی دەشتی هەولێر-ی ئێستە، تەنانەت لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا کوڕەکانی عەزیز ئاغا، بایز، جەوهەر و ئەنوەر ئیبراهیم) خوێندکاری کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا بوون. ئەو ساڵانە باوباوی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم بوو، شۆڕشی (١٧)ی ئۆکتۆبەری ڕووسیا دەنگ و سەدایەکی زۆری لە دونیا پەیدا کردبوو. بۆیە کوڕەکانی عەزیز ئاغا ببوون بە ئەندامی حزبی شیوعی عێراق، زۆری دیکەش لە گەنجە دزەییەکانی ئەو ساڵانە ببوونە شیوعی. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کوڕە ئاغاکانی دەشتی دزەیی سەرچاوەیەکی گرنگی بڵاوکردنەوەی بیری چەپ بوون لە ناوچەکەدا.

> **لە ماوەیەکی پێوانەیی و زۆر کەمدا بەنێو دەیان ڕەبیە و ئۆردوگای سەربازی، چەندین سەندوقە فیشەک و گوللەی ئار بی جی گەیاندە دۆڵی بالیسان. هەربۆیەش مام جەلال ناوی نا فیلەتەن**

لەبارەی کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن-یشەوە دەگێڕنەوە: جارێک موتەسەرفی پارێزگەی هەولێر دەچێتە گوندی عەوێنەی دەشتی مولکیە. هەندێک لە دانیشتوانی گوندەکە شکات لە ئاغای گوندەکەیان دەکەن و دەڵێن: بە زۆر کوڕەکانمان ڕەوانەی خوێندن و قوتابخانە دەکات، بەمجۆرە دەبینن ئاغاکانی دەشتی دزەیی سەرچاوەی خوێندن و هێنانی قوتابخانە بوون بۆ ناوچەکە، کوڕەکانیشیان هەڵگری بیری چەپ و نیشتیمانپەروەر بوون.

دوای نیو سەعات گەیشتنە گوندی (عالڵا) لەپڕ مام مەحموود-ی مامی (ئەو) پەیدا بوو. (ئەو)یش بە حەپەساوی پێشوازی لێکرد، ئەوان، کە سەعاتێک پێشتر لای بوون، هۆکاری هاتنەکەی لێ پرسی: مام مەحموود گوتی: وەڵلە لێپرسراوی حزبی بەعسی دیبەگە و مدیری ناحیە بە زۆر ناردوویانم، گلەیی ئەوەیان هەبوو کاتێ پێشمەرگەکان بە بەردەمی بارەگای فەوجی چەکدارەکانی حکومەت (جاش)دا تێپەڕیون (کوڕش کوڕش) یان بۆ چەکدارەکان کردووە و خەریک بووە تەقە لێک بکەن. بۆیە داوا دەکەن تۆ بێیت و لەو بارەوە قسەیان لەگەڵدا بکەن (ئەو)یش بە (مام مەحموود)ی گوت: مامە، بەخێر بێی، بەڵام من چۆن دێم، ڕۆژانە چەندین ڕووداوی وا ڕوودەدات، ئیدی مام مەحموود چۆن هاتبوو، هەروا گەڕایەوە. هێزەکەش شەو لە (عالڵا) مانەوە.

بە درێژایی ساڵانی گفتوگۆ بەریەک کەوتنی پێشمەرگە و چەکدارەکانی حکومەتی عێراق بەردەوام بوو، هەر لەکاتی گفتوگۆکاندا چەندین سەرکردە و فەرماندەی قارەمانی هێزی پێشمەرگە بەدەستی جاشەکان شەهید بوون، لەوانە سەرکردەی ئازا و تێکۆشەر مولازم سەید کەریم، کە لە بۆسەیەکدا لە ئوردووگای تاسلوجە، کاتێک لە سلێمانی دەگەڕایەوە سورداش، تەقەی لێکراو شەهید کرا، مامە ڕیشە-ش، کە فەرماندەیەکی لێهاتووی کەرت بوو، کەوتە تەڵەی بە ناهەقی جاشەکانی ڕژێم و شەهید کرا.

# وێستگەی دیوان

- (ا) پرسیار (عەدنان عوسمان شاناز)
- دیوانی هەولێر (حاجی عوسمان چەلەبی)

نازم دڵبەند

- سینەما فیلم .. ژنێک لە پێناو ئاشتی و هاوسەنگیی هێز لە جیهاندا دەبێتە سیخوڕ

ئامادەکردنی: پەروەر

- یەکەم بابەت (شێرزاد حەسەن)
- گۆشەی دیوان «بەو شۆخ و شەنگە سەرپۆش ڕەشە بڵێن .. چی لەم سۆفییە دیلەی کردووە»
- وەڵامێک بۆ سالار قادر ڕواندزی .. ئاوا دەیسلمێنم، کە شیعری « دوورم لە یاران » هی منە

ڕزگار خۆشناو

پرسیار (١)

# سینەمای کوردیمان هەیە؟

هەبوون، یان نەبوونی سینەمایەک بەناوی سینەمای کوردییەوە مشتومڕی زۆری لەسەرە، هەر خودی ئەم تایتلە گەنگەشەی زۆر و فراوان هەڵدەگرێت و زۆر شاڕێ و باریکە ڕێی هەیە، تا بتوانین بەزانستیی و ئەکادیمی خوێندنەوەی بۆ بکەین و لەسەر هەموو وردەکارییەکانی بوەستین و پەرەڵێڵی نموونەی زیندووی وڵاتە پێشەکەوتووەکانی بکەین.

جارێ دەستەواژەی سینەمای کوردیی هەڵەیەکی زەقی هونەرییە، چونکە سینەمای هەر نەتەوەیەک بە سینەمای وڵاتەکەیەوە دەناسرێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر دەستەواژەی سینەمای کوردیی لەڕووی لۆژیکەوە بێ کەموکوڕییە، ئەدی تورکمانەکان چی بکەن، ئایا ئەوانیش سینەمای تورکمانیی دروست بکەن؟ ئەدی سریانەکان چی بکەن، سینەمای سریانیی دروست بکەن؟

عەرەبەکانی عێراق بۆ بەو بزووتنەوە لاوازەی خۆیان ناڵێن سینەمای عەرەبیی، بەڵکو دەڵێن سینەمای عێراقیی بەکۆی گشتیی بە سینەمای وڵاتە عەرەبییەکان دەگوترێت سینەمای عەرەبیی، بەڵام سینەمای کوەیتی و سینەمای سودانیی هەیە سینەمای سعودی-یش پەیتا پەیتا پەیدا دەبێت و لە فێستیڤاڵە سینەماییەکان دەردەکەوێت.

سینەمای تونسی و مەغریبی چ بینەرێکی زۆریان هەیە و خەریکە بازاڕێکی گەرم پەیدا دەکەن و داهاتیشیان دەستدەکەوێت، سینەمای مسری بۆ ناوخۆی میسر و وڵاتە عەرەبییەکان فرۆشی باشیان هەیە و بە تەواوەتی کەوتونەتە سەر پێی خۆیان.

تەنیا ئەو وڵاتانەی، کە ناوی وڵات و نەتەوەکەیان وەک یەکە، ئەوان ناوی سینەمایەکەیان هاو شێوەی ناوی نەتەوەکەیانە، وەکو سینەمای تورکی، یان سینەمای هیندی.

بۆیە زۆر بە ئاسانی دەگەینە ئەو خاڵەی، کە تا وڵاتی کوردستان دروست نەبێت، سینەمای کوردیی، یان کوردستانیی ئەستەمە ناو و ناوبانگی بەرفراوان پەیدا بکات و لە هەموو شوێنێک خاوەن پێناسەی خۆی بێت، بۆیە دەتوانین فیلمی کوردیی ببینین، بەڵام ناتوانین پێناسەی سینەمای کوردیی یان کوردستانیی بکەین لەبەر ئەم هۆکارانە:

- فیلمەکانمان بەناوی وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و ڕووسیا بەشداری بۆنە و فێستیڤاڵە سینەماییەکان



دەکـەن، چونکە کوردستان وڵات نییە، بۆیە لە لیستی لـەسـەدا ٩٩.٩٪ی فێستیڤاڵەکان نـاوی وڵاتـێکـی تێدانییە بـە نـاوی کـوردسـتـان، بۆیە بەناچاری فیلمەکەنمان بە ناوی وڵاتانەوە بەشدار دەبێت، بـەڵام دەکرێت بگوترێت فیلمی کوردی عێراقیی، یان کوردی ئێرانیی، .....کەچی لە ئەنجامدا هەر لەسەر وڵات حیسابی بۆ دەکرێت، نەک لەسەر ئایین و نەتەوە و پێکهاتە و بیروبڕوا.

– فیلمی کوردیی تائێستەکە خاوەن ستایلێکی تایبەت بەخۆی نییە، ڕاستە کاریگەری نیوڕیالیزمی ئیتاڵی و سینەمای ئێرانیی و هەندێک تورکیی و شەپۆڵی نوێی فەرەنسیی کەمێک ئاهەنگسازی هیندی لەسەرە، کە هەندیک جار کاریگەری ئاراستەی دۆگمای دانیمارکیشی لەسەر دەبینرێت. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، کە فیلمی کوردیی خاوەن ستایلێکی تایبەت بەخۆی نییە.

هەندێک جار، کە دیمەنی فیلمێک دەبینین، یەکسەر دەڵێین ئەمە لە سینەمای هۆلیۆد، یان فەرەنسی، یان ڕووسی دەچێت.

– فیلمە بەناوبانگەکانی کورد، وەک ڕێگای یەڵماز گۆنای و ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکانی بەهمەنی قوبادی و ڤۆدکالیمۆن-ی هونەر سەلیم، بەناوی تورکیا و ئێران و ئەرمینیا، یان فەرەنسا، ناوبانگیان دەرکردووە و لە فێستیڤاڵە بەناوبانگەکانی دونیا بەشداریان کردووە.

هەندێک دەرهێنەریش خۆیان کردووەتە قوربانی ئەو هەبوون و نەبوونەی وڵات، دوای ئەوەی فیلمەکانیان بەرهەم هێناوە، قەبوڵیان نەکردووە بە ناوی وڵاتە داگیرکەرەکانیان بەشداری فێستیڤاڵەکان بکەن، نموونە فیلمی تونێل-ی دەرهێنەر مەهدی ئومێد (دەرهێنەر خۆی لە چەندین شوێن ئەوەی باسکردووە)

– زمانی کوردیی

“ شتێک نییە بەناوی سینەمای کوردیی ”



عەدنان عوسمان

بەهەموو زاراوەکانییەوە زمانێکی ستاندارد نییە و زۆر کەسی بێگانە، کە پێشتر بەزاراوەی سۆرانی فیلمێکی کوردیی بینیوە، ئێستە، کە بە زاراوەی کرمانجی، یان هەورامی فیلمێکی دیکەی کوردیی دەبینێت، ڕەنگە دووچاری سەرلێشێوانێک ببێت و جیاوازییەکان لە ڕووی زمانەوە دەردەکەوێت و بیری بۆ سینەما، یان فیلمی وڵاتێکی دیکە دەچێت، کە شێوە ئاخافتنەکانیان نزیک بێت لەو زمانە، یان زارەوەی فیلمەکە، کە قسەی پێدەکات.

> **«فیلمەکانمان بەناوی وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و رووسیا بەشداری بۆنە و فێستیڤاڵە سینەماییەکان دەکەن، چونکە کوردستان وڵات نییە»**

لەوانەیە کێشەی زمان کێشەیەکی زۆر گەورەی سینەمای کوردستانی نەبێت، بە هۆکاری ئەوەی، کە فیلم بەهەر زمانێک بێت، دەتوانرێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی دونیا، بەڵام لێرەدا، مەبەست ناسینەوەیە، نەک خودی زمانی قسەکردن، یان ڕاستر وایە بڵێین پێناسەیە، نەک شێوەی قسەکردن و زمان و شێوەزار.

– تائێستە فیلمی کوردیی نەیتوانیوە پۆشاک و کلتووری کوردیی بەباشی لەنێو چیرۆکەکانیدا جێبکاتەوە و بیکاتە بەشێکی گرنگ و جێی بایەخ، دەنا پۆشاکی کوردیی یەکێکە لە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین پۆشاکەکانی دونیا و ئێمەی کورد چاومان پێی ڕاهاتووە و لەکۆمەڵگەی خۆماندا زۆرمان بینیوە و پۆشیومانە، بەڵام دونیا کەمی بینیوە، شارەزای ڕەنگ و شێوە و ستایلەکانی نییە، ئێمەش لەفیلمەکانماندا کەم دەری دەخەین، یان بە گرنگییەوە دەری ناخەین، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی بایەخ پێنەدانی فیلمی کوردییە.

– کۆمەڵێک ڕووداوی زۆر گرنگ و سەرنج ڕاکێش لە ژیان میللەتی کورد ڕوویان داوە، کە تایبەتن بەکورد و هیچ میللەتێکی دیکە دەقاودەق بەم شێوەیە لێیان نەقەوماوە، لەنێوانیاندا چیرۆک و بەسەرهاتی لەڕادەبەر جوان و سەرنج ڕاکێش هەن، کە دەکرێت بکرێنە کەرستەیەکی باشی سینەما.

بۆ نموونە جینۆسایدی ئەنفال، کە سەرنج ڕاکێشترین جۆری جینۆسایدی کوردانە بەدەست ڕژێمی بەعسی لەنێوچوو، ئایا هیچ ڕوداوێکی پڕ بەها و لوتکەی مرۆڤایەتی لەنێو ١٨٢ هەزار کەس و سەدان هەزار خێزانی قوربانییەکان ڕووی نەداوە؟

ئەو منداڵەی، کە لەگەڵ دایکی لەکونجی بەندیخانە بوو، حەزی لە خەیار بووە، سەربازە ئێشک گرەکە، لە جیاتی خەیار تاکە نەعلێکی سەوزی پێداوە، ئەمە سەبجێکتێکی زۆر سینەماییە، نەک فیلمێک، دەتوانرێت دەیان فیلمی لەسەر دروست بکرێت، ژنێک لە ساڵی ١٩٨٨-وە چاوەڕانی هاتنەوەی دەستگیرانە ئەنفالکراوەکەیەتی، تا ئێستە بڕوا ناکات دەستگیرانەکەی لە کردەی ئەنفالدا کوژرابێت، هەموو ڕۆژێک و هەموو ژەمێک چاوەڕێی دەکات.

هەزاران چیرۆکی پڕ بایەخ و پڕ ئەرزشی دیکە هەن، بەداخەوە، زۆر کەم، یان بەشێوازێکی زۆر سەرەتایی کاریان لەسەر کراوە و نەتوانراوە بکرێنە هۆکارێک بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر کۆمەڵگەی خۆراوایی و ببنە بەشێک لە پێناسە و شوناسی سینەمای کوردستانیی و فیلمی کوردی.

کردەی کیمیا بارانکردنی بالیسان، هەڵەبجە و هەزاران قوربانی، قابیلی ئەوەنین، کە بۆ پێناسەی کورد و ناسینی ئەو هەموو قڕکردنە و شوناسی سینەمای کوردیی بیکەینە تایتلێکی گرنگ و بە جدی کاری لەسەر بکرێت، کێشەکە هەر لە دەرەوە نییە، کە ئێمە ناناسن و سینەمایەک ناناسن بە ناوی سینەمای کوردیی، یان کوردستانیی، بەڵکو کێشەی بینەری ناوخۆشمان هەیە، کە نەوەی تازە، ئەوانەی دوای ڕاپەڕین لەدایک بوونە، هیچ لەو کارەساتە گەورانەیان بەچاوی خۆیان نەبینیوە، تەنیا وەک چیرۆکێکی لابەلا گوێبیست بوونە.

کۆڕەوە یەک ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ چەند فیلمی سینەمایی درێژی لەسەر دروستکراوە؟ چۆن بە دونیامان گوت، کە ئێمە ئاشتیخوازین و خەڵکی سڤیل تێکەڵی سیاسەت مەکەن، دەنا ئامادەین هەموو شتێک بەجێ بێڵین تەنیا بۆ ئەوەی بە ئاشتی و سەربەرزی بژین. ئایا نەمان

دەتوانی سینەما لە جیاتی چەک و ماڵوێرانی بەکار بهێنین؟ کە زۆر کاریگەرترە، نەماندەتوانی سینەما وەک داهاتێک بەکاربهێنین و سەرمایە گوزاری پێ بکەین؟

کارەساتە جەرگبڕەکانی سەر خوشک و برا ئێزیدییەکانمان، بەهەند وەرنەگرت و وەک فیلم لەڕێگەی سینەماوە سودمان لی نەبینی و نەمان توانی وەک کەیسێکی بەهێزی قرکردن و دژە مرۆڤایەتی بەرانبەر بە کوردانی ئێزیدی کۆدەنگی جیهانیی پێ دروست بکەین و بە جینۆساید بیناسێنین و لۆبیەکی فراوانی پێ دروست بکەین.

دەیان و دەیان ڕووداوی کاریگەر، لەژیانی کوردانی ئێرە هەن، قابیلی ئەوەن پێناسەی خۆمانی پێ بکەین، ڕاستە لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەرماندا هاتووە، ئەوینداریشمان کردووە، پێشکەنیوین، ماددەی هۆشبەریش خەریکە گەنجەکانمان دەسەڕێتەوە و نەوتیش بووەتە بەڵایەکی گەورە بۆمان.

ئەم سەبجێکتانە، لەهیچ و خۆرایی ناگوترێن و ناوروژێنرێن، ئەمانە هەموو کەڵەکەبووی نێو هزری ئێمەن، کە دەکرێت بۆ پێناسەی میللەتەکەمان قازانجی لێ ببینین، قازانجی سیاسیی و هونەریی و کلتووریی و دارایی و قازانجی کۆمەڵایەتی.

شەڕی نەگریسی ناوخۆی هەرێمی کورستان، کە لەنێوان دوو حزبی زەبەلاح ڕووی دا و دەیان هەزار گەنجی خێر لەخۆ نەدیو بوونە قوربانی و سەریان نایەوە و دەیان هەزار دایک باوک جەرگ سوتاوبوون، تا ئێستەش برینەکانیان سارێژ نەبوونە، کوڕ و باوکێک لە دوو سەنگەری دژ بەیەک دەجەنگان، کەس حەزی نەدەکرد ئەویدی بکوژێ، بەڵام کۆنترۆلی مێشک و مەنتقی ئەوکاتە پێی دەگوتن، کە دەبێت براکەت، کوڕەکەت، باوک، یان هەر کەسێک، کە لە ڕەنگی دژ بەتۆ بوو لەنێوی بەریت، ئەمانە هەمووی کەیسی گرنگ و پڕ بەهان بۆ سینەمای ناوخۆ و دەرەوە، کە لەکۆتایدا دەبێتە شوناسی فیلمی سینەمای کوردستانیی.

کارەساتی هۆلۆکۆستی جووەکان بەسەدان فیلمی درێژی سینەمایی لەسەر دروستکراون، کە تا هەتایە نازییەکان لەکەیەکی شەرمەزارین بە ڕووی بکەرانەوە، ئەوان لەڕێگەی سینەماوە توانیان کەیسەکەیان بەجیهانی بکەن و بە جینۆساید بیناسێنن و وڵاتیان پێ ئاوەدان بکەنەوە، بزنسێکی سەرکەوتووش ئەنجام بدەن و سینەمای ئیسرائیلیش پێناسە بکەن و بیناسێنن و دەیان دەستکەوتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دیکەش بەدەست بهێنن.

بێگومان خوشک و برایانی تورکمان و سریانەکانیش، کۆمەڵێک ئاستەنگ و ئێش و ئازار و کارەسات و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشیان هەن، لەداهاتودا بۆ شوناسی سینەمایەک، کە پێی بگوترێ سینەمای کوردستانیی سوود و کاریگەری گەورەی دەبێت.

ئەوەی، کە لۆژیک دەیڵێ ئەوەیە: لە حاڵی ئێستەدا فیلمی کوردیی باشمان هەیە و توانای باشی کارکردن هەیە، بەشەکانی سینەما لە کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان، لە هەولێر و سلێمانی توانیویانە نەوەیەکی تازە بۆ سینەما پێبگەیێنن، کە سوودی زۆریان بە بزووتنەوەی فیلمی کوردیی گەیاندووە، جگە لەمانەش کۆمەڵێک کۆمپانیای بەرهەم هێنان و تەکنیکی دروست بوون، کە بۆشاییەکی گەورەیان پڕ کردووەتەوە، هەوڵی جدی تاکەکەسی زۆر باش دەبینرێت، جارجارەش فیلمی بازرگانیش لە ساڵۆنی سینەماکان پیشاندەدرێت، بەڵام لە ئێستەدا شتێک نییە بەناوی سینەمای کوردیی، یان کوردستانیی، کە لە ڕووی ستانداردەوە هەموو دونیا بیناسێت و پێناسە و شوناسی تایبەت بەخۆی هەبێت، هیواخوازین پلان ڕێژی بۆ ئەو هەنگاوە گەورەیە بکرێت، تا لەداهاتودا بەبێ ترس و دوور لە عاتیفە بڵێین: بەڵێ ئێمە خاوەنی سینەمای کوردستانین.




**سینەماکار: عەدنان عوسمان شاناز**

نازم دڵبەند

# حاجی عوسمان چەلەبی و ئوتێلی فەرح

*** دڵدار-ی شاعیریش یەکێ بووە لە میوانەکانی ئەم ئوتێلە.**



حاجی عوسمان چەلەبی

ئەوێ ڕۆژێی ساڵی پەنجاکان لە هەولێرێ، مانەوە بۆ خەڵکی غەوارە و غەیری شاری، زەحمەت بوو، بەتایبەت بۆ ئەوانەی بە کەروبار لە دۆڵی خۆشناوەتی و ئەو شاخ و داخەی سنووری برادۆست-ەوە دەهاتن، هەروەها ئەو مەڕدارانەی لە کێلەشین، حاجی ئۆمەران، سورچیایەتی و دەڤەری شەقڵاوە، دەهاتنە شاری و بەروبوومی ساڵانەیان بۆ فرۆشتن دەهێنا، لە بەرانبەریشدا پێداویستییەکانی خۆیان لە ئاخر و ئۆخری هاوینێ دەکڕی و دەگەڕانەوە، چونکە ئەم ڕێگەوبانانە لەبەر بەفری زستانێ دەگیران و بە ئاسانی هاتووچۆ نەدەکرا، بۆیە وەک باس دەکرێت ئەو سەردەم، بۆ مانەوە و پشوودان لە هەولێرێ تەنیا (خان) هەبووە، وەک:

خان-ی سپی، کە نزیک تۆمارگەی مشکۆ-ی بوو، لە گەڕەکی عارەبان و خاوەنەکەی مستۆ حەمە شاباز بوو. خانی مام حەمەدە درێژی. خانی خەسرۆ جامبا-ی، کە ئەم دووانە لە گەڕەکی (تەعجیل و سەعدوناوە)ی بوون. خانی ئیسماعیل خانچی، لەلای حەمامی حاجی قادر-ی بوو. خانی مام قۆجە. خانی فەتاح-ی، کە ئەم دووانەش لەلای سینەما حەمرا-ی بوون. چومر خان بە تورکمانی یانی خانی ڕەژووی، لە پشت بانکی ئێستەی نیشتمان. خانی شێخ یونس-ی ئەویش کەوتبووە پێش تەکیەی شێخ عارف-ی. هەروەها خانی شەریف جامباز-ی کە ئەویشیان بەرانبەر چایخانەی ئێستەی قەرداران بوو. ئەمانە ئەو خان-ە دیارانەی هەولێرێ بوون، کە خەڵکی دەرەوەی شاری بە (کەروبار)ەوە ڕوویان تێدەکردن.

ئەو خان-انەش بریتیبوون لە دوو نهۆم، نهۆمی یەکەم بۆ کەروبارەکانیان و نهۆمی دووەمیش بۆ نووستنی خۆیان، ئەو هاتووچۆیەش بۆ خەڵکی

دەشتی هەولێرێ جیاواز و ئاسانتر بوو، چونکە لەو گوندانەی ئەو دەشتەی جۆرە ئۆتۆمبێلێک هەبوو پێیاندەگوت پەست، لەو شوفێرە بەناوبانگانەی ئەوێ ڕۆژێش، کە بەم گوندانەدا دەسوڕانەوە مام غەفور، مام سەلام، ڕەسووڵی حەسەن کانەبی و عەولا مەرەگە) بوون، ئەگەر کەسێکی ئەو گوندانە، نیازی چوونە شاری هەبوایە، هەر سەر لە ئێوارەوە شوفێریان ئاگادار دەکردەوە، تا لەبیریان نەکات، ئەویش لە کات دیاریکراودا دەچووە بەردەمی ماڵەکانیان و هۆرنەکی لێدەدا و کابرا بەخۆی و بە جامە ماست و پەنیر و تۆڵکەوە دەهات سواری پاسەکەی دەبوو، هەندێک جاریش جامیلکەیەکی بۆ دیاری دەهێنا، هەمیشە پێشەوەی (پەست)یش هی ئاغای گوندی بوو، یان هی کوێخای، یان هی سەرکاری، کە دەگەیشتنە شاری، دوو سێ گەراج هەبوو لەوانە گەراجی تەنەکە، گەراجی سەعدوناوە و گەراجی شێخەڵلای، لە لای دار فرۆشان. کاتی گەڕانەوەشیان لەدوای نوێژی نیوەڕۆیێ بوو، دوای ئەوەی شتەکانیان دەفرۆشت لە لای پەستەکەی خڕ دەبوونەوە، جا ئەگەر هاوین بووایە، ئەوە بەفریان دەکڕی، زۆرجاریش شووتیان دەکڕی و دەیان بردەوە گوندی، بەڵام بە زستانان ڕەعیەت کەم دەهاتنە شاری، چونکە دوای چاندنی کشتوکاڵ چاوەڕێی بەروبوومەکەیان دەکرد و لە خوای دەپاڕانەوە ئەم ساڵ بێ بارانیان نەکات.

هادی چاوشلی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (هەولێر لەگەڵ کاروانەی فەلەک) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە تا پێش ساڵی ١٩٢٦ هیچ ئوتێلێک لە هەولێر نەبووە، بۆیە ئەو خان- انە، شوێنی سەرەکی لێ مانەوەی ڕێبوار و کاروانچییەکان بووە، دوای ئەو مێژووە، دوو ئوتێل کراونەتەوە، یەکێکیان بە (مگردیچ) ناو دەبرا، ئەوی دیکەشیان (فەرح) بووە.

وەختێک ئوتێل (فەرح) لە لایەن محەمەد عەلی فلیەح، بەڕێوە براوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەو ئوتێلەکە بە جێ دێڵێت. لە ساڵی ١٩٥٨ حاجی عوسمان عومەر چەلەبی لە عەبدولرەحمان چەلەبی، باوکی نیهاد چەلەبی بەکرێی دەگرێتەوە، کە موڵکی ئەو بووە، کرێی ساڵانەی دووسەد دینار بووە، شەوی نووستنی هەر نەفەرەکیش لەو ئوتێلەی دوو درهەم بوو، بەڵام بۆ ئەوانەی، کە بە بەردەوامی لێی دەمانەوە درهەمەک و نیو بووە.

بە گوێرەی هەندێک زانیاری، لە ساڵانی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٦٧ چەند ئوتێلێک لە هەولێرێ هەبوونە، کە کەوتبوونە نزیک ئەو شوێنەی ئێستە خەڵک لێی

“

**مام جەلال و عومەر دەبابە، زۆر جار لەم ئوتێلەی (فەرح) ماونەتەوە**

”



بەسەر قەڵاتێ دەکەون، بەرانبەر قەیسەری بەقالان.

(فندق أربيل) کە هی عومەر چەلەبی، باوکی حاجی عوسمان چەلەبی بوو. ئوتێلێکی دیکەش هەبوو لە تەنیشتی هی مامی مەحموود چەلەبی بوو، هەر لەو دەوروبەرە، ئوتێلێکی دیکەش هەبوو، کەوتبووە سەر چایخانەی مەچکۆ، لەبەرانبەر ئەویشدا ئوتێلی سیروان هەبوو. لەسەر چایخانەکەی مام ڕەشید-یش ئوتێلێکی بچووک هەبوو، بەناوی خانزاد.


بەڵام ئوتێل (فەرح) لەبەر دوو هۆکار تا ئێستەکەش ناوبانگی لای هەولێرییەکان هەر ماوە، چونکە یەکێکە لە ئوتێلە کۆنەکان، دووەمیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە حاجی عوسمان چەلەبی، شارەزایی و پەیوەندی باشی لەگەڵ کەسایەتییە ڕۆشنبیر و عەشایەرەکان هەبوو، هەروەها خاوەن هەستێکی کوردپەروەرانە بوو.

لەم ڕووەوە فەریق فوئاد چەلەبی، کە دەکاتە برای حاجی عوسمان چەلەبی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ئوتێل (فەرح) شوێنێک بوو بۆ حەسانەوەی غەریبان، کاسبکار، ڕۆشنبیران، سەرکردەکان، کەسایەتییە دیارەکان، ئاغا و هۆزەکانی (هەرکی، سورچی و خۆشناوەتی)

ئوتێلی (فەرح) دوو بەش بوو، ژوورەکانی (١٢ تا ١٩) لای چەپ بوو، ژووری (١٣)ی نەبوو، ژوورەکانی بەری ڕاست تایبەت بوو بە سەرۆک هۆز و دەوڵەمەندەکان.

وەک (فەتاح ئاغای هەرکی، حوسێن ئاغای سورچی، میرەکانی خۆشناوان، ئاغاکانی دزەیی) چونکە زۆر متمانەیان بە حاجی عوسمان چەلەبی، خاوەنی ئوتێلەکە هەبوو، ئەو ڕۆشنبیرانەش، کە لەم ئوتێلە دەمانەوە بریتی بوون لە مامۆستا و نووسەر محەمەد ڕوژدی عەوێنەیی، مامۆستا محەمەد عەلی، جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی



هەولێر و (دڵدار)ی شاعیر و گەلێ لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.
لەوانە مام جەلال و عومەر دەبابە، کە زۆر جار لەم ئوتێلەی (فەرح) ماونەتەوە، ئەم دوو کەسایەتییە لە لای حاجی عوسمان چەلەبی زۆر خۆشەویست بوون، بۆیە کاتێک لەوێ دەمانەوە، خواردنی لە ماڵەوە بۆ دەهێنان.
هەروەها شەهید جەلال-ی کوڕ، دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ هەمووان هەبوو، هەموو خۆشیان دەویست، چونکە کەسایەتییەکی زۆر لێوەشاوە بوو.
سەرەتا ژمارەی تەلەفۆنی ئوتێل (فەرح) (١٧٦) بوو، لە دواییدا گۆڕا بۆ (٢٢١٧٦) لەو ئوتێلەدا چەند شاگردێک ئیشیان کردووە، بەڵام یەک لەوانەی هەر لە منداڵییەوە لای حاجی عوسمان چەلەبی کاری کردووە و وەک کوڕی وابووە، ڕەمەزان ئەحمەد پیرەکە بووە، کە سەر بە عەشیرەتی خەیلانی بوو، شاگردێکی دیکەشی هەبووە بە ناوی مام کەریم، کە بە ڕۆژ لە شارەوانی کاری پاککردنەوەی دەکرد، لەدوای نیوەڕۆیانیش کاری پاککردنەوەی ئوتێلەکەی دەکرد.
هەروەها ئەسعەد و شوکر دوو برا بوون، ئینجا سدیقە لاڵ باش کاتبی ئوتێل بوو، هاوڕێی نزیکی شەهید جەلال-ی کوڕی حاجی عوسمان چەلەبی بووە.
یەکێک لە بەسەرهاتەکانی ئەو ئوتێلە ئەوە بووە، کە دەگێڕنەوە: کەسێک بە ناوی مام سەلام، هەورامی بووە، کاری پینەدۆزی کردووە، لەو ئوتێلە نیشتەجێ بووە، بەهاوینان بۆ ماوەی دوو سێ مانگ بۆ کەسابەت دەچووە ئەو گوندانە، زستانانیش دەگەڕایەوە ئەو ئوتێلەی، حاجی عوسمان زۆری خۆشویستوە و متمانەی پێکردووە، شەوان، دەخیلە و قاسە و ئیدارەی بەو سپاردووە و خۆی چووەتەوە ماڵ.
ساڵی ١٩٧٩، شەوێکیان، سەعات (١٢)ی شەو مەفرەزەیەکی دائیرەی ئەمن دێنە ئوتێلەکە بۆ ئەوەی حاجی عوسمان چەلەبی لەگەڵ خۆیان ببەن، تاکو ماڵی مامۆستا شەمسەدین-ی برای، پیشانیان بدات، چونکە بڕیاری گرتنی هەبوو، کە دەگەنە نێو ئوتێلەکە دەپرسن: منو حجی عثمان؟ مام (سەلام)یش بەبێ ئەوەی بزانێت مەسەلە چییە، دەڵێت: ئینی حجی عثمان! ئەوانیش دەڵێن: یەلا گوم ویانا، ئەویش دەترسێ و دەڵێت: دقیقە عینی ئینی مو حجی عثمان، ئەوانیش بە جوێندان و شەق و تێهەڵدان دەیبەن و سواری ئۆتۆمۆبێلی دەکەن و دەڵێن: وین بیت اخوک شمس الدین، فەقیرەی هەر هاوار دەکات و دەڵێت واللە یابە ئینی مو حجی عثمان وما أندل بیت شمس الدین.
پاشان دەیبەنە دائیرەی (ئەمن) هەموو لەشی وورد و خاش دەکەن، دوایی دەیهێننەوە ئوتێل. دوو ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێت مام سەلام دەمرێت، حاجی عوسمان چەلەبی-ش وەک وەفایەک، لە گۆڕستانی خۆیان دەینێژن.
مامۆستا (مەناف حاجی عوسمان چەلەبی) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: بەیانی (١١)ی ئازار ڕاگەیێندرا بوو، پێشمەرگەیەکی زۆر هاتبوونە نێو هەولێر، ئوتێلی (فەرح)یش دوو بەش بوو، لای ڕاست و چەپی هەبوو، لەلای چەپ کۆمەڵێک پێشمەرگە دەخەوتن، لای ڕاستیش پڕ بوو لە جاش و پۆلیس، باوکم بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک ڕوونەدات و کەس ئەم دیو و ئەو دیو نەکات، یاتاغێکی بۆ خۆی لەنێوان هەردوولادا ڕاخستبوو.
هەروەها دەڵێت: باوکم لە ساڵی ١٩٥٨-ەوە تاکو ساڵی ١٩٨٠ خاوەنی ئەم ئوتێلە بووە، کوڕەکەشی (جەلال) بەهۆی هەستی کوردایەتییەوە لەلایەن ڕژێمەوە شەهیدکرا، بە بیانوی ئەوەی براکەی فەریق فوئاد چەلەبی پێشمەرگە بووە، هەر بەم هۆیەشەوە ئوتێلەکەیان لێ ڕووخاندوون، باوکیشم ناچار بوو بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکەمان، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨١) چایخانەی مەچکۆ لە موحسین مەچکۆ-ی بەکرێ بگرێت لە بیریشمە مام ئەسوەد پردەیی لە چایخانەکەی کاری دەکرد.

**“ حاجی عوسمان چەلەبی لەسەر هەستی نەتەوایەتی کوڕێکیان بەناوی جەلال شەهید کرد و ئوتێلەکەشیان لێ ڕوخاند ”**

ئامادەکردنی: پەروەر

# ژنێک لە پێناو ئاشتی و هاوسەنگیی هێز لە جیهاندا، دەبێتە سیخوڕ

خانمە بەساڵاچووەکە، جوان ئەلیزابێس ستانلی (جودی دێنچ) کە تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵییەوەیە، دەرگاکەی دەکاتەوە و دەبینێت ژمارەیەک پۆلیسی بریتانی، لەبەردەم دەرگاکە وەستاون، لەسەر ڕووداوێک، کە لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕووی داوە، دەستگیری دەکەن.

بە ئامادەبوونی کوڕەکەی پارێزەر نیک ستانلی (بێن مایلز) دەست دەکرێت بە لێکۆڵینەوە لە گەڵی دا.

کوڕە پارێزەرەکەشی، سەری سوڕدەمێنێت، کاتێک دەزانێت دایکی تۆمەتبارە بە سیخوڕیکردن بۆ (کەی جی بی) دەزگای هەواڵگەریی یەکێتیی سۆڤیەت، کە لە شوێنی کارەکەیەوە (ڕابیتەی بریتانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کانزا نا ئاسنییەکان) دزەی بە زانیارییەکان کردووە لە بەرژەوەندی سۆڤیەت.

ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٢، ئەوکاتەی جوان خوێندکارێکی سەرکەوتوو بووە لە زانکۆی کامبریج، کاتێک لە پەنجەرەی ژووری بەشە ناوخۆییەکەیەوە دەبینێت، کچیک دەیەوێت بێتە ژوورەوە، کە لەگەڵ چەند گەنجێک دایە، کە دواتر دەزانێت ئەو کچە کۆچەرێکی جولەکەیە بە ناوی سۆنیا (تێرێزا سێربۆڤا) لەگەڵ ئامۆزاکەی لیۆی (تۆم هیوز) جوان عاشقی لیۆی دەبێت، کاتێک دەزانێت زانیاری و چالاکییە سیاسییەکەی جێگەی سەرنجە، ئەگەرچی سۆنیا لەوە ئاگاداری دەکاتەوە، کە نەکەوێتە داوی ئەو خۆشەویستییە.

جوان زانکۆ تەواو دەکات و بە ناوی ئەوەوە داوایەک پێشکەشی (ڕابیتەی بریتانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کانزا نا ئاسنییەکان) دەکات، بۆ ئەوەی لەوێ کار بکات، بەڵام دواتر هەست دەکات ئەو کورە گەنجە بۆ شوێنێکی نادیار کار دەکات، بۆ ئەم مەبەستە جوان چاوی بە هاوڕێکەی سۆنیا دەکەوێت و لە بارەی ئەو گەنجە و کارەکەی پرسیاری لێدەکات، کە ئایا دەتوانرێت هاوڕێیەتی بکرێت، لە کاتێکدا هەموو ئەو گەنجانەی لەگەڵی کار دەکەن هاوسەرگیرییان کردووە.

جوان وەک یاریدەدەری پرۆفیسۆر ماکس (ستیفن کامپل مۆر) دەست بە کار دەکات و چۆنیەتی ئیش و کارەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو تیمەی لەوێ کار دەکەن سەرقاڵی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمین.

جوان چاوی بە خۆشەویستەکەی، لیۆ، دەکەوێت، کە بەڕاشکاوی داوای لێدەکات زانیارییەکانی شوێنی کار کردنی دزە پێ بکات، بۆ ئەوەی ئەویش بینێرێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت. بە بیستنی ئەو قسەیە، جوان تووشی سەرسوڕمان دەبێت و شەقە زللەیەک لە لیۆ دەدات، بەڵام ئەو پێی دەڵێت، کە ئەو بریکاری هەواڵگری سۆڤیەتە و ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئاشتیی جیهانیی دەکات.

قسەکانی لیۆ بۆ جوان، کاتێک، دەردەکەوێت، کە جوان بە چاوی خۆی شوێنەوار و کاریگەرییەکانی بۆمبە ئەتۆمییەکەی، کە لە ٦ و ٩ی ئابی ساڵی ١٩٤٥ بە هیرۆشیما و ناگازاکی·یەوە نرا بینی.

لێرەوە جوان بڕیار دەدات، لە پێناو هاوسەنگی هێز و سنووردارکردنی زیانەکان دزە بە زانیارییەکان بکات. ئەو دزەپێکردنەی زانیارییەکان بەردەوام دەبێت، بەبێ

ئەوەی کەس شک لە جوان بکات.
بە مەبەستی هاوکاریکردنی لە توێژینەوەکان، جوان لەگەڵ پرۆفیسۆر ماکس، گەشت بۆ کەنەدا دەکەن، لەو گەشتەدا پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان جوان و ماکس دروست دەبێت. ماکس پێی دەڵێت، کە داوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی کردووە.
ئەمە لە کاتێکدا هەندێک لە دەزگا هەواڵگرییەکانیش (لیۆ)یان لە کۆڵ دەبێتەوە، کاتێک بە هەڵواسراوی لە ژوورەکەی خۆی دەبینرێ، دواتریش ڕووداوەکە وەک کردارێکی خۆکوشتن تۆمار دەکرێت.
جوان بە پەلە دەچێتە لای سۆنیا، بەڵام دەبینێت ئەو هەڵاتووە و ماڵەکەی چۆلوهۆڵە، بەڵام لە ڕێگەی هەندێک وێنە، کە لە ماڵی سۆنیا دەیان دۆزێتەوە، هەندێک ڕاستی بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ئەو بەکارهێنراوە.
ماکس بە تۆمەتی دزەپێکردنی زانیاری دەستگیر دەکرێت، جوان-یش لە زینداندا سەردانی دەکات و ددان بەوەدا دەنێت کە هاوکاریی (کەی جی بی) کردووە، بەڵام ماکس ڕەتیدەکاتەوە، ددان بە لایەنە فەرمییەکان دابنێت و دڵنیای دەکاتەوە، کە لەم نزیکانە ئازاد دەکرێت، بەڵام ئەو ناگەڕێتەوە سەر هەمان کاری پێشووی. ماکس ئازاد دەکرێت و لەگەڵ جوان گەشت دەکەن بۆ ئوسترالیا.
لێکۆڵینەوەکە بە خستنەڕووی بەڵگەی سیخوڕیکردن، لەسەر جوان کۆتایی دێت. لەوکاتەدا بەو ڕۆژنامەنووسانەی لەبەردەمی ڕاوەستاون ڕادەگەیەنێت، کە ئەو لە خەمی (یەکسان کردنی گۆڕەپانی یاریکردن)ەکەدا بووە، بۆ پاراستنی ئاشتیی لە جیهاندا.
جوان بەهۆی هەڵکشانی تەمەنەکەی، هیچ سزایەکییان نەدا.

*** فیلمی Red Joan فیلمێکی درامای سیخوڕی بریتانییە، لە ساڵی ٢٠١٨، لە دەرهێنانی ترێڤەر نون، لە سیناریۆی لیندسی شاپێرۆ. لەم فیلمەدا سۆفی کوکسۆن، ستیڤن کامپل مۆر، تۆم هیون، بن مایلز، نینا سۆسانیا، تێرێزا سربۆڤا و جودی دێنچ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن.**
**فیلمەکە لەسەر بنەمای ڕۆمانێک، کە هەمان ناوی هەیە بەرهەم هێنراوە، کە جێنی ڕۆنی نووسیویەتی، کە خۆی ئیلهامبەخشی ژیانی مێلیتا نۆروود بووە.**
**نۆروود لە کۆمەڵەی توێژینەوەی کانزا نائاسنییەکانی بریتانیا وەک سکرتێر کاری کردووە و نهێنی ئەتۆمی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دابین کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی خێراترکردنی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای بۆمبی ئەتۆمی یەکێتیی سۆڤیەت.**







(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

**ئا: قەڵەندەر**

**شێرزاد حەسەن: یەکەمجار لەساڵی ١٩٧٤ بۆ کچێکی ئاوریشماوی بە لاسایی کردنەوەی عەبدوڵڵا پەشێو، شیعرێکم لە ڕۆشنبیری نوێ بڵاوکردەوە، کە بڵاوبۆوە زۆر گریام، بەچواردەوری قەڵادا سوڕامەوە و دەگریام، پێم سەیر بوو ناوی خۆم بینی، بەڵام دواتر مەحموود زامدار، یادی بەخێر گوتی: کوڕم ئەوەی تۆ دەینووسیت هەقایەتە، کارەکتەر و زەمان و ململانێی تێدایە، بۆ مەیل نادەیتە چیرۆک، گوتی: ئەو وێنە تۆپیوانە چییە لەنێو ئەو شیعرانە.**

## خۆزگەیەک

ئاخۆ ئەبێ..
ئەو ڕۆژە بێ..
دەست و پەنجەی نەرم و ناسکت،
لە خەنە نێم!
چاوەکانی گەش و ڕەشت
پڕ لە کل کەم
گوارە و پلپڵە و خرخال..
لە گشت پارچەیەکی جەستەی..
سپی و جوانت،
یەک یەک بخەم!
کە لێوەکانم ئەخزێتە..
پەنا گوێت ئەچرپێنم..
ناسۆری خۆمت بۆ ئەڵێم..
تا بزانی کە منیش کێم!
سەهۆڵی دەرد و ئازارم..
لەناو گەرمای ماچێکتا
ئەتوێمەوە!
چاوەکانت وەک قەندیلە..
تاریکایی شەوەزەنگی..
شاری پێ ئەڕەوێنمەوە!
ئەو شەوە من
تا بەیانی..
وەکو چیرۆک ئەت خوێنمەوە!
باوانەکەم..
بێ زۆر و کەم..
هەستی شەشەم
هاوار ئەکا:
کە هەر ئەبێ بەتۆ بگەم!
خۆ ئەگەر هات و وانەبوو
دونیایەکی پڕ ئاژاوە
دروست ئەکەم


خۆزگەیەك

تا خۆ ئەبێ ..
ئەو رۆژە بێ ..
دەست و پەنجەی نەرم و ناسکت
لە خەنە نێم !
چاوەکانی گەش و رەشت
پر لە کل کەم
گوارە و پلپلە و خرخال ..
لە گشت پارچەیەکی جەستەی ..
سپی و جوانت ،
یەك یەك بخەم !
کە لێوەکەم ئەخزێتە ..
پەنا گوێت ئەچرپێنم ..
ناسۆری خۆمت بۆ ئەلێم
تابزانی کە منیش کێم !!!
سەهۆلی دەرد و ئازارم
لەناو گەرمایی ماچێکتا
ئەتوێمەوە ! !
چاوەکانت وەك قەندیلە ..
تاریکایی شەوەزەنگی ..
شاری پێ ئەرەوێنمەوە !
ئەو شەوەمن
تابەیانی ..
وەکو چیرۆك ئەت خوێنمەوە !!
باوانەکەم ..
بێ زۆر و کەم ..
هەستی شەشەم
هاوار ئەکا :
کەهەر ئەبێ بەتۆبگەم :
خۆ ئەگەر هات وانەبوو
دونیایەکی پر ئاژاوە
دروست ئەکەم

شێرزاد حسن

**شێرزاد حەسەن**

*** ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٢٤-ی ٢١/١٠/ ١٩٧٤، لاپەڕە ٢**

ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم

# بەو شۆخ و شەنگە سەرپۆش ڕەشە بڵێن

# چی لەم سۆفییە دیلەی کردووە

ئەو دێرە شیعرەی بازرگانێک بە هۆیەوە هەموو سەرپۆشەکانی فرۆشتوە و نازم غەزالی-یش کردوویەتی بە مەقام

**قُـل للمليحة فـي الـخُـمَـار الأسـود** — **مـــاذا صـنـعـتِ بِـراهــبٍ مُـتـعـبِّـد**

**قــد كـــان شـمَّــر لــلـصـلاة ثـيـابـه** — **حــتــى وقــفــتِ لــه بِــبَــاب المسجد**

**فــســلـبـتِ مـــنـــه ديـــنـــه ويـقـيـنـه** — **وتــركــتِــه فـــي حَـــيـــرةٍ لا يـهـتـدي**

**ردِّي عـلـيــه فـــؤاده وحـيـاتـه** — **لا تـقـتـلـيـه بـحـق ديــن مـحـمـد**

ئەمە یەکێک لە دیارترین مەقامەکانی نازم غەزالی-یە، چیرۆکی ئەم دێرە هۆنراوەیەش، بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی دەگەڕێتەوە، کاتێک بازرگانێکی عێراقی هاتوچۆی شاری مەدینەی پیرۆز دەکات، بەمەبەستی فرۆشتنی سەرپۆش و پەچەی ژنان، کە لە هەموو ڕەنگێکی پێ بووە، بەڵام سەرنجی داوە، هەموو ڕەنگەکانی فرۆشراون و بازاڕیان باش بووە، تەنیا ڕەنگە ڕەشەکە نەبێت، کە خواستی لەسەر نەبووە و کەس لێی نەپرسیوە، بازرگانەکە بەمە زۆر دڵگران بووە، کە زەرەرێکی زۆری کردووە.

ڕۆژێک بە خەمباری لە دوکانەکەی دانیشتووە، لەوکاتەدا شاعیرێکی ڕێبواری ناوداری ئەوکات بە ناوی سەعید دارمی، بەوێدا تێدەپەڕێت و لێ دەپرسێت، کە هۆکاری ئەو بێتاقەتییەی چییە؟ ئەویش، ئەوەی بە سەری هاتووە، بۆی دەگێڕێتەوە. دارمی پێی دەڵێت: کە هیچ خەم نەخوات، چەند دێرە هۆنراوەیەکی بۆ دەنووسێت و داوای لێ دەکات، لەکاتی نمایشکردنی سەرپۆشەکانی بیانڵێتەوە.

بازرگانەکەش هەموو ڕۆژێک لەبەر خۆیەوە، لە دووکانەکەی، ئەم هۆنراوەیە دەڵێتەوە، بە شێوەیەک ئەم دێرە هۆنراوەیە دەچێتە مێشکی ئەو پیاوانەی، کە بەوێدا تێدەپەڕن، بۆیە کاتێک دەچنەوە ماڵ، بۆ خێزانەکانیان باس دەکەن، ئەوانیش، کە گوێ بیستی ئەو دێرە شیعرە دەبن، خێرا دەچنە لای بازرگانەکە و هەموو سەرپۆشە ڕەشەکانی لێ دەکڕن، بۆ ئەوەی ببنە ئەو شۆخ و شەنگەی، کە هۆنراوەکە باسی دەکات.



ئیدی لێرە بەدواوە سەرپۆشی ڕەش دەبێتە باو لای ژنان و هیچ ژن و کچێک نامێنێت سەرپۆشی ڕەش نەپۆشێت.

**(بەو شۆخ و شەنگە سەر پۆش ڕەشە بڵێن**

**چی لەم سۆفییە دیلەی کردووە)**

## وەڵامێک بۆ سالار قادر ڕواندزی

# ئاوا دەیسەلمێنم، کە شیعری « دوورم لە یاران » هی منە

یەکەم: من لە ژیانم، نە تۆم دیتوە، نە دەتناسم. دووەم: من ئەوە دەبێتە ٤٢ ساڵ، لە وڵاتی نەمسا دەژیم، زۆر دوور بووم لە یاران.

پێشان ئینتەرنێت و میدیا وەکو ئێستە نەبوو، من هیچ شتێکم بەرچاو نەکەوتووە، لەو جۆرە بانگەشانەی جەنابت باست کردوون، دەنا دەمێک بوو، وەڵامم دەدایەوە، وەک عەرەب دەڵێ بێدەنگی لە ڕەزامەندی نەبووە، جەنابت، کە بانگەشەی ئەوە دەکەی، گوایە شیعری دوورم لە یاران هی تۆیە و ئاماژە بەوە دەکەیت، کە لەچەند ڕۆژنامە و گۆڤار و دیمانە و چاوپێککەوتنێکدا باست کردووە، ئەگەر لە ڕادیۆی دەنگی واشنتۆن، مۆنتیکارلۆ و هەموو ئێستگە، ڕۆژنامە و گۆڤاری دونیاش ئاماژەی پێ بکەی، ئەوە باش بزانە، ئەو شیعرە نابێتە هی تۆ، چونکە هی منە و بە ناوی من تۆمار کراوە.

جگە لەوە تەنیا یەک گۆڤار، یان ڕۆژنامەیەکم پێشان بدە، کە تۆ شیعرەکەت لێ بڵاوکردبێتەوە، بۆ زانیاریتان شیعری زۆربەی ئەو گۆرانیانەی ئاوازم بۆ داناون هی خۆم بوون، بۆیە شیعری (دوورم لە یاران) تاقە شیعرم نییە! کورد گوتەنی، جا باشتر وایە خۆت هیلاک نەکەی، چونکە بەڵگەکانت زۆر لاوازن. باشترین ڕێگە ئەوەیە، برۆ سکاڵای یاساییم لەسەر تۆمار بکە، بەڵکو ئەو پارەیەی، کە من لە پەخش و پێشاندانی ٤٥ ساڵی ئەو گۆرانییە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی عێراق وەرمگرتووە، لێم وەربگرنەوە و بیدەنە تۆ.

**چیرۆکی گۆرانی دوورم لە یاران:**

دوای شۆڕشی ئەیلوول، لە تەمەنێکی زۆر زوو، دەستم بە نووسینی شیعری نەتەوەیی کرد، کاتێکیش عاشقی کچێک بووم، دەستم کرد بە نووسینی شیعری دڵداری، کاتێک لە پەیمانگەی موزیک لە بەغدا وەرگیرام، تەمەنم ١٩ ساڵان بوو، ماڵمان هێشتە لە شەقڵاوە بوو، ئەو سەردەمە سەفەری بەغدا ٦ ــ ٧ سەعاتی پێدەچوو، زۆر دوور بوو، هەستی دووری لە خۆشەویستەکەم وای کرد، کە ئەو شیعرەی لەسەر بنووسم، نەک باب و داک و براکانم، بگرە هەموو ئەو کەسانەی، کە لە من نزیک بوون، جا چ ژەنیار بن، یان خەڵکی دی ئاگاداری چیرۆکی ئەو شیعرەن. قادر زیرەک-ی ڕەحمەتی، کە بەداخەوە لە ژیاندا نەماوە، ئەو شیعرەی نەداوەتە من، بەڵکو خۆم شیعر و ئاوازەکەم پێ داوە. ڕەوشت و کاراکتەری من ڕۆژێک لە ڕۆژان ماوەیان پێ نەداوم، نە شیعر و نە



پرسیار (١)

### چۆن دەیسەلمێنی شیعری «دوورم لە یاران» هی تۆیە؟

لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا مامۆستا (ڕەشاد عەبدوڵلا) ڕواندزی ئاگاداری کردمەوە، کە (ئەکرەم خامۆش)یش خۆی کردووە بە خاوەنی شیعری (دوورم لەیاران) پارسالیش هاوڕێم (کرێکار ئەمین) تێلی بۆکردم و ئەویش هەمان شتی بۆباسکردم. ئەمە لەکاتێکدا هێشتا دوای ئەم هەموو ساڵە و لەچەندین دیمانە و گۆڤار و ڕۆژنامە ئاماژەم بەوە کردووە کە (دوورم لەیاران) بەرهەمی ڕەنجی منە، کەچی بەڕێز کاک ڕزگار خۆشناو بێدەنگی لێکردووە و بۆ تەنیا جارێکیش ویژدانی ڕێگەی پێنەدا دان بەو ڕاستیەدا بنێت، کە شیعری دوورم لەیاران جگە لە دەستکاریکردنی چەند وشەیەک، ئەو هیچ مافێکی بەسەر ئەم شیعرەوە نییە. زۆریشن ئەوانەی، کە لەنزیک و دوورەوە دەزانن، شیعرەکە هی منە و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە لەچەندین چاوپێکەوتنیاندا ئەو ڕاستییەیان دووپات کردووەتەوە، لە هەمووشیان زیاتر مامۆستا (ڕەشاد عەبدوڵلا)یە.

دیارە زۆر جاریتر باسی ئەوەم کردووە، کە پاڵنەر و بەهرەی ئەم شیعرەم دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٧٦ ئەوکاتەی سەرباز بووم لە شاری (سەماوە)ی خوارووی عێراق و بە بیستنی گۆرانی (غەریب غەریب بێکەسوکارم)ی هونەرمەندی کۆچکردوو (فوئاد ئەحمەد) سۆز و غەریبی و دووری کوردستان بوونە هاندەر و هەوێنی شیعری دوورم لەیاران و پوختەی شیعرەکەم هاوپێچ بەنامەیەک بۆ کۆچکرد و کاک (قادر زیرەک) نارد. دوای ماوەیەک هەمان شیعر بە لابردنی چەند دێڕێک و گۆڕینی چەند وشەیەک بوو بەگۆرانی.

دیارە من لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو نێوانمان لەسنووری برایەتیش ڕەتی دابوو، ڕۆژی دوای ماڵاواییش بەیانی زوو هات بەدوامدا، تا بۆ ئەم گەشتە یاوەری بم. بۆیە کاتێک گۆرانی دوورم لەیاران تۆمارکرا، یەکەم کەس ئەم هەواڵەی پێڕاگەیاندم خودی کاک قادر بوو، بەڵام بەنیگەرانییەوە گوتی: (من و تۆ برای یەکدین باشیش دەزانم، کە حەز بەسەرکەوتنی من دەکەیت، بۆیە دەڵێم بەداخەوە، کە ئەو شیعرەی بۆمنت ناردبوو کاک ڕزگار خۆشناو هەندێک دەستکاری کرد، بەڵام لەوەیان بێ ئاگابووم، کە شیعرەکە بەناوی خۆی بڵاودەکاتەوە، ئەگەرچی داواشی بکردبایە من لەوکاتەدا نەمدەتوانی ڕەزامەند نەبم، چونکە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستیم بە ڕزگار دەبێت، بۆ ئەوەی پاڵپشتییەکی تەواوم بکات لە ڕێچکە و ڕێڕەوی هونەریم و دەرچوونم لە قالبی لاسایکردنەوە، بۆیە وەکو برا دەبێت بمبووریت) من هەرئەوکات نیگەرانی خۆم دەربڕی و دواتر هونەرمەندی کۆچکردوو (موحەممەد جەزا)ش سەرکۆنەی کردن، ئەوکات لە ڕۆژنامەی هاوکاری گلەیی زۆرم لێکردن و دوای ڕاپەڕینیش لەدیمانەیەکی (نوالەی نوێ)دا بەدرێژی باسم لێ کردووە و ساڵانە لەچەندین دیمانەی ڕادیۆیی و سۆسیال میدیادا باسم کردووە، بۆیە ئێستا کاک ڕزگار، کە ویژدانی نەجووڵاوە بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان و کاک ئەکرەم خامۆشیش سەرباز ڕێک وەک ئەو پەندە کوردییەی لێهاتووە، کە دەڵێت (جن نەبوون لە جنێراوێ، جنێ جناش هاتنە ناوێ) بۆیە باشە گەر ویژدان بکەنە پێوەر و بۆ مێژوو

130 دیوان ژمارە (٢١) شوباتی ٢٠٢٣

ڕاستی و دروستی ئەم شیعرەم بۆهاووڵاتیان ڕوون بکەنەوە.

ئەمە دەقی ئەو شیعرەیە کە بۆ قادر زیرەکی نەمرم ناردبوو

« دوورم لە یاران »

دوورم لەیاران دوورم لە یاران
دوورم لە خونچەی گوڵی بەهاران
دوورم لەشارو شاخان داخەکەم
دوور لەخوناوی چەمو باخەکەم

دوورم لەتاڤگەو ڕووباروکانی
دوورم لەو گوزەی وا لەسەر شانی
دوورم لە بزەو لە پێکەنینی
دوور لەو ئازیزەی کەناوم دێنی

دوورم لە شادی و ئاهەنگ وشانۆ
دوورلەئاوازی عودو پیانۆ
دوورم لەشنەی سروشتی جوانی
دوور لەقادری دەنگ وگۆرانی
ئامەوی دووریم لەبەختەوەری
گوڵی ئاواتم بێ پاییز وەری

دوورم لە نازی خۆشەویستەکەم
هەتاکەی دووری گیان ودڵەکەم
باتۆزێ لەیەک نزیک بینەوە
ڕابردوی تاریک زوو بسرینەوە

ئەمەی سەرەوە دەقی ئەوشیعرە بوو کە بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو ناردبووم. ئەوەی کاک ڕزگار دەستکاری کردووەو وەلای ناوە، بەم شێوەیەیە

لەکۆپلەی یەکەم

١- دێڕی دووەمی (خونچەی گوڵی بەهاران) گۆڕیویەتی بۆ (خونچە و گوڵی بەهاران)

٢ ــ لەدێڕی سێهەم (لە شار و شاخان داخەکەم) گۆڕیویەتی بۆ(لە شار و شاخو داخەکەم)

لەکۆپلەی سێهەم

١ ــ(دوور لە ئاوازی عود و پیانۆ) گۆڕیویەتی بۆ(دوور لە ئاوازی شمشاڵ و پیانۆ)

٢ ــ دێڕی سێهەم و چوارەمی وەلا ناوە

لە کۆپلەی چوارەم

١ ــ دێڕی دووهەمی (هەتاکەی دووری گیان و دڵەکەم) گۆڕیویەتی بۆ (بۆ لەتۆ دووریم گیان و دڵەکەم)

لێرەدا من ئامادەم لەهەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن و کەناڵ و پەیجێک ڕووبەڕووی کاک ڕزگار و کاک ئەکرەم ببمەوە، تا خوێنەرانیش لە ڕاستی و دروستی ئەم شیعرەم ئاگاداربن.

سالار قادر ڕواندزی

چەپەوە ( رشاد ، قادر زیرەك ، سالار قادر ، تحسين ) ١٩٧٥ز

131 دیوان ژمارە (٢١) شوباتی ٢٠٢٣

ئاوازی کەسێکی دی بکەمە هی خۆم، پێویستیشم بەوە نەبووە. ئێستە جەنابت، یان ئەکرەم خامۆش، هاتوون دوای زیاتر لە چل ساڵ ئیدیعای ئەوە دەکەن، کە شیعری (دوورم لە یاران) هی ئێوەیە.

ئەگەر هەروا ئاسان با، ئەوە دەمێک بوو، کەسانێک پەیدا دەبوون بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە شیعری سروودی (ئەی ڕەقیب) یان (ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) هی ئەوانن و هەردوو گەورە شاعیری کورد، دڵدار و پیرەمێرد لەوانیان دزیون.


چەندین ساڵە ئەو گۆرانییە بە تایتڵەوە لە تەلەڤزیۆن، هەتا ئێستەش پەخش دەکرێت و زۆر بە جوانی نووسراوە: شیعر و ئاوازی: ڕزگار خۆشناو، ئەوەش باشترین بەڵگەیە. لە یاسای هەموو دونیاش وایە، هەر زانیارییەک کەوتە نێو ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و میدیا بەگشتی، ئەگەر لە ماوەیەکی سنووردراردا، کەس نارەزایی خۆی بەرانبەر دەرنەبڕی، ئەوە دەبێتە بەڵگەیەکی یاسایی، ئەگەر بەڵگەی تۆش تەنیا ئەوەبێت، کە لەبەر خاتری قادر زیرەکی ڕەحمەتی، ئەو سەردەمە قسەت نەکردووە، ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، پیاو دەست بەرداری مافی خۆی بێت، جا بەهەر پاساوێک بێ.

بە داخەوە مردووش ناتوانێت شایەت بۆ کەس بدات! لەبەر ئەوەی من لەو هەموو شتانەی، کە نووسیومە و باسم کردوە، ڕاستگۆم و بەتەواوی توانای عەقڵیم پێت دەڵێم: خۆم ئەو شیعرەم داناوە و دەشزانم چیم نووسیوە، بۆیە هی خۆمە.

هەروەها من هیچ کاتێک مافم بە خۆم نەداوە بەهیچ شێوەیەک دەستکاری شیعری کەسێکی دی بکەم، سەد لە سەدیش بڕوام بە خۆم هەیە، بەڵام سەیرە مرۆڤێک چۆن باسی ویژدان جوولان و دەربڕینی ڕاستییەکان دەکات، کاتێک ویژدانی خۆی ئازاری نەدا و بێت و بانگەشەی ئەوە بکات، گوایە شیعری (دوورم لە یاران) هی ئەوە و من لێم دزیوە.

تێناگەم بۆچی بە زۆری دەتەوێت ئەو شیعرە بکەیتە هی خۆت؟ هەرچەندە خۆت زۆر چاک دەزانی، کە هی تۆ نییە، لە هەمان کاتیشدا لە خۆڕایی و لەو گۆڕەی تاوانبارم دەکەی بە دزینی ئەو شیعرە و دەستکاری کردنی. لێرەوە بۆ دواجار پێت دەڵێم: ئەگەر واز لەو بانگەشە بێ بنەمایانە نەهێنی، کە لە هیچ شوێنێک نەماوە، باسی من نەکەی و بە دزم لەقەڵەم نەدەی، چیدی ماوەت پێ نادەم، وەک هونەرمەندێکی خاوەن زیاتر لەنیو سەدەی ئەزموونی هونەریم سومعەم بشکێنی و بە خراپ باسم بکەی.

بەڕاستی ئەوە بێ تام بوو، ئەڵمان زۆر جوانیان گوتووە: (کەسانێک هەن، هەوڵ دەدەن بە پەری جوانی یەکێکی دی خۆیان بڕازێننەوە)



**ڕزگار خۆشناو**

# سەت ساڵەی هەولێر و سەت سەرنج!

بەر لەجەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی، جەنگی زۆر گەورەتر کراون، مەگەر لەشەڕی نێوان تەڕوادە و ئەگریکەکان گەورەتر هەبوو؟ شەڕی نێوان میدیی و ئاشوورییەکان، شەڕی ساسانی و ڕۆمەکان، شەڕەکانی تەیموور لەنگ و ئەسکەندەری مەکەدۆنی، ئەمانە، هەریەکەیان، جەنگێکی جیهانیی بوون، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری دوای توندوتۆڵ کردنی پایەکانی، خۆی کرد بەخاوەنی هەموو شتێک، تەنانەت مێژووش! تەنیا دوو جەنگی، بە جەنگی جیهانیی بۆ هەژمار کردووین، کە خۆی ڕۆڵی تێدا هەبووە، وای لەهەموومان گەیاند، ئەو هەسارەی ئێمە لەسەری دەژین، مێژووی شارستانییەتەکەی هەر تەنیا دووسەت ساڵێکە و لەخۆیەوە دەست پێدەکات.

یادکردنەوەی سەت ساڵەی هەولێریش، بەهەمان پێوەری سیستەمی سەرمایەدارییە، چونکە مێژووی هەولێر زۆر لەوە درێژترە، هێندە کەم و کورت نییە، هەولێر بەر لە زایین و لەسەردەمی ئاشوورییەکانەوە، پایەتەختی ئاییني بووە، دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، هەولێر پایەتەختی دەوڵەتی (حدیاب) بووە، هەولێر ١٢٥ ساڵ، پایەتەختی دەوڵەتی (هەزبانی) بووە، لەسەردەمی سوڵتان موزەفەر، هەولێر پایەتەختی دەوڵەتی (ئەتابەکیەی ئەربل) بووە، لەمێژووی نزیکیشدا هەولێر پایەتەختی میرنشینی سۆران بووە، دوای هەموو ئەم مێژووە، ئینجا دەبێت باسی هاتنی ئینگلیز و سەردەمی سیستەمی سەرمایەداری بکەین.





لەوەشدا، دیسان ناکرێت مێژووی هەولێر، لەو سەت ساڵەدا کورت بکرێتەوە، چونکە زیاترە. دوای برانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانیی و هاتنی ئینگلیز بۆ هەولێر، یەکەم سەردانی (کاپتن های) حاکمی سیاسی ئینگلیز لە هەولێر، بۆ ئەم شارە، بە مەبەستی وەرگرتنی دەسەڵات لە تورکەکان، لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ بووە، پاشتر کاپتن های لەکۆتایی حوزەیرانی ١٩١٩ لە هەولێر دادەمەزرێ، کە ئەوکاتە هەولێر قەزایەک بووە سەر بە کەرکووک.

لە ڕۆژی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لیوای هەولێر دادەمەزرێ و (ڕواندز و کۆیە)شی دەخرێنە سەر، بۆیە دەکرێت مێژووی تازەی هەولێر لە ١٩١٩ دەست پێ بکات، نەک لە ١٢ی ٤ی ١٩٢٣ ئەوکاتەی، کە دەوڵەتی عێراق دروست دەبێت و بەفەرمی دەکریتە پارێزگایەک لەو دەوڵەتە. کەوابوو مێژووی هەولێر، ئەگەر بەپێی پێوەری سەرمایەداریش بێت، چوار ساڵی لێ قرتێندراوە.

ئەحمەد عوسمان، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، بەر لەهاتنی ئینگلیز، زۆر پلە و پۆستی لە هەولێر هەبووە، هەر لە داواکاری گشتیی و سەرۆکی شارەوانییەوە بگرە، تا دەگاتە موتەسەریف.

کەواتە ئێمە نەک بە تەنیا غەدر لە هەولێر، بەڵکو غەدر لە مێژووی ئەو پیاوەش دەکەین، کە تەمەنە مێژووییەکەی بە سەرەتای هاتنی ئینگلیز دەبەستینەوە و دەیکەین بەیەکەم موتەسەڕیفی هەولێر.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕێز لەمێژووی هەولێر بگرین، دەبێت باس لەپرۆژەی ئاوی سەنحاریب بکەین، نەوک بۆڕییەکەی ئیفراز! دەست بەنۆژەنکردنەوەی گەڕەکەکانی تەعجیل، سەعدوناوە، عارەبان و خانەقا بکەین، کە هەر ڕۆژە و دیوارێک و خانوویەکی لێ دەڕمێت، نەک هەموو مێژووی ئەم شارە لەدریم ستی، گوندەکانی ئینگلیزی و ئیتاڵی، شوقەکانی زەکەریا و خۆراوای هەولێر چڕ بکەینەوە.

دواجار قەڵا و منارە، گردی قالینج ئاغا و کلک مشک، شوێنەوار و شارستانییەت و مێژووی ئەو شارەن، نەک ئەو مێژووەی، سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارانی ئێستە، بۆ ئەم شارەی دیاریی دەکەن!

محەمەد گۆران